هاوکاری

التضامن

رۆژنامەیەکی هەفتانەی کشتییە
لە دەزگای رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی
کوردی دەردەچێ
لە « دار الحرية » چاپ دەکرێ
وزارة الاعلام
دار الثقافة والنشر الكردية
بغداد ـ شارع الجمهورية ـ ساحة الخلاني
تلفون (٦٨٣١١ ، ٦٨٣١٢ ، ٦٨٣١٣)

ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە — ژمارە (٣١٥) ٢٩-٤-١٩٧٦ — « ١٢ » لاپەڕە — « ٢٥ » فلس

ئاشتی ڕاستەقینەی جیهانی ، ئەو ئاشتییەیە کە لەسەر بنەڕەتی ڕێزگرتنی تەواوی دەسەڵاتی گەلان دابمەزرێ .

سەرۆك احمد حسن البكر

سەرۆك بەکروسەرۆکی تورکیا سەبارەت بە پەیوەندیەکانی هەردوو وڵات گفتوگۆیان کردوە

ڕێژیمی سوریا ماوەی ماندوەی هێزەکانی دەوڵەتان درێژە پێ ئەدات

سەرۆك احمد حسن البكر لەگەڵ سەرۆك فخری قۆرە تورك سەرۆك کۆماری ترکیا دەستی بەگفتوگو کردن کردوەو لە کۆبونەوەی یەکەمداسەرۆك بەخێرهاتنی گەرمی سەرۆك قۆرەتورکی کردوە .

سەرۆکی باس لە نزیك بونەوەدا ئەگیری بەیێی سعودی ناوکۆی .

سەروەها سەرۆك فەخری قۆرە تورك شادمانی خۆی نیشان داوە بە کۆبونەوەی لەگەل سەرۆك احمد حسن البكر لە بیناری کۆزینەوەی بەرەوپرا سەبارەت بەزۆر کاروباری سود بەخشی نێوان هەردوو وڵات .

نەوسا لە کۆزیکی دۆستانەدا بۆ وڵاتی وەدی هێناوە .. دوای تەواوبونی بەخیر هاتن بە مۆکیبێکی ڕەسمی سەرۆکی تورکی و بارێزگار بەرەو دیوانی پارێزگاری کرویشتون لە دیوانی پارێزگاریەوە بارێزگاری

بڕوانە ل ١١

سەروەها سەرۆك فەخری قۆرە تورك شادمانی خۆی نیشان داوە بە کۆبونەوەی لەگەل سەرۆك احمد حسن البكر لە بیناری کۆزینەوەی بەرەوپرا سەبارەت بەزۆر کاروباری سود بەخشی نێوان هەردوو وڵات .

دیسان ئەوەی سباغ کردوە تەوە کە ئەم گفتوگۆیە بەکەیشتنانە بەرەنجێکی بایەخ دارەو بەرەنجێکی باش لە نزیك بونەوەدا ئەگیری بەیێی سعودی ناوکۆی .

یەکی ئایار لەمیژووەدا :

• ئەو بەربەستی یەدی لە ساڵی ١٨٨٦دا توشی سەرمایەداران بوو تا ئێستاش بەردەوامە
• ئاهەنگ گێڕانی کرێکانی عیراق بۆ بەهێزکردنی تێکۆشان و چەسپاندنی دەسکەوتەکانیەتی

عیراقی شۆڕش لە یەکی ئایاردا ئاهەنگی جەژنی کرێکاران ئەگێڕێ و لەگەل کرێکارانی دنیادا بەشداری بیرەوەری ئەوڕۆژە ئەکات کە بۆتە ڕەمزی تێکۆشان لەپێناوی مافی رەوایدا .

لەیەکی ئایاردا ، ڕاپەڕینی کرێکاران ڕوبەڕوی گوللەی دوژمنەکانی بو ، بەلام لەگەرمی ئەو بەربەستیە توندەی لەلایەن دوژمنەکانیەوە توشی ئەبو ، چینی کرێکار ، وریاو بەئاگابو لەوەی مافی بێ تێکۆشان نیەو ئەوەی بەهێزئەبێ بەهێزئەبێ ناسێنرێتەوە ، هەربۆ بەربەستی ئەم بۆچونەش بو سەرمایەدارەکانی ئەمریکا کەوتنە بەگژاچونی تێکۆشانی کرێکاران و فەرمانی لەسێدارەدانیان بەسەر پێشەواکانیاندا و بەلام لەئەنجامی سوربونی کرێکارەکان دا لەسەر خەبات و قوربانیدان ناچاربون سەرلەنوێ محاکەمەیان بکرێتەوەو دوایش فەرمانی هەلوەشاندنەوەی بریاری لەسێدارەدانیان دەرچێ .

لەولاتەکەی ئێمە ، عیراقی شۆڕش و برایەتی ، چینی کرێکار ، دەورێکی پێشڕەوی لەتێکۆشانی چینایەتی و سیاسی دا بینیوە سەرەڕای ئەو باروزروفە گرانەش کە ڕوبەڕوی ئەبو ، لەوکاتەوەی ڕێکخرای ئەقابی لەسەردەمە کۆڕکراوەکان دا پەیدابون ، زۆران بازی نێوان چینی کرێکارو ڕژێمە دیکتاتورو ئەرەبەکەکان دا دەستی پێ کردو بزوتنەوەی کرێکاران لەگەل ڕاونانو پەندکردن و سزادان دا مل کەچ نەکردو خۆی بەدەستەوە نەداوە .

دوای ئەوەی گەلەکەمان لەبەرپابونی شۆڕشی ١٧ی تەموزی ١٩٦٨وە ئەو لایەڕە خوێناویانەی دادایەوە ، توانرا لەمولاتە شورشگێڕەدا بەهۆی لێهاتویی و چالاکی سەرکردایەتیە شۆڕشگێڕەکەیەوە زۆر ئامانج بێتەدی و کۆڕانێکی فراوان لەپێوەندیکانی نێوان دەسەلاتدارێتی و گەلدا هاتەدی و لەئەنجامدا هاوپەیمان و دۆستایەتی دەرەبەگ و سەرمایەدار ڕوخاو لەسەرویرانەیی ئەو دۆستایەتی و هاوپەیمانی نیشتمانی و بەرەی یەکگرتو دامەزراو هەموو وزەو توانایەکی مادی و مانەوی و تەکنیکی بەپێی نەخشەیەکی دیارو ڕاست کەوتە خۆ بۆ بنیاتنانی ئابوری نیشتمانی پێشکەوتو ، ئەو دەستکەوتە مەزنانەش لەسەر ئەم ڕێ ڕەوە پەدی هاتون ، چالاکی و توانای حزبو شۆڕش و سەرکردایەتی یەو سیاسیەکەی لەدانانی نەخشەو ستراتیژیەتی بەرەو پاشەڕۆژدا ڕون کردەوە .

کرێکارو کۆڕانی سوشیالیستی :

کرێکار ، خاوەنی سودی هەرە ڕاستەقینەی کۆڕانی سۆشیالیستیە لەوهێزە سەرەکیەیەکە شۆڕش لەبنیاتنانی کۆڕانی بەرەو سوشیالیستی دا باوەڕی تەخاتەسەر ، لەبەرئەوە شۆڕشی ١٧ی تەموز کەبنەڕەتەکانی شۆڕشی کۆمەلایەتی داناو بەهێزی کرد ، کۆڕانێکی فراوان بونی بایەخو دەوری چینی کرێکاردا سەرکەوتنی کۆمەلایەتی زیاتر بەدی هات و کارنگی گەورەی کردە سەر پێشکەوتنی کۆمەلایەتی و گەلێ لایەنی تر ، ئەویش ساغ بۆوە کە گوێ نەدان بەدەوری چینی دنیاو کرێکار مانای تێ نەگەیشتە لەبنەڕەتی تێکۆشانی نەتەوەیی و سوشیالیستی) .

بایەخی تێکۆشانی یەکی ئایار

وە هەمو ساڵێك کرێکارانی دنیا ، ئاهەنگی یەکی ئایار فراوانب

بەبۆنەی یەکی ئایاری جەژنی کرێکارانەوە

لەسای ڕێژیمی سەرمایەداری کانادا کرێکاران دەچەوسێنەوە ئەوان گیرفان پڕدەکەن

لەگەل زیادبونو بەشداری کردنی باری ئالوزی ڕژێمی سەرمایەداری جیهانیدا ، سیستمی دیوزی دەسکرایە لە ئەنجامی بیشەسازیی بەورەی کرێکاران لەئیش دەرنەکەنو ڕووبەڕوی لەسەری بی کاری لەو وڵاتانەدا زیاتر بی ٠٠ بەلام ئەوەی دەبێتە مایەی سەرسوڕمان کە دوا کرمانیایە داواین بەکرێکاران کراوە کە بەرەو قایل بی ڕۆژانە دەبن لەگەل وەرگرتنی بەشداری لەسەرکار بەشتنەوەو ئەوانیش ئەکەونە ژێر لەشکری بی کاریەوە ٠٠ لەگەل هەموو ئەمەشدا ڕۆژ لە کرێکارانی کارگەکانی ئاسنی بریتانیا بە وە قایل بون کە بە ی ئەمەوە لە ١٠٪ کرێکانیان لەم بڕە وە بە ڕچێت لەسەر بیشەسازیان بهێلن ئاوە ٠٠٠

ئەوەی زیاتر شێزاوی و شەرزەیی پیشەسازی بەریتانیا ئاشکرا دەکات ئەوەیە کە ڕۆژبەڕۆژ ژمارەی بێ ئیشی و کار لەو وڵاتەدا زیاد دەکات و کرێکاران لەکارکردن دەردەکرێن و بەرهەمو داهات لەگزی و لاوازی دەکات ٠٠

گیردەکات و بەشێوەیەکی ئاسایی ڕۆژبەڕۆژ نرخی شتومەک و کەلوپەل لەو وڵاتانەدا گرانتر دەبێتەوە ٠٠ بەپێی ئەو سەرژمێری ماوەیک لەمەوبە لە بەریتانیادا کرابو ئەوە دەرکەوتوە کە لەنیا لەماوەی یەک مانگدا نرخی کە لوپەل ٢ر٤٪ گران بۆتەوە ، بەپێی ئەو سەرژمێریەی لە سالی (١٩٤٧)ە وە لەو وڵاتەدا شتیوا ڕوی نەداوە گرانیو بەرزبونەوەی نرخی شتومەک ئەگەرچی وای نە هەندێ لە حکومەتە سەرمایەدارەکان کردوە کە نرخ بۆ هەندێ کەلوپەلی پێویست دابنێت ، بەلام ئەوکارە چارەسەری ئالوزیکە نیەیەو ناشتوانی خەلکی لەدەست گرانی قوتار بکات ٠٠

ئەو پرسیارەی بەشێوەیەکی فراوان دەکرێت و ئەمڕۆ لە نارادایە ئەوەیە باری قورسی ئەم گرانیەیە دەکەوێتە سەر شانی کێ و چ لایەک سود لەم دۆخە ناهەمواوە وەردەگرێت ؟

سەرەڕای وڵاتە تازە گەشە کردۆکان بەشێوەیەکی گشتی گەلانی وڵاتە پیشەسازیەکانو بەتایبەتی چینی کرێکار زەحمەتی ئەو زروفەو قورسی ئەو گرانیەیان کەوتوتە سەر شانو ئەوان دووچاری کەم دەستیو بێدەرەتانی هێناوە ٠٠ وە هیچ گومان لەوەشدا نییە ئەوەی سودمەندەو کەلکێکی زۆر لە گرانیو بەرز بونەوەی نرخی شومەک وەردەگرێت سەرمایە دارە گەورەکانن ، ئەوشتەی بەلگە ئەویستەو زۆر ڕونو ئاشکرایە ئەوەیە کە سەرمایە دارەکان خویان هەڵی بەرزبونەوەی نرخی کەلوپەلنو بەنەخشەو پلانی ئەوان گرانی تەشەنەدەکات تا لەو گرانیەیە قازانج زیاتر بکەنو گیرفانیان پڕتر بکەن ٠٠ لە گرانیدا سەرمایەدارەکان هەڵی ئەوەیان دەکەوێتە دەست کە ڕۆژانەی کرێکاری کارگەکان کەم کەنەوەو بەرهەمو داهاتەکانیان بەنرخێکی گرانتر بفروشنو لەلایەکی تریشەوە کەرەسەی خاوی پیشەسازی لەوڵاتانی تازە گەشەکردو بەنرخێکی هەرزان بکڕن ٠٠ بەلام وەک هەمو کردارێکی ناجوامێرانەی ئەو ڕژێمە سەرمایە دارانە بەهەمو وزەو توانایان هەولو تەقەلای ئەوە ئەدەن کە بۆ خەلکی ئەوە نیشانەدەن کە ئەوان هەڕدۆخە شێواوەنو بەلکو ئەوەی ئەو بارو زروفە شپرزەیەی دروست کردوە بۆتە هۆی ئاژاوەی ناو ڕژێمی سەرمایەداری وڵاتانی تازە گەشەکردو ڕزمنی گەلانو هەر ئەوانن کردونو بەتایبەتی وڵاتانی خاوەن نەوت ، هەرئەوانیشن هۆی گرانیو کەم بونەوەی نرخی بارەن !! کار بەمەوە ڕانەوەستاوە ، هەندێک لە کارگەکانی بەریتانیا ژمارە یەکی زوریان لە کرێکارەکانیان بەبیانوی ئەوەوە لەکارگەکانیان دەرکردوە کە گوایە کەرەسەی خاو گران بۆتەوە ٠٠ !! جگە لەوەی هەموو وڵاتە سەرمایە دارەکان بەلگەو بیانوی لەم چەشنەیان کردۆتە دار دەست تا باری ئالوزو شێواوی و سەر لێ شێواوی ڕژێمی سەرمایەداری بخەنە ئەستوی وڵاتانی تازە گەشە کردو ٠٠

ئەمانە هەمو بەلگەی ئەوەن کە وڵاتە سەرمایە دارەکان داری وڵاتانی تازە گەشەکردو ڕزمنی گەلانو هەر ئەوانن کردونو بەتایبەتی وڵاتانی خاوەن نەوت ، هەرئەوانیشن بۆ سودو بەرژەوەندی خۆیان بەردەوام هەمیشە خەریکی پیلانو ئاژاوەنانەوەن وڵاتانی تازە گەشەکردو لەبەردەم پیلانو مەترسی وڵاتە سەرمایە دارەکانداو بەتایبەتە دژی بەرژەوەندی ئەوان ڕاوەستاون بکەنە یەکو خەباتیان لەگەڵ خەباتی چینی کرێکاراندا یەک خەن چونکە سەرکەوتنی خەباتی جەماوەری چەوساوە تیاشکانی چەوسانەوەو بەرەی سەرمایە داریە ٠٠

ئەوەش وەنەبێ ڕوداوێک بێت تەنیا لە بەریتانیادا دەرکەوتبێت بەڵکو ئەوە دەردێکە سەرجەمی وڵاتە سەرمایە دارەکانی گرتوتەوە ئەو دەردەش بۆتە هۆی کەم بونەوەی بەرهەمو زۆری بەتاڵەو کۆچ کردنی کرێکاران و گەڕان بەدوای ئیشو کارداو کزبونو کەمی بەرهەمو داهات ڕۆژبە ڕۆژ ترسی بێکاری لە دڵی کرێکاراندا زیاتر دەکات بویە وایان لێهاتوە کە بەناچاری بەوە قایل بن بەڕۆژانەیەکی کەم ئیش بکەن هەر لەبەر ئەوەی لەسەر ئیشەکانیان دەرنەکرێن ، کەم بونەوەی کرێی کرێکارانیش هەمیشە دەردی گرانی بەدەمەوەیە ، بۆیە ڕژێمی ئەو وڵاتە سەرمایەدارانە لەگەل کۆمەڵە دردێکی کوشندەدا توشی دەردی گرانییش هاتوون وە ئەوەی لە هەمو لایەک زیاتر بە ئێشو ئازاری ئەم دەردەوە دەناڵێنێت وڵاتە یەکگرتۆکانی ئەمەریکایە کە لەویش ڕۆژبەڕۆژ ژمارەی بێ ئیشو کار زیاد دەکات و بەرەبەرە کارگەکان دادەخرێنو قەوارەی داهاتو بەرهەم بەرەو کزی دەچێتو شیرازەی ڕژێم زیاتر دەئاڵوزێت ٠

لەگەل بڵاوبونەوەو تەشەنە کردنی بێکاریی ، لە وڵاتە سەرمایە دارەکانداگرانی زیاتر چنگ لە توڕکی خەڵکی جێگای داخو کەسەرو سەرسوڕمانە کانیک لەبەردەمی کوشتو تەلاری ڕازاوەو ڕەنگاوڕەنگی سەرمایەدارو ئەوەن کارنەو کارخانەکاندا زمارەیەکی زۆر لەهاونیشتمانان لەڕێی دەرزەوە پاروە نانێک وەدەست دێنن کە زۆر بێ خۆیانی بێ تێر بکەن وچەندەرۆژێک لەژیانی بێ لە مەینەتو کوزەوەری خۆیان زیادبکەن ٠ بێجگە لەوە کە زۆر جاریش دەبینرێ هەر لەپەنای ئەوەو کۆشکە بەرزو تەرزانەدا کە سەر لەهەوران دەدەن، هێندێک کەس ڕاستو ڕەوان لەبرسان دەمرن ٠

ئەوشتانەی لەسەرەوە باس کران ئەگەر تەنیا لەدەرەوەی وڵاتانی سەرمایەداری دا قسەیان لێ کرابایە ، دور نەبو زۆر کەس باوەڕیان پێ نەکەنو وابزانن کە ئەمە تەنیا ڕوباگەندەی دوژمنانی ئەو سیستمە کۆمەڵایەتیەیە ٠ بەلام کاتێک سەرژمێریە ڕەسمیەکانی ئەو وڵاتانە کە خۆیان بە « دنیای ئازاد » ناودەبەن ، بەردە لەسەر ئەو ڕاستەقینە دلتەزێنە هەڵدەدەنەوە ئیتر بۆ هیچ کەس جێگای گومان ودودلی نامێنێتەوەو هەمو لا تێدەکەن کە سیستمی سەرمایەداری تا چ ڕادەیەک نابەرابەری وبێدادی تێدا هەیە وچۆن هەمو جێگای داخو کەسەرو سەرسوڕمانە کانیک لەبەردەمی کوشتو تەلاری ڕازاوەو ڕەنگاوڕەنگی سەرمایەدارو ئەوەن کارنەو کارخانەکاندا زمارەیەکی زۆر لەهاونیشتمانان لەڕێی دەرزەوە پاروە نانێک وەدەست دێنن کە زۆر بێ خۆیانی بێ تێر بکەن وچەندەرۆژێک لەژیانی بێ لە مەینەتو کوزەوەری خۆیان زیادبکەن ٠ بێجگە لەوە کە زۆر جاریش دەبینرێ هەر لەپەنای ئەوەو کۆشکە بەرزو تەرزانەدا کە سەر لەهەوران دەدەن، هێندێک کەس ڕاستو ڕەوان لەبرسان دەمرن ٠

ئەوشتانەی لەسەرەوە باس کران ئەگەر تەنیا لەدەرەوەی وڵاتانی سەرمایەداری دا قسەیان لێ کرابایە ، دور نەبو زۆر کەس باوەڕیان پێ نەکەنو وابزانن کە ئەمە تەنیا ڕوباگەندەی دوژمنانی ئەو سیستمە کۆمەڵایەتیەیە ٠ بەلام کاتێک سەرژمێریە ڕەسمیەکانی ئەو وڵاتانە کە خۆیان بە « دنیای ئازاد » ناودەبەن ، بەردە لەسەر ئەو ڕاستەقینە دلتەزێنە هەڵدەدەنەوە ئیتر بۆ هیچ کەس جێگای گومان ودودلی نامێنێتەوەو هەمو لا تێدەکەن کە سیستمی سەرمایەداری تا چ ڕادەیەک نابەرابەری وبێدادی تێدا هەیە وچۆن هەمو یاسایەکی مرۆڤایەتی لەوو لاتانەدا دەخرێتە ژێرپێ ٠

دەملیۆن ئەمەریکایی بەپرسیتی سەرئێشەوە

گوایە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا سەورەترین و « پێشکەوتو !! » ترین وڵاتی سەرمایەداریە وئەوایەش قیبلەی هەمو ئەوریژیمە تازە پێگەیشتوانەیە کە ڕێگای پەرەسەندنی سەرمایەداری دەگرنە پێش و دەیانەوێ لەو ڕێگایەوە کۆمەڵی خۆیان بەرەو « پێشکەوتن و بەختەوەری !! » بەرن ! با بزانین لەو بەهەشتی بەرینەی هێزە کۆنەپەرستەکانی دنیا چ باسەو نایەکسانیو نابەرابەری گەیشتۆتە چ ڕادەیەک ؟ پێویستنیە باسی ژیانی خۆش وبێزەرق وبەرقی چینەکانی دەسەڵاتدارو سەرمایەداری ئەو وڵاتە بکەین ٠ ئەمەیان شتێکە بەردەوام لەڕادیۆو تەلەفزیۆنو ڕۆژنامەو هەمو ڕێگایەکی ترە پروپاگەندەوە بڵاوی دەکەنەوەو وەک نمونەی ژیانێکی بەر بەختیاری بەخەڵکی دنیای نیشان دەدەن ٠ ئەوەی لێرەدا پێویستی بە باسکردن هەبێ دیوەکەی تری باری ژیانی کۆمەڵی ئەمریکایا بە جۆرێکی تر بڵێین جۆنیەتی ژیانی زەحمەتکێشانی ئەو وڵاتەیە ٠ بۆ ئەوەی لەخۆوەش قسەمان نەکردبێ تەنیا لەو بەڵگەو سەرژمێریانە دەدوێین کە لە ناوخۆی وڵاتە یەکگرتوەکان دا بڵاوبونەوەو « دروستکراوی دوژمنان » نین :

دەسال لەمەوبەر « سارجینت شرایفەر » سەرۆکی لیژنەی بەربەرەکانی هەزاری لەبەردەم یەکێک لە لیژنەکانی کۆنگریسی ئەمریکادا گوتی وڵاتە یەکگرتۆکانی ئەمریکا دەوڵەمەندترین وڵاتی جیهانەو هەتا دەسالی تریش هەژار لە ئەمریکادا نامێنێ ٠ بەلام پاش تێپەڕبونی دەساڵەکە ، ماوەیەک لەمەوبەر شرایفەر لە وتوێژ لەگەل ڕۆژنامەنوسێکی ئەمریکایی دا بەراشکاوی گوتی : چەنخۆش بو کە لەکاتی بیرەوەری دوسەدساڵەی دامەزرانی کۆماری ئەمریکادا ئەو ئاواتانە هاتبانەدی ، بەلام بەداخەوە ئەگەر هەر هەزاریمان بۆ بنەبڕ نەبوە بەلکە بە شێوەیەکی زۆر مەترسیدار بڵاوبۆتەوە ٠

بەگوێرەی سەرژمێریە ڕەسمیەکانی ئەمریکادەر کەوتوە کە ٢٤ میلیون خەڵکی ئەمریکا بەتەواوی مانای وشە هەژارن ، ئەمە جگە لەوانەی کە هەر لەهەشت هاونیشتمانی ئەمریکایەکێیان لەگەل هەژاری ونەداری دەستەویە

بروانە ل ـ٩ـ

« شۆڕشگێڕ » بەکێ ئەڵێن ؟

ماوەیەک لەمەوبەر گۆڤاری (جیهانی لاو) کە گۆڤارێکە لە ئەڵمانیای دیموکرات دەرئەچێ ، پرسیارێکی خستبوە ئارای ئێژلینەوەی خوێنەرەواری کانی خۆیەوە ، کە « شۆڕشگێڕ » بە کێ ئەڵێن ؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا ،لاوە ئەڵمانەکانیش ، وەک خەڵکی هەر لایەکی تری جیهان ، بیروباوەڕی جۆرجۆرو جیاجیایان پیشان دابوو ٠٠

ئەم پرسیارە ، لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا ، بە شێوەیەکی تایبەتی ، بەش بەحالی کۆمەڵگایەکی وەک کۆمەڵگای ئێمەش شتێکی بەبایەخە ٠ بۆیە بێ ڕێو جێی نازانم ، منیش لێرەوە شتێکی لەسەر بنووسمو دەنگی خۆم دەربڕم ٠

وەڵام دانەوەی پرسیاریوا لە لاوە نایەت ٠ ئەنجامی هەڵوێستی سیاسیو بیریی وەڵام دەرەوەو ئەو بارە سیاسیو کۆمەڵایەتییەیە وڵاتەکەیی تیا ئەژی ٠ لە وڵاتێکی وەکرو وڵاتی ئێمەدا کە ساڵەهای ساڵ لەژێر باری ئەمپریالیزمو کۆنەپەرستیو حوکمی دیکتاتۆریی جۆربەجۆردا ژیاوەو ، بەدەگمەن نەبێ هیچ دیمەنێکی دیموکراسیی بەخۆیەوە نەدیوەو ، خەڵک دەرفەتی ئەوەیان نەبوە کەلک لە ئازادیە دیموکراتییەکان وەربگرنو بە سەربەستی بڵێنو بنووسنو بچنە کۆمەڵەو پارتییەوەو ،هەر داخوازییەکیان لە میری بووبێ بە ئاگرو ئاسنو بەندیخانەو سەرکوت کردنەوە وەڵامیان دراوەتەوە ، بە شتێکی زۆر تەبیعی دانەنرێ « شۆڕشگێڕ » هەر بەوکەسانە بووترێ کە ئالای بەربەرەکانێی ڕژێمی سیاسیو کۆمەڵایەتی هەڵئەگرنو ئەچنە پارتییە ژێر زەمینییەکانەوەو ئەخرێنە بەندیخانەوەو چەزرەبە ئەچێژنو دەربەدەرو نانبڕاو ئەکرێن ، وەک هەموومان دیومانە ٠

ئەگەر هەر ئەمەندە ، بەڵکو ساڵەهابەکیش بڕو خەباتی سیاسی وا ئەنەهاتە پێش چاوی زۆرکەس لایانوابێ بۆ بەربەرەکانێی کۆن ئەبێ هەر بەنا ببرێتە بەر چەکو هەر بە زمانی تەقە وەڵامی کۆنەپەرستی بدرێتەوە ٠ لەو ساڵانەدا خەڵکێکی زۆر لەو باوەڕەدا بوون شۆڕشگێڕ تەنها ئەوکەسەیە باوەڕی بە خەباتی چەکدارانە هەیەو ، تێکۆشەرانیتر بە « یەمینی »و سەرشۆڕو « سیلمی »و شتیوا ئەدرانە قەڵەم ٠

لە وڵاتانی وەک وڵاتە سۆشیالیستەکانا کەوا مەسەلەی « حوکمڕانی » بۆ سوودی چینی کرێکارو جووتیارانو ڕۆشنبیران ڕاوەتەوەو لە ناوەوەی کۆمەڵو وڵاندا چینێکیوا ئەماوە چەکی ڕوو تێبکرێ ، یا تێبکۆشن بۆ ڕووخاندنی ، زۆر کەسیوا هەن کە دەنگوباسی وڵاتانی هەندەرانی وەک فیتنامو فەلەستینو ئەنگۆلاو ئەمەریکای لاتینی ئەبینن ،خۆیانیان وا دێتە پێش چاو کە « شۆڕشگێڕ » ئەبنو شۆڕشگێڕی باوای لای ئەوان ئەمابێ ٠٠

لە وڵاتە سەرمایەدارییە پێشکەوتووەکانیشدا زۆریوا هەن کە ئەبینن ناستی ژیانە تا ڕادەیەکی زۆر لەپێشەوەیەو کێشەی چینایەتییە بە ڕێگای « هێدی » چاری ئەکرێو ، ڕژێمی لیبرالی ئەوەندەی ئازادیی وتنو نووسینو داواو مان گرتنو خۆپیشاندانو تەواوی چینە ڕەنجکێشەکانو بۆ ڕامالینی هەموو باشماوەکانی کۆنو چەسپاندنی باری نوێو گەشە پێدانی تا هەموو سەرێکیزیان بگرێتەوە٠ لە وڵاتێکی سەرمایەداریشدا بریتییە لە لێک ئالاندنی خەبات بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیو دامەزراندنی سۆشیالیزم لەگەل خەبات بۆ دوایی پێهێنانی ڕژێمی کۆلۆنیالی لە وڵاتە ژێردەستەو داگیرکراوەکانداو بۆ یارمەتیدانی جووڵانەوەی نیشتمانیو پێشکەوتنخوازی لەو وڵاتانەدا ٠ بەشبەحالی وڵاتێکی سۆشیالیستییش ، جگە لە هەڵوێست بەرابەر بە دەرەوە ، بریتییە لە جێبەجێ کردنی پلانەکانی وڵاتو بەربەرەکانیی هەموو نیشانەیەکی سەلبی لە ژیانداو گەشەپێدانی ئابووریو زانستو تەکنیکو چەسپاندنی خوو ڕەوشتی زۆرکەس لایانوابێ بۆ بەربەرەکانێی کۆن ئەبێ هەر بەنا ببرێتە بەر چەکو هەر بە زمانی تەقە وەڵامی کۆنەپەرستی بدرێتەوە ٠ لەو ساڵانەدا خەڵکێکی زۆر لەو باوەڕەدا بوون شۆڕشگێڕ تەنها ئەوکەسەیە باوەڕی بە خەباتی چەکدارانە هەیەو ، تێکۆشەرانیتر بە « یەمینی »و سەرشۆڕو « سیلمی »و شتیوا ئەدرانە قەڵەم ٠

لە وڵاتانی وەک وڵاتە سۆشیالیستەکانا کەوا مەسەلەی « حوکمڕانی » بۆ سوودی چینی کرێکارو جووتیارانو ڕۆشنبیران ڕاوەتەوەو لە ناوەوەی کۆمەڵو وڵاندا چینێکیوا ئەماوە چەکی ڕوو تێبکرێ ، یا تێبکۆشن بۆ ڕووخاندنی ، زۆر کەسیوا هەن کە دەنگوباسی وڵاتانی هەندەرانی وەک فیتنامو فەلەستینو ئەنگۆلاو ئەمەریکای لاتینی ئەبینن ،خۆیانیان وا دێتە پێش چاو کە « شۆڕشگێڕ » ئەبنو شۆڕشگێڕی باوای لای ئەوان ئەمابێ ٠٠

لە وڵاتە سەرمایەدارییە پێشکەوتووەکانیشدا زۆریوا هەن کە ئەبینن ناستی ژیانە تا ڕادەیەکی زۆر لەپێشەوەیەو کێشەی چینایەتییە بە ڕێگای « هێدی » چاری ئەکرێو ، ڕژێمی لیبرالی ئەوەندەی ئازادیی وتنو نووسینو داواو مان گرتنو خۆپیشاندانو گفتوگۆ بۆ دابین کردوون ، بە خەیالی خۆیان هەرگز ڕۆژی لە ڕۆژان کێشەی چینایەتی پێویستی بە بەکارهێنانی هێز نەبێ بۆ چارکردنی ، لەکەوتە زەلکاوی هەڵبەرستییەوەو وایان لەچێتە مێشکەوە کە مەسەلەی شۆڕشگێڕیتی یەکێک لەبێ لەر مەسەلانەی شایانی لێکۆڵینەوەن ٠

- ڕاستەکەی مەسەلەی « شۆڕشگێڕیتی » مەسەلەیەک نییەهەرگز بووەستێ وبێویستی بێ نەمێنێ ٠ شۆڕشگێڕیتی ، لە هەر وڵاتێکداو بەش بەحالی هەر چینو کۆمەڵو پایەیەکی کۆمەڵایەتیی ، پێشکەوتنخواز مەعنایەکی تایبەتیو ڕادەیەکی تایبەتیی هەیە ٠ ئەگەر لە وڵاتێکی ژێردەستەی ئەمپریالیزم یا کۆنەپەرستیو دیکتاتۆریەتدا بریتی بێ لە بەربەرەکانێی ئەو ڕژێمەو هەوڵدان بۆ لەبەن هێنانیو بۆ وەرگرتنەوەی مافە سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتیو نەتەوەییو کولتوورییەکانی گەل ، ئەوا لە وڵاتە تازە ئازاد بووەکاندا بریتیە لە خەبات بۆ جێگیرکردنی ئازادییەو بەرەو پێش بردنی تا ئەگاتە ڕادەی فەرمانڕەوایی تەواوی چینە ڕەنجکێشەکانو بۆ ڕامالینی هەموو باشماوەکانی کۆنو چەسپاندنی باری نوێو گەشە پێدانی تا هەموو سەرێکیزیان بگرێتەوە٠ لە وڵاتێکی سەرمایەداریشدا بریتییە لە لێک ئالاندنی خەبات بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیو دامەزراندنی سۆشیالیزم لەگەل خەبات بۆ دوایی پێهێنانی ڕژێمی کۆلۆنیالی لە وڵاتە ژێردەستەو داگیرکراوەکانداو بۆ یارمەتیدانی جووڵانەوەی نیشتمانیو پێشکەوتنخوازی لەو وڵاتانەدا ٠ بەشبەحالی وڵاتێکی سۆشیالیستییش ، جگە لە هەڵوێست بەرابەر بە دەرەوە ، بریتییە لە جێبەجێ کردنی پلانەکانی وڵاتو بەربەرەکانیی هەموو نیشانەیەکی سەلبی لە ژیانداو گەشەپێدانی ئابووریو زانستو تەکنیکو چەسپاندنی خوو ڕەوشتی سۆشیالیستی ٠

بێ ئەوەی هەڵوێستێکی ئاشکرای پێشکەوتن خوازانەت بەرابەر بە هەموو سەرێکی ژیان هەبێ ، ئابێ بە شۆڕشگێڕ ٠ شۆڕشگێڕ ئەوەیە بزانێ کۆمەڵەکەی لە چ قۆناغێکا ئەژیو ئەرکی سەرشانی چیەو کۆسپی ڕێگای کامەیەو لەبەر ڕووناکیی ئەو زانینەیەدا هەڵوێستی خۆی دیاری بکا ٠ شۆڕشگێڕیتی شتێکی(موطلەق) نییە ٠ بەپێی کاتو شوێن ئەگۆڕێ ٠ دروشمێکی شۆڕشگێڕانەی ناوەخت ئەبێ بە ناشۆڕشگێڕی ٠ لە کۆمەڵگایەکی سۆشیالیستیدا داوای ڕژێمێکی بۆرجوازی، ناشکرایە پاشکەز بوونەوەیە بۆ کۆنەپەرستی ، کەچی لە وڵاتێکی دەرەبەگیدا دروشمێکی شۆڕشگێڕانەیەو ئەوەی بۆی تێئەکۆشێ پێشکەوتن خوازو شۆڕشگێڕە ٠

هەر پێشکەوتنخوازێک ئەتوانێ شۆڕشگێڕ بێ ، با نەشکاتە چلە پۆپە ٠ بۆنموونە لە مەیدانی کاری ڕۆژانەتا هەوڵدانت بۆ کوڕت کردنەوەی ڕۆتینو کەم کردنەوەی مەسرەفو باشەکەوت کەردن بۆ گەنجینەی گشتیو نەدڕاندنی پەرەیەک کاغەزی سپی لەخۆڕاییو دانەگیرساندنی گۆلۆبێک بێ پێویست ، هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەیە ٠ ڕوون کردنەوەی هەڵەی کاربەدەستێکی لە خوت گەورەتر بۆیو گێڕانەوەی بۆ ڕێگای ڕاستو ، ڕێ پیشاندانی هاوەڵێکی وەک خۆت یا لە خوت خوارتر کە چۆن بتوانێ ئەرکی سەرشانی باشتر بەجێبێنێ ، هەنگاوێکی ئەوەندە بچوک ، کەس خۆی لە کەسی تر پێش نەخا ، لە کاتی سوواربوونی باسو گرینی کەلوپەلو شتیوادا سەرە بگرنو بەهێز بێهێز نەخاتە دواوە ، ئەمانە هەموو بۆ سوودی بەرزبوونەوەی ئاستی شارستانەتینو هەنگاوی شۆڕشگێڕانەن ٠

هەڵوێستێکی ئازایانە بەرابەر شان تەکاندنو ماستاو کردنو ، چاو نەپۆشین لە هەڵەی گەورەترو یارمەتیدانی بۆ ڕاست کردنەوەیو ، بەربەرەکانێ کردنی دروشمی « بە من چی ؟ » ، لە زۆر شوێندا نموونەیەکی بەرزی شۆڕشگێڕیتین ٠ دلسۆزی بەرابەر ئەو ئەرکەی بەپێی باری تایبەتیی خۆت کەوتووەتە سەرشانتو ، شوێن نەکەوتنی لێشاوی بێدەنگیو چاو نەنووقاندن لەعاستی ناهەقیداو بە ڕاستوتن ڕاستو بەچەوت ، نەک تەنها هەڵوێستێکی شۆڕشگێڕانەن ، بەڵکو پێداویستی پێشکەوتنی شارستانەتیشن ٠

شۆڕشگێڕیتی بەدەنگەوە چوونی ئەرکی مێژوویی سەرشانمانە ٠ هەڵوێستی نیجابیە بەرابەر بە دانیشاندنی نونی پێشکەوتوو لە جێگای کۆنی کات بەسەرچوودا ٠٠ ئەوەیە سوودی تایبەتیی خۆمان لە چوار چێوەی سوودی کۆمەڵدا تەماشا بکەین ٠ پێچەوانەی ئەمە پێچەوانەی سوودی گشتیو پێچەوانەی شۆڕشگێڕیتییە ٠

محمدی هەلا کریم

Institut Kurde de Paris

چیرۆك چۆن پەیدا بووە؟

کورتە باسێك دەربارەی چیرۆك

محمد سلیم احمد

ئەگەر بمانەوێ بزانین چیرۆك چۆن هاتۆتە کایەو چۆن گۆڕانی بەسەردا هاتووە تا بەم پلەیەی ئێستای کەیشتووە ، دەبێ بگەڕێینەوە بۆ ژیانی سەرەتایی مرۆڤو بزانین چۆن ژیاوە ؟ بێ گومان مرۆڤی سەرەتایی لە نو ڕێنەوەو ڕو دڕندەو کێوی و دەعبایان ژیاوەو هیچی لە نهێنی سروشت نەزانیوە (١) ، لێرەدا وای دەزانی کە هێزێکی توندتر لە پەناوە هەیەو ئەم دونیایە نیش پێدەدا ، بیدی دوبە لێکدانەوەو وردە وردە ئەم بیرکردنەوەی سەرەتایی لێهات لە خۆیەوە دونیایەکی تری لە میشکی حری دروست کرد .. ئەم لێکدانەوەسەیرانە زور بە زور دەبرون کە خەونێکی دەبینی هەوئی دەدا بۆ خەلکی تری بگێڕێتەوە و وەك ئەوەی کە بەهوشیاری ڕودەوەکانی دەبینی وای بۆ خەلك دەگێڕایەوە ، لێرەوە دەتوانین بڵێین ڕەگەزی سەرەداوی داڕشتنی چیرۆکە لەقالبی ئەفسانەیی و ئەندیشەیی .. بێ گومان ئەدیارە لە هەموو شوێنێکی ئەم دونیایە شتە لە وەکو یەك نەبووە ، چونکە بەپێی شوێنەکەو شتی ترسینەری ئەو مەلبەندەوە وەکو باران و بروسکەو شەپۆلو ئافکەو دڕندەو ئەشکەوت و بیابان دەژراو ناچار بوو ڕو بە ڕو بەر لێکدانەوەی ئەفسانەیی تاخۆی بێ لەم هەلویستانە ڕابگرێ بکا ... هەر لێرەشدا دووجۆرە بەرەبەرەکانی هەلە کایەوە ، یەکەمیان : لە نێوان مرۆڤو سروشت ، دووەمیان : لەبەینی مرۆڤێك و مرۆڤێکی ترجا چ تەن بە تەن بێو چ کرمەن بە کۆمەڵ ، ئەم بەربەرەکانی یەش هەمووی لە پێناوی مانی خۆپاراستن بووە .. بۆیە ئادەمیزاد هەمیشە هەوئی داوە سروشت بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوەو بۆ سوودی خۆی بەکاری بێنێ ، ئەوە بوو ئاگری دۆزیەوەو ئەم کارە تەکانێکی زۆر توندی بێدا لە ڕەوتی پێشکەوتنی مێژوودا .. هەروەها زۆر جار مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤێکی تر لێی دەبوو بە دەمەقاڵەو قرەقر ، بە شەڕ و لێك هەڵگەڕانەوە هەر بۆ ئەوەی خۆیان بپارێزن و ئەفەوتێن . جا چیرۆك وەك کەرەستە و ئامرازێك بۆ ئەوە هاتە کایەوە تا ئەو ڕووداوانەوە بگێڕێتەوە خۆی و ڕوو بکاتە بنەماڵەی ئازایەتی و سەرکەوتنی مرۆڤ .

پاشان کە زیاتر ئادەمیزادەکان پێشەرەو کۆمەڵ پەیدا بوو کێشەی چینایەتی سەری دەرهێناو ئەمە کارێکی زۆری کردە سەر مێشك و دەروونی ئادەمیزاد .. بەڵام ئەرزانی کۆمەڵ و قۆناغەکانی وەنەبێ لەهەموو شوێنێکدا لەگەڵ یەك و وەکو یەك ڕۆیشتبێ ، ڕاستەقۆناغە دیارەکان هەن بەڵام سەردەمی کۆاستنەوە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر بە پێی ناوچەو نەتەوەو باری ئابووری ئەم ناوچەیە گۆڕاوە . ئەگەر لە سەرەتاوە بگرین کەمرۆڤ بوەتە خاوەن مولك و کار بەسەر چینەکانی کۆمەڵدا بەش کراوەو کۆیلە وەك ئامراز مامەڵەتی لەگەڵ کراوە ، ئامرازی بەرهەم هێنانی ئابووری و بگرە وەك هەرکەرەستەیەکی تر کڕین و فرۆشتنیشی پێ کراوە ، تەماشادەکەی لەو کاتەی کە کۆیلە لە پێزان بەیدا بووە لەشوێنێکی تری وەکو .

« میزەپەتیما ـ نیشتمانی نێوان دووزێ ـ » ئادەمیزاد هەر لە ژیانی سەرەتایی دابووە ..

ئەمە بە گوێرەی سەرەتاکانی چەکەرە کردنی چیرۆك بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ئەوسای مرۆڤایەتی بەڵام ئەگەر ئێمە بکەڕێینەوە بۆ سەدەکانی نوێ دەبینین کە پێشکەوتنی زانستی دەروون ـ علم النفس ـ وداگیرسانی شەڕی یەکەمی جیهانی و ئەم کارەساتە زلانەی بەسەر مرۆڤایەتیدا هاتن جۆرە گوڕێکیان بە ئەدەب داوچیرۆکیش کەوتە قالبی و بارێکی ترەوەو چیرۆك بوو بەهۆیەك بۆ پێشخستنی کۆمەڵ و دەست نیشان کردنی کەموکورتی یەکانی ..

چیرۆك چی یە ؟ و بۆچی چیرۆك دەنووسرێ ؟

« چیرۆك کۆمەڵە بەسەرهاتێکە کە نووسەر دەیانگێڕێتەوە »(٢)

وەشێ ئەنیا یەك بەسەرهاتی کورت لە یەك لەحزەدا بگێڕێتەوە کە ئەو حەلەدەبێتە کورتە چیرۆك .. چیرۆك نووس یان باسێکی مێژووی یا ئەفسانەی دەکاتە کەرەستەی دەربڕینی ڕوانینەکانی ، یان ئەوەتە نەریت و بارێکی کۆمەڵایەتی پێشان دەدابۆیە نووسەر بە جۆری چیرۆکەکە بنووسێ کە خوێنەرخۆی تیدا ببینێ و لە گەڵ ڕووداوەکانی ناو چیرۆکەکەدابژی و خۆی لەگەڵ لە بیر بکا لە ناویا بتوێتەوە .. بۆ ئەمەبەستەش داڕشتن مەرجێکی سەرەکی یە ـ کە لە شوێنێکی ترا لێی دەدوێین ـ و تەنیا داڕشتنەکەی بە هێزتر بێ خۆینەر باشتر لێی نزیك دەبێتەوەو خۆی تیدا دەدۆزێتەوەد . محمد یوسف نجم دەڵێ :

« چیرۆك ناوێنەیەکە ژۆرووی هەیە ، جا هەر خوێنەرێك چاو دەبڕێتە ئەو ڕووەوە کەزۆر بە چاکی وێنەکەی خۆی تیدا دەبینی ..»(٣) .

بێ گومان ئەو حەلە خوێنەرخۆی لە ناو چیرۆك دەبینێ کە چیرۆکەکە باسە کەی لەواقیعەوە وەرگرتبێو چارەی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی بکا و ناوێنەیەك بێ ژیانی مرۆڤ شەوق بداتەوە ، هەروەکو (بلینسکی) ڕەخنەگری گەورەی ڕووسی دەڵێ :

« هونەر لە دەرەوەی ژیانەوەنایە ، بەڵکو لە ناخەوەی هەلدەقوڵێ »(٤) .

کەوابوو دەبێ ئەوراستی یەمان لەبەرچاو بێ ، چۆن دەبێ ئەدەب هەر تەنیا بۆ ئەدەب نەبێ بەڵکو بۆ ژیان بێ چیرۆکیش ئاوا دەبێ لەژیانەوە بێو بۆ خزمەتی ژیانی مرۆڤیش بێ .. بۆیە دەبێ چیرۆك لە واقیعەوە هاتبێو نابێ چیرۆك نووسرشتی وابنووسێ کە ئەقل نەیگرێ وەك ئەوەی باسی شوانێکی عەرەب بکا و بڵێ .

« شوانەکە شەو لەبەربەفر بارینا ڕانەکەی بێ نەگەیشتەڕە ئاوایی ، ناچار بوو شەو لە ئەشکەوتێکدا بباتە سەر .. »

بێ گومان ئەمە لە ڕاستی ڕەوەدوورە چونکە ئەو بیرانەو نە بەفردەباری و نەئەشکەوتیش هەیە ، بەڵام ئەگەر هەمان قسە دەربارەی ئەمرایکی عەرەبی خوارووی لوبنان یا فەلەستین بکات ئەقل دەیگرێ ، چونکە ئەوێ ئەشکەوتیشی تیدایەو بەفریشی لێ دەبارێ ... باشترین ڕێبازیش دیارە کە چیرۆك نووسی هوشیار بیگرێتەبەر ڕیبازی ڕیالیزمی یە لە چوارچێوەی گەشەکردن و پەلهاویشتن و نەشونما کردنداوە وەك (لویجی پیراندیللو) دەڵێ :

« ئەنیا هونەری ڕەسەنی و ڕاستەقینەیە ، کە ژژدانە شت دروست دەکا واتە واقیعێکی وادروست دەکا کە هەموو دەستوورێ ئەنجامەکانی لە خۆوە هەڵبقوڵێن »(٥) .

بۆ ئەم مەبەستەش نابێ هیچ شتێ خۆی بەسەر نووسەردا بسەپێنێ تا لە ڕەسەنایەتی نەکەوێ وەك (جۆن فریفیل) دەڵێ :

« بەرهەمی هونەری لە مێشکی نووسەریا هونەرمەندەوە هەلدەقوڵێ .. هونەر لەبەر تینی نازدی داهێنەرانە نەبێ ناتەشتەوە .. »(٦)

بۆیە دەبێ چیرۆك نووس ئەوبەسەرهاتانەی دەیانگێڕێتەوە بە زیندووی باسیان بکاو دایان بڕێژی ، تا چیرۆکەکەی لەگەڵ هەنگاو نانی ڕۆژگارا خوێنی تیا ووشك نەبێ ، لێرەدا قسەکەی (ڕوجیەگارودی)مان دێتەوە یاد کە دەڵێ :

« هونەر دروست کردنێکی داهێنەرانەیەو لە ناوێنەی بوونی ئادەمیزادەوە واقیع پیشان ئەدا .. »(٧) .

بۆیە دەبێ نووسەر بە پێی ڕوانینی خۆی شتە هەڵسەنگێنێو شتی واقیعی دەبێ ڕەنگی دەروونو کەفی مێشکی نووسەر هەڵبگرێ ..

پەراوێزەکان :

(١) تاریخ النقد والقصه
(٢) الدکتور محمد یوسف نجم ـ فن القصة ـ
(٣) هەمان سەرچاوە
(٤) الادب والفن في ضوء الواقعية
(٥) الرؤيا الابداعيه
(٦) جۆن فریفیل ـ الادب والفن في ضوء الواقعية ـ
(٧) روجیه گارودی ـ واقعية بلا ضفاف .

دەنگی

(ك . م)



نوێ

فاتح عزالدین
پێنجی نامادەیی

(١)

تۆوی ئازار لە مێشکمدا چرژ دەکا
لە ڕووباری ئەندێشەی تر خۆی ناو دەدا
چاوەکانی خەمی برسی .. ساڵ لە دوای ساڵ
دەمخۆنەوە ...
بە فرمێسکی ناهومێدی وا سەرنجی هیواکانم
دەشۆنەوە ...

ـ ئەی فرمێسکی فورانی خەم
کەی بەر ئەبێو لمی سوتاو دەشۆیتەوە .
تینوویەتی جووتیارەکان دەخۆیتەوە
بەو گەردەوەی پەلەیەتی بەربەستەکەت ڕابمالێ .

●●●

خدر محمد امین
پێنجی نامادەیی

شمشالەکەت .. خەمەکانم دەشواتەوە
هەوری ئاسمان :

گرمەی بروسکە ، لێزمەی باران ،
بۆ سەر زەوی وەکو گەرادەخاتەوە
لەسەر کونی ڕیزبووی شمشال ،
پەنجەکانت بمزوێنە ...
لاوك .. حەیران .. ئاوازی ئال ،
لەگەڵ سروشت ناوێتەکە ،
بالندەکان : لەدەوری تۆ دەخولێنەوە
ئاوازەکەت : بەبەستەوە دەڵێنەوە
بانگت دەکەن : بیری ژەنگگرتووی چەند ساڵ
بتارێنە

●●●

دیواری داخراوی دەورت ، بڕوخێنە
وەرە دەرێ .. وەرە دەرێ
بەستەی شادی ببارێنە ..
با دەنگت بێ :
بە پێینووسی دەستی هەستم
لە چاوەڕوانیت دە وەستم
هەنگێکم و هەر گوڵ دەمژم ..
با دەنگت بێ .. ئاوازی نوێی شمشالەکەت .. کاکەی شوان

●●●

شیرین کمال

سەراکە تادەهات دووزر دەکرد ، هەراوبەزمی خەلکی و ئۆتۆمبیلەکان لەمێشکی دا شیوەنیان دەگێڕا ، خری عەبایەکەوە پێچابوو ، ڕی هەستدەکرد خراوەتە گفتەوەو بەرەو کۆڕستانی دەبرن . پێلاوە تەسك و بەرەبەر هێندەی تر قاچەکانیان قورس دەکرد ، هەرچەند دەیویست خۆی بداتە پال سیبەرەکان چاوی بەرەلاو برسی ئەو مەردمە پالیان پێوە دەدا و بەرەو ڕەتاوەکە ، تا لەسەر ڕا ئەزیەتی دەبووەوە زیاتر ئەزگانی دەهانەلەرزین ، دڵی دەبوو بە چەقۆیەکەو لەسنگی هەڵدا چەقی ، ناشارەزایانە لەم زوور بۆ ئەوەوڵ .. بۆ سەرەوە بە خوارەوە ، لەزوان هاتو چۆ ڕادا دەخولایەوە ، وای دەزانی لەهەوادا دەخولێتەوە هانو چۆکەرانی بەسەرخۆش دەهەنە پێش چاو .. بەملاوئەولادا دەکەوتن ، ئافرەت .. منداڵ .. پیر .. لاو .. بە هەموو بەرگەوە بەسفووری ، لەهەموو بەرگەوە ڕەنگی بەڵام هەموو یەك ڕوویان هەبوو ، بە واتاو بێ هەستیری یەکترو زیانیان دەکرد .

پاش کۆچیکی دوورو سەخت خۆی لەزووری قازی دا دۆزیەوە ، کۆمەڵی ئافرەت دانیشتبوون تەنیا دوانیان ئاوڕیان بۆدایەوە ، بەچاو ئەمدیو ئەودیویان کرد ، موچرکێکی سارد هەمووگیانی هێنایە لەرزین لەو ژوورە گەرمو ئەنگ بەرەدا ، قازی قسەی بۆ دەکردن .. ئەوانیش جارجار لێڕیان دەجووڵاندەوە لەوە دەچوو کەسیان لەقازی نەکەن ، ئەمیش لە هەردووڵایان دەدەکەیشت ، پاش ماوەیێك ئەیزانی چەندبوو ژوورەکەیان بەجێهێشت ، ئەمیش هەروەکو یەکێ لە پیرە خەودا بانگی بکا ..

ـ فەرموو کچم
ـ .....
ـ فەرموو بڵێ
ـ قوربان .. مێردەکەم .. ئەو دوو وشەیەی دا بەپچڕپچڕی وت دەتوت وڕێنە دەکا
ـ مردووە ؟
ـ ها .. ! نەخێر .. نەء ..
هەرلەخۆیەوە ، دەستێکی بەسەرو عەباکەیدا هێنا
« وادیارە سەرو سەکوتم لەبێوەژن دەچێ »
ـ ئەیچی؟ چی بووە خێراکە.
قازی ئەمەی بەکەم چیکدانەیی یەوە وت و لەژنە وردبووەوە
ـ ژنی بەسەرهێناوم
ـ ئێنجا هەقی خۆیەتی
ـ چی .. ! ها ؟.. ئەن !

دەستی لەعەباکەی بەربوو ... ی ... وارەی ، کراسە ... بەشلەژاوی بڕیدایە عەباکەیو بەعەزار ڕاکێشان ... وارو خێچی ...

ـ ... بەبەستم ئەوەیە .. یەعنی ئیشێکی (غیر شرعی) نەکردووە .

ـ ئاخر من هەمووی .. پاش دووەم ... ژنی بەسەرهێنام .. ئەو یەکەم ئەی هەیە ... پێنج ـ ماڵە بەجێی هێشتووەو ... تیتر ...

لە « ئیتر »دا پێدەنگ بوو ، ... ی بڕیبە دەمی قاری ، ... ی ڕۆژ لەوە گەورەترو ڕەقتر بوون کە لەدەمی بەمە ... ر پێنەدەڕێ ، ترسا لەوەی لەوەند دەرەوەدا دەمی بشکێنی ... ی دانەوە تا لەناوەوە دایوەشێنن .

ـ ئ .. ئ .. ئیستا ئیمە .. یان هەردوکتان .. ... ن بەدنیا .. ئەفەو .. ئەلاق .. تا .. خۆت .. دەزانی .. شەرع .. ناپوارن .. شکوربە ئەی چۆن .. وایە .. دەتوانن ...

ئیتر قازی لەسەری ڕۆی .. ئەمیش هەموو یانی .. هەموو ئەندامەکانی لەشی کر بو بەگوێ .. تا لەو وتانە .. لەم شەرعە .. لەم ژیانە تێبگا ، بەڵام هیچ تێ نەدەگەیشت تەنیا « دەتوانن .. دەتوانن » ئەو ، پاش ئەوەی قازی بنەدەنگ بوو . تەنیا یەك ڕستە لەمێشکی دا چەندراو لەسەری زمانییەوە چەکەرەی کرد .

ـ ئ ئیمە ئ دەتوانین .. کەی دەتوانم ..!

جارێکی تر خۆی لەعەباکو ئالاندەوەو ژوورەکەی بەجێهێشت ، تەنیا ... بەدەرەوە بوو .. چاوەکانی **زۆرشتی نوێیان بەدی دەکرد ، پێش ئەوەی هیچ بڵا ! ناو خەنکەکەدا بەڕەنگی تووایەوە .**

تشرینی دووەمی ١٩٥

تێبینی

ئەم چیرۆکە لەیەکێك لەکۆڕەکانی مەلبەندی ڕۆشنبیری لاوان لە سلێمانی خوێندراوەتەوە لەلایەن نووسەرەکەیەوە .

Institut Kurde de Paris

چەشنەی ئەدەبی

٣ نیشانەی ئەدەبیاتی کلاسیکی

زۆربەی برادەرە دلسۆزو شارەزاکانمان چۆن بایەخ بە پاشماوەی کۆن و تابلۆی یاساکەری دەدەن هەر بەو چەشنە بایەخ بە ئەدەب دەدەن و نایهاوێنە پشت گوێوە ، بەلام ئەوەندە هەیە بایەخ پێدانەکەیان کەم و کزەو ئەگەر وەختێ بێ نەختێ زیاتر بایەخی پێبدەن ، تەنیا بۆ ماوەیەکی کەم و کورتەو دەوام ناکا ..

ئەگەر نێستا بچی رای دوو سەد هەزار کەس دەربارەی روایەتێك وەربگری کە روایەئەگە بەر لە دە ساڵ بە هۆی مەراق و پەرۆشی بایەخ پێدانی ئەوانەوە بلاو بووبێتەوەو پەرەی سەندبێ ، دەبینی کە بە تەواوی لە بیریان کردووەو قەتاو قەت خەون بە دووبارە خوێندنەوەی نابینن و ئەگەر دووگار کیشی بکەنەوە لەوانەیە تامو خۆشی لێ نەبینن ، کە خۆشی لێ نابینن لەبەر ئەوەی نی یە روایەتەکە نێستا لەوەی دەسال پێشتر خرابتر بووبێ ، لەبەر ئەوەش نی یە کە ئەو کەسانە چەشەی ئەدەبی یان پتر کەشاڵ بێتەوە ، بەلکو لەبەر ئەوەیە کە ئەو جۆرە کەسانە هێندە لە هەسانی ئەدەبیاتی کلاسی ئەدراون و رانەهاتوون کە پشت بە چەشەی تایبەتی خۆیان ببەستن بۆ هەڵسەنگاندنی بەرهەمێکی ئەدەبی و وەرگرتنی تامێکی بەردەوام ، هەر بۆیەشە سەیر دەکەی ئەمڕۆ لەسەر بارێکن و خۆشیان نازانن داخوا بەیانی دەکەونە سەر چ بارێك و چ جۆرە شتێك دڵیان رادەکێشێ ..

لێرە ، لەبەر دەم ئەم راستی یە گەشاوەدا ، پیاو بۆی هەیە بپرسێ :

هۆی چی یە نووسەرە کلاسی یەکان ناوبانگیان وا بە گەردی و فراوانی - جیهانی - دەمێنێتەوەو نامرن ؟

وەلام ئەوەیە : بۆیە وایە چونکە ناوبانگی ئەم نووسەرە کلاسی یانە پەیوەندی راستەوخۆی بە زۆرینە - زۆربە - ی خوڵکەوە نی یە . بۆ تۆ نێستا لەو باوەڕە دای ئەگەر شەکسپیر بە تەمای رەشەوەندی سەر شەقام بوایە ناوبانگی دوو حەفتە پتر دەمایەوە ؟

راستی ئەوانەی کە ناوبانگی نووسەرە کلاسی یەکانیان دروست کردووەو پاراستووەیانە تەنیا تاقمێکی کەمی هەست ناسکن .. کانێ کە نووسەرێکی گەورەی ریزی یەکەم هەست بە جێژی سەرکەوتنێ مەردانە دەکا لە ژیان ، زۆربەی خەڵك ریزێکی وای لێ نانێن و دڵسۆزی یەکی راستەقینەی دەرهەق پێشان نادەن وەك بۆ نووسەرێکی پلەدووی دەکەن ، بۆیە ئەم جۆرە نووسەرە بارگە سەنگینانە هێزی دەرکەوتن و مان و بەردەوام بوون لە (کەمینەی هەست ناسکەوە) وەردەگرن ، کە بە راستی تێیان دەگەن و دەیانەوێ خەڵکیش وەکو ئەوان تێیان بگەن ..

دەربارەی ئەو نووسەرانەش کە دوای مردن دەکەنە چلەپۆپەی ئەدەبی هەر هەمان شتە ، ئەم ئەنجامە بەرزو پیرۆزو سەنگینە تەنیا بە پێداگرتن و سووربوونی هەست ناسکی خەڵکەوە دێتەدی کە هەرکیز لە رای پتەوی خۆیان دانابەزن .. ئەم تاقمە هەست ناسکە چاویان بەرایی نادا نووسەری هەڵکەوتوو ، نووسەری بلیمەت ، بە تاقی تەنێ بەجێ بێڵن ، هەمیشە لێیان نزیك دەبنەوە ، بەرهەمەکانیان دەگرن و دەیانخوێنینەوە .. بۆ خەڵکی تری باس دەکەن ، چونکە هەستێکی وایان لە زووەوە دەبزوێ خۆیان پێ لەبەر راناگیرێ و دەرەقەتی نایەن .. لێشیان مسۆگەرە کە چەشەیەکی پێگەیووی هەیە و درۆیان لەگەڵ ناکاتو بە هەڵەیان نابات ، بۆیە هەرکیز لەسەر قسەی خۆیان نایەنە خوارێ تا لە ئەنجامدا وا لە زۆربەی خەڵك دەکەن گۆێیان لە زەنگ و ئاوازی نووسەرەکە رابێتو بگەنە ئەو قەناعەتە کە نووسەرەکە نووسەرێکی بلیمەتە ..

هەر بە هۆی (کەمینەی هەست ناسکە) کە ناوو ناوبانگی بلیمەتان ئەوە بە ئەوە بە زینەووبی دەمێنێتەوەو شۆڕ دەبێتە خوارێ ، ئەم کەمینە ئیش کەرە لە کارێکی بەردەوامو بێ پسانەوەدان ، هەردەم بە دوای دۆزینەوەی بلیمەتی بزردا دەگەڕێن ، ئەوەندە حەزیان لە زانین و ئەوەندە مەراقیان لێ کۆلینەوەیە کە هیچ هەست بە شەکەتی ناکەن ، هەر بۆیەشە زۆر بە دەگمەن وا دەبێ بلیمەتێك تا سەر بە وون بوویی بمێنێتەوە .. سەرەڕای ئەمەش ئەم (کەمینە هەست ناسکە) وا دەبێ رایان لەگەڵ (زۆرینەی خەڵك) دا بێ و واش دەبێ دژیان بێ .. راستە زۆرینەی خەڵك دەتوانن ناوبانگێکی زل دەقەبەر یەکێ بکەن بەلام بایەخ بە پاراستنی ناوبانگەکە نادەن .. ئەگەر بێ و (کەمینەی هەست ناسك) لەگەڵ (زۆرینەی خەڵك)دا بگەنە یەك کە فلانە نموونەی ئەدەبی شایەنی ناوبانگدانە ، ئەم کەمینەیە ووریاو چالاکە هەر ناوە ناوە ئەم ناوبانگە وەبیر زۆرینەکە دێتەوەو لە کاتێکی واشدا زۆرینەکە بە تەپی و تەوەزەلی سەری رازی بوونیان بۆ دەلەقێنن و دەڵێن :

« بەڵێ ! مادەم ئەم باسەتان هێنا ئۆری نابن ! بیرمان بچێ کە بە راستی ئەم ناوبانگ هەیە ... » .

(ناوبانگ) ئەگەر ئەو وەبیر هێنانەوە توندو بەردەوامەی لەگەڵدا نەبێ زوو شۆڕ دەبێتەوە گۆشەی فەرامۆش بوونەوە کە مردن و لەناوچوونە .. کەمینەی هەست ناسك رێچکەی تایبەتی خۆیان هەیە ، دڵسۆزی راستەقینەو شەیدای سووتاوی ئەدەبن و ئەدەبیش سەنگ و نرخێکی زۆری لا هەن .. هەر سەبارەت بە سووربوون و خۆراگرتن و راتەگۆڕینی خۆیانە ، هەر سەبارەت بە دوویات و سێیات و سەد پات کردنەوەی بیارەگانیانە کە دەتوانن پەیامی سەرشانیان بەجێ بێنن و لە کارەکەیاندا سەرکەوتووبن .. بۆ ؟ لەو بارەوەدای بتوانن بە بەلگەو شی کردنەوەی زانستی کابرا- یەکی زەمەکی ئیقناع بکەن کە شەکسپیر نووسەرو هونەرمەندێکی هەڵکەوتوو بووە ؟ ئەخێر ! بۆ چونکە ئەم کابرا زەمەکی یە لە زمانیان ناگات ئەو زاراوانە نازانێ کە ئەوان بەکاری دێنن و قسەی بی دەکەن بەلام کە ئەوە دوای بیست دەیێ هەزاران جار گوێ بیست دەبێ کەوتری یان بکا ... ئەگەر دڵیان کێشێ ئەگەریو بزانن کەکی نی یەو بێزاری یان دەکا ئەو دونیایە بەبەریان دابکەوێ تەفرە ناخۆن و لەسەر رای خۆیان نایەنە خوارێ ، جۆ ئەگەر کتێبێکیشیان بکەونە بەر دڵو پەسندی بکەن یا سەرایای خەڵکیش لێ بسلەمێنەوەو بە دردۆنگی تەماشای بکەن ئەوان باوەڕیان نالەقێو بە سووکی سەیری ناکەن ، هەر بە کتێبێکی چاکی دەزانن و هەر چاکیشە .. چونکە باوەڕیان بە خۆیان هەیەو متمانە بەچەشەی ئەدەبی ناسك و کەییوی خۆیان دەکەن ... باشە ، ئەو نیشانانە چین ئەگەر لە کتێبێك بەیدا بوون خۆشی یەکی فراوان و بێ بن لە ناخەوەی کەمینەی هەست ناسکەوە دەبزوێنن ؟ ئەمە پرسیارێکی زۆر گرانەو تا نێستا وەلامێکی تەواوی نەدراوەتەوە ، لەوانەیە تۆ بیرت بۆ راستی و دووربینی و زانین و حیکمەت و رووخۆشی و جوانی بچێت بەلام ئەگەر راستت دەوێ ئەم شتانە زۆر دەهانات نایەن ، بەتایبەتی ووشەی یەکەمو ووشەی کۆتایی چونکە دەبێ زۆر بە ووردو قوولی باسیان بکرێ و بکۆلرێنەوە .. رەنگە بەلای « کیتس »ەوە وا چابێ کە بە پێی روح سووکی و خوێن شیرینی خۆیەوە وا دابنێ جوانی راستی یەو راستی جوانی یە ، ئەو هەر ئەوەندە دەزانێ ، یان دەیەوێ هەر ئەوەندە بزانێ و بەس .. بەلام من پێویستە لەوە زیاتر بڕۆم ، بەلام پێم ناکرێ ، کەسیش نەبووە تا بە (هازلت)و (سانت بیف)یش رادەگا توانیبێ ئەوە روون بکاتەوە چۆن و بۆچی بڕوای وابووە فلانە کتێب شتێکی جوانە .. با دوو دێری جوان بە نموونە بێنم کە یەکەم جار دەکەونە بەردەستم :

دارستانەکانی ئەرکادی مردوون
خۆشی جارانیان نەماوە ..

من دەڵێم ئەو دوو نیوە دێرە جوانن چونکە خۆشیم پێدەبەخشن ، بەلام بۆچی ؟ ناتوانم روونی بکەمەوە ! هەر ئەوەندە دەزانم (کەمینەی هەست ناسك) وەکو من هەست بە خۆشی شاراوەی ناو ئەم دوو نیوە دێرە دەکەن ، بڕواشم زۆر بە هێزە کە ئەو گوژمو گوڕو تەوژمەی لە خۆشی ئەم دێرەو دێرەکانی دیکەی هەمان شاعیردا هەیە وا لە زۆربەی خەڵك دەکەن بکەنە ئەو ئەنجامەی کە « و . ب . بیتس » بلیمەتە ..

بەرزترین پارسەنگ و پێوانەی کە بیاو متمانەی پێ بکا بۆ هەڵسەنگاندنی ناستی نێگەیشتنی ئەدەبی خۆی هەستی (کەمینەی هەست ناسکە) .. ئەگەر هەستی لەگەڵ ئەو شتانە بجووڵێ کە هەستی ئەوان دەجووڵێنن دیارە چەشەی چاك و هەستێکی ناسکی هەیەو ئەگەر نا هیچ ...

جیاوازی نێوان یەکێك و یەکێکی تریش تەنیا لەتەسکی و پەرینی چوارچیوەی شەیدایی ئەدەب دایە ، هەندێ کەمینەی هەست ناسك هەن سیفەتی گشتی بە خۆیانەوە هەڵناگرن هەوڵو تەقەللایان پەرتو بلاو ناکەنەوە ، بەلکو هەموو توانا و لێهاتن و زرنگی خۆیان بەسەر یەك شتدا کۆ دەکەنەوەو هەموو هێزو چالاکی خۆیان لێ وەکار دێخن و هیچی لێ ناگرنەوە .. ئەم جۆرە کەسە یاریدەی گەشە پێدانی ناوبانگی بلیمەتە دەنگ زۆر نەرۆیشتووەکانی وەکو « کراشۆ » دەدەن ، ئەم بەسند کردنە توندەشیان وە نەبێ لەگەڵ رای کەمینەی هەست ناسکەوە دژو ناکۆك بن ، بەلکو هەردوو لا رای یەکتر دەچەسپێنن و بەهێزی دەکەن .

ئەدەبیاتی کلاسی بەرهەمێکە گەشەو خۆشی بەو کەمینەیە دەدا کە زۆر بە کەرەو کوڕی بایەخ بە ئەدەب دەدەن ، بۆیەش ئەم ئەدەبە هەمیشە زیندووە چونکە ئەو کەمینە هەست ناسکە زۆر بە پەرۆشەوەن بۆ ئاژە کردنەوەی ئەو خۆشی یەی لە دڵیان دەبزوێ و تاسەیەکی تیژی بەوە لادانو شت

بڕوانە ل - ١١ -

عزیز ئەردی
کردوویە بە کوردی

مینشی چیرۆك ئەخوێنەوە

شەوان ، چەند کورتە چیرۆکێ ئەخوێنمەوە جا ئەخەوم ، هەندێ لەو کورتە چیرۆکانەی ئەیانخوێنمەوە بێ تاقەت و وەرسم ئەکەنو هەندێکیشیان لە ناسکەبارو هەلفرین و نیشتنەوەو خۆ لوول دان و رەوتی ئەو شۆڕە کچانە ئەچن لە - بالیە - کاندا بینیومن و ئەمخەنە جیهانێکی سەیرو خۆشەوەو هەستێکی تازەم پێ ئەبەخشن و سەری سەرسامی یان بۆ با ئەدەمو لە ناستیانا بێدەنگی یەکی قوول دامنەگرێ !

لەو رۆژانەدا .. دوو کۆمەڵە کورتە چیرۆکی - زلیخە .. البعد یقترب - ی (جەلیل قەیسی)و - دمشق الحرائق - ی زەکریا تامر)م حوێندەوە .. کە دوو نووسەری عارەبن و لە چەندەها مەسەلەی تەکنیکی نووسیندا جیاوازن و هەریەکەیان دنیای تایبەتی خۆی هەیەو لە دوو وڵاتی جیاجیادا ئەژین و ژیانو هەڵسوکەوتو لەوانەیشە رێرەوی فیکری و سایکۆلۆژیشیان جیاواز بێ ، بەلام لەوەدا یەك ئەگرنەوە کە چیرۆك نووسی جاك و سەرکەوتوون . (جەلیل) کە باسی بیابانێ ، زیندانێ ، بەندەرێ ئەکا ، هەر ئەڵێی هەزارەها ساڵی تەمەنی لەو شوێنانەدا بردۆتە سەر بە جۆرێ وا لە خوێنەر ئەکا بیبێتە بەندێ لەو بەندانەی ئەو زیندانەی لە چیرۆکەکەیدا باسی ئەکا ، یا کاتێ وێنەی بەندەرەکە ئەکێشێ دەستی خوێنەر ئەگرێ و ئەیباتە بەندەرەکەوە ، وەك ئەوەی خوێنەر خۆی چاوەڕێی گەیشتنی کەشتی هاوڕێیەکی دوور وڵاتی بکا چاوی بڕیوەتە دەریای شین .. (جەلیل قەیسی) لە رێگای تێکەڵ کردنی واقیع و خەوەوە دەرگای ژوورە نهێنی یەکان ئەکاتەوە .

(زەکەریا)ش لە رێگای هەلبژاردنی رەمزی ساکارو قوولەوە ، لە رێگای تەختیتی وردەوە بەنجە بۆ رووداوەکان ئەکێشێ و دامان ئەچڵەکێنێ !

من ئەو دوو چیرۆك نووسە تەزکیە ناکەمو بڕوام بە تەزکیە نی یەو کە چەند کەسێکیش چیرۆك نووسێ هەڵئەدەن یا ئەپڕوخێنن و لە نرخی کەم ئەکەنەوە ، خۆم ئەچم بەرهەمەکانی ئەخوێنمەوەو بەرهەمەکان خۆیان دەمهێننە ئەو قەناعەتەی چیرۆك نووسی چاکە یا نەء . جا ئەمەوێ لێرەوە بڵێم هەر هەڵبژاردنی ـرووداو ، نماذج - پاڵەوان - ، مەناخی چیرۆك ، مەرجی سەرکەوتنی نووسینی چیرۆك نین بەلکو چۆنێتی موعامەلە لەگەڵ کردنیان .

ئێستایش هەندێ چیرۆکی وا هەن بڵاو ئەکرێنەوە تەنانەت هەزارەها جار لە فلیمە میسری یەکانی چل و پەنجاکانا دووبات بۆتەوەو خستراوەتە سەر شاشەی سینەماو ئێستاش دوا بەرنامەی ماددەی سەهرەی تەلەفزیۆنن . بەکارهێنانی گێڕانەوە - سرد - و تەکنیکی مەنەلۆگ و دایەلۆگ و نوسلووبی سیناریۆو لەقەتات و ئیکسوارو هەزارەها فروفێل هەرگیز چیرۆك نووسی بێ توانا ززکار ناکەن ، چونکە هەر راستەوێی و موغاناتو بینینەکانی ژیان و مردنە دەستی چیرۆك نووس ئەگرن ئەیبەنە سەر رووباری روونی ئیبداع .

لێرەدا مەبەستم کورتە چیرۆکی کوردی و عەرەبیشە یانی ئەو چیرۆکانەی بەرچاومان ئەکەونو ئەیانخوێنینەوە . قەت ناتوانم چیرۆك نووسی وەك - سلێمان فەیاز - لەبیر خۆم بەرمەوە ، کەم چیرۆك نووسی وایش هەیە وام لێ بکا کە شتێکم خوێندەوە بۆ بەرهەمو شتی تری بگەڕێم !

نازانم بۆ کە لەسەر جادەو شەقامەکانی بەغدا ئەسووڕێمەوە (جمعة اللامی)م بیر ئەکەوێتەوە ..

چیرۆك نووس گەز زیرەك و بەهەردار نەبێ ناتوانێ بە ئاسانی جۆرێ لەنجەو جێ پێی خۆی لەسەر لمی بیرەوەری و مێشکی خوێنەرا بەجێ بهێڵن .. لەوانەیە چیرۆك نووسانی عارەب و کوردیش لە زمارە نەیەن بەلام کەمیان توانیویانە دەوری بێویست لە پەرەپێدان و پێش خستن و گۆڕینی چیرۆك نووسیندا ببینن ، کەمیان توانیویانە بە بیرێکی ساکارو جوان و قوول ، بە رەمزێ ، بە دوو دێر هەموو شتێکمان تێ بگەیەنن ..

جا با هێمنانە ، بە خۆمانا بچینەوە ، ئاوڕێ لە هونەری کورتە چیرۆك نووسین بدەینەوە ئنجا بنووسین !..

نەوزاد رەفعەت

وەرە - هەنگاو .. بەسەرشەوی کپما بنێو - لە کەروی - هەناسەی خەمەکانما .. سەر بکەوە ...
گیانە ...
غەریبیت ئەمشەوە -
عەشقی زیندووی ... بڕ لە سەودای ..
گیانی ماندووی ...
(دێوانە)یە ..
گیانە ...
غەریبیت .. ئەمشەوە ...
دێوانەیە ...
حەز لە ماچی نینای ڕێگای شەم ئەکاتو ...
شنەبای ..
هەواری دڵم ...
جێ ناهێڵێ ...
شەو ... غەریبمو ... غەریبیت ..
کۆچ باری .. شەمەو .. سەرەڕێ .
تێ نەپەڕێ
چاوی ئارام ... بۆ دێوانەی - دوورە ئارامی
ئەمشەوەم ...
هەڵناهێنێ !!..
چی بێ .. ئەمشەو ...
چی بێ .. فەرامۆشم بکا...
کێ بێ .. وەك .. تۆ .. بتوانێ ...
لە شەوڕۆیی ...
شۆڕەسواری ...
ئەمشەوەی غەریبیم بخا !..
کێ بێ وەك تۆ ... لە من .. بکا ؟..
کێ ئەتوانێ غەریبیت لە من بکا ...
چی بێ ئەمشەو ...
چی بێ فەرامۆشم بکا ..
تا دێ کلپەی گڕی دووریت ...
بتر لە ناخما
هەڵئەکا ..
گیانە ...
غەریبیت .. ئەمشەوە !..
گڕ لە بتی ..
ناسوودەیی من بەر ئەدا ...
چی بێ ئەمشەو ..
چی بێ فەرامۆشم بکا ..
کێ بێ وەکو تۆ بتوانێ ...
لە شەو ڕۆیی ..
شۆڕەسواری
ئەمشەوەی غەریبیم بخا ؟!.

فرید زامدار
١٩٧٥

Institut Kurde de Paris

لەبروسکەیەکدا بۆ سەرۆکی فەرماندە :

لەبروسکەیەکدا بۆ سەرۆکی فەرماندە :

قوتابیەکانمان لە یەکێتی سۆڤیێت سڵاو لە کاروانی سەرکەوتووی شۆڕشی ئەکەن

لەیەکێتی سۆڤیات یەکێتی قوتابیانی نیشتمانی عیراق پیرۆزبایی لە ڕێبازە مەزنەکەی شۆڕشی ١٧ی تەموز کردووە ، لەگەڵ ئەو دەستکەوتە بێ وێنانەدا بە سەرۆکایەتی حیزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب بێگەلی عیراق هانۆتە دی •

لەو بروسکەیەدا کە بۆ سەرۆکی فەرماندەی ناردووە بەڵێنی تازەکردۆتەوە ، کە بەردەوام لە تێکۆشانو خەباتێکی بێوچاندابێت تا هەمو ئاواتەکانی گەل و نیشتمان دێتەدی ••

ئەمەش ئەواوی بروسکەکەیە :

باوکی فەرماندە ، تێکۆشەر احمد حسن البکری بەریز • ئێمە ئەندامانی کۆنگرەی لقی یەکێتی قوتابیانی نیشتمانی عیراق

لە بیرەوەری یەکی ئایاردا

کرێکاران بەردەوامی لە سەرخستنی کۆشان و رەچاوکردنی بەرنامەی حزب و شۆڕش لە زیادکردنی بەرهەم و گوورج و گوڵی بەرەوگۆڕانی سۆشیالستی ئەسەلێنن

هەکتەبی تەنفیزی یەکیتی گشت نەقابەکانی کریکاران بەبۆنەی بیرەوەری یەکی ئایار، جەژنی کریکارانی جیهانەوە کە، ڕێکەوتی ڕۆژی شەممە دەکات ئەم بەیاننامەیەی دەرکردوە :

ئەی کرێکارە بەرزەکانمان :
ئەی نەقابیە ئازاو چالاکەکان:

دوای چەند ڕۆژێکی تر، چینی کریکارمانو جەماوەری هەمو کەل لەیادی یەکی ئایاری پیرۆز جەژنی چینی کریکاری هەمو دنیا ئەکەنەوە، ئێمەش کاتێ پێشوازی جەژنەنەمرەکەمان ئەکەین، لەسایەی سەرکردایەتی حزبی رابەرماندا حزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب ناهەنگ ئەگێڕین و لەهەمو کاتەکانی تر بەهێزترو بەتواناترین لەڕوی ڕێکخستن و سوربون لەسەر بەردەوامی تێکۆشان لەپێناوی ڕەچاوکردنی تەواوی بەرنامەی شورش حزبی سەرکردەدا لەمەیدانی بەرهەم داهێنان و پەرەپێدان و هەستکردن بە لێپرسینەوەی کارگێڕانەلەرووی گەشەکردنی نەتەوایەتی و فراوان کردنی بەرهەمی پیشەسازیەوە کەلەکەل دەوری پێشڕەوی چینی کریکاردا بگونجێ و بەتێهێنەری ئەو ئەرکانەی لەلایەن حزبی سەرکردەوە، حزبی بەعسی سوشیالستی عەرەبەوە وە پێی سپێردراوە .

تواناو هێزی داهێنانی کریکار، سەرکەوتوەو لەگەشەکردنی بێسنوورداید بەهۆی ئەوەوە کە شورش هەموماف و دەستکەوتێکی کریکاری زامن کردوەو بایەخی تەواوی شورش و حزبی سەرکردە بەچینی کریکارو یەکیتی یە نەقابیەکەی لەهەمو مەیدانێکی سیاسی و ئابوری و کاروباری ئیدارییەوە بەشداربونی لە کاروباری دەولەتدا، بەوناوەی دەولەتی نیشتمانی گەلە، زیاتر بەرەو تەواو جێبەجێ کردنی سیاسەتی حزبی سەرکردە، حزبی کریکارو جوتیارو جەماوەری تێکۆشەری گەل ئەروات .

شورش کە لەبەرپابونی مەزنیەوە لە ١٧ ـ ٣٠ تەموزی ١٩٦٨دا ماوەی فراوانی لەبەردەم چینی کریکاردا کردەوەو لەکەل جەماوەری گەل بۆ ئامەنگ گیرانی سالانەی جەژنی کریکارانی جیهان، ئەوا چینی کریکار، هەمو سالی کە پێشوازی ئەم ڕۆژە مەزنە ئەکات، شورشیش لەگەشەو گەورەبونی مەزنی دایەو گورانی شورشگێڕانەی فراوان هەمو لایەنەکانی نیشتمانی گرتۆتەوە نیشانە دوای نیشانە ئەوە ساغ

بڕوانە ل ١١ .

دوکتۆر هانز کوشلەر سەرۆکی ڕێکخراوی پێشکەوتنی وڵاتان بۆ «هاوکاری» دواوە

لەپەیافێری هاوکاریەوە لەهەولێر

ماوەیەک لەمەوبەر لەسەر داخوازی بەڕێز بابەکر پشدەری سەرۆکی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ڤۆتۆنومی وەفدێکی نەمساوی بەسەرۆکایەتی دکتۆر هانز کۆشلەر سەرۆکی ڕێکخراوی پێشکەوتنخوازیی جیهانی سەریان لە پارێزگای هەولێر داوە .

سەبارەت ئەو سەردانە ئوتنەری هاوکاری چەند پرسیارێکی لەسەرۆکی وەفدەکە کردوە، لە وەرامدا دکتۆر هانز کۆشلەر وتویەتی : سەردانەکەی عیراق و ناوچەی ئۆتۆنومی میمان لەسەر داخوازیی بەڕێز بابەکر پشدەری سەرۆکی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنومی بوە، تا بەهۆی ئەو سەردانەمانەوە بتوانین پەیوەندی ڕێکخراوەکەمان و ڕێکخراوەکانی عیراق بتەوکەین و لە نزیکەوە زیاتر ئاگاداری چالاکی ئەو ڕێکخراوانە بین ..

هەروەها وتویەتی : نیازمان وایە بۆ کەلک لەیەکتر وەرگرتن و ئالو گۆڕی زانیاری پەیوەندی یەکی زانیاری لەگەل زانکۆی سلیمانی دا ببەستین ..

هیوامان زۆر بەتینە کە ئەم پەیوەندیانە ببنەهۆی بتەو کردنی دۆستایەتی نێوان عیراق و نەمسا، .. سەبارەت



مامۆستا محمد مرسی احمد ئەمیندارى گشتی یەکیتی زانکۆکانی عەرەب میهرەجانی هونەری بەرو ڕەپەڕایەتی سەرپەرشتی لاوان و پەروەردەی وەرزشی زانکۆی بەغدای کردەوە، کردنەوەی میهرەجانەکە کە بە هاوکاری لەگەل یەکیتی قوتابیانی کوردستان دابوە، لە سلیمانی بوە .

لە ئاهەنگی کردنەوەی میهرەجانەکەدا سەرۆکی زانکۆی سلیمانی و نوێنەرانی زانکو عەرەبیەکانی و ڕاویژکارانی وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی بالاو لێکولینەوەی زانستی و یەکیتی نیشتمانی قوتابیانی عیراق و سکرتیری یەکیتی قوتابیانی کوردستان و ژمارەیەکی زۆر لە سەیرکەران ئامادەبون .

میهرەجانەکە پریتی بو لە پیشاندانی پزستەری سیاسی و وێنەی فوتۆگرافی و تابلۆی زیتی و پەیکەرتاشی لەبەرهەمی قوتابیان کە کاروانی پر لە دەسکەوتەی حزب و شورشیان نیشان ..!

سەردانی وەفدی یەکێتی زانکۆی وڵاتانی عەرەب لە ناوچەی ئۆتۆنومی

هەفتەی ڕابردو، مامۆستابکر پشدەری سەرۆکی ئەنجومەنی یاسادانان لە ناوچەی ئۆتۆنومی بەگەرمیەوە پێشوازی وەفدی یەکێتی زانکۆکانی عەرەبی کردووە لە سەردانێکی وەفدەکە بۆشاری هەولێرو وتوویەتی :

ئێمە لەگەل ئامانجەکانی یەکێتی داین بۆ پەرەپێدانی باری پەروەردەو زانستی نیشتمانی عەرەبو بەرزکردنەوەی ڕادەی ڕۆشنبیری لە ناوچەماوەردا .

پاش ئەوە، مامۆستا بکر بەدرێژی سەبارەت بەبەیاننامەی ١١ی مارت دواوەو بۆوەفدەکەی روون کردۆتەوە کە ئەم بەیاننامەیەو یاسای ئۆتۆنومی ناوچەی ئۆتۆنومیو دامەزراندنی ئەنجومەنی یاسادانان و تەنفیزی ڕێڕەوێکی شۆڕشگێڕانەی حیزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەبە .

لەدوایدا، دکتۆر محمد موسی احمد ئەمینی گشتی یەکێتی زانکۆکانی عەرەب پڕ بەدل سوپاسی چەماوەرو لێپرسراوانی سلیمانی و هەولێری کردووە لەو ڕێزەی بەرامبەر ئەندامانی وەفدەکە نواندوویانە .

شایانی باسە، بەڕێزان سعاد ئەدیب جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی تەنفیزی و ئەمینداره گشتی یەکان و چەند ئەندامێکی ئەنجومەنی یاسادانان و هەڤال عدنان داود جێگری سەرکردایەتی ناوچەی زوورەوی حیزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب و بەڕێز پارێزگای هەولێرو چەند لێپرسراوێکی تر لەو کۆبونەوەیەدا ئامادە ببوون .

ئەمەو، بەڕێزان سەرۆکی ئەنجومەنی یاسادانان و سەرۆکی ئەنجومەنی تەنفیزی میوانداری یەکی فراوانیان بۆ وەفدەکە ساز کردووە لە هاوینە هەواری صلاح الدین و یەکێتی قوتابیانی کوردستان لقی سلیمانی بەشداری کردوە بەپێشکەشکردنی جۆرەها پرۆگرام و بەرنامە هونەری ..

ئافرەتانی وڵات ئارەزایی دژی هەڵویستی ئومەن لێ کراوی ڕێژیمی سوریا دەرنەبڕن

چەماوەری ئافرەتانی وڵات، بەتوندی ئارەزایی بەرامبەر دەستدریژی ئارەوای عەسکەریانەی ڕێژیمی سوریا بۆ سەر لوبنان دەربڕیوە کە ڕێژیمی گومان لێ کراو مەبەستی لەودەستدرێژیە، سەپاندنی دەسەڵاتی ئارەوای خوێنی بەسەر هیزە نیشتمانی پەروەرەکانی لوبنان دا .

ئافرەتان، لەو بەیاننامەیەدا، کە دوای کۆبونەوە فراوانەکەیان لە زانکۆی مستنصریە بڕیاریان کردوە پشتگیری تەواویان بە خەباتی چەکداری چەماوەری گەلی فەلەستین سەلماند هەروەزکارکردنی تەواوی خاکی فەلەستین و بەشە زەوت کراوەکانی تری نیشتمانی عەرەب .

***

ئەو کەسانەی لە ئەنجومەنی یاسادانی عیراق هەڵەبژێری ناوچەی ئۆتۆنومی پێک هێنا

ڕۆژی یەکشەممەی ڕابوردو یەکێتی گشتی لاوانی عیراق بڵاوی کردۆتەوە، کە مەکتەبێکی بو ڕێکخستنی کاروباری یەکێتی لە ناوچەی ئۆتۆنومیدا پێک هێناوە ..

وە ئەوشی ڕاگەیاندو، کە لقی یەکێتی لە پارێزگای سلیمانی و دهۆک و هەولێردا دامەزراندوە .

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە یەکێتی گشتی لاوان داوتویەتی : ئەم مەکتەبە بۆ ڕێکخستن و کۆکردنەوەی لاوانی ناوچەی ئۆتۆنومی ئراوە تا بە چاکی و چالاکانە دەوری خۆیان لە پیشخستنی وڵاتدا لە ژێر سایەی شۆڕشی ١٧ی تەمموزی ئەتەوەیی سۆشیالیستیدا بەسەرۆکایەتی حیزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب ببینن .

کۆبونەوەی لیژنەی ئایینەتی ئەنجومەنی بالای گشتوکاڵ

ڕۆژی یەکشەممەی ڕێکەوتی ٢٥ی ئەم مانگە هەڤال حسن العامری ئەندامی سەرکردایەتی قوتری حیزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب وجێگری سەرۆکی ئەنجومەنی بەرزی گشتوکاڵ سەرۆکایەتی کۆبونەوەی لیژنەی ئایینەتی ئەنجومەنی کردوە .

لیژنەکە لە کۆبونەوەکەیدا بڕیاری داوە کە ١٠٠ خانوبەرە بۆ دەرمانبەرانی سەرۆکایەتی ناوچەی گشتوکاری پارێزگای سلیمانی و دهۆک و هەولێر دروست بکرێت، نەوخانوبەرانە لەسەر بودجەی ڕۆگرامی بەرهەم هێنانی ئەم ساڵ بنجێ دەکرێت .

هەروەها بڕیاری داوە کە نەخشەیەکی پێش پەرەپێدانی هەرەوەزە گشتوکاڵی [illegible] دابنرێت لە مەیانی بەخێو کردنی پەلەوڕو مەڕومەلات دا هەروەها لیژنەکە بە بودجەی [illegible] دەزگای ڕەکوک قەرەبو بوەو داوای لە وەزارەتی ڕەی کردوە کە چەند جێگایەک لە قوتابخانەکاندا بۆ دەروانی پەشی ئامادەیی دابنرێت تا لە دەرەوەی وڵاتدا لە مەیدانی ڕەیداپسپوری وەرگرن .

هەروەها لیژنەکە بڕیاری ئەوەی داوە کە ئەنجومەنی [illegible] بۆبەرتوە بەڕایەتی نیشتمانی بۆ بەشداری لە چالاکی ڕێکخراوی خوارەمەنی و کشتوکالی وڵاتان دا بەسەرۆکایەتی دکتۆر حسن [illegible] وەزیری کشتوکال [illegible] کردنی کشتوکال پێک بهێنرێت .

نارەزایی کادیری شارەزا بۆ هەنگاریا

پێری وەزارەتی کشتوکاڵ و چارەسەرکردنی کشتوکاڵ (٢٠) پارێزەری ئەندازیاری کشتوکاڵی نارد بۆ بولگاریا تا لەوی لەڕووی کاروباری بەرتوەبردنی کێڵگەی هەرەوەزی مەشق بکەن .

ماوەی مەشقی ئەم دەستەیە شەش مانگ ئەخایەنی و لەو ماوەیەدا دەرسی شێوەی بەڕیوە بردنی کێڵگەی هەرەوەزی و نەخشەی سۆشیالستی لە ڕێکخستنی کاروباری ئەو کێڵگانەو فراوان کردنیان ئەخوێنن .

ناردنی ئەم کادیرانە لە چوارچێوەی نەخشەی وەزارەت دایە بۆ ئامادە کردنی کادیری شارەزاو لێ هاتو لە ڕووی کاروباری بەرهەم هێنانی کشتوکاڵەوە بە پێی بریارەکانی هەشتەم کونگرەی سەرکردایەتی قطری حزبی بەعسی سۆشیالستی عەرەب .

ئەوەی شایەنی باسە عیراق و بولگاریا ساڵی ڕابوردو ڕێکەوتنی هاوکاری ئابوری و تەکنیکیان مۆر کرد کە مەشق پێ کردنی ئەم کادیرانە لە چوارچێوەی ئەم ڕێکەوتنە دایە .

وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی :

وەزارەت لەجێ بەجێ کردنی نرخشەی کۆمەڵایەتی داباوە پەرخانە سەر شارەزایی

کاک ئەنوەر عبدالقادر وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی وتویە وەزارەتەکەی لە جێبەجێ کردنی کاروباری نەخشەی کۆمەڵایەتی باوەری خستۆتە سەر شارەزایی و بەوپێیەی لەویاسای کارەدا دیاری کراوە کە سەرکردایەتی سیاسی شۆڕشە نەتەوەیی و سۆشیالیستەکەمان داینناوە .

وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتی کە بە بۆنەی بیرەوەری یەکی ئایارەوە دواوە وتویە : ئەم باوەرخستنە سەر شارەزایی یە دەرگای لەبەر دەم هەمو دام و دەزگاکانی وەزارەت دا کردۆتەوە کە بە گورج و گوڵی و خێرایی بەرەو بەدی هێنانی کۆڕانەکانی پاشەڕۆژ بزوات بەپێی ئەو ڕێو شوێنەی وڵاتە تێکۆشەرەکەمان لە دوای شۆڕشی ١٧ـ٣٠ تەموزی ١٩٦٨وە لەسەری بەروات .

باسی ئەوەشی کرد کە پارەی داڕاوی پێشو بۆ جێبەجێ کردنی بەرنامەی دامەزراوی ئەقاعدی و زامنی کۆمەڵایەتی کەیشتە (٥) ملیۆن دینار .

دیسان دەزگا کۆمەڵایەتیەکانی تر لە ڕێگای دروست کردنی مەکتەبەو یانەوە بۆ کریکاران لە هەمو شوێنێکی وڵاتدا (٣٠٠) هەزار دیناری خەرج کردوەو زەوی وزاری پێویست بۆ دروست کردنی میوانخانەی کریکاران لە شوێنە سەریران کۆزەریەکان دیاری کراوە .

هەروەها سەبارەت بەمەشق پی کردنی کریکاران و زیادکردنی توانای کاروباریان وتی : ماوەیەکی فراوان لە بەردەم کەشە پێدانی بەهرەی پیشەیی کریکاران دا کراوەتەوە کە لە بنەرەتا باوەر ئەخاتە سەر ئەو دەزگایانەی دامەزراوی کارکردن ئەیان کاتەوە .

هاوکاری نێوان عیراق و هەنگاریا بۆ ئیش پێ کردنی کارگەی خانوی ئامادە

ڕۆژی سێ شەممەی ڕابوردو، لەدیوانی وەزارەتی کاروباری و نیشتەجێ کردن گفتوی نێوان وەزارەتی ناوبراوو وەفدێکی وەزارەتی بینا و ئاوەدانی هەنگاری دەستی پی کرد .

لایەنی عیراق بەسەرۆکایەتی کاک ڕشید صالح العلی سەرۆکی دامەزراوی نشتی نیشتەجێ بو، وەلایەنی هەنگاریا بە سەرۆکایەتی ئەیمری توت ڕاویژکاری وەزارەتی بینا و ئاوەدانی .

گفتوگوکان، سەبارەت هاوکاری کردنی هەنگاریا بوە بۆ جێبەجێ کردنی کارگەی خانوی ئامادەکراو لە وڵاتداو ئامادە کردنی کەرەستەی پێویستی ئەم کارگەیە لە لایەن هەنگاریاوە سەرەڕای هێنانی کەرەسەی تری خانویەرە لە هەنگاریاوە بۆ ئەوەی لە بڕۆژەکانی نیشتەجێی کردنا لە عیراق، سوودیان لێ وەرگیری .

ئا . د . ع

مۆرکردنی پرۆتۆکۆلی هاوکاری نێوان لاوانی عیراق و کوبا

پێری پرۆتۆکۆلی کاری ناوکۆی نێوان یەکێتی گشتی لاوانی عیراق و وەفدی لاوانی کوبا لە بارەکای مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی کرا .

پرۆتۆکۆڵەکە، سەبارەت بەوەیە کە هەردوو یەکێتی چاپکراوی ئالو گۆڕ بکەن سەرەڕای هاوکاری کردن لە زۆر ڕوی تری بزوتنەوەی لاوانەوە بۆ شارەزابون و سود وەرگرتن لە تاقی کردنەوەی یەکتری .

کردنەوەی چەند پرۆژەیەکی بەرهەمهێنانی چیمەنتۆو کاغەزو کۆڵەکەی کۆنکرێتی

ئەندازیاری بەڕوەبەری گشتی کۆمپانیای دروست کردن لە ئەینەوا ڕایگەیاند کە واهەشت پرۆژەی نوێی بەرهەم هێنانی چیمەنتۆو کاغەزو کۆڵەکەی کۆنکرێتیان بە دەستەوەیە کە سەرجەم (٥٥) ملیۆن و (٥٠٠) هەزار دیناری تێ ئەچێت و بەر لەساڵی ١٩٧٨ تەواو ئەبێت .

دوو کارگەی چیمەنتۆ لە بادۆش :-

بەڕوەبەری گشتی کۆمپانیای دروست کردن ئاشکرای کرد هەتا ئێستا (٧٠٪)ی کارگەی بادۆش تەواو بووەو ئەم کارگەیە ساڵی نیو ملیۆن تەن چیمەنتۆ بەرهەم ئەهێنی، جگە لەمەش پرۆژەیەکی ئەندازیاری نوێ سازکراوە بۆ بەرەپێدان و پێشختنی کارگەی بادۆش .

چیمەنتۆی حمام العلیل

سەبارەت بە پرۆژەی

بڕوانە ل ١١

هاوکاری
ڕۆژنامەیەکی هەفتانەی گشتی یە لە دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاو کردنەوەی کوردی دەرئەچێ
ژمارەی سپاردنی بە کتێبخانەی بشمانی ١٥٦ ساڵی ١٩٧٤

Institut kurde de Paris

بەکیەتی قوتابیانی کوردستان
ئامادەی ئەکات

لە بەروەشانی ووتەکانی بەڕێز باوکی فەرمانبەر سەرکۆمار أحمد حسن البکر دا

پۆستەی قوتابیان

● بۆ خاوەنی پارچەشیعری (جوانی لادێ) چاوەڕوانی بەرهەمی ترتەکەین هیوادارین نامەمان لێ نەبڕی •

● بۆ خۆشکە ئاوازئەنوەر مەحمود لە سلیمانی خۆشکی بەڕێز ئێمە هەمیشەهانی بەرهەمی تازە پێکەیشتوان ئەدەین هیوادارین تۆش بکەیتەڕێزی نوسەرەبەرزەکانەو ئەمەش کۆپلەیەکی هۆنراوەکەتە

تۆ ئەو گیانەی
خۆمت بەقوربان ئەکەم
تۆ ئەو شۆخەی
من دڵمت لە پێناو ئەدەم
تۆ ئەو دڵەی
هەمیشە لەسەر لێوەکانم
ناوت ئەبەم
ئەو بەهارە شیرینەی
سەیرانی خۆشەویستیت
لە دڵ ئەکەم ••

خوشکە ئاواز هیوادارین نامەکانتمان پێ بگاو بەردەوام بیت لە نوسینو هەوڵئەدەین بەرهەمی هەموویەکی بڵاوبکەینەوە بەپێی توانا •

● خوشکە شلیر محمود ل هەولێرەوە نامەیەکی بۆ ئاردوین وەك خۆی ئەڵێ لەگەڵ کوران‌ئەدوێو لە (ڕازی دڵ)دا پێیان ئەڵێ

منیش وەك ئێوە دڵدارم
پەروەردەی ئازادیوجوانیم
هەوڵ ئەدەم بەتێکۆشانم
بۆ بەختیاری ژیانم
براکانم •• براکانم

● **قوتابی خۆشەویست کاك ئەسعەد حسە ئەمین** پارچە پەخشانێکی دوورودرێژی بۆ ئاردوین سکالا لەگەڵ خۆشەویستەکەیدا ئەکاو ، ئەیەوێت زۆر لە خۆشەویستەکەی نزیك بێتەوە بۆیە لە پەخشانەکەیدا لە زێر ناونیشانی « شەوی دوری » ئەڵێ (شەوە ڕێکاکانی چارەنووسم •• دورە •• شوخوشەنگەکەم خۆشەویستیت وەك هەواڵێکی پڕیشان زیاتر بەرەو دوریم ئەبا •• خۆزگە تۆم لەگەڵدا ئەبوی •• دوێنی لەگەڵ تاریکیو مانگدا کەوتمە کەران ، لە هەنگاوەکانما تۆ ئاوێنەی مانگ بوی •• بە پەلە بەجێت هێشتم ••)

کاك ئەسعەد هیواوارین هەنگاوەکانت لە خۆشەویست نزیك کاتەوە لەم نامەیە زیاتر هیچی ترمان پێ نەگەیشتوە بە ئاوی تۆوە •• هیوادارین نامەمان لێ نەبڕی •

سەردانەکەی ئەم دواییەی سەرۆکی خەباتگێر کاك احمد حسن البکر بۆ مەکتەبی تەنفیذیو کۆبونەوەی لەگەڵ کادری پێشکەوتوی قوتابیان‌داو ڕێکا پیشاندانو ڕێنمایی کردنی رامیارانەی ، لە بواری بەروەردەکردندا بەگەیەکی گرنگە بۆ کارکردنی شۆرشگێرانەی بزوتنەوەی قوتابیان ، راستی بایەخ دانو بەرەپیدانی فراوانی سەرۆکو سەرکردایەتی حزبو شۆرش پێشان ئەدا ، بەرامبەر ئەم بەشەپیشکەوتوەی گەل،روانینو بەئاگایی کاریگەرانەی قوتابیان دەرئەخا بەرامبەر ئەرکەکانی ئێستاو داهاتوویان لە بنیات نانی زانیارانەی پڕوتەواودا •

کەشۆرشە پیرۆزەکەمان لە قوترە خەباتگیرەکەماندا لەپێناویدا هەول ئەدا ، وەلەهەمان کات ئەو راستیە لەخانە پێش چاو کەقوتابیان کەرەسەی زینەدو بەرهەمی ئەتەوەیی خاوەن بوانو عێزن بۆ وەرگرتنی هەموو جۆرە بۆچونو پێشکەوتنێکی زانیارانەو دارشتنی لە چوارچێوەیەکی ئەوتۆدا کەناواتی ئەتەوەکەمان ئەهێنێتەدی ، بەگەیشتنە ئەو رادەی ئەتەوەکانی تر بێ‌گەیشتونو لەهەمان‌کاتدا جێگای ڕێزو شانازی لەسەر لایەڕەی پرشنگداری مێژوی بیرۆزمان •

سەردانەکەی باوکی فەرماندە بۆ یەکێتیەکەمانو سەردانی بۆ دەزگاکانی پەروەردەو فێرکردنو ، کەرانی ڕۆژبەڕۆژ لە دامودەزگاکانی پەروەردەداو سوربونی لەسەر بریارەکانی لەو بوارانەدا ، بە بیروباوەری ئەتەوەیی پێشکەوتووانەوە ، لەبەر ڕۆشنایی ئاسۆی کەشی راپورتی سیاسی کونگرەی قوتری هەشتەمی حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەبدا وپاك کردنەوەی لەپاشماوەی پیسو تەقلیدی لەجێ‌بەجێ‌کردنداو ، کەلك وەرگرتن لەهۆیەکانی فێرکردن بە شێوەیەکی پێشکەوتوانە ، هەروەکو لە سەردانەکەی بۆ وەزارەتی پەروەردەداولەوتارەبەنرخەکەیدا رای‌گەیاند ، بۆ پێ‌گەیاندنی ووچەی شۆرشو تێ‌ئەیشتوو راست کەهەموو ئەو راستیانەی لەبەر چاویێت لە کارکردنیدا بۆ دەولەمەند کردنی خطەی ئەتەوەیی و بەشدار بونمان بەهەموو توانایەکیوە ، لەبواری کارکردنی شۆرشگێرانەدا ، لەپێناوی باشەڕۆژێکی پڕ لە سەرفرازیدا •

ئەوەی سەرکردایەتی حزبو شۆرش لە دەسکەوتو لەبەدیهێنانی فراواندا ، بۆ بەشەکانی پەروەردەو فێرکردن هێناویتەدی ، کەلە سەرو هەموویانەوە بەخۆرایی کردنی خوێندنە لەووڵاتدا ، بڵاوکردنەوەی ، باشترین باری کونجاو بۆ خوێندنو وەرگرتنی زوربەی قوتابیان لە بەشە ناوخۆیەکان‌داو ڕاگەیاندنی ڕۆژبەڕۆژ بۆ فراوان کردنی ئەو بەشانەو پەیوەندی‌و بەهێزکردنی ڕەوشتی شۆرشگێرانەو پەرەپیدانی لە بواری پەروەردەدا ،هەڵقوڵاوەی بیروباوەری حزبو شۆرشە بۆ کارکردنو هەوڵدان •

هەروەها ئەرکی سەرشانی دامەزراوو سەرکردایەتیەکانی یەکێتی قوتابیانی نیشتمانی عیراقو یەکێتی قوتابیانی کوردستانە کە بەشێکە لە قوتابیانی نیشتمانی جێگا نابێتەوە • هەروەها ئەرکی سەرشانی لیژنەکانی یەکێتی‌یە لە قوتابخانەو ئامۆژگاو کولێژەکان‌دا ،کە سەرکردایەتی نقابی‌و لێ‌پرسراوی جەماوەری قوتابیانن ، بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاری‌و یەکگرتنو ئیلتزامی تەواو ، لە پێناوی پاراستنی شۆرش‌و پارێزگاری کردن لە دەسکەوتەکانی جەماوەری قوتابیان‌و بڵاوکردنەوەی هوشیاری ئەتەوەیی‌و سوشیالیستیانە •

بۆ بەدیهێنانی ئەو گۆڕانکاریە خێرایانەی‌کە قوترەکەمان پیدا تێ‌ئەپەڕێ‌و کەواتە با ئەم مەرجانە هەمیشە لەبەرچاومان بێت‌و لەسەری بروێن :

١ ـ دروشمی « کارکردن پاشان داواکاری » ، دروشمی قوناغی ئێستامان بێت‌و هەمیشەو بەوپەڕەی توانا‌وە ئامادەبین بۆ جێ‌بەجێ‌کردنی هەموو ئەرکێك کە لەسەرشانمانە •

٢ ـ پێکەوە بەستنی هوشیارانەی‌ئەو پێشکەوتنانەی لە دەزگاپەروەردەی وفێرکردنەکان‌دا ڕووئەداو ، ڕوبەڕوبونەوەی جەماوەری قوتابیان‌و ڕاگەیاندی‌زانیارانەی ئەواو بۆ پێشخستنی ئابوری‌و کۆمەڵایەتی‌و باری‌سیاسی کە قوترە خەباتگیرەکەمانی پیادا ئەڕوا •

٣ ـ هەوڵدان بۆ بەرزکردنەوەی رادەی زانیارانەو بیکەینە ئامانجێکی مەرکزی‌و ڕۆژانە ، کەلێرەدا راستی سەرکەوتنو کارکردنی پەروردەیی بۆ دروست‌کردنی چوارچێوەی زانیارانە لە خطەی ئەتەمیەدا پڕۆگرامەکانی داهاتوی شۆرش • لەئاوبردنی ڕوالەتی ئەچونە قوتابخانەو غیاب ، کەلێرەدا ئەبێ دروشمی « ئیتلزام بەدەوامەوە ئەرکێکی نیشتمانی‌و ئەتەوەیی » بەرزکەینەوە •

٤ ـ ئەندامی سەرکەوتوی یەکێتی ، ئەو قوتابیە کە بەشێوەیەکی زانیارانەو بەپەوەندی کارکردن لەگەڵ هەمۆو بەشەکانی پەروەردەدا بێگەوە ئەبەستێ‌و بەشێوەیەکی کاریگەرانەو پاك هەوڵئەدات‌بۆ پێش‌کەوتنی •

٥ ـ دورست کردنی بەیوەندی کۆمەڵایەتی‌و بێ‌گەرد لەنیوان قوتابیانی کوروکچ‌دا ، ڕێزو دوستایەتی پاك لەڕێگای بنیات نانی ئاواتەکانی قوتابیان دا دروستی ئەکا •

٦ ـ مامۆستا باوکەو بەخێزکەرەو کادرێکی زانیاری‌زانە ، پێویستە ڕێزی بگیرێ ورێنمایی کردنەکانی بەدڵێکی فراوانەوە وەرگرین ، لە روی بەروەردەو کارکردنی‌کاریگەرانە لەبواری پەروەردەو خولقاندنی باری گونجاو بۆ پێشخستنی •

ڕێنماییە کانی سەرۆکی فەرمانده باوکی خەباتگیر أحمد حسن البکر ، بەلکەیەکی راستی کاری ڕۆژانەی جەماوەری قوتابیانە ، کارکردن وئیلزام لەپێناویداو هەوڵدان بۆ جێ‌بەجێ کردنی بەقەد بەدیهێنانی ئاواتەکانی شۆرش‌و ئەرکەکانی دوارۆژی ، کەلەهەمان‌کاتدا توانای جەماوەری قوتابیانە لەروبەڕوبونەوەی هوشیارانەی پێویستەکانی ئێستای شۆرشە مەزنەکەمان •

ڕۆشنبیری‌و ڕاگەیاندن

ڕواڵەتی کارکردن لەریزەکانی یەکێتی دا

لە ژمارەی پێشودا لایەنی هەندێ لەو ڕواڵەتانەمان بۆ ڕوون‌کردنەوە کە لە دەوری کارکردنمان‌دا کۆبونەتەوە ، وا لێرەدا هەندی لایەنی تری ئەو ڕواڵەتانە ئەخەینە پێش چاو ، بە هیوای کەلك لێوەرگرتنو کارپێ کردن •

هەندێ جار لەهەندێ لیژنەکانی یەکێتی‌دا ، ئەپێشن کار وەکو خۆی داواکراوە مەیسەر نابێ‌و ، ئەندامان بە چالاکی کارەکانی رانا‌پەڕێنن‌و ئیشوکاری خوی ، ئەدابەسەر کەسانی تردا ، لیژنەکە کاری زۆر ئەپێ‌و بە تەنیا بۆی جێ‌بەجێ ناکرێ‌و لەم کاتەدا •

داوا لە مەکتەبی سکرتاریەت ئەکا بۆ یارمەتی دان‌و هەرچی کاری ئەو لیژنەیە بیەوێ بیکات داوا لە مەکتەبی سکرتاریەت ئەکا ، ئەمەش ئەبێتە هۆی ئەوەی ئەو لیژنانە ئانوانن بە ئاسانی کارەکانی خۆیان ببەن بەڕێوە ، پاشان مەکتەبی سکرتاریەتیش ناتوانێ لەبەر زۆری ئەو داواکاریانە ، کە لە کاروباری خۆی‌نیە وەڵامی هەموویان بداتەوە ، ئەمەش لە کۆتاییدا ئەبێتەهۆی تێك‌چوونی شیرازەی کاری ئەو لیژنانەی یەکێتی‌و بزوتنەوەی قوتابیان ، لێرەدا پێویستە لیژنەکان‌بەپێی ئەو دەستەلاتەی دراویانەتێ پشت ببەسن بەخۆیان‌و هەتاوەکو ، بتوانن ئەم مەسەلەیە چارەسەر بکەن‌و دووچاری گیروفت نەبن لە کارەکانیاندا •• هەروەها پێویستە لیژنەکانی یەکێتی هەموو بێداویستەکانی خۆی شیکار بکا بەهۆی پەیوەندی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی ئەو قوتابخانەیەیان ئەو کولیژو ئامۆژگایەی تیایدایەو لەگەڵ جەماوەری قوتابیان کەسەرکردایەتیان ئەکا ، ئێمە لە کاتێکا گرنگی ئەم باسە دووبارە ئەکەینەوە بۆ ئەوەی بتوانین بەشێوەیەکی تەواو لە سروشتی پەیوەندی نێوان کارەکانمان بکەین‌و چارەسەری ئەو کارانە بکەین لە لیژنەکانی یەکێتی‌دا بەبێ ئەوەی تۆشی هیچ جۆرە گیروگرفتێك بین •

هەندێك لەسەروکی لیژنەکان بەکاری (انفرادی) هەڵئەسن ، ئەمەش ئەبێتە هۆی شکاندن‌و تێکدانی‌یاساو ڕژیمی یەکێتی و لادان لە مەبدەئی ناوەئی دیموکراتی لە کارکردن‌دا ، کە تاکە ڕێبازە بۆ سەرکەوتن‌و دابین کردنی دیموکراتیەت لە کارکردن‌و سەرکردایەتی بەکۆمەڵ •

ئینفرادیەت لە کارکردنا لە ناکامی دوو خالەوە دێت یەکەم نەبونی بروا بە ئەندامانی لیژنەکانی یەکێتی‌و دووهەم غروورو بڕوا بەخۆبونێکی زیادلە پێویست بەخۆی ، کە ئەمەش ئەبێتە هۆی کوم بونی گیانی دیموکراتیەت لەکاری شۆڕشگێرانەدا کە جەوهەری ئەم کارکردنەیە ، هەروەها ئەبێتە هۆی تێك دان‌و دروست بوونی هەڵە لەو لیژنانەدا ،جگە لەوەی گیانێکی دێکاتوریانە پەروەردە ئەکاو ، جەماوەری قوتابیان لە کاری یەکێتی دورئەخاتەوە •

مەڵبەندی رابەری لادێ لە سەرهەڵەنگ

ئەگەر ئاستی هۆشیاری گوندەکان فراوان نەبێ میللەت بە تەواوی ناتوانێ بەبێ گیروگرفت‌و گۆڕینانەی لەبەر ڕەوتی میژودان بە ئاسانی بڕۆ •• هوشیار کردنەوەی گوندەکان هۆیەکی کاریگەری پێشکەوتنی شارستانێتی‌و گۆڕینی باری کۆمەڵایەتی هەرمیللەتێکە •• ئینجا بە بۆنەی کردنەوەی مەڵبەندی رابەری کردنی لادێ لە سەرەتەنگ گفتوگۆیەکمان لەگەڵ کاك‌سامی‌رزقوزکو فەرمانبەری مەڵبەندەکەدا کرد •

● **ئەم مەڵبەندە لە کەیەوە کراوەتەوە ؟**

ـ ڕۆژی ١٢ ـ ١٢ ـ ١٩٧٥ کراوەتەوە •

● **بۆچی کراوەتەوە ؟**

ـ بۆ پیشە سازی کردنی گوندەکە ، ڕۆشنبیر کردنی جەماوەری گوندەکە ، رابەری کردنی ئافرەتان ، ئەهێشتنی نەخوێندەواری ،

● **تا ئێستا چیتان کردوە ؟**

ـ دەورەیەکی ئەهێشتنی نەخوێندەواریمان بۆ کوڕان‌و کچان کردۆتەوە ، ٢٤ کوڕو ٣٧ کچی تیا فێرە خوێندەواری ئەکرێن••هەروەها تەلەفزیون‌و کەرەسەی کات بردنە سەر وەکو تاولەو دومینەمان هێناوە کە خەلکی کاتی بێ تاقەتی بێ ئەبەنە سەر، چەند لیژنەیەکمان لە جوتیارەکان پێك هێناوە بۆ بەڕێوە بردنی ئیش‌و کاری مەڵبەندەکە وەکو : کاری ڕۆشنبیری ، وەرزش ، کاری میللی ، رابەری کردنی چاندن •

● **خەلکی گوندەکە هاریکاریتان لەگەڵا ئەکەن ؟**

ـ لەبەر ئەوەی‌مەڵبەندەکەمان تازەیە خەلکی زۆر بە گەرم بە پیریەوە نایەن •

● **کەمو کورتیەکانی مەڵبەندەکەتان چیە ؟**

ـ سەرۆکایەتی‌بەشی کشت‌وکال تا ئێستا بایەخێکی ئەوتۆی بە مەڵبەندەکەمان نەداوە ، کەموکورتیمان هەیە ، خانوو هۆی گواستنەوەمان نیە •• رابەرانی ئافرەتمان کەمە ، ئەوانەش هەیە لە دەرچوانی سەرەتایین•

● **چ پڕۆژەیەکی نوێتان بەدەستەوەیە ؟**

ـ ئەمانەوێ مانگی داهاتو پیشانگایەك لە دهۆك بۆ بەرهەمە دەستکردەکانی ئافرەتان بکەینەوە ، قازانجەکەی ٧٥٪ی بۆ ئەو ئافرەتانەیە کاری تیانەکەن٢٥٪یشی بۆ مەڵبەندەکەیە

لە خوشکە (جوزێف میخە)مان پرسی :

● **ئەتوانن هیچ جۆرە گۆڕانێك لە گوندەکەدا بکەن ؟**

ـ ئەمانەوێ ڕواڵەتی گوندەکەیەکسەر بگۆڕین‌و بیکەینە گوندێکی پیشەسازی‌و خاوەن‌ڕۆشنبیری‌یەکی نوێ ••ئەمەش کاتێکی زۆری پێ ئەوێ •

● **ئافرەتانی گوندەکە حەزئەکەن خۆیان لە مەڵبەندەکەدا تۆمار بکەن ؟**

ـ زۆر ئافرەتمەیە ئەیانەوێ خۆیان تۆمار بکەن بەڵام مێردەکانیان ڕێگایان نادەن •

● **ئێوە ئافرەتان فێری چی ئەکەن ؟**

ـ بە ڕێگایەکی زانستیانەمنال بە خێو کەن ، ئیش‌وکاری ماڵ بەڕێوە بەرن ، خواردەمەنی دروست کردن ، لەگەڵ ئاموزگاری‌و روشنبیر کردنیان•

پ • هاوکاری

ده ملیون ئەمریکایی ـ پاشماوە

خەیە • دەبێ ئەوەش بگوترێ‌که لە سەدا ٥٤ی هەژارەکانی ئەمریکا لەو کەسانەن کەتەمەنیان لەخوار ١٨ سالی یا لەژور ٦٥ سالەوەیە • ئەمەش‌نیشانەی ئەوەیە کە سیستمی کۆمەڵایەتی ئەو وڵاتە لەکاتی‌منداڵی‌و پیری‌دا دەستەبەری ژیانی هاونیشتمانان نیەو ئەوکەسانەی بۆ خۆیان ناتوانن ژیانی خۆیان دابین بکەن توشی‌برسیەتی‌و هەژاری دێن •

زۆر لەکاربەدەستانی ئەمریکابۆ ئەوەی وا نیشان‌بدەن کە گۆیا بەراستی دەیانەوێ‌گیروگرفتی ژیانی خەڵك چارەسەربکەن ، هەوڵی ئەوەیان‌داوە تاوانی وەزعەکە بخەنە سەرشانی چینەهەژاروەستکورتەکان ، بێ‌ئەوەی یەکێکیان باسی ئەو میلیادهادۆلارە بکا کە لەشەڕی ڤێتنامیان خەرج کرد • ئەوان‌دەڵێن « ئەگەر (چینەکانی خوارەوە) زیاتر ئامادەبن بۆ کارکردن ، هەزاری زۆر کەمتر دەبێتەوە ! » بەڵام کار لەکوێ پەیدابکەن •

لەکۆتایی مانگی کانونی‌یەکەمی رابردودا کۆنگرەی کاتۆلیکەکانی ئەمریکا روونی کردەوە کە کرێکارێکی ئەمریکایی ئەگەر کاریشی دەست‌کەوێ وەهەفتەدا ٥٢ سەعات کار بکا وهیچ کەندوکۆسپێکی نەیەتەپێش ، لەساڵدا ٤٥٧٦ دۆلار پەیدادەکا ، ئێستا ئەگەر ئەو کرێکارە چوارسەر خێزانی‌ـهەبێ ، مانای ئەوەیە داهاتی سەرانەی لەساڵدا ٤٦٢ دولارە.واتە کەمتر لەو ڕادەیە کە سەرژمێریە ڕەسمیەکانی ئەمریکا بەڵانی کەمی هەژاری‌دا دەنێ ، (بەگوترەی ئەوسەرژمێریانە خێزانێکی چوار کەسی ئەگەر لەساڵدا تەنیا٥٠٣٨ دولاردا هاتی هەبێ بەهەژار دادەنرێ) • ئەمەمانای ئەوەیە کە کرێکاری ئەمریکایی ئەگەر ئامادەش‌بێ‌کار بکاو کاریشی دەست‌کەوێ جا ئەمجار لەدەریای هەژاری‌دادەتێتەوە • ئەو بەڵگەیە کە کۆنگرەی کاتۆلیکەکان بڵاوی‌ـکردۆتەوە دەڵێ لەسەدا ٦٠ی هەژارەکان دەبێ بە « کرێکاری‌ژمارەیەش دەخرێتە سەر ئەو هەزار ناوبەرین ئەوڵەشکرە کەورەیەی هەژاران کە حکومەتی ئەمریکا دانی‌پێداناون • جا ئێستا ئەمانە چۆن دەتوانن بەو داهاتە کەمەوەژیانی خۆیان‌و داهاتوی خاووخێزانیان دابین بکەن ؟پرسیارێکە پێویستی بە وەڵام هەیە •

بەڵگەی کۆنگرەی کاتولیکەکان دەنووسێ دە میلیۆن لە هاونیشتمانیانی ئەمریکا ساڵدوازدە مانگ بەبرسیەتی دەخەون ، کەوابێ هیچ سەیرنیە کە ئەمانە پەنا بۆ خواردنی گۆشتی بشیلەو تەنانەت گۆشتی سەگ دەبەن•

دوکتور « ئیدوارد پیپلیس »کە پزیشکێکی شاری « ریژموند »ی ئەمریکایە« راپۆرتێکی دەبارەی ئەو ئەمریکاییانەوە بڵاوکردۆتەوە کە ئەم جۆرە گۆشتانە دەخۆن ، دیارە ئەم گۆشتانە لەقوتوودان‌و ئەو دوکتورە بزخۆی کە لە بنەماڵەیەکی هەژاردا گەورەبوەسەلماندویەتی کە ماوەیەکی زۆر خۆی وبنەماڵەکەی لەو گۆشتانەیان خواردوە کە لەجێ دا بۆ خواردنی سەگ‌وپشیلەدروست کراون •

ئەو پزیشکە بەژمارەو قایمەنیشانی‌داوە کە هەرئێستا میلیونێك لەخەلکی ئەمریکابرسیایەتی خۆیان بەوجۆرە گۆشتە دەشکێنن‌و زۆری تریش‌لەخەلکی ئەو وڵاتە لەبەرگرانی شتومەکی خواردەمەنی لەو گۆشتە دەگرن •

ڕۆژنامەی « نیزیۆرك تایمز »دەنوسی ئەو بەربەرەکانی‌یەکە بریار وابو لەدژی هەژاری‌بکرێ ، ئێستا بەکردەوە بۆتە بەربەرەکانی دژی هەژاران •هەروەها ڕۆژنامەی « ناشنال ئۆبزێرفەر » ماوەیەك لەمەوبەر نوسیبوی بەربەرەکانی دژی هەژاری تەنیا خەون وخەیاڵەورۆژبەرۆژ لە هۆردوی برسی‌و هەژاران زیاد دەکا • ئەمەبەشێك بو لەو راستەقینە جەرگبڕو دڵتەزێنە کە لەکۆمەڵی سەرمایەداری ، کۆمەڵی جەوسێنەرو چەوساوەدا دێتەبەرچاوو بۆ ڕزگاری لەم وەزعە مەینەتبارەش تەنیا ڕێگارزگارکردنی مرۆڤایەتی بەسیستمی سەرمایەداریە •

Institut Kurde de Paris

مندالان چۆن دەبن بەپیاوکوژ؟



گۆڤاری « کۆنتاکت » چاپی ئەڵمانیای دێموکراتی لە وتارێکی بەنرخدا سەرژمێری یەکی وردو لێکۆڵینەوەیەکی زانستی لەبارەی پەرەسەندنی تاوان و پیاوکوژی لە کۆمەڵی ئیمپریالیستی وسەرمایە داری‌دا بڵاو کردۆتەوە کە گیانی تاوان و پیاوکوژی چەندە بەخێرایی لە ناو منداڵاندا بڵاو دەبێتەوەو پەرەدەگرێ • لەبەر گرنگی وتارەکە بە پێویستمان زانی بەکوردی بیخەینە بەرچاوی خوێنەرانی بەڕێزی « هاوکاری » •

لەساڵی ١٩٧٠ وە تا ساڵی ١٩٧٣ زیاتر لە ٣٠٠ تاوانی پیاو کوشتن لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا روی دا ئەمە جگە ژمارەیەکی کەم نەبو ، بەڵام ساڵی ١٩٧٤ تاوانی پیاو کوژی لە ئەمریکا ئەوەندە زۆر بو کە ئەو ژمارەیەی بەجارێك وەپاش‌دا • تەنیا لە وساڵەدا نۆزدە هەزار کەس بەکوڵلەو بەلێدان و بە هەڵواسین لە ئەمریکا کوژران •

لە جیهانی ئەو ڕۆژدا هەمو کەس دەزانی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە هەمو وڵاتانی دنیا زیاتر تاوانی درندانە تێدا دەکرێ ، ئەمە جگە لەمەزوی مرۆڤایەتیش‌دا بێوێنەیە • یەکێك لە پەیامنێرەکان لە وڵاتە یەکگرتوەکانەوە دەنوسێ « ئەمریکا وڵاتی تاوانە » •

ژمارەیەکی سەرسوڕهێنەر

بەرەزور چونی ڕادەی تاوان بەتایبەتی لەشارە گەورەکانداگەیوەتە جێگایەك کە ساڵی لەسەدا ٢٣ی هاوڵیشتمانیان دەگرێتەوە • هەر لە پێنج هاوڵیشتمانی‌وڵاتە یەکگرتوەکان یەکێکیان دەبێتە قوربانی بەکێك‌لەشێوەکانی زەبروزەنگ‌و کوشتن ، بریندارکردن ، لێدان‌و هتد ، لە هەر بیست دەقیقەدا دەستدرێژی بەنامۆسی کچێك دەکرێ ، بەگوێرەی لێ پرسینێکی گشتی دەرکەوتوە کە زیاتر لە پێنج یەکی گەلی ئەمریکا دەترسێ بەشەو لەشەقامەکان‌دا بگەڕێ‌و نیزیك بەسەدی حەقدەی خەلکی ئەمریکا تەنانەت لە ماڵی خۆشیان‌دا لەخۆیان ئەمین نین • ئەوانەی دەستیان دەڕوا ئێشکچی ڕادەگرن یا دەزگای وریاکردنەوەی ئەلەکترۆنی لە ماڵەکانیان‌دا دەنێن وزوربەی زۆری خەڵکەکەش کە ئەوەدەسترۆیشتنەیان نیە ناتوانن پاریزگاری خۆیان بکەن •

لەزوربەی دەوڵەتە بیشەسازیە سەرمایە دارەکان‌دا هێندێك شێوەی وەك ئەمریکا لە ناوان کردن‌دا دەبینرێن ، بەتایبەتی ئەوتاوان وخەڕابە کاریانە کە لەئەڵمانیای ڕۆژئاوا زۆر دەدەن بەتەواوی لەگەڵ هی ئەمریکا وەك یەك دەچن • ئەمە لەو ڕاستیەش ڕادەردەکەوێ کەبڵەی تاوانەکان لە دەسالی دوایی‌دا لە هەردوك وڵات‌دا وەك یەك جۆتە سەر ، ڕادەی بەکار هێنانی گێژە مەنیەکان (المخدرات) ئەوەندە زیادی کردوە کە گەیشتۆتە ٢٠ر٢ لەسەد • ئەمە بۆتە هۆی ئەوە کە هەر لەسێ کەسی تاوانبار یەکێکیان گەنجێکی تازە پێگەیشتوبێ • بەپێی ئەو پێگەیشتوبێ کە لە شاری سەرژمێریە کە لە شاری « بۆن » پاتەختی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا کرا ، دەرکەوت کە ژمارەی ئەو منداڵانەی فێری خەڕابەو تاوان دەبن ، ساڵ بە ساڵ زیاد دەبێ • هێندێك ڕاپۆرت لە لەندەن پایتەتی بەریتانیاوە نیشانی دەدەن کە لە ساڵی ١٩٧٤دا هەزاران منداڵی کەمتر لەدەساڵ لەسەر کردەوەی تاوانبارانە خراونە بەندیخانەوە هەروەها ٣٢ هەزار گەنج گیراون کە تەمەنیان لە نێوان دە تا شازدە ساڵ دایە و ٤٥ هەزار لاوی پێگەیشتوش توشی تاوانی گەورەکاورە بون •

لەبەریتانیا شاری « گلاسکۆ » بەرزترین ڕادەی تاوانی تێدا دەقەومێ • زیاتر لە نیوەی تاوانەکانی پیاو کوشتن‌و لێدان‌و ئازاردان لە سکۆتلاند لەو شارەدا ڕودەدەن‌و ١٥ هەزار گەنجی ئەو شارە ئەندامی ئەو تاقمە جەردە وڕێگرانەن کە لە شەقامەکان‌دا بڵاوبونەوە •

شتێکی ئاشکرایە کە ئەو خەڕابەو تاوانەی منداڵ‌و لاوە تازە پێگەیشتوەکان دەیکەن ، بەرهەمی ئەو هەڵو مەرجە کۆمەڵایەتیە خەڕابەیە کە کۆمەڵگا ئیمپریالیستیەکان پێکی‌دێنن • لە ٣١٠ هەزار ئاپارتمان (شقە)ی گلاسکۆ « بەکردەوە » ٧٥ هەزاریان لە خۆیان ئەمین‌نین‌و بەگوێرەی سەرژمێریە ڕەسمی‌یەکان ئەو شارە پێویستی بەسەدان قوتابخانە هەیەو ڕادەی بێکاری لەو شارەدا گەیشتۆتە لەسەدا ١٨ •

ڕۆژنامەکانی بۆرژوازی فرەیسکی تیمساحانە دەڕێژن

منداڵێکی ١٣ ساڵە بەناوی « فرانك سیفرت » لە شارێکی بچوکی ئەڵمانیای فیدراڵی هاوڕێیەکی نۆ ساڵەی خۆی کە کوڕی کرێکارێکی خەڵکی ئەسپانیا بوو لەقەدی دارێك دەبەستێ ، کاتێك منداڵە ئەسپانیاییەکە داوا لەفرانك دەکا کە لەدارەکەی بکاتەوە ، لە جیاتی لێ‌کردنەوە بەشیشە ئاسنێك بەردەبێتە گیانی ئەو بەستەزمانەو دەیکوژێ ، کارناس‌و پسپۆڕەکان گوایە لەوڕایە دابون کە بەیەکەم زەبر کوژراوە • یەکێك لەو کەسانە کە ئاگای لە تاوانەکە بوە دەڵێ فرانك لە کاتی لێدانی ئەو منداڵەدا ئەوەندە لەسەرخۆ بو هەردەنگوت یاری دەکاو ئیتر نیشانەی ئەوەی لێ‌بەدی نەدەکرا کە خەریکی تاوانێکی واکەورەیە • ڕۆژنامەکانی بۆرژوازی ئەم ڕودا وەیان لەژێر زۆر سەردێر (عنوان)ی هەسەت بزوێنەدا بڵاوکردەوەو زۆریان فرمێسکی تیمساحانەیان هەڵڕشت کە « کاروبار گەیشتۆتە ئەو ڕادەیە لە ئالۆزی »دا •

بەڵام لەبەرئەوەی خۆیان نوێنەری چینە زەرمانڕەواکانن هەرلیان دابۆ داپۆشینی کەم‌وکوڕیە کۆمەڵایەتیەکان‌و ئەو مەترسیانە کە هەرەشە لە گیانی خەڵك دەکەن بە وردو درشتیانەوە • ئەوان دان بەوەدا نانێن کە ئەم درندەیی‌و وەحشیگەریە هەموی بەرهەمی تەنگ‌و چەڵەمەو فەسادی ناوخۆی ڕژێمی ئیمپریالیستیە • چونکە ئەگەر دان بەوەدا بنێن دەبێ خۆیان تاوانبار بکەن •

ئایا منداڵ بەزەماك تاوانکارە ؟

« منداڵ بەشەڕ فرۆش‌و تاوانبار لەدایك نابێ ، بەڵکو ئەو مەڵبەندەی تێیدا گەورە دەبێ فێری کاری خەڕایی دەکا » ئەمە ڕاستەقینەیەکی ئاشکرایە کە « بیرمان » ماموستای (علم النفس) لە کولۆنیا باسی کرد • بەڕاستیش هەروایە • ئەمە ڕەفتارو کرداری کۆمەڵگای سەرمایە داریە کە منداڵ فێری‌کردەوەی خەڕاپ دەکا •

زۆر لە نوسەرەکان بەوەی چەند لاپەڕەی ڕۆژنامەکانیان بۆ بڵاوکردنەوەی خەڵکو چیرۆکانە تەرخان کردوە کە باسی پیاو کوشتنی منداڵان دەکەن یارمەتی بەهێز کردنی گیانی پیاوکوژی‌و تاوانیان لە ناو منداڵان‌دا کردوە ، منداڵێك کە ئەو چەشنە چیرۆکانە دەخوێنێتەوە یا بۆی دەخوێنرێتەوە فێر دەبێ لاسایی قارەمانانی چیرۆکەکان بکاتەوەو لە ئەنجام‌دا بۆخۆی دەبێتە قارەمانی چیرۆکێکی جەرگ بڕ وخەفەتباری تازە •

« جاهانس • ا • ستور » زانایەکی بەناوبانگی مونیخ لە لێکۆڵینەوەیەکی خۆی‌دا دەڵێ « درندەیی‌و بێبەزەیی‌تی لەناو ئەندامانی کۆمەڵ‌دا ڕۆژبە ڕۆژ زیاتر بڵاودەبێتەوە • ئەمەشتێکە کە زیانی ڕۆژانە سەلماندویەتی هەمو ڕۆژی دەنگ‌و باسی شەڕو پیار کوشتن‌و ڕفاندن‌و بانك بڕین‌و بە دەست هێنانی سود لە ڕێگای نارەواوە لە کۆمەڵگا سەرمایە داریەکان‌دا پەرە دەستێنێ •

ماموستا « هاربوری پەیژ زانیاری نەفسی منداڵان (علم نفس الاطفال) لە « فرانکفۆرت » دەڵێ « هۆی سەرەکی » ئەو تاوانە خۆیناویە کە لە خوارەو باسی دەکەین « تەنسیری درندانەی ئەوشەڕە بو کە تەلەفزیۆنی ئەڵمانیای فیدراڵی ڕوداوەکانی بڵاو دەکردنەوە » • منداڵێك بەناوی « وۆلف گانگ » کە تەمەنی دەگەیشتە ١١ ساڵ لەگەڵ « توماس فارکاس » کە ئەویش تەنیا ساڵێك لەم گەورەتربو ، سەربازی خانەنشین کراو « ماکیاس جندیش »یان کوشت چونکە کاتێك دەیانەویست « ل سەربازگەیەکی نازیەکان‌دا بژین » ویستی بەرگری لەوکارەیان بکا • ئەوە بو کە « وۆلف » بەتفەنگی باوکی تەقەی لێ کردو هاوڕێکەی تری « تۆماس » لەدوردوە تەقەی لێ‌کردو دوایی بەژیانی هێنا •

ئەم ڕەفتارە درندانە ، خۆی ڕەنگدانەوەی گیانی دوژمنایەتی‌و دەستدرێژی کردنە کە لە ڕێژەیی ئیمپریالیستی‌دا هەیە • هەروەها چوار کوڕی « لاوینگر » کە نۆ ساڵەیان بەشێوەیەکی زۆر درندانە کوشت • پیاو کوژەکان لەدوایی‌دا بەبێ ئەوەی لە کردەوەی خۆیان پەشیمان بن گوتیان • « ئەم تاوانە هەروا لە خۆوەهات •• ئێمە دەمانەویست شتێك تاقی بکەینەوە » • ماموستا « میرچن » کە لەو چەشنە تاوانانە دەکۆڵێتەوە دەڵێ لە تەواوی ئەو تاقمەو کۆمەڵە دوژمنکارانەدا دەبینین کە هەمو ئەندامەکان ئەوانی تر بۆ تاوان کردەوەی درندانە هان دەدەن هەتا سەرباکان بەنەشەی تاوان‌و دەستەڵات سەرخۆش بن‌و ئەو سەر خۆشیەیان تادەگاتە دواڕادەی وەحشیگەری بپارێزن » •

ئەمەخۆی دێمەنێکی ئاشکرایە لە ڕەفتاری سەربازە کانی هێزی فاشیستی نازی لە « نورادو »و « میدس » کە ئەو هەموتاوانە گەورەی شەڕیان لە « سن‌مای »دا لێشین بۆوە چونکە لەکۆمەڵێك دا گەورە ببوون کە تینوی ئەوەبو « شتێك تاقی بکاتەوەو توشی تاوانێکی ترسێنەرو درندانە بێ » •

تەلەفزیۆن کارخانەی تاوانە

دوکتور « چایز » زانای ئەمریکایی لە زانستگای « ئەیوتا » دەڵێ « تەلەفزیۆنی ئەمریکا بەردەوام گیانی زۆرداری وزەبروزەنگ لەناو تەماشاچیەکانی‌دا بڵاو دەکاتەوە زۆر ! و منداڵانەکە لەهەفتەدا ١٥ـ٢٠ سەعات ئەوبەرنامانەی تەلەفزیۆن دەبینن کە لە هەر ١٤ دەقیقەدا نمونە یەك لە کردەوە تاوانبارانە نیشان‌دەدا هەستی تاوانکردنیان تێدا دروست دەبێ‌و ئەو کردارانەی لە تەلەفزیۆن‌دا چاویان پێ دەکەوێ دەبێتە نمونەیەك بۆ کردارو ڕەفتاری ڕۆژانەیان » دوکتور چایز لەسەر قسەکانی دەڕواو دەڵێ • « من بەتەواوی دڵنیام کە ئەو سەربازە ئەمریکاییانەی لە ناوچەی « سن مای » فیتنام‌دا دەستدرێژی دایە کوشتنی ژن‌و منداڵی بێتاوان بەرنامەکانی تەلەفزیۆنی ئەمریکا کاری تێکردون وگیانی دەستدرێژی وتاوان لەرێگای تەلەفزیۆنی ئەمریکاوە لەوان‌دا پەیدابوە •

« جورج سپیر » ماموستای « علم النفس » لە زانستگای موتیخ باسی ئەوکردو سەرمایە داریانەی کرد کە لە ڕێگای ئەو وەرەدەگرێ •• لە بازاری هی واهەیە کە لەمانگ‌دا ـ سەرانە ـ دەدا هەر بۆ ئەوەی لە دەستی ئەو « مافیا »یە ڕزگاری بێت •

لە کونفرانسێکی ڕۆژنامەگەری‌دا کە شاهال لە ـ حیفا ـ بێکی هێنا سەلماندی کە (عصابە)کان میوە فرۆشەکان ناچار دەکەن بۆ هەر سندوقە تەماتەیەك ٧٥ لیرە بدەن ، لەکاتێك دانرخی سندوقێك ٣٥ لیرەیە •

پرۆفسۆر مناحیم مامۆستای بەشی تاوان « قسم الجریمە » لە زانستگای عیبری‌دا دەڵێ « لە ـ ئیسرائیل ـ سێهەزار تاوانکار ـ المجرم ـ هەیە پال « عەسابات »ی تاوانە ئاساییەکانەوە •

کە ١٥٠٠ کە سیان چونە

دوکتور « یۆنا کوهین » مامۆستای بەشی تاوان لە زانستگای « بارایلان » دەڵێ « لەکاتی شەڕی « غفران »ەوە خەڵك هەست بەوە دەکا کە حکومەت ناتوانی هاونیشتمانەکان بپارێزێ کابرایەك کە تا ئێستا بشتی بە حکومەت بەستبو بۆ ئەوەی بێداویستیەکانی بۆ دابین بکا ئێستا خۆی لە وەزعێك‌دا دەبێنی کە بە هیچ جۆر هەست بەدڵنیایی ناکا سەرژمێریەکان نیشان دەدەن کەشەڕی « غفران » دەوری لەزیاد بونی تاوان وزەبروزەنگ‌دا هەبوە ، چونکە پەنابردن بۆ زەبروزەنگ لە ساڵی ١٩٧٢ ـ ١٩٧٤دا لەسەداسەد زیادی کردوە ورادەی هەوڵ‌و تەقەلای پیاو کوشتنیش ٥٠ لەسەد چۆتە سەرێ •

پرۆفسۆر شوهام لە زانستگای تەل‌ئەبیب دەڵێ : « ئێمە بەرەو ئاڵو گۆڕێك دەڕۆین کە لە ئەمریکادا ڕوی داوە ، ئەویش بە هێزبونی پۆلیس‌و تاوانکارەکان‌دا • هێندێك ڕودداوی ئەو تۆ هەبون کە نیشانەی ئەو ئاڵو گۆڕەن• چونکە ژمارەیەك لە پۆلیسەکان بەرتیلیان وەرگرتوەو یارمەتی تاوانکارەکانیان داوە •تەنانەت ئەگەر ئەمەش ڕاست نەبێ ، هەڵویستی نانەباری پۆلیس یارمەتی ئەو ئاڵوگۆڕە دەدا • مەسەلەی دانیشتوانی خانوبەرەکانی ـ رامات غان ـ بۆ خۆی بەڵگەیەکی ئەو ڕاستیەیە : ژمارە یەك لە دانیشتوانی رامات‌غان چونە لای پۆلیس‌و شکایەتیان لە ... کرد کە نازارییان دەداو هەڕەشەیان لێ‌دەکا لە وەڵام‌دا ئەفسەری پۆلیس ... هەڵتەکاندو گوتی : باشە‌لەوێ بار بکەن » •

●

هۆی ئەم وەزعە بۆ مەینەتە کە لە کۆمەڵگاکانی سەرمایە داری‌دا هەیە هەرچێکی بێ بۆ خۆی بەڵگەیەکی ئاشکرایە بۆ ئەوە کە پێگەیشتنی ... تی بەلاوەن‌و ڕوخانی ئەو ڕیژیمانەوە بەستراوەتەوە پێویستە ئەو ڕیژیمە بڕوخێ‌و ڕیژیمی کۆمەڵایەتی گەل لە جێگای دابمەزرێ بۆ ئەوەی بەرزترین سروشتەکانی مرۆڤ لە کۆمەڵ‌دا بڕەو پێ‌بدرێن •

سەدلێ شێوان

زمان شوناسی خۆی لە خۆیزانیاریەکی سەربەخۆو فراوانە•• تا ئیستا گەلێك وتار لەم بارەیەوە بڵاو کراوەتەوە ••من‌لەم وتارەدا نامەوێ لە بنچینەی‌لیکۆڵینەوەوە بێدا بێم بەڵکو تەنیا سەرنجێکی سەرپێ لەسەر نوسین‌و بەکار هێنانی‌هەندێ وشەو زاراوەی هەڵە نەدوێم کە لە شوێن‌و جێگای خۆی دا بەکار ناهێنرێن ••زمانی کوردی سنوری زاراوەی جۆراوجۆر لە کەلێك فراوانەو لە چاو زمانەکانی دراوسێی تارادەیەك وشەی بێگانەی تیا بژار کراوە ••

زمانی کوردی ئیستا بە جۆرێك دەقی گرتوە کە تەنانەت زوربەی زاراوە زانستیە کانیش بەرگی ڕەسەنی زمانی کوردیان لەبەر کردوە •

• زۆر جار لە سەر وشەی داتاشراو لەناو زمانی ئەدەبی کوردیدا نوسراوەو لێی کۆڵاونەتەوە بەڵام لەگەل ئەو همو باسکردنەدا ئەبینین گەلێك لە نوسەرەکانمان بە ئارەزوی خۆیانەوە وشەی داتاشراو ئەگەنە ناو ئاخنی نوسینەکانیان ، کە ئەمەش ئەبێتە هۆی بزربون‌و لەناو چونی گەلێك وشەی نرخدارو داهێنانی چەند وشەیەکی سەیرو سەمەرە !

بۆچی نوسەرەکانمان هەندێکیان لەکاتی نوسینێکدا یان کردنی نوسینێك بە کوردی لەو کاتەدا وشەی بێگانە بەکار دێنن کە لە هەمان کاتا وشەی کوردی خۆرسکی خۆمان هەیەو ئەتوانن ئەو گەلەبەرەی پێ پڕ بکەنەوە •• وە ئەمەش بە تایبەتی لەناو کتێبی قوتابخانەکاندا هەیە ••

هەرچەندە ئەم باسە بە چەند نوسینێك ئینجا ئەگەینە ئەنجام‌و درێژە ئەکێشێ بەڵام ئەوا لێرەدا بۆ نمونە تەنیا چەند وشەیەك دینمەوە کە لە کتێبی قوتابخانەکاندا هەیەو بە هەڵەی ئەزانم •

لە کتێبی ئیشتمانی دا وشەی (مینەگ) لە جیاتی (ئیحتیات) بەکار هێنراوە •

کەچی لە کوردەواریدا بە پێشەنگی کاروان ئەڵێن (مینەگ) یان وشەی (کەشیش) بۆ پیاوی ئایینی ـ دیان ـ بەکار هاتوە ، کە کورد (قەشە)ی پێ ئەڵێ •

دیسانەوە لە جوگرافیای پۆلی پێنجەمی سەرەتاییدا لە جیاتی (محیط الهادی) توسراوە (دەریالوشی تارام) •

لە چاپێکی ترا نوسراوە (دەریالوشی هێمن) بەڵام کتێبی پۆلی شەشەم (ئوقیانوسی تارام)ی نوسیوە ، لە کتێبی پۆلی یەکەمی ناوەندی‌دا نوسراوە (ئوقیانوسی باسفیك) ئینجا قوتابی چۆن سەری لێ ناشێوێ‌و چۆن ناکەوێتە ناو داوی سەرگەردانیەوە بە دەست ئەمزاراوە دەستکردانەی مامۆستایانەوە !! جارێ با هەمو شتێك لەو لاوە بوەستێ واد یارە کاکی نوسەر ئەوەی لەبیر چوە کە (ناو) لە بنەڕەتا ناگۆڕدرێ •• ئینگلیزەکان تا ئیستە (جبل طارق) هەر وەکو خۆی ناو ئەبەن •• جگە لەوەش چەندان ناوی عەرەبی لەناو ئەو بابەتانەدا هەیە کە لە عەرەبیەوە کراون بە ئینگلیزی •• وەکو (شیخ، خەلیفە ، مەلا ••) ـ ئوقیانوسی باسفیك ـ وشەیەکی لاتینی‌یەو زوربەی وڵاتانی جیهان بەکاری دێنن ، زۆر لە مێژە ڕۆژ ئاواییەکان ئەم ناوەیان لێ ناوەو چەسپاوە ئیتر ئەم کێشمەکێشەی بۆ چیەو بۆچی سەر لە قوتابیانیش بشێوێ•• یان (محیط الهادی) باشترە

بڕوانە ٣ ـ ١١ ـ

Institut Kurde de Paris

سکرتێری گشتی یەکێتی نەقابەکانی کرێکاران

لەبارەی ئاهەنگ و پرۆژەکانی یەکێتی یەوە لەناوچەی «ئۆتۆنۆمی» بۆ «هاوکاری» ئەدوێ

لە جەژنەکانی یەکی ئایاردا :

لە ڕۆژی یەکەمی [illegible] داهاتو جەژنی کرێکارانی جیهانا بە پێی ئەو نەخشە ئاراستە کراوەی کە یەکێتی گشتی نەقابەی کرێکاران لە ئوتری عیراقدا کێشاویە هەمو ڕێکخراوو دەزگاکانی نەقابە لە سەراسەری وڵاتە تێکۆشەرە کەمانا بەم بۆنە پرۆژەوە ئاهەنگ ئەگێڕن ..

بەریز بدن فاضل سکرتێری گشتی یەکێتی نەقابە کانی کرێکاران بە نوێنەری (هاوکاری) وتوە :

لەو ڕۆژەدا نومایشی گەورەی کرێکاران و جەماوەری خەڵك ساز ئەکرێ و لە ئاهەنگەکانا کەلێك وتار لە لایەن لێپرسراوان و سەرۆکی یەکێتی نەقابەکانەوە ئەخوێندرێتەوە کە بە وردی باسی یەکی ئایاری مێژویی و خەباتی ڕۆژانەی درێژ خایەنی چینی کرێکاران و جولانەوەی نەقابەگەری تیا ئەکرێ لە ژێر سێبەری شورشدا لە پێناوی دامەزراندنی عیراقێکی بیشکەوتوی بەختیارا ، لەگەل جێبەجێ کردنی بەرنامەکانی نەخشەی ئابوری و گەشە پێدان و بەدی هێنانی ئاواتەکانی گەل .

هەروەها بەریز وتویە :

لە لایەکی ترەوە بە سەدان جالاکی هونەری جۆربەجۆر لە لایەن کرێکارانەوە لە ناوچەی ئوتونومیدا پێشکەش ئەکرێ . هەروەکو ئەندامانی یەکێتی نەقابەکان ، ئەجن بۆ سەردانی ئەو برا کرێکارە نەخۆشانەیان کە لە نەخۆشخانەکانا کەوتون و دیاری بۆ ئەبەن ، جگە لەمانەش ئاهەنگی شەوانە بۆ کرێکارانی ژن و پیاوو ماڵ و خێزانەکانیان لە هەمو لایەك ساز ئەکرێ .

هەروەها وتی : کرێکاران لە ناوچەی ئوتونومی زۆر بە شادمانیەوە لە سایەی ئەو سەرکەوتنە گەورانەدا کە شورش بە سەرکردایەتی حزبی پێشڕەومان حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب بۆ هەمو جەماوەری گەلە خەباتگێڕە کەمانی بەدی هێناوە بەکوردو عەرەب و کەمە نەتەوایەتیە کانەوە ئاهەنگی جاژنی ئایار ئەگێڕن ، وە لە پێش هەمو ئەو دەسکەوتانەوە کۆتایی هێنان بە یاخی گەریە کونەپەرستە بە کرێ گیراوە کەبو ، وە جێبەجێ کردنی یاسای ئوتونومی کە دەسکەوتێکی پێشکەوتوانەی گەلی عیراق و هێزە شورشگێڕەکانی بو .

دەسکەوتەکانی یەکێتی ناوچەی ئوتونومی

نوێنەری هاوکاری لە بارەی دەسکەوت و پرۆژەکانی یەکێتی یەوە لە ناوچەی ئوتونومی دا پرسیاری کردو بەریز فاضل وتی : یەکێتیمان لە دوای دامەزراندنی دەزگاکانی ئوتونومی و تێك شکاندنی تاقمە بەکرێ گیراوەکە گەلێك تێکۆشاوە لە پێناوی سەر لە نوێ دامەزراندنەوەی قەوارەی ڕێکخستنەوەی جولانەوەی نەقابەگەری کرێکاران ، وە بە گورجی دامەزراندنی کۆمەلەو یەکێتی نەقابەو لقەکانی لە ناوچەی ئوتونومیدا بە پێی سروشتی دیموکراتیانە لە نەرێتی کارکردنی نەقابە گەریدا لە وڵاتەکەمانا .

یەکێتیمان ئیستا خەریکە چەسپاندنی ڕێپرەوەکانی ڕێکخستنی یەك نەخاتەوە لە ناوچەی ئوتونومیدا بۆ ئەوەی بتوانێ بەو ئەرکە پێی سپێردراوە بە ئەوا جێبەجێی بکات .. بۆ ئەم مەبەستە دەیان مەلبەندی ڕۆشنبیری و مەلبەندی نەخوێندنەوە لە ناوچەی ئوتونومیدا کراوەتەوە ، وە بە گورجی دەستیان کردوە بە نەخوێندنەوە لە ناو کرێکارە بەکرێ گیراو بۆ ئەوەی ئارامە بکرێن کە بتوانن بە ڕێك و پێکی ئارەزوی سەر شانیان بەرێوە بەرن لە بواری بەرهەم هێنانا بێشتر بکەون و پلەی بەرهەم هێنان و ڕواڵەتی نامیری پێش کردن پێش بخەن و زەمینەیەکی وا بڕەخسێنن کە بە دلنیاییەوە کاری تیا بکەن .

بەرەوەرە :

سەبارەت خوردەوشتی جگەرگوشەکانمان

کمال صابر

کوڕێك تەمەنی (١٤) چوارد ساڵە کتێبی دەفتەری هاوڕێکانی دزیوە لە قوتابخانە . بەڕێوەبەری قوتابخانە کە بەپێچەوانەی هەموو یاسایەکی قوتابخانەوە یەکسەر دایبە دەست خۆی دەست پولیس ـ پۆلیس یەکسەر دای بە دەست خزمەت گوزاری کۆمەڵایەتی دادگای منداڵانەوە ئەمیش دایە دەست پسپۆڕێکی دەروونی بۆ ئەنکێتکردنەوە لە بارەی ئەم منداڵەوە وە لەپاش ئەنکێتکردنەوەیەکی دوورو درێژ بۆی دەرکەوت کە ئەم منداڵەزیرەکیەکی ئاسایی یە ، وەڕادەی خوێندنی لە گەڵ تەمەنیا ئەگونجێ چونکە لە پۆلی دووەمی ناوەندیە . وەباوکی منداڵەکە دەست کەوتوکی مانگانەی زۆر کەمی هەیە وە ئەم باوکە زۆر زۆر حەز ئەکا کە منداڵەکانی فێری خوێندن بکاو بێیان بگەیەنێ ، وەئەم کوڕەش منداڵی گەورەیەتی وە تاقانە کوڕیەتی ، وەکچێکی هەیە لە قوتابخانەیەکی ئەرمیسر دایە خۆڕایی ئەخوێنێ .

ئەم باوکە ئەوەندە خەمی ئەخوارد بۆ خوێندنی منداڵەکانی تەنانەت خۆی سەرپەرشتی خوێندنەکەیانی ئەکرد لە ماڵەوە وە لەسەر هەموو ئەزانینێکی تێروپڕ ئەیکوتان و لێی ئەدان ، سەرەڕای ئەمەش جاروبارەندێ ماڕۆستای بە توانای بۆ ئەهێنانە ماڵەوە کە دەرسیان پێبڵێ و فێریان بکات ئیتر بە خۆهی بێیان بە لێدان بێ . خۆشەویستی ئەم باوکە بەرامبەر بەخوێندن گەیشتوەڕادەیەك تەنانەت ژنەکەش کە نەخوێندەوار بوو فێری خوێندن و نووسینی کردبوو .

ئەم باوکە زۆر جار باسی بەدبختی خۆی ئەکرد کەنەی توانیوە خوێندن تەواو کاو تەنها سەرەتایی تەواو کردوە ، باسی خۆی ئەکرد کە چەندزیرەك و بەتوانایە ، وەئەگەر بیتوانیایە خوێندن تەواوبکا ئیستا چەند پیاویکی بەرز ئەبوو ؟

لێرەدا ئەزانین کە ئەم باوکە هاندەرێکی گەورە هەیە هانی ئەدا ئەویش ئەوەیە ئەوی کە خۆی نەی توانیوە لە ژیانیدا بەدی بێنێ ، ئەیەوێ بە زۆر لە کوڕەکەی دا بیهێنێتەدی . جالێرەدا گومان دزی و لەکتێبخانەکانا ئەوەی لەوەدا نیە کە ئەم منداڵە فرۆشتن و بە بارەکەی خۆی زۆر ڕقی لە باوکێتی کە هەر وەکو هاوڕێکانی پیشان ئەدا . ئەم ڕەوشتە ڕەقەی بەرامبەری . سەیریش لەوەدایە کە هەر وەدایکیشی ، ئافرەتێکی لاوازو ئەم منداڵە چەند جارێك لەلای بێ دەسەڵاتە بەرامبەری باوکی بەرپرسیاری قوتابخانە کەیان هیچ هێزو توانایەکی نیە شکاتی کرد بوو کە گوایە کتێبو دەفتەرەکانی دزراوە ، بەسەریا .

وە کاتی ئەم منداڵە گەیشتۆتە تەنها لەبەر ئەوەی کە گومان ئەم تەمەنە ئەیەوێ خۆی لە لەخۆی دوور خاتەوە . بەڵام دواجار بەدزیەکەوە ڕیزی هاوڕێ قوتابییەکانی تری خۆیدا ببینێ ، بەڵام ئەم گیرا . ڕۆژانەیەکی ئەوتۆی نیە کە لێرەدا شتەکە کەوتوو لەبەر چاوی هاوڕێکانی خۆی ناشکرایە ، ئەم منداڵە بۆیە بێ بنوێنێ ، ئەوان زوربەیان دزی کردوە کە سەنگی خۆی جلی گران بەهاو ئاپابیان بگەیەنێتەڕادەی هاوڕێکانی لەبەردایەو هەندێکیان چەند وە ئەم هەست بە ناتەواویەی جۆرە جگەرەیەکی بەنرخ بەمە بارسەنگ داوەتەوە ، کە ئەکێشن ، جا لەبەر ئەوە خۆی لە ڕاستیا ئەیتوانی تزە بەڵام پیاوێکی تەمەڵ لە حاڵەتی یەکەمی ئەم باسەدا ئەمیش دەستی درێژ کردوە بەشتی تر پارسەنگی بداتەوە بێ کارەیە ، ناچار ئافرەتەکە بۆ سەلماندنی خۆیە ئەبینین لە بۆسەر کتێبو کەلو پەلی وەکو سەرکەوتنی لەخوێندنا ، بەئیش کردنی خۆی پارە حاڵەتی دووەمیانەدا بۆ هاوڕێکانی قوتابخانەی ، ئەی چونکە ئەمە ئاشکرایە کە لە بەدەست دێنێ ئەیەوێ بە پاراستنی خویە .

قوتابخانەکاندا زووربەی ئەوقوتابیانەی کە زیرەکن و پێش هاوڕێکانیان ئەکەون منداڵە هەژارەکانن ، وە ئەم سەرکەوتنەیان لە ڕامستیا لەهەست بە ناتەواوی کردن (الشعور بالنقص) ەوە دێت ، چونکە منداڵە هەژارەکان بەرامبەر بەمە بە منداڵە دەوڵەمەندەکانا زاڵبن .

کچێك تەمەنی دوانزە ساڵانە ، گازەکەرە لە ماڵیکا وە تاوانبارکرا بەوەی کە جل و بەرگ و خشڵی لەو ماڵە دزیوە ، لە دوای لێکۆڵینەوە دەرکەوت کە ئەم کچە ڕادەی بیر کردنەوەی لاواز نیە ، بەڵام ترسنۆکەو بڕوای بە خۆی نیەو زۆریش تێك ئەچێ و بە بچووکترین شت دەست ئەکا بەگریان ، وە دەرکەوت کە ئەم کچە لەماڵیکدا ئیش ئەکات کە بریتیە لەژن و مێردێك وەهەموو شەوێك ئەوەندە ئەخۆنەوە تالە عۆشی خۆیان ئەچن ، وە ماڵەکەیش بەهەموو کەلو پەلو پارەو خشڵە وە بەتەواوی لەبەر دەستی ئەم کچەدایە .

ئەم کچەش دایك و باوکی بەهۆی تەڵاق و تەڵاق کاریەوە لە یەك جیابوونەتەوە ، باوکە ژنی تری هێناوەتەوە وە دایکە کەش کەتەمەنی (٥٠) پەنجا ساڵە شووی کردۆتەوە بە پیاوی کە لە خۆی زۆر منداڵی هەموو جۆرێك مێردەکەی ڕازی بکا .

وە وەکو دوای لێکۆڵینەوە دەرکەوت ، دایکەکە کچەکەی هان ئەدا بۆ دزی لەو ماڵە تەنها بۆ ئەوەی مێردەکەی ڕازی بکا .

وەبە ئاشکرا ڕوون بووەوە کە ئەم کچە لەبەر بێ بڕوایی و ترسنۆکی و دوودڵی خۆی ئەتاندنی ئاسانە ، چونکە باوکەکەی خۆی ڕقی لێیەتی و دایکی خۆش ئەوێ و . تەنها بۆ بەکار هێنانی بۆ مەبەستی دزی . وەکچەکەش دایکی زۆر خۆش ئەوێ و حەز ئەکا بەهەموو جۆرێك ئەم پەیوەندیە لەگەڵ دایکیا بەهێز بکا ، کە تەنها پەیوەندی خۆشەویستیە هیوای پێی بێ وە ئەم کچەش لەوەداسەر کەوتووبووە کە توانیویەتی پارێزگاری ئەم پەیوەندیە بکات بەهۆی دزیەوە .

ئەم دووجۆرە دزیەی کە لەسەرەوە باسمان کرد بۆمان دەرئەکەوێ کە دزی ڕووداوێکی جیاوازی سەربەخۆنیە ، بەڵکو ڕەوشتێکە کە دەر بڕی پێویستیەکی دەروونیە ، وە ئەم جۆرە ڕەوشتەشمان لە لێکۆڵینەوەی شەخسیەتی منداڵو جۆنیەتی دروست بوونو بەرەوەردە بوونیا بۆدەرئەکەوێ وە ئەشزانین کە ئەودزیە بەچ مەبەستێك کراوە ، چونکە کاتێ سەیر ئەکەین کە دزی لە ئەنجامی ئەوەی کە ئەم منداڵە لە ڕاستیا ئەیتوانی بە ئەنجام بگەیەنێ ، بەڵام

پیرۆزبایی جەژنی « پاشـــماوە »

وێنەبێ لە ریزی وڵاتە پێشکەوتوەکانی جیهاندا ٠

لەم بارو زروفەی کە ئیستا وڵاتی بیاتێ ئەپەرێو بەبۆنەی جەژنی یەکی ئایارەوە ، چینی کریکارانی عیراقی تێکوشەر جاریکیتر دوپاتی ئەکاتەوە ، بەڵێنو پەیمان تازە ئەکاتەوە کـــە هەمیشە رۆڵەی دڵسۆزو بەکـارو کوڵتەدەری ئەم گەلەیەو دریغی لەخۆبەخت کردنو قوربانی دان ناکـــات بێ پاراستنی سەرکەوتنو دەســـکەوتە گەورەکانی شۆرشی ١٧ی ـ ٣٠ تەموزی ئەتەوەیی و ، پێشکەوتوخوازو سۆشیالستی هەمیشە چەکی هەڵگیشراو ئەبێ لە رووی دوژمنداو قەڵغان ئەبێ بۆ پاراستنی میللی کردنی نـەوتو ئۆتۆنومیو دەســـکەوتەکـانی چینـــی کریکاران‌و چێگرکردنی یاسای چاك کـردنی کشتوکاڵو ئاڵای بەرەوپێشەوە چون لەگـەڵ رێرەوی شۆرشـــــدا لەسەرشانیەتی ٠

کریکـارانی عیراقمان ، لـــەم رۆژە پیرۆزەدا ، جاریکیتر ئامادەیەو دڵســـۆزی بێ هاوتای خۆیان بۆ سەرکەدایەتی سیاسی وڵات پیشان ئەدەنـەوەو ئامادەن بەهەموو رەنگی تواناو وزەی لەبن نەهاتویان تەرخانکەن بۆ پشتگیری هەموو هەنگاوێك کە شۆرش ئەینـێ بـر بەدڵ پشت گیری گەلی لوبنـــانو هیزە نیشـتمانیەو پێشکەوتوخوازەکانی ئەکەن‌کە دژی هەڵویستی نارەواو گومان لێکراوی ریژیمی سوریا تێئەکوشنو پشتیوانی بەهیزی تیکوشانی گەلی فەلەستین ئەکەن لەبێناوی بۆ سەندنەوەی خاکی زەوت کـــراوی فەلەستینداو هەموو سیاسەتێکی خۆ بەدەستەوە دەرانەوەل کەچ کردن بۆ ئیمپریالیزمو زایونیزم ناوانبار ئەکەن ٠

جەماهیری گـــەلی کوردمانو لەپێش هەموویانەوە کریکـارانی ، لە جەژنە مەزنـــەدا پشتیوان کـــردنو دڵسۆزیان دەرئەبڕنو لەژیر ئاڵای برایـــەتی کـوردو عەرەبداو یەکیتی چینی کریکـــاری عیراقو یەکیتی نیشتمانی لە عیراقدا تێکوشانیان بەتین ئەکەن وهەموو توانایان ئەخەنەگـــار بۆ بەردەوامی رێرەوی شۆرشو کاروانی خەباتی نەسرەوتی گەل لە پێناوی دوا رۆژێکی پرشنگداردا بۆ گەلی عێراقمان بە هیزکردنی بـــەرەی پێشکەوتو خوازو چەسپاندنی زیاتری ئۆتۆنومی گەلی کوردمانو بەرەو دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو وەیەکگرتو ٠

کریکارانی عیـراق ، لـــەم رۆژە پیـــرۆزەدا ، لێبرسراوە وەك هیزیکی کاریگەر لە کارکردن لە پێناو پاراستنی دەسکەوتەکانمانو رەنجو تەقـەللایان بـەتین تریکەنو لەوەش دڵنیان ئـەم رۆژی نوی کردنـــەوەی پەیمانی رەنج دانی زیاترە لە لایەن چینی کریکارانەوە ٠

ئیتر با هەر یتەو تربێ یەکێتی چینی کریکـــاری عیراقمان سڵاو لە جەژنە ئایاری پیرۆز رۆژی برایەتیو یەکیتی تێکوشانو بۆ پێشەوە ٠٠

سەرۆك بەکرو سە رۆکی تورکیـــا « پاشـــــماوە »

تامیم وتاریکی خوێندوتـــەوە لە وتارەکەیدا بەخیر هاتنیکی گەرمی میوانی خۆشەویستی تیا کردوە ، وە ئەو بەیوەندییـــە مێژویانەی دەست نیشـــان کردوە کە لە دێـر زەمانـــەوە لە نیوان عیراقو تورکیادایە ٠

ســـەرۆك قورو تورك وتویەتی : سوپاسی ئـــــەو پیشوازییە گەرمەتان دەکەمو سەردان‌و هاتوچری بەردەوامی هەردوولامان بەردی بناغـــەی بەتین بونو پتەوکـــــردنی دۆستایەتی نیوان گـــــەڵو وڵاتەکانمانن ٠

ســـەر لەبەیانی رۆژی ٣ی شەممەی رابوردو ســـەرۆك کۆماری تورکیا چۆتە سەردانی موسڵ،لەوی لەلایەن پارێزگارو کاربە دەستان‌و خەڵکـــــی شارەکەوە پێشوازی یـــەکی گەرمی میوانی بەرێز کـــراوە دوای پشودانێکی کـــەم لـــە فرۆکەخانەی موسـل سەرۆك قورو تورك چۆتـــە بنارەگای پارێزگا ٠٠ پارێزگـــاری نەینەوا لە وتاریکـــــــدا بەخۆشحالی خۆی بە سەردانی میوانی بەرێز نیشـــــان داوە دوای ئەوە سەرۆك قـــــورو تورك چۆتە سەردانی مزگەوتی گەورەو منارەی حەریا ، دوای ئەوش سەری لە موزەخانـــەی پارێزگاکەداوە ٠٠ دوای ئەوەش چوتە سەردانی شـــــورەی شاری نەینەواو سەرگوزشتەی تەواوی میژوی ئەو شورەیـــەی بۆ باس کراوە دوای ئـــــەو سەردانە کورتە میوانی بەرێـز سەرۆك کۆماری تورکیا چوە بوە سەردانی شاری کەرکوك ٠

چەشەی نەدەبی ـ پاشماوە

دۆزینەوەیان لە مێشك دایە ، بۆیە هەردەمخەریکی دۆزینەوەو داهێنانی بێ پسانەوەن ٠٠

ئەدەبیاتی کلاسی بۆیە ئەمر نیە کە رەوشێتیکی بـــەرزی تێدایە ، بۆیە ئەمر نیە کـــە لەگـــــەڵ چەند دەستوورێکی تایبەتیدا دەگونجێ ، بۆیـــەش ئەمرنیە کە پشت گوێ خستن نایمرێنێ بەڵکو لەبەر ئـــەوە ئەمرە کە کانگاو ســـەرچاوەی چەشەو خۆشیە ، بۆیە ئەمرە چونکە چۆن هەنگ ناتوانێ واز لە گوڵ بێنێ کەمینەی هەست ناسکیش ئاوا ناتوانن وازی لێ بێنن ٠٠٠٠ کەمینەی هەســـت ناسك لەبەر ئەوە (شتی راست) ناخوێننەوە کە راستە ، چونکە ئەم مەسەلە بەرەوازییە وەکو ئەوە وایە کە عارەبانە وەپێش بارگین بخەیت ٠٠

بەڵکو (شتی راست) ئەتیا لەبەر ئەوە راستە کە کەمینەی هەست ناسك (حەز) لـــە خوێندنەوەی دەکەن ٠٠ ـ ئیستا وا دەکەمە ئەو نوختەی چـاوم بریبوو ـ یەکـــەم رەگـــەزی پەیدا کردنی چەشەی ئـــەدەبی بایەخ دانی کەرمە بە ئەدەب ، شەیدا بوونە ، ئەشق‌و شێتی‌یە ٠٠ گـــــەر ئەمەیانت هـــەبێ رەگەزەکانی‌تر هەموویان لـــە خۆیانەوە رووت تێدەکـــەن ، بەسەرتدا دەبارن ٠٠٠ ئەوەشت پێ گرنگ نەبێ ئەگەر ئـــەمرۆ تام لە ئەدەبیاتی کلاسی نەکەی ئەو هێزەی کە لە شـــەیدایی‌و شێتی‌و بایەخ بە ئەدەب‌دانت دا هەیە ناچارت دەکا بگەڕێی ، شت بخوێنیەوە ، خیبرە پەیدا بکەی ٠٠ خیبرەکـــەش فێرت دەکا چۆن هۆیەکانی خۆشـــی چەشتن بەکار بێنی ٠٠ ئیستا ئەنیا ئەوەندە هەیە رێگـــــەی دەروونی خۆت ئەدۆزیوەتەوە ، بەڵام دڵنیـــــا بە هـــەوڵدان‌و بەردەوام بوون و دانەکاســـان گەورەترین خۆشیت‌بۆ مسۆگەر دەکا ٠٠

تۆ چۆن ئیستا دەتوانی چ بە رێی (پۆتنی) وە بێو چ بە رێی (ولهامگـــرین)ەوە بێ بچیتە مۆسکو ، ناواش دەتوانی چ بـــە حیکمـــــەت بێو چ بێ حیکمـــەت بێ خیبرە پەیـــدا بکەی ٠

چیرۆکی گۆشە ـ پاشماوە

ریگایەك هەیە ناوی هـــەموان بەشیمر دەلیم ٠ هەرکە سیکی ناوەکی کەونە دوای هـــەموان دەیخوین ٠

شـــیر گوتی تەئبیریکی زور باشە ٠ بادەست پێبکـــەین ٠ ئەوانی‌تر لەترسی‌شیر ئەیانویرا دەنگ بکەن ٠

ریوی شیعریکی سازکـــرد وناوی کەلەباب کـــەوتە دوای هەموان ٠ کەلەشیریان گـرت‌و خواردیان ٠ ئەو شەوە بەتیری لی نووستن ٠ سبەینی پرسی بوونەوە ٠ شیر گوتی مامریوی برسیمانە شیعرەکـــەت بلی ٠ ناوی چەقەل کەوتە ئاخری ٠ ئەویشیان خواردو ســـــەریان کردەوە ٠ بـــەیانی ورچ وەبەر شیعری مامریوی کەوت٠ شیرو بلینگ ورچیـــــان زۆك دری‌و خواردیان ٠ گوشتی ورچەکـــە زور بوو بەشی چەند روژیکـــی کرد ٠ بەلام پاشان برسیەتی هیرشی بو هینان ٠ ریوی گوتی تەگبیر چیە هـــەرسی کـــەس ماوین ٠

شیر گوتی شیعرەکەت بلی٠ ریگـــای دیکەمان نیە ٠ ریوی شـــــیعری گوت‌و بلینـــگ وەبەرکەوت ٠ شیر لە بلینگی وەخو کەوت‌و زگی دری ٠ چەند روژیك خواردیان ٠

ریوی ریخـــولـــەی بلینگی هەلگـــرت‌و لـــەبن کلکی‌دا شاردیەوە ٠ چەند روژیك بی‌چو برسی بوون ٠ شیر دیتی ریوی شتیك لەبن کلکی دینیتە دەرو دەیخوا ٠

ـ ئەوە چیە دەیخوی‌و بەشی من نادەی ؟

ریوی گـــوتی برسیمە ٠ ریخولەکـــانم دینـــــە دەری دەیانخوم ٠ چاری دیکەم نیە ٠

شیر گوتی بەشـــــی منیش بدە ٠

ـ ئوش وەك من ریخـــولەت هەیە ٠ دەریان بینە وبیانخو ٠

شیر بە چنجروك ورکی خوی دری‌و دەسبەجی گیانی دەرچوو ریوی چەند روژیك ئوشـــــتی شیری دەخواردو تیرو ئەســـەل بوو ٠

پاشی چەند روژیك کابرایەك هـــاتە سەر چلاوەکە ستلیکی پەرداوە کە ناوی هەلـکیشی ٠ ریوی چوو لەناو ستلەکـــــەدا دانیشت ٠ کابرا کە ستلی هینا دەری دیتی ریوی تی‌دایـــــە ٠ گرتی‌و بردیەوە نـــاو مالان ٠ بەتیکی دەملی کردو دایە دەستی منداڵان ٠ ئەوەندەیان بەولاو لایاندا راکیشاولی یان‌دا تـــــا گیانی دەرچوو ٠

هەوڵی کودەتایەك « پاشـــماوە »

تەقەلایە بێسود بوە هـــــەر گەیشتۆتە سەرچاوە فەلەستینی یەکان ٠٠ ئەوانەی بەهـــۆی ئەو کودیتایەوە خراونەتـــــە بەندیخانەکانی ســـــوریاوە ژمارەیان لە چـــــوار هـــەزار تێپەڕی کردوە ٠٠ رۆژنامەکـــە ئەوەشی بلاوکردۆتەوە کـــــە دەنگ وا بلاوە رفعت اســـدی برای حافظ اسد لەوناوەدا تیاچوبێت بەڵام هەرئەوەنـــدە بلاوکراوتەوە کە کوژراوە ٠٠

وە لەلایەکی ترەوە ئاژانسی دنگوباسی رۆژهەڵاتـــی نـــاوە راست لە چەند سەرچاوەیەکی کوێتی‌ی ئاگادارەوە ، هەوالـــی ئەوەی بلاو کردۆتەوە ، کـــــە گۆایە سەردانەکەی عبدالحلیم خدلم وەزیری دەرەوەی رژێمی سوریا ٣٤ سەعات دواخراوە ٠

ئەو سەرچاوانە دواخســـتنی ئەو سەردانەیان بەهـــــۆی کودیتاکەوە داوەتـــە قەلـــەم وەهەر لەبەر ئەوەش بـــــوە حافظ اسد لەم دوایـــــەدا ئالوگۆری لەوەزارەتی سوریادا کردوە ٠٠

یەکی ئایار لە میژ « پاشـــــماوە »

کرد رۆژی ٤ـ٥ لە گۆڕەپـــانی (های مارکیت) کۆ بینـــــەوەو بێزاری خۆیان بەرامبەر بـــــە کردەوەی جانەوەرانەی کاربـــەدەستانی پۆلیس دەربڕن ٠٠

لە کاتێکدا کە (صـــموئیل فلدن) شاعیری کریکارە شورشگێڕەکان خەریك بو لە قســـە کردنەکەی بێتـــــــەوە لەناکاو نارنجوکێك لە ریزی پولیسەکانا تەقیەوە حەوت پولیس‌ۆ چـــوار کریکاری کوشت‌و نزیکەی سەد کەسیکیشیان لێ بریندار بو ٠

دەزگاکانی پولیس بە دەست تێکەڵ کردن لەگـــەڵ سەرمایەدارەکان‌و خـــــاوەن کارو کارگەکانا تاوانی تەقینـــــەوەی نارنجۆکەکەیان خستە ئەستۆی کریکاران‌و هەشت کەس لـــــە پێشەوایانی کریکاران گیـــــراو لە دادگایەکی بەرواڵـــــەت دا حوکم دران ، وە لـــــــە ١١ی تشـــــرینی دوەمی ١٨٨٧ دا (ئوجست سبیئر ، ئەلبیـــــرت بارسونزاو ئەدولت فیشـــرو جورج ئەنجل) ئیعدام کران ٠

لە دوای ١٢ ســـاڵ بەرێوەبەری پولیس دانی بەوەدا نا کە ئەو تاوانە دەست هەڵبەســـت بو ، سەر لەنوێ دادگا لـــــە رورداوەکە کۆڵایەوە ، هەمویـــان بێ تاوان دەرچون ، ئینجا ئـــەو کریکارانەیان بە شەهید دانا ٠

لەو کاتەوە رۆژی یەکی ئایار بە جەژن‌و دروشم نیشـــــانەی سەرکەوتنی کریکاران دانراوەو لە پێشـــــا بەکێتی ئەڤابەکانی کریکارانی ئەمەریکاو فەرەنسە ئەم رۆژەیان کردە جـــەژن ٠٠

ئینجا لە بواری دووەمی ئێـــو دەولەتاندا ئەم ئاهەنگە ســـــاڵ بە ساڵ فراوانتر ئەبو تاکـــو هەمو کریکارانی جیهانی لـــــە رۆژەهەڵات‌و رۆژ ئاوادا گرتەوەو ئاوەروکێکی دەولـــــــەتان‌و مرۆڤایەتیانەی بـــــە خۆیەوە پێچا ٠

یەکی ئایاری هەمو ســـاڵێك جەژنی چینـــــــی کریکارانی عیراقەو سەر لە نوێ پەیمان‌و هاریکاری نێـــوان کریکاران‌و شۆرشی ئیـا تازە ئەکرێتەوە ، وە پەیمانی ئیا ئەدرێ کە لـــە پێناوی زیاتر هێنانە بەرهەمداو جێبەجێ کردنی ئەرکـــــە میژوییەکانی سەرشانی چینـــی کریکاراندا هەوڵ بدەن‌و لـــــە پینـــــاوی یەکێتی‌و ئازادی‌و سۆشیالیستی‌دا تێ بکۆشن ٠

*

لە بەیاننامەیەکدا بـــە بۆنـــــەی (پاشماوە)

ئەکاتەوە کـــــە شـــورشی ١٧ی ئەموزی‌ئەتەوەیی‌و سۆشیالستی نمونـــــەی شورشی عەرەبـــی سۆشیالستی‌یەو قەڵای رزگاری ئەورەیە لە مەیدانی بزوتنەوەی رزگاری عـــــەرەب‌داو قـــــەڵای پاراستنی تیکوشانیەتی ٠

وە لە ئاهەنگی شادمانیماندا بەبۆنـــەی جـــەژنی کریکارانی جیهانەوە لە ئایاری ١٩٧٦ دا ، سەر لەنوی شادمانی‌و کلمەرانی چینی کریکاران دەرئـــەبرین‌و کریکارو یەکیتی‌یە کشتی‌یەکەی چالاکی زیاد بکات‌و بەرهـــــەمی پەرەپی‌بداو هەست کردن بـــە لێبرسینەوەی چینایەتی خـــزی لەروی نیشمانی‌و ئەتەوەیـــــەوە قوڵتر بکاتەوەو تورج‌و کزڵتر کار بکات پەرەو بەدی هێنـــانی گواســـــتنەوەی سۆشیالستی‌و جێبەجێ کـــــردنی ئەرکەکانی سەرشانی وەك لـــــە راپورتی سیاسی هەشتەمین کونگـــــرەی حزبی سەرکردەماندا خـــزبی بەعسی سۆشیالیستی عـــەرەبدا دیاری کراوە ٠

یەکیتی چینایەتی‌و ئەقابیمان تیکـــرایی‌و بەهیـــزەو لـــە بزوتنەوەی ئەقـــابی یەکیتی‌یەکەماندا خۆی ئەنوێنی کـــە بەرهەمی پیرۆزی تیکۆشـــانی کریکارانە هـــــەوڵدانی زیاتر ئەکات لە پێناوی بنیات نانـــی یەك ریزی کریکاری عـــــەرەب‌و بەجێ هێنانی دەوری پیشرەوی خۆی لە بزوتنەوەی تیکوشانی ئەتەوەیی‌دا بـــــەرەو رزگـــاری فەلەستین‌و هەمـــــوو خاکێکی ژەوت کراوی عەرەب‌و رامـــاڵ کردنی دەسەڵاتی زایونیـــــزم‌و ئیمپریالیزم‌و بەرگـــــری کـــردن لەسەربەخـــۆیی ســـیاسی‌و دیموکراتی‌و هـــاندانی توانای جەماوەر لەنیشتمانی عـــەرەب‌دا لە پێناوی یەکیتی ئەتـــــەوەیی‌و سەربەستی‌و سوشیالستی‌دا ٠

ئـــــەی رۆڵەکانـــی چینی کریکاری ئازامان :

لەگەرمەی ئاهەنگ‌گێڕانمان دا بەبۆنـــــەی یـــــەکی ئایاری پیرۆزەوە ، برایانی کریکارمان لەلوبنان‌و فەلەستین لەبیـــــر ناچێ کـــــەزیاتر لەساڵێکـــــە بەدەسیسەی کۆنـــــەپەرەستو راستـــرەوەکـــانی خۆئینیـــان ئەرزێ‌و سزا ئەدرێن‌و وەنجیان بەفیڕۆ ئەدرێ سەرەڕای دەوری ئارەواو گومان‌لێکراوی ڕژێمی سوریا کەزۆر بێشەرمانە هێزی عەســـــکەری بـــۆ لیـــدانی بزووتنەوەی، نیشتمانی لوبنان‌و بزوتنەوەی بەرگـــری فەلەستین بەکارئەهێنێ ٠

ئێمەکە جەژنی یـــەکی ئایار ئەکەین ئەوپـــــەڕی ئارەزایی‌و توڕەیی‌خۆمان‌دژی دەستدرێژی ڕژێمی ســـوریا دەرئـــەبڕین دڵنیاشین‌کە جەماوەری عەرەبی ســـوریا لـــەو دەورە گـــومان لێکـــراوەی ڕژێمی ســـوریا بێدەنگ نابن ٠

ئەی‌کریکارانی ئازامان

بـــەرەو پێشەوە ، ئیـــوە بنیات‌نەری نیشتمان‌و هێـــزی بەرهەم‌هێنـــەران‌و بەدەســـتی کەرەستەی بنیات‌نان هەڵگرن‌و بەدەســـتی ئالای تێکۆشـــان بەرزکەنەوە بـــۆ بـــەرەو پێشـــــەوەبردنی خـــەباتی سۆشیالستی یـــەکیتی خـــواز وبەرەو سبەینێی رونـــاك بـــۆ جـــەماوەری زەحمەتکێشـــی سبەینێی یەکیتی‌و سەربەستی‌و سوشیالستی ٠

مەکتـــەبی ئەنفیزی

یەکیتی شتی ئەڤابەکانی

کریکارانی ـ عیراق

ئاهەنگەکانی ئایار (پاشماوە)

لێهاتوەکان کـــە لـــــە دەورەی دەیەمی روشنبیری کریکاراندا دەرچون پێك دێ ٠٠

● پارێزگای میسان :

پیشانگایـــــەکی بەرهـــــەمی هونەری کریکاران ئەکرێتەوەو، بڕوانامە بەسەر ئەو کەسانەدا دابـــەش ئەکرێ کـــــە خاوەن بەرهـــــەمی زۆرن‌و چـــــەند ئاهەنگێکی هونەری شانۆئەری جۆربەجۆر پیشکەش ئەکرێ ٠

● لەپارێزگای بەسرە :

بـــەردی بناغـــەی دریژکردنەوەی شـــەقامی کورنیش دانەنرێ کە ١٢٠ هەزار دیناری تێئەچێ لەگەڵ قیرتاو کـــردنی شەقامەکانی گەڕەکی زەهـــراء کە ٤٠٠ هەزار دیناری ئەوێ ٠

سـەر لێشێوان ـ پاشماوە

لەوەی کە هەر کەسە لە جێگای خۆیەوە ناوێکی بۆ بتاشـــێ‌و بکەنەوە ٠٠ بە مەرجێك کە ئەو وشە دروست کردنـــە ســـەرو قوتی بکاتەوە ٠٠

بەرای من کۆڕی زانیـــاری کورد ئەم ئەرکە گرنگە بخـــاتە ســەر شانی خۆی‌و وشـــــەی بێگانەکان بکاتە کوردی‌و بـــۆ هەمو دەزگا روشـــنبیری‌و خوێندنەکانی کوردی بنێـــرێ‌و لە گۆڤارەکەشیانا بـــــڵاوی گەیشتنی کوردی بکەین ٠٠ وە ئەوەشی تیا رون بکەنەوە کە ئەم وشەیە لە چ سەرچاوەیەکەوە هێنراوەو چۆن خۆڕسك بووە ٠

عەبدولخالق عەلادین

وەزیری خوێنـــدنی بالا « پاشـــماوە »

یەکیتی‌و ئازادی‌و سوشیالیستی وڵاتداو هێڵی شورشدا بکونجێ و باوەڕی تەواوی بە یـــەکیتی عەرەب هەبێ ٠

سەرکردایەتی‌حزب‌و شورش لە عیراق زۆر بایەخی بـــــە دەورو چالاکی زانکۆکان داوەو ئەخشەیەکی زانســـتی فراوانی بۆ کێشاون ٠

بەستنی زانکۆ هـــــاو چەرخەکان بـــە پێویستیەکانی ئەو کۆمەڵەوە کە تیایا ئەژین ئەبێتە هۆی ئەوەی کـــە لـــە رواڵەتی چاو لێکەریانـــــەی زانکۆکانی دوێنێ دەر ئەچین ٠ وە لە دوای وتارەکەیا داوای لە بەشدارانی کۆبونەوەکە کـــرد کە هەر کەس بە پێی توانـــای خۆی چالاکی لـــەم بـــوارەدا بنوێنێ ٠

دوای ئەو بەرێزان دکتـــور هـــادی کاظم عوض عمیـــدی کولیجی زانستی لـــە زانکـۆی سلیمانی‌و دکتور طارق حسـن عمادی ســـــەرۆکی زانکۆی سلیمانی‌و مامۆستا هاشـــم عقراوی سەرۆکی ئەنجومەنی نەقیـــــزی ناوچـــــەی ئۆتۆنومی هەر یەکـــــە بە کورتە وتارێـك بێ خۆشحالی خۆیان بەرامبەر بەم‌کۆبونەوەیە دەر بڕی‌و هەر یەکە لە جوار چێوەی ئیش‌و کاری خۆیا باسی کیرو گرفتەکانی کـرد ٠٠ وە ئەم کۆبونـــــەوەیە پێنج رۆژ ئەخایەنێ ٠

وەفدێکی رزگاری (پاشماوە)

ئەو زامن‌کردنی پشت گیـــری کریاتری خەباتی گەلی عەرەب لە فەلەستین ٠ هەروەها ستایشی هەڵویستی عیراقی کرد لـــــە پشتیوانی کردنی بەردەوامیا بۆ مەسەلەی فەلەستین ٠

وە وتی : عیراق دەورێکی گەورە لە هاوکاری کردن لەگەڵ خەباتی گەلی فەلەستین تەکێری بۆ زامن‌کـردنی توانای خورا- کرتنی زیاتری تێکوشـــەرانی خاکی زەوت کراو ٠

کردنـــــەوەی چـــەند پرۆژەیـــەك (پاشماوە)

جیمەنتۆی حمام العلیل وتی :ـ (٦٠٪)ی پرۆژەکە ئەواو بووەو لـــە ناوەندنی ساڵی داهاتوودا نزیکەی نیو ملیۆن تەن جیمەنتۆ ئەدات دەستەوە ، ئەم پرۆژەیەش (١٧) ملیۆن دیناری تێ ئەچێت ٠

پرۆژەی کۆڵەکەی کرنکرتی

دەربارەی ئـــەم پرۆژەیـــە ، بەرێوەبـــەری کشـــتی روونی کردەوە کـــە هەمو کەرەستەو ئامێری پێویست ئامادەکراوە لە بادش بە مەبەستی دروســـت کردنی کۆڵەکە کە نیاز وایـــە ژمارەی بگاتـــە (٢٠) هـــەزار کۆڵەکە لە ساڵێکدا ، ئـــــەم ژمارەیەش‌هەمو پێویستی‌یەکانی ئاوی زوورو جێبەجێ ئەکات هەر لە راکێشانی کارەبا بـــۆ لادێکانـــــەوە ٠٠ هـــــەتا گەشەپێـــــدانی هێڵەکـــانی تەلەفۆن‌و لاسکی ئاوچەکە ٠

پرۆژەی تووره‌کەی چیمەنتۆ

لـــەم روەشـــەوە هەوڵێکی فراوان ئەدرێ بـــۆ سەرکەوتنی پرۆژەی دروست‌کردن‌و بەرهەم هێنانی تووره‌کەی چیمەنتۆ لـــە بادۆش بە ئامادەکردنی هـــەمو کەرەستەیەکی پێویست ، ئەم پرۆژەیـــەتی ئاتەواوی‌یـــەکانی ئاوچەی زوورو پر ئەکاتـــەوەو نزیکەی ملیۆنێك‌و(٦٥٠) هەزار دیناری تێ ئەچێت ٠

●

هەوڵی کودەتایەك « پاشـــماوە »

تەقەلایە بێسود بوە هـــــەر گەیشتۆتە سەرچاوە فەلەستینی یەکان ٠٠ ئەوانەی بەهـــۆی ئەو کودیتایەوە خراونەتـــــە بەندیخانەکانی ســـــوریاوە ژمارەیان لە چـــــوار هـــەزار تێپەڕی کردوە ٠٠ رۆژنامەکـــە ئەوەشی بلاوکردۆتەوە کـــــە دەنگ وا بلاوە رفعت اســـدی برای حافظ اسد لەوناوەدا تیاچوبێت بەڵام هەرئەوەنـــدە بلاوکراوتەوە کە کوژراوە ٠٠

وە لەلایەکی ترەوە ئاژانسی دنگوباسی رۆژهەڵاتـــی نـــاوە راست لە چەند سەرچاوەیەکی کوێتی‌ی ئاگادارەوە ، هەوالـــی ئەوەی بلاو کردۆتەوە ، کـــــە گۆایە سەردانەکەی عبدالحلیم خدلم وەزیری دەرەوەی رژێمی سوریا ٣٤ سەعات دواخراوە ٠

ئەو سەرچاوانە دواخســـتنی ئەو سەردانەیان بەهـــــۆی کودیتاکەوە داوەتـــە قەلـــەم وەهەر لەبەر ئەوەش بـــــوە حافظ اسد لەم دوایـــــەدا ئالوگۆری لەوەزارەتی سوریادا کردوە ٠٠

Institut Kurde de Paris

له ئەدەبی ئەلمانەوە

شتێکم لێت

هۆنراوەی شاعیری ئەلمانی : گۆتە
لە عەرەبییەوە فەریدون عەبدول بەرزنجەیی
کردویەتی بەکوردی

ئەی فریشتە نەشمیلەکەم ..
چەند تامەزرۆی بینینتم
هەر بەهیوام ، جارێکی تر
لەخەونکدا بتبینمەوە ...
هەرچەند ئەوەش باش ئەزانم
لەو خەوەشدا

شتێکم لێت جنگ ناکەوێ
ئەو دیدارەش هیچ شتێکم بۆ ناهێنێ
لە ئاخ و خەفەت بەولاوە

* * *

لە کاتێکا کە هوشیارم ..
ئەو خەوە دێتەوە یادم
ئەو خەوەی نیگای شیرین و
ناسکی تۆم تیا بەدی کرد
بەدلنیکی پڕ ناسۆرو چاوێکی تینوی نیگایەک
سەرنج ئەدەم بۆت دەگەڕێم ..
بەڵام سەد ئاخ ..

گەیشتن بەتۆ لە خەویشدا
شتێکی ئێجگار مەحالە
کەچی ئازیزەکەی دڵم
هەر بە هیوام

گەر لە خەویشدا ڕێکەوێت
بتبینمەوە ..

هەواڵ و دەنگوباسی ڕۆشنبیری

جەژنی ڕۆژنامەگەری کورد لە هەولێر

بە بۆنەی ڕۆژنامەگەری کوردەوە ، دەزگای ڕوشنبیری جەماوەر لە هەولیر ڕۆژی ٢٢ی نیسان لە هۆلی یانای فەرمانبەران کۆڕێکی ئایینەتی ساز کرد کە ژمارەیەکی زۆر لە کاربەدەستانی ئەنجومەنی تەنفیزی و یاسادانانی ناوچەی و خەڵکێکی زۆر ئامادە بون ، پیشەکی کاك ممتاز حەیدەری بەناوی لیژنەی هاوبەشی سەر بە دەزگای ڕوشنبیری جەماوەر وتارێکی بەم بۆنەیەوە خوێندەوە ، دوای ئەو بەڕێز مامۆستا عەلادین سەجادی دەربارەی پەیدا بونی میژوی ڕۆژنامەگەری کوردیانەی کە لە عیراقدا دەرچون . چەند لایەنێکی تری ڕۆژنامەگەری کوردی کرد . وە هەندێک وەڵامی پرسیاری دانیشتوانی دایەوە .. ئەوەی شایانی باسە مامۆستا عیزەدین فەیزی کۆڕەکەی ئیرا... وە لە کوتاییدا فلیمێکی سینەمایی بەم بۆنەیەوە پیشکەش کرا .

ب. هاوکاری

کۆڕی کۆمەڵەی یاسا پەروەران لقی هەولێر

هەفتەی ڕابوردو کۆمەڵەی یاسا پەروەرانی عیراقی ـ لقی هەولیر ـ لە هۆلی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچە کەدا کۆڕێکی دەربارەی یاسای ڕێکخستنی کرێی خانو بەرە ڕێکخست ، لەم کۆڕەدا پارێزەر کەمال عەونی بەزاز باسێکی فراوانی دەربارەی یاساکەو چۆنێتی چێبەجێ کردنی و گیرو گرفتەکانی پێشکەش کرد ..

ئەوەی شیاوی ئاماژە وەفدێکی نەمسا کە بریتی بون لە سەرۆکی کۆمەڵەی یاسا پەروەرانی جیهانی و سەرۆکی ڕێکخراوی پیشکەوتنی جیهانی و وەزیری دادی نەمسا ، لە کۆڕەکەدا ئامادە بون .

پ . هاوکاری

ئەوپیاوەی بەشەیتان پێ کەنی لە هەولێر

ڕۆژی ١٠ـ٥ـ٩٧٦ لە هۆلی قوتابخانەی سانەوی ڕزگاری شانۆگەری (ئەوپیاوەی بە شەیتان پێ کەنی) کەوەرگێڕ ناوی ناوە(ساختەچی ئاخرزەمان) پێشکەش ئەکرێ .

شانۆگەریەکە (علی سالم)ی نوسەری میسر نوسیوێتی و کاك ممتاز حەیدەری کردویەتی بەکوردی ، هونەرمەند سەعدون یونس دەری هێناوە بۆ سەرشانۆ .. تیپی دەزگای ڕۆشنبیری جەماوەر پێشکەشی ئەکات .. ئەم شانۆگەریە درێژ ترین بەرهەمی هونەری شانۆیە بە زمانی کوردی کە ماوەی نزیکەی سێ سەعات ئەخایەنێ ..

پ . هاوکاری

ئەگەر ئەمجارە بێمەوە

پارچە شیعری (ئەگەر ئەمجارە بێمەوە) کە لە دوا ژمارەی گۆڤاری (بەیان)دا بڵاو کراوەتەوە ، هیی شاعیری لاو عەبدوللا پەشێوە . بە هەڵە ناوەکەی نەنوسراوە .

چاپکراوی نوێ :

گۆڤاری بەیان

ژماری (٣٥)ی گۆڤاری بەیان کەوتە بازاڕەوە ، لەم ژمارەیەدا گەلی باس و وتاری ڕۆشنبیری و ئەدەبی و میژوویی بڵاوکراوەتەوە ئەوەو ژمارەیەك لە نووسەرو ئەدیبە ناسراوەکان بەشداریان لە نووسینی لاپەڕەکانی « بەیان »دا کردوە .

ئەوەی شایەنی باسە ، گۆڤاری « بەیان » تا ئەم ژمارەیەی « ٣٥ » ، لە دەزگای هاوکاری چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردی دەرئەچو ، لە ژمارەی داهاتوەوە ، لە دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی دەرئەچێ .

ئافرەت :

پاراستنی « جوانی »

خوشکی بەرێزم :

ئەم سەردەمەی تیایدادەژین سەردەمی پیشەسازی یە ئەم پیشەسازیانەش کاریان کردۆتە سەر هەمو ئەو شتانەی دەورو بەرمانو ئەوشتانەی بەکاریان ئەهێنین .. کاریان کردۆتە سەر ئەوخوارەمەنیەی ئەیخوێن ، سەر ئەو هەوایەی هەڵی ئەمژین ،سەر ئەو ئاوەی ئەیخۆینەوە ، لە ئەنجامدا بە شێوەیەکی ئا راستەوخۆ کاریان کردۆتە سەر ئەو جوانیەی کە بەتەبیعەت هەمانە .. چونکە هەوای پیس توشی جۆرەها (حساسیە) ئت ئەکات .

جا بۆ ئەوەی جوانیت بپارێزی پێویستە بە پێی ئەم ئامۆژگاریانە بجوڵێیتەوە :

١ ـ چاو قاوەو جگەرەزۆر مەخۆرەوە .

٢ ـ لە خوێندنەوەو سەیرکردنی ئەو شتانەی پێیان تێك ئەچی دور بکەوە .

٣ ـ خێرا تورە مەبەوخۆت لەگەل ئەوە رابهێنە کە لەسەر خۆت بیر بکەیتەوە .

٤ ـ بە پێی پێویستی تەمەنت بنوو ، چونکە نوستن لە هەمو ئەو ژەهرانەی کە لە ئەنجامی هیلاکی کۆبونەتەوە ڕزگارت ئەکات .

٥ ـ ئاوو شەربەت زۆربخۆرەوە بۆ ئەوەی گورچیلەکانت بەردەوام بن لەسەرئیش کردن و پاك ببنەوە .

٦ ـ خواردنی گران زۆر مەخۆ ، خواردنە سەرەکیەکانت بە زۆری با لە سەوزەی کۆڵاو و مێوە پێك بێت .

٧ ـ خواردەمەنی قوتو زۆر بەکار مەهێنە بە تایبەتی ئەو خواردەمەنیانەی کە بۆماوەیەکی زۆر لە یەخچال دا دانراوون .

٨ ـ هەوڵ بدە ڕژێمێکی تایبەتی بۆ نوستن و خواردن بەکار بێنەو بۆ ماوەیەکی درێژ لەناو دارو درەختو لە ناو شار بە پێ بڕۆ بۆ بۆ ئەوەی جوڵەی خوێن لە گیان دا ئاسان بێ .

ـ لە کۆتایی دا ئەڵێم باشترین ناو بۆ پاراستنی بێست ئاوی کانیە .

ـ شمنە ـ

بڵاوکراوەی

دەنگوباسی زانکۆی سلیمانی

ژمارە (٧)ی ئەو بڵاوکراوەیەی سەرۆکایەتی زانکۆی سلیمانی دەری ئەکات بەناوی« بڵاوکراوەی دەنگوباسی زانکۆی سلیمانی »یەوە دەرچو ، لەم ژمارەیەدا ، دەنگوباس و ئیشوکارەکانی زانکۆی سلیمانی و چالاکیەکانی بڵاوکراوەتەوە . بەشی ڕاگەیاندن بڵاوکردنەوەی سەرۆکایەتی زانکۆ دوو دانەی لەم بڵاوکراوەیە بەدیاری بۆ ناردوین . سوپاس .

پێشانگای ئامادەیی پیشەسازی لەهەولێر

بە بۆنەی بیرەوەری لەدایك بوونی حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەبەوە ، قوتابخانەی ئامادەیی پیشەسازی هەولێر هەفتەی ڕابوردو پیشانگایەکی قەشەنگی لە قوتابخانەی ناوەندی کوماری ڕازاندەوە ، وە بەم بۆنەیەوە جێگری بەڕێوەبەری ئامادەیی پیشەسازی مامۆستا عەبدولخالق محەمەد وتی :

یەکەمین جارە قوتابخانەکەمان پیشانگایەکی بەم جۆرە فراوان و ڕێك و پێك بکاتەوە ، کە هەمو لقەکانی خوێندنی پیشەسازی بگرێتەوە ، وەك :

میکانیك ،کارەبا ، ئاسنگەری دارتاشی ،... وە بەشەکانی تر .

جگە لەوەش ئەوەی کە ئاشکرا خۆی ئەنوێنێ قوتابیانی پیشەسازی چاوەڕوانی دوارۆژێکی گەش ئەکەن و بەرهەمەکانیان مایەی ڕازو ڕەزامەندی کاربەدەستان و کۆمەڵانی خەڵك بوو .. وە هیوادارین ساڵ بەساڵ لە پێناوی پێشکەوتنی کۆمەڵەکەمان و بەرز بونەوەی پلەی تەکنیکی ناو خۆدا سەرکەوتن بە دەست بێنین .

پ . هاوکاری

گۆشەی منداڵان

شنە ئامادەی کردوە

چیرۆکی منداڵان :

ڕێوی لە چاڵاودا

لە ئازربایجانیەوە
شلیر کردویەتی بە کوردی

ڕۆژێك لە ڕۆژان مام ڕیوی زور هیلاك و برسی بوو بە ناو جەنگەڵدا دەگەڕاو هیچی وەگیر نەدەکەوت .

لەنەکاو لەبن داریك تووشی چاڵاویکی بوو . سەری خوار کردەوە دیتی شتێکی سپی لەناو چاڵاوەکەدا دیارە .

لای وابوو دوگە مەرە . خۆی دەناو چاڵاوەکەی هاویشت بەڵام لە جیاتی دووگەمەر سەری وەبەردیکی سپی کەوت . لەوێدا مایەوەو نەیتوانی بیتەوەدەری . ڕۆژێکیان شێرێکی برسی بەوێدا تێدەپەری . چوە سەو چاڵاوەکە چاوی بەڕیوی کەوت کە لەناو چاڵاوەکەداوەرکەوتوە .

ـ ئەوە لەوێدا چ دەکەی ؟.

ـ هیچ ناکەم . لیرە لە عاسمانەوە دووگە دەباری . دانیشتووم دەیخوم و شوکری خوا دەکەم .

شێر گوتی بێمە خواری بەشم دەدەی ؟.

ـ بو نایە خواری . بەشی توش هەردەباری . پیکەوە دەیخوین .

شێر لە سەر خۆی خستە ناو چاڵاوەکە . بەڵام دیتی دووگە لەوێدا نیە . خوی لە ڕیوی سوورو شین هەڵگیرا تووڕە بوو .

ـ ئەوە چکەلەکیك بوو خوت کەوتبوویە ناو چاڵاو منت بو تووش کرد .

ـ خەمی مەخۆ خوا گەورەیە . شێر دەستی کرد بە پرتەوبولە لەوکاتەدا پلینگیك کەبیشتە سەرچاڵاو . تەماشای کرد شێرو ڕیوی دەچاڵاودان . بانگی کرد .

ـ ئەوە دەچاڵاودا چدەکەن ؟

یەکتری ناسین

ڕیوی گوتی لە عاسمانەوەدووگە دەباری . دانیشتووین دەیخوین و شوکری خوا دەکەین .

ـ بیمە خواری بەشم دەدەن ؟.

ـ بوچی نایەی . میوان خوشەویستی خوایە .

پلینگ خۆی خستە ناوچاڵاو . بەڵام دووگەو شتی وا نەبوو . تووڕە بوو دەستی کردیە پرتەوبولە .

ڕیوی گوتی شەرمی ناکەی لەکن پاشای جانەوەران ئەوەندە پرتەوبولە دەکەی . شێر لەوقسەیە ڕەگی غیرەتی بزوت . دانی لەپلینگ دەچیرەوە بردوکەمی مابوو ئامباری پلینگ بی وورگی بدری کە لە سەرچاڵاوەکە دەنگیك هات . سەریان هەڵبری چاویان بەورچیك کەوت . لەسەر چاڵاو ڕاوەستاوە .

ورچ بانگی کرد لەوێدا چدەکەن ؟ .

ـ هیچ ناکەین لە عاسمان گوشت دەباری . دانیشتووین وەك برایان دەیخوین و شوکرانەدەبژیرین .

ـ بیمە خواری بەشم دەدەن ؟ .

ڕیوی گوتی وەرە بەخیری توش وەك ئیمە . ورچ خوی خستە ناو چاڵاوەکە .

بە کورتی چەقەلیك و ماریك و کەلەشیریك هاتنە سەرچاڵاوی ڕیوی هەمووی فریودان و خستنیە چاڵاوەکەوە . پاش چەند ڕۆژ هەموویان برسی و هیلاك بوون . ئاخریەکەی شێر زور تووڕەبوو بەسەر مامڕیوی دانەراندی و گوتی ئو ئیمەت تووشی نەو ڕوژە کردوە . ئیستاش تا لەبرسان نەمردووین فیکریکی بکەوە . چیکەین ؟ .

ڕیوی تاویك سەری بەرداوەو بوی مات بوو . پاشان سەری هەلیناو گوتی

ـ پاشام خوش بی تەنیا

شیعر بۆ منداڵان :

بەهار

یاخوا بەخێر بێی بەهار
بۆ گوڵو بۆ میرغوزار
شوان مێگەل لێ ئەخوڕێ
بۆ لەوەڕ سەر بەرەو خوار
حەیران ئەڵێ زۆر بە کەیف
لە خۆشی و شادی بەهار
مەلان ئەکەن هێلانە
لەو درەختو دارانە
کە هێلانە تەواو بوو
دڵ ئەگەوێتەوە هۆشیار
بڵێن بە دەنگێکی خۆش
یاخوا بە خێر بێی بەهار

١ ـ میهرەبان محەمەد عەلی ٢ ـ کەژال حەیدەر ٣ ـ ڕونـاك و پرشنگ ٤ ـ ڕزگارو مژدە حەیدەر

Institut Kurde de Paris

هاوکاری

النضال

روژنامەیەکی هەفتانەی کۆمەڵایەتی
لە دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی
کوردی دەردەچێ
لە « دار الحرية » چاپ دەکرێ
وزارة الاعلام
در الثقافة والنشر الكردية
بغداد - شارع الجمهوريه - ساحة الخلاني
تلفون (٦٨٣١١ ، ٦٨٣١٢ ، ٦٨٣١٣)

سالی ١٩٧٠ دامەزراوە — ژمارە (٣١٦) ١٩٧٦/٦/٦ — « ١٢ » لاپەڕە — « ٢٥ » فلس

وە ئەرکی زانستی کردنی مافە نەتەوەییە رەواکانی گەلی کوردمان بە تایبەتی ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی کۆماری عیراقدا لە پێشرەوی ئەو ئەرکانەوە بوە کە شۆڕشی ڕەنجێکی گوردو دڵسوزانەی لە پێناویا داوە .

سەرۆک احمد حسن البکر

وڵاتەکەمان بۆچە سەباندنی ئامانجەکانی گەل ڕێبازی سۆشیالستی گرتۆتە بەر

هێزە نیشتمانپەروەرەکان ناوەزایان دژی دەستدرێژی ڕێژیمی سوریا دەوێ ئەکەنەوە

سەرکزمار هەڤال احمد حسن البکر لەمینداری نهێنی سەرکردایەتی قوتری حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب لە سەعات ١١٫٣٠ی سەرلەبەیانی ڕۆژی سێ شەممەی ڕابوردو چاوە بۆ دیدەنی سەرکردەی دامەزرێنەر هەڤال میشیل عفلق ئەمینداری گشتی حزب .

هەڤاڵی بەکر سەدری لە هەڤاڵی سەرکردەی دامەزرێنەر داوە

لە کاتی کەیشتنی هەڤال ئەمینداری نهێنی سەرکردایەتی قوتری دا بۆ بارەگای سەرکردایەتی ئەتەوایەتی حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب هەڤال سەرکردەی دامەزرێنەرو هەڤال عبدالغنی عبدالغفور بەڕێوەبەری مەکتەبی ئەمینداریتی گشتی سەرکردایەتی ئەتەوایەتی پێشوازیان لێ کردوە .

ئەم چاو پێ کەوتنە دوسەعاتی خایاندوە .

دەقی وتارەکەی نوێنەری سەرۆکی فەرماندە لە جەژنەکانی ئایاردا

ڕۆژی شەممەی ڕابوردو سەرۆکی فەرماندە بەڕێز احمد حسن البکر سەرپەرشتی ئاهەنگەکانی جەماوەری گەل و چینی کرێکاری بەبۆنەی جەژنەکانی ئایارەوە کرد .

وە نوێنەری سەرۆکی فەرماندە، هەڤال غانم عبدالجلیل ئەندامی سەرکردایەتی قطری حزبی بەعسی سوشیالستی عەرەب لە جیاتی سەرۆکی فەرماندە وتاریکی ئاراستەکرد . لەم وتارەدا بەناوی سەرۆکی باوکەوە سڵاوو جەژنەپیرۆزەی ئاراستەی چینو کرێکاری جەماوەری گەل کرد و وتی :

(جەژنی یەکی ئایار جەژنی جەماوەر و چینەکانی گەلە، ئەویش لەرێگای ئەوگورینەبنەڕەتیانەوە کەحزبی بەعسی سوشیالستی عەرەب بەدی هێناون) .

دەقی وتارەکە لە ل ٣ دا بخوێنەرەوە .

مامۆستا صدام حسین سەری لە پارێزگاکانی نەجەف وکەربەلا داوە

سەر لە ئێوارەی ڕۆژی سێ شەممەدا ڕابوردو مامۆستا صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش چو بۆ سەردانی هەردو پارێزگای نەجەف و کەربەلا .. وە لەم سەردانەدا هەڤال عدنان الحیدری ئەندامی سەرکردایەتی قوتری حزبی بەعسی سوشیالستی عەرەب و سکرتیری کشتی لێژ نەی پیا چونەوەی کاروباری نەوت و جێبەجێ کردنی ڕێکەوتننامەکانی لە گەڵدا بوە .

مامۆستا صدام حسین بە فڕۆکەیەکی تایبەتی لە سەعات ١٢٫٣٠ی سەر لە ئێوارەی ڕۆژی سێ شەممەدا ڕابوردو مامۆستا صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش چو بۆ سەردانی هەردو پارێزگای نەجەف و کەربەلا .. وە لەم سەردانەدا هەڤال عدنان الحیدری ئەندامی سەرکردایەتی قوتری حزبی بەعسی سوشیالستی عەرەب و سکرتیری کشتی لێژ نەی پیا چونەوەی کاروباری نەوت و جێبەجێ کردنی ڕێکەوتننامەکانی لە گەڵدا بوە .

مامۆستا صدام حسین بە فڕۆکەیەکی تایبەتی لە سەعات ١٢٫٣٠ی سەر لە ئێوارەی ڕۆژی سێ شەممەدا ڕابوردو مامۆستا صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش چو بۆ ئەوەی ئەرێتی زیارەتی پیشەوا ئیمام حسین سلاوی خوای لێ بێ .. ئیمام و پیشەوایانی ئارامگای پیشەوا ئیمام عەلی کوڕی ئەبی طالب « سلاوی خوای لێ بێ » بەجێ بێنێ .. وە نوێژی نیوەڕۆی لەوێ کرد .

کەژاوەکەی بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش بە شەقامەکانی شاری نەجەف دا ئەڕۆیشت بەناو جەماوەری خەلکی شارەکەدا کە هاواریان بۆ ژیانی سەرۆکی فەرماندە احمد حسن البکرو سەرکردایەتی حزبو شورش ئەکرد .

لە دوای بەجێ هێنانی ئەرێتی زیارەت کردن لە لایەن پیشەواو ئیمامەکانی (الروضة الحیدریه)وە بەڕێ کران .

دوای ئەوە چو بۆ پارێزگای کەربەلا ..

لە شاری کەربەلا پیشوازیەکی گەورە لە بەڕێز مامۆستا صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش کراوە ، جەماوەرێکی زۆر بۆ بە خێر هاتن کردنی هاتبونە سەر شەقامەکان و هاواریان ئەکرد بۆی شورش و حزبی سەرکردەمان .

بەڕێز پارێزگاری کەربەلاو هەڤال ئەمینداری نهێنی سەرکردایەتی شعبەی کەربەلا حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب و هەڤاڵان ئەندامانی سەرکردایەتی شعبەو لێ پرسراوانی پارێزگاو سەرۆکی ڕێکخراوە کەڵو پیشەییەکان بەخێرهاتنیان کردن .

دوای ئەوە بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش چو بۆ (الروضة الحیدریة) بۆ ئەوەی ئەرێتی زیارەتی پیشەوا ئیمام عەلی کوڕی ئەبی طالب « سلاوی خوای لێ بێ » بەجێ بێنێ .. وە نوێژی نیوەڕۆی لەوێ کرد .

کەژاوەکەی بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش بە شەقامەکانی شاری نەجەف دا ئەڕۆیشت بەناو جەماوەری خەلکی شارەکەدا کە هاواریان بۆ ژیانی سەرۆکی فەرماندە احمد حسن البکرو سەرکردایەتی حزبو شورش ئەکرد .

لە دوای بەجێ هێنانی ئەرێتی زیارەت کردن لە لایەن پیشەواو ئیمامەکانی (الروضة الحیدریه)وە بەڕێ کران .

دوای ئەوە چو بۆ پارێزگای کەربەلا ..

لە شاری کەربەلا پیشوازیەکی گەورە لە بەڕێز مامۆستا صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش کراوە ، جەماوەرێکی زۆر بۆ بە خێر هاتن کردنی هاتبونە سەر شەقامەکان و هاواریان ئەکرد بۆی شورش و حزبی سەرکردەمان .

بەڕێز پارێزگاری کەربەلاو هەڤال ئەمینداری نهێنی سەرکردایەتی شعبەی کەربەلا حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب و هەڤاڵان ئەندامانی سەرکردایەتی شعبەو لێ پرسراوانی پارێزگاو سەرۆکی ڕێکخراوە کەڵو پیشەییەکان بەخێرهاتنیان کردن .

دوای ئەوە بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش چو بۆ (الروضة الحیدریة) بۆ ئەوەی ئەرێتی زیارەتی پیشەوا ئیمام حسین سلاوی خوای لێ بێ .. ئیمام و پیشەوایانی ئارامگای پیشەوا ئیمام عەلی کوڕی ئەبی طالب « سلاوی خوای لێ بێ » بەجێ بێنێ .. وە نوێژی نیوەڕۆی لەوێ کرد .

کەژاوەکەی بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش بە شەقامەکانی شاری نەجەف دا ئەڕۆیشت بەناو جەماوەری خەلکی شارەکەدا کە هاواریان بۆ ژیانی سەرۆکی فەرماندە احمد حسن البکرو سەرکردایەتی حزبو شورش ئەکرد .

لە دوای بەجێ هێنانی ئەرێتی زیارەت کردن لە لایەن پیشەواو ئیمامەکانی (الروضة الحیدریه)وە بەڕێ کران .

دوای ئەوە چو بۆ پارێزگای کەربەلا ..

لە شاری کەربەلا پیشوازیەکی گەورە لە بەڕێز مامۆستا صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش کراوە ، جەماوەرێکی زۆر بۆ بە خێر هاتن کردنی هاتبونە سەر شەقامەکان و

لەیادداشتیکدا بوبەرەی نیشتمانی سوریا

حزبی بەعسی سۆشیالستی عەرەب بەرەی نیشتمانی هوشیار ئەکاتەوە لە هەلوێستی گومان لێکراوی حزبی دەسەڵاتدار کە پیلانەکانی دوژمن جێ بەجێ ئەکات

پارتی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب - لە سوریا - یادداشتیکی بەئەندامەکانی بەرەی نیشتمانی داوە لەسوریا کە ئەم بەڕێزانەن : خالید بەگداش ، یوسف فەیسەل ، فەوزی کەیالی ، عەبدولغەنی قەنوت و دەرویش جونی .. کە بریتی یە لەپوختەی بیروڕای پارتی دەربارەی بەرەی نیشتمانی لەسوریا و یادداشتەکە دەڵێ :

بەرەیەکی بێ ناوەڕۆك .

پارتیمان بەچاوێکی ستراتیژی یەوە دەڕوانێتە مەسەلەی یەکگرتن لەبەرەی نیشتمانیداو بە پێویستی یەکی بنەڕەتی دادەنێ لە تێکۆشانداو دژی دوژمنی یەکانەو بەرەو ڕووبوونی کۆنەپەرستیو هێرشی ئیمپریالیزم ، هەروەها لەوباوەڕە داین کە یەك هێنانی بەرەی نیشتمانی لەوولاتە عەرەبی یەکاندا کە هەموو ئەو هێزە نیشتمانی یەی بەدەوردا کۆبێتەوە کە پەرژەوندی ڕاستەقینە یان لەبەربەرەکانی کردنی ئیمپریالیزمو زایۆنیزمو کۆنەپەرستی دایە ، یارمەتی یەك هێنانی بەرەیەکی بێش کەوتنخوازی نیشتمانی دەدا لەسەرانسەری وولاتی عەرەبدا .

بەناشکرا پێتان دەڵێین ئێمە بڕوامان وایە ئەو بەرەی ئێستا کە ئێوەی تیدایەو دەستتان خستۆتە ناودەستی پارتی دەسەڵاتدارەوە هیچ مەرجێکی یەکگرتنی نیشتمانی ئێدانی یەو بریتی یە لە بەرەیەکی بێ ناوەڕۆك و زانیش بەناناو نامانجی ڕاستەقینەی بەرە دەکەیەنێ و خزمەتی پەرژەوەندی ئەم ڕژێمە دەکا کە دژی پەرژەوەندو نامانجەکانی جەماوەری فراوانی ئەڵی عەرەبە لەسوریا ، - خۆ دیارە هەر بەرەیەك بریتی یە لە یەکگرتنێکی نیشتمانی کۆمەڵە هێزو پارتی تاقمو کەسانێك بۆ جێبەجێ کردنی نامانجی ستراتیژی و مەرحەلی وادەکە لەهەموو لەسەری ڕێك کەوتوون - جا ئێمە هیچ جۆرە مانایەکی وا لەبەرەی ئێستادا نابینین .

گومانی ئێدانی یە ڕژێمی سوری وای لێماتووە هزرانی پەرژەوەندی ئەمریکی دەکا لەو ناوچەیە وئەو دەورەی کە لەلوبنان گێڕای هەڵسەنگاندنی پارتی بەراست گێڕا کە لەمێژە ئە ڕژێمەو نامانجەکانی هەر لە ٢٣ شوباتی ساڵی ١٩٦٦ ەوە هەڵسەگاندووە ، ئەکەرچی زۆر لایەنی پێشکەوتنخوازیش تا بەم دوایی یە هەر بەڕژێمێکی پێشکەوتن خوازی دادەنێن . ئێمە لەو بڕوایە دانین بەشدارەکانی ئەوبەرەیە ئەتوانن لەڕژێمی سوری بگەن و هەست بە ئەرکی مێژوویی سەرشانیان ئەکەن کە دەچن دەست لەگەڵ ئەو ڕژێمە ئێکەڵ دەکەن کە بەرکێکی پێشکەوتنخوازانەی بەناو کردۆتە بەر تا پلانەکانی خۆی بەژێردا بیەڕێنێتەوە ..

بەلای ئێمەوە مەسەلەکە چیتر پێویست بە ووتار نووسین و لێکۆلینەوە ناکا بۆ دەرخستنی ئەو لادانە ترسناکەی لەڕژێم دایەو ئەوەندە بەسە کە بەکورتی هەندێ هەلویستی دەربارەی چەند مەسەلەیەکی ئەتەوایەتی بخەینە ڕوو :

یەکەم : بەربرسیاری ڕژێمو سەرکردەی ئێستای - حافز ئەسەد - لەکارەساتی حوزێران .

دووەم : دەست نیشان کردنی لایەنەکانی شەڕی نشرینی ٩٧٣ بەجۆرێ کە ببێتە هزی ووتوێژکردن لەگەڵ دوژمنەوە بەرێ ئەمریکادا ..

سێیەم : بڕیاردانی ڕاگرتنی شەڕ لەگەڵ دوژمنی زایۆنیدا لەکاتێکی وا ناسك دا کە هێزی ئامادەی عەرەبی بەرەی سوریا خۆیان کۆدەکردەوە بۆ هێرشێکی توند تا خاکی داگیرکراو لەبەردەستی دوژمن دەربێنن .

چوارەم : ڕازی بوون بە بڕیاری ٢٤٢ و ٣٣٨ی ئەنجوومەنی ئاسایش کەدان بەکیانی زایۆنی داگیرکەر دادەنێ .

چونکە بەرای ئێمە مل کەچە بۆ دەوری بنچینەیی ڕژێمی سوری .. چونکە ماقوول نی یە بەرەی نیشتمانی بکەوێتە چوارچێوەی ئەو حوکمەوە کە هەمیشە نامانجی هاوبەشی نیشتمانی دەبێتە ئێستەوەو بەهەڵویستو

بڕوانە ل ٢

هێزە نیشتمانیەکان سەر لە نوێ بەروی دەستێوەردانەکەی ڕێژیمی سوریادا ئەوەستن ..

بیروت -٤- ئاژانسەکان :

چاودێری کاران بەلایانەوەوایە کە لوبنان لە ڕۆژانی داهاتودا لە ناو ئەو گێژاوەسیاسیەدا ئەبێ کە ژۆرانبازی ئەسکەری لە هەمو لایەکدابەفراوانی ماوەتەوە .

بەیامێزی ئاژانسی دەنگوباسی عیراقی لە بیروتەوە ڕای گەیاندوە کە نیشانەی گومان کردن لەسەر واقیعی سیاسی ئالوز لە بواری ناوچەیی و عەرەبی و نێو دەوڵەتاندا دەرئە کەوێ .. وەڕاوەستاندنی ئاگری شەڕی دووەمین جار ٢٤ سەعات لە بەردەم پلانو نەخشەی کوشتاردا خۆی ڕانەگرت ..

ئەو هەواڵانەی هاتوون وائەگەیەنن کە تاکو بەرە بەیانی ڕۆژی چوارشەممەی ڕابوردو لە ناوچە جۆر بەجۆرەکانی بیروتدا دەنگی تەقینەوەو گولە باران و ساروخ هاویشتن بیستراوە .

سەرچاوە سیاسیەکان لەو باوەڕە دان کەباری ئاسایشی ناو خۆی لوبنان هەروا بە ئالۆزی ئەمێنێتەوە تاکو ڕۆژی شەممەی داهاتو ئەنجومەنی بەرلمان کۆ ئەبنەوە .

بەپاننامەی هێزە هاوبەشیەکان

هێزە هاوبەشیەکانی سەر بە جوڵانەوەی نیشتمانی بەپاننامەیەکیان دەرکردوە تیایا ئەڵێن : ئەم هێزانە بە شێوەی یەکجارەکی لە شەقامی اللنبی کە یەکێکە لەو ڕێبازگایانەی ئەچێت بۆ خواروی شار سەقامگیر بون وە بازاڕی قەزازەکانیان گرتۆتە ژێر دەستی خۆیان

بڕوانە - ل - ٧ -

Institut Kurde de Paris

سێ روژنامەی فەرەنسەیی و بەریتانیایی و ئەمەریکایی لە بێ باوەڕی نێوان دەولەتانی ئەوروپا ئەدوێن

گۆڤاری « گاردیان » چاپی بەریتانیا لەم دواییانەدا سێ لێکۆڵینەوەی لەسەر گیروگرفتەکانی نۆدەوڵەتی بازاڕی هاوبەشی ئەوروپا بڵاوکردۆتەوە و باسی ئەو هەسەلانەی کردوە کە سەرۆکانی ئەو چەندەوڵەتە بۆ دۆزینەوەی باشترین ڕێگای وەدیهاتنی یەکێتی ئەوروپا لەگەیان بەرەوڕوبون .

« لۆهۆند »ی فەرەنساو « واشنگتۆن‌پۆست »ی ئەمریکاش لێکۆڵینە وەیان لەسەر یەکێتی ئەوروپا کردوەو توسیویانە .

دیمەنی سەرۆکانی دەوڵەتە ئەوروپاییەکان لەکۆبونەوەی لۆکزامبورگدا کە لە تەلەفزیۆن دەردەچو زۆر ترسێنەربو . ئەوان بۆیە لۆکزامبۆرگیان بۆهەول وتەقەلای یەکگرتنی ئەوروپا هەڵبژاردبو چونکە بازاڕی هاوبەشی ئەوروپاش هەر لەوێ دا مەرزابو ویەکەمین ئامانجیان لەوێ وەدی هاتبو . ئەوروپا هێزێکی گەورەیە ، بەلام داخوا تاکەی بەسەگەرمی مل‌بەملەو پاڵەپەستۆ دەمێنێتەوە ؟

هەوڵین ڕوانەتەکانی کۆبونەوە نیشانی‌دا لەبارەی ئابوری ڕگیرو گرفتی بارەکان (العملات)دا کە فەرەنسە ئەو دومەسەلەی لەپێشەوەی بەرنامەدا دانابو ئەگەیشتونە ئەنجامو هیچ سەرکەوتنێکیان وەدەست نەهێناوە . بەلام ڕاستەقینە پێچەوانەی ئەو بۆچونەی دەرخست ، چونکە هەر کاتێك فرانکی فەرەنسە لەگێژاو بێتەدەرێو بتوانێ بایەخی خۆی لە ناو بارەکانی ئەوروپادا بپارێزێ گیروگرفتی ئابوری و گیروگرفتی بارە ئەوروپاییەکان چارەسەر دەکرێ .

هیلموت شمیت لێپرسراوی ئەڵمانی باشی بۆچوبو کە دەیگوت پێویستە دەوڵەتەکانی ئەوروپا گیروگرفتەکانیان بەیارمەتی یەکتر چارەسەر بکەن ، ئەگینا ئەوروپا ناتوانێ گەشەبکا . ئەوەشی ڕاست بو کەگوتی نێوان ناخۆشی وڵاتە ئەوروپاییەکان لەسەر مەسەلەی دراوی و هەوڵدان بۆبێهێزکردنی بارە ئەوروپاییەکان پاشەڕۆژێکی زۆر خراپی بۆ هەمو ئەودەو لەتانە دەبێ . بەڵگەشی بۆقسەکانی ئەوە بو کە لەبەر ئەوەی ئەوان لە ناوخۆیاندا هاوکاری یەکتر ناکەن ، لە دەرەوەی ئەوروپادا ئەسپەر ئەکرێتە سەر باری ئابوری و بارەی پارە ئەوروپاییەکان .

هیلموت شمیت لێپرسراوی ئەڵمانی باشی بۆچوبو کە دەیگوت پێویستە دەوڵەتەکانی ئەوروپا گیروگرفتەکانیان بەیارمەتی یەکتر چارەسەر بکەن ، ئەگینا ئەوروپا ناتوانێ گەشەبکا . ئەوەشی ڕاست بو کەگوتی نێوان ناخۆشی وڵاتە ئەوروپاییەکان لەسەر مەسەلەی دراوی و هەوڵدان بۆبێهێزکردنی پارە ئەوروپاییەکان پاشەڕۆژێکی زۆر خراپی بۆ هەمو ئەودەو لەتانە دەبێ . بەڵگەشی بۆقسەکانی ئەوە بو کە لەبەر ئەوەی ئەوان لە ناوخۆیاندا هاوکاری یەکتر ناکەن ، لە دەرەوەی ئەوروپادا ئەسپەر ئەکرێتە سەر باری ئابوری و پارەی ئەوروپاییەکان دەوڵەتە ئەوروپاییەکان .

ناوبراو لەکۆتایی قسەی خۆیدا قامەکانی بەنیشانەی خۆشبینی ڕاوەشاندو گوتی: هیوادارم هاوکاری ئابوری تەنیا لەگەڵ ئەو دراوسێ یانەی خۆم بکەم کە ئەندامی بنەماڵەی گشتی ئەوروپان .

جیسکاردیستان سەرکۆماری فەرەنسە لەپێشدا باسی گیروگرفتە ئابوری و دراویە کانی کرد ، بەلام لەپڕ لەومە سەلە دورکەوتەوەو هاتە سەرباسی دەستوری ناوخۆی ریکخراوەکە چونکە لەوێوە ڕێگای چارەسەری گیروگرفتە ئابوری و دراویەکانیش دەدۆزرێتەوە . سەرۆکی فەرەنسە گەلالەیەکی بۆیەك خستنی بیروڕا لەسەر ژمارەی ئەندامانی پارلەمانی ئەوروپا پێشکەش کرد ، ئەویش بریتی بو لەوە کەهەڵبژاردن بەگوێرەی ئەوڕێوشوێنە جیهانیانە بێ کە لەوڵاتە دیمو کراتەکان‌دا ڕەچاوکراوە . ئەمە بەروالەت شتێکی بچوکە بەلام لەڕاستەقینەدا زۆر بنەڕەتیەو پێوەندی بەم چەندنوختەی خوارەوە هەیە :

١ ـ گۆڕینی ناوی بنەماڵەی ئەوروپا بە « پارلەمانی ئەوروپا » .

٢ ـ هەڵبژاردنێکی ڕاستە وخۆ وەك یەکەم هەنگاو پاشان دەستوری یەکجاریشی بۆدابنرێ .

٣ ـ ڕون کردنەوەیەکی گشتی لەهەمو دەوڵەتە ئەوروپاییەکان‌دا بۆ ئەوەی ئەندامەکان بەباشی بۆچی‌یە چی‌کردنی بەرنامەکەی ئامادە بکرێن .

بەلام سەرۆکی فەرەنسە ڕاضی خۆی لەشێوەی کۆبونەوەکانی وڵاتانی ئەوروپایی دەربڕی ، چونکە زەبری توندی لەیەکەم کۆبونەوەدا وێ‌کەوتبو نمونەش ئەوەیەکە هەرلەد ویلسون کاتێك ئامادەبو بێتە ناوبازاڕی هاوبەشی ئەوروپاوە کە جیسکاردیستان لە هەڵو تیستی خۆی لەبارەی بەرهەڵستی ئەندامەتی بەریتانیاوە پاشەکشەی‌کرد . لەبەر ئەوەش کە دیستان تەنیا کەس بو کە بەرهەڵستی دەکرد بەدوای کۆبونەوەی دەوڵەتانی سەروخوارو دا ئەڕایەکەی خۆی هاتەخوار .

بەلام ئەونەی دەزانی هۆی تێکچونەوەی نەخشەکەی چیەو چونکە ئەو ناکۆکیو کەندو ڕایەکەی‌چ دەبێ ؟ بۆیە هیوای حوزیرانی داهاتوش نیە بەبەرهەمی باشی کۆبونەوەی کۆسپانە بەهیچ جۆر خزمەتی قازانجی ریکخراوی وڵاتانی ئەوروپا ناکەن .

بەلام دیستان بەوحالەش بریاری دا کەخەبات بۆ لەناوبردنی ئەوکەندو کۆسپانە دریژە بێ بدا ، چونکە بەلای ئەوەوە « زۆر پێویستە کەهەمولا بۆوەدی هێنانی ئەوخونە هەول بدەن » . لەکۆبونەوەی ساڵی ١٩٧٤یش‌دا زۆر لەسەر ئەوەسەلەیە سور بو .

ئێستا لەوقسانەی سەرۆکە کانی ئەماڵەی ئەوروپا چ ئەنجامێك دەتوانین وەربگرین ؟ گومان لەوەدا نیە کە قسەی هەمویان بەك واتا دەبەخشێ : کەگەر ئەوروپاییە کان هاوکاری یەکتر نەکەنو قسەیان یەك نەبێو ئابوریە کانیان ڕێك نەخەنو لەزۆر بارەوە یەك نەگرن ، گەشە کردنو پیشکەوتنی ئەوروپا ئیمکانی نیە ، بەلکە بەپێچەوانە بەرەو داواش دەگەڕێنەوە .

گومانیش نیە کە هیچ کام لە ئەندامانی ڕێکخراوی ئەوروپا ئایانەوێ بگەڕێنەوە سەر ئەوسنورە داخراوانە کەلە پێش‌دا هەبون . بەلام گیروگرفتەکە ئەوەنیە ، مەسەلە ئەوەیە کە ئەو ئەندامانە بۆئەوەی پاشەوپاش نەگەڕێنەوە سەر دۆخی ڕابردویان دەبێ چ بکەن .

ئەمجار داخوا ئەوروپا چۆن دەتوانێ بێتە شوێنی یەکگرتنەوەی ئەوزمە ئابوریەکانی جیهان ، لەکاتێك‌دا هەتس وکەوتو بیروباوەڕو دۆخی ئابوریشیان جێگای گومانو دودڵی‌یە .

تەنیا کارێکی ئەندامانی بنەماڵەی ئەوروپا لە کۆبونەوەی لوکزامبورگ‌دا کردیان ، ئەوەبو کە ویژدانی خۆیان ئازادکردو «جانەونی» یان بە هاونیشتمانیەکی فەخری لەسەر تاسەری ئەوروپادا هەڵبژارد .

بەلام چەند سەرسوڕهێنەرو جێگای پێکەنین بو ! ئەو سەرۆکی گەورەی ئەو وڵاتی گەورەی ئەوروپا کۆ دەبنەوەو وتوێژدەکەن . کەچی تەنیا کارێکی بۆ زیندوماندەوەی کۆبونەوەکە لەدەستیان دێ ئەوەیە کەیادی دامەزرێنەری بنەماڵەی ئەوروپا زیندو بکەنەوە ڕەمزی کۆنفرانسە کەیان .

هاوولاتیانی عەرەب نومایشێکی گەورە بەرەوقدسی داگیرکراو ڕێك ئەخەن

ڕۆژی سێشەممەی ڕابوردو نومایشێکی جەماوەری گەورە لە شاری ڕام‌اللەوە لە بەری داگیرکراوەوە بەرەو قودسی داگیر کراو کەوتە ڕێ ، ئەم نومایشە هاوولاتیە عەرەبەکان لە دژی دەسەڵاتی تالەباری‌زایونیستەکان سازیان کردبوو .

زایونیستەکان ئەو ڕەنجەیان‌بەفیڕۆ چو کە ئەیانویست ئەم خۆنیشاندانو نومایشە کەورەیەسەرنەگرێ . وە بۆ ئەم مەبەستە دومەزار سەربازو پولیسیان دانابو کە کەمارۆی شارەکانی ڕام‌اللەو نابلس بدات‌و ڕێگای نومایشکارەکان نەدات .

ئەفسەرێکی سێ ئەستیرەی‌زایونیستەکان بە ئەنقەست لاوێکی عەرەبی کوشت‌و شەش‌کەسی تریشی بریندار کرد . هەروەها (احمد دهلول) کە لەتەمەنی ٤٠ ساڵیدایە لە گەل هاورێکانی گیراون .

● ئەقینەوە لە شەقامەکانی‌قودسی داگیرکراوا ..

عەمان شەوی ڕابوردو چەندناربخوکێك لە ئوتومبیلێکدا تەقیوەتەوەو ١٠ زایونیستی تیا بریندار بوە ، ئەمەش لە یەکێك لە شەقامە گەورەکانی‌شاری قودسی داگیر کراودابوە .

یۆنایتد پریس ئەڵێ : ئوتومبیلەکە ئاگری تێ بەربوو، ئوتومبیلی ڕزگاربەخشی نەخۆشخانەکان بەرەو مەلبەندی ئاگرو کارەساتە کە ئەچون ..

وەدیسان لە هەمان کاتا لەشەقامی (بن یەهودا) لە قودسی کۆن نارنجۆکێکی تر لەدو چەرخەیەکدا تەقیوەتەوە دو زایونیستی بریندار کردوە . بەمانەوە ژمارەی ١١ کەس لە زایونیستەکان بریندار بون .

زایونیستەکان هاتو چۆزکردنیان لە شاری تولکەرەم لە بەری ڕۆژ ئاوای داگیرکراوقەدەغە کردوە .

ئاژانسی ئەسوشیتدپریس ئەڵێ : چەتە چەکدارە زایونیستەکان لەدوای تەقینەوەکان بەلاماری ئەرەکە عەرەبەکانیان داوە .. چەندئوتومبێلێکی زایونیستەکان لە شوێنی کارەساتە کانا بەبلند ئۆ داوایان لە خەلك کردوە بڵاوەبکەن . پولیسەکان هەمونەو ڕێگاو شەقامانەیان بەستوە کە ئەچێتە سەرشوێنی کارەساتەکان .

ڕادیوی دوڵەمن بێی لەوەناوە کە ژمارەی بریندارەکانیان کەیشتوتە ٢٨ کەس .

دەوڵەتی میسر داوای لە نوێنەری‌هەمیشەیی‌خۆی لەنەتەوە یەکگرتوەکان کردوە کە داوا لەئەنجومەنی ئاسایشی دەوڵەتان بکات بەبەلە کۆببنەوەو باسی‌دەستدرێژی زایونیستەکان بکەن کە ئازاری هاوولاتیە عەرەبەکان ئەدەن لە فەلەستین‌و شوێنە داگیر کراوەکانی تر .

نرخدان بە یارمەتیەکانی عیراق بۆ گەلی لوبنان

کۆمەڵەی (نیازی ئیسلامی) لە سەیدا زۆر سوپاسی سەرکردایەتی حیزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەبی کردووە سەبارەت بەو یارمەتیانەی حکوومەتی شۆرش ئاراستەی گەلی لوبنانی کردووەو لەسەردانی وەفدێکی کۆمەڵە بۆ بارەگای دکتۆر عبدالمجید الرافعی ئەمینداری گشتی سەرکردایەتی حیزب لە لوبنان سەرۆکی وەفدەکە وتوویە :

ئێمە بەتایبەتی بۆ ئەوە هاتووین سوپاسی سەکردایەتی حیزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب بکەین لە عیراق بۆ ئەو دەورە گرنگەی لە چاکردنەوەو هەوڵدان بۆ چارەسەر کردنی گیروگرفتەکانی ناوخۆی لوبنان داویتی‌و هەموو ئەو یارمەتیانە جێگای دیاری خۆیان گرتووە .

هەروەها سەرۆکی وەفدەکە وتوویەتی :ـ

جێگای شانازی‌یە کە قوتابخانەکەمان قوتابخانەی (نیازی ئیسلامی) یاری ئالۆزی ناوخۆ کاری تێ ئەکردووەو بەردەوام بووە لە پێشکەشکردنی چالاکی‌و خزمەتکردنی جەماوەر .

ئا . د . ع

لە پشنیاریکدا بۆ بەرەی نیشتمانی ـ پاشماوە ـ

ڕەوشت دژی پەرژەوەندی گشتی دەوەستێ .. لێرەدا جەماوەری گەلەکەمان بە ئەنجامێك دەگا ئەویش ئەوەیە ڕژێمی ئێستای سوریا خزمەتی ئەمریکاو زایۆنیزمو کۆنەپەرستی عەرەبی دەکا ..

وا لەم یادداشتەدا هەندێ نموونەو ڕووداوی ئایینەتی دەربارەی ئەم ڕژێمەو سیاسەتە بڕگومانەکەی باس‌دەکەین ، مەبەستیشمان خزمەتی بەرژەوەندی‌و ئاواتی گەلەکەمان لەوێو لەتێکڕای وڵاتی عەرەب‌دا .

ئایا بەرەی ئێستا یەکگرتێکی ڕاستەقینەی نیشتمانی‌یە ؟:

کە بەرەی نیشتمانی بۆچاکەی دەسەڵاتێکەوە دادەمەزرێ ئاکە نیشانەیەکی ئەوەیە ئا چڕادەیەك بەشداری چالاکانەی سەرکردایەتی کاروبارو ئاراستەکردنی گشتی دەکا ، کە ئەمە ئەمێنی بەرەکە لەبنچ‌و بناوانەوە ئامێنێ ، ئێمە باوەڕناکەین ئێوە چالاکانە یا هەر کەسکێش بەشداری ئاراستەکردنی چۆنیەتی هەڵسوڕاندنی کاروباری دەوڵەت‌و کۆمەڵ بکەن لەرێی ئەو بەرەیەوە کە چووینە ناویەوە ، هەروەها بەشداری‌یەکی چالاکانەتان نەکردووە لە دەست‌نیشان‌کردنی بڕیاری بنەڕەتی دەربارەی یەرژەوەندی بەرزی نیشتمانی ، بۆ نموونە وەکو بڕیاری تەقەوەستاندن کە ڕژێمی سوری دای پاش شەڕی تشرین‌و چەند ساعاتێ بەر لەکاتی هێرشی گەورەی ڕەچاوکراوەوە لەبەرەی سوریا .. هەروەها باوەڕناکەین ئێوە بەشداری ئەو بڕیارەتان‌کردبێ بۆ لێك‌کردنەوەی سوپای سوری‌و سوپای دوژمنی دەست‌درێژی کەری زایۆنی ، یا ئەو بڕیارەی بۆ بەشداری کردنی کۆبوونەوەی جنێف‌و درێژکردنەوەی ماوەی مانەوەی هێزی تەراری‌دارو بڕیاری کۆکردنەوەی هێزی سەربازی سوری بەدرێژایی سنووری عیراقی ڕاوە ـ هاوینی ١٩٧٥ ـ و بڕیاری ڕاگەیاندنی جەنجوولی پێشمەرگەکانی فەلەستین لەخاکی سوریاو بڕیاری دەست‌تێوەردانی ئاشکرای سوریا لە ڕووداوەکانی لوبنان‌و بەچاکەی هێزە کۆنەپارێزەکانەوە .

پێنجەم : ڕێکەوتن لەجنێف بەلێك‌کردنەوەی هێزەکانی نەتەوەل هێزی دوژمن‌و وەك سەرەنایەکی ترسناك لەدژی بەرژەوەندی دوژمن‌و دان‌پێدانانی .

شەشەم : پێشوازی‌کردنی کەرمی نیکسۆن لەدمشق پاش شەڕی تشرین‌و دەست‌تێوەردانی ئاشکرای ئەمریکا بۆ پاراستنی زایۆنی .

حەوتەم : ڕازی‌بوون بەقەرزی ئەمریکی بەو مەرجەی کە ڕووبکاتە ڕۆژئاوا .

هەشتەم : قەدەغەکردنی جەوجولی پێشمەرگەکانی فەلەستینی کە بەناو خاکی‌سوریادا دەجوولانەوە ..

نۆیەم : بڵاوکردنەوەی ڕکابەری خێلایەتی‌و تاقمەکانی سوریا .

دەیەم : بڕینی ئاوی سازگاری فورات لە سێ ملیۆن جوتیاری بێ گوێدانە هیچ ڕەوشتێکی ئەتەوایەتی‌و مرۆڤایەتی ..

یازدەم : کۆکردنەوەی سێ تابوور سەرباز لە سەر سنووری عێراق لەوکاتەدا کە ماوەی مانەوەی هێزی دەوڵەتانی درێژکردەوە لەجۆلان .

دوازدەم : ڕێك‌کەوتن لەگەڵ ڕژێمی ئوردنی بە گوێرەی ئامانجی هاوبەشی هەردوولا وبەشێوەیەکی یەکگرتنی ساختە کە خزمەتی هەردوو ڕژێمەکە دەکا نەك گەلی عەرەب .

سیانزەم : پەیوەندی پتەوی نێوان پارتی ڕژێم‌و سەرۆکەکەی لەگەڵ پارتی کەتائیب ونیشتمانی‌یە ئازادیخوازەکان . وچەك‌و پارە پێدانیان .

چواردەم : دەست‌تێوەردانی ئاشکرا لەکاروباری لوبنان بەچاکەی هێزەکانی کۆنەپەرستی بۆ مانەوەی سلێمان فەرەنجیە لەحوکم .

پازدەم : بیرۆزبایی کردنی ئەمریکاو زایۆنیش لەپەناوە ، لەوشتەوە کە ناویان ناوە « دەست‌پێشکەری سوریا » .

بۆکەن‌بوونی دەزگاکانی دەوڵەت

باسی ئەو هەڵویستانەمان کرد کە بەپێوەندی ڕاستەوخۆیان بەمەسەلەی بنەڕەتی نەتەوایەتی هەیە بێ ئەوەی ئەو هەموو هەڵویستە بۆگەنانە باس‌بکەین کە لەئارادا هەن وەك بۆگەن بونی دەزگاکانی میری‌و شێواندنی کەرتی گشتی‌و بڵاوبوونەوەی بەرتیل‌و خزم خزمانێ بەجۆرێ کە مێژووی سوریا پێشتر بەخۆیەوە نەدیبوو ، هەروەها تێکچوونی باری گوزەرانی خەڵك وگرتن‌و ئەشکەنجەدان‌و دەرکردنی مامۆستایان لەقوتابخانەو زانکۆکان‌و قەدەغەکردنی هەندێ نیشتمانیەروەر لەچوونە دەرەوەی وولات .. هتد .

ڕۆژنامەیەکی ژاپۆنی

● ناوی ٣ سەرەك وەزیران وەزیرێکی پێشو لە بارەی « لۆکهید » ەوە بڵاوکردۆتەوە ● دووکۆمپانیای نەوتی بەریتانی نێو ملیۆن لیرەیان داوە بە حزبەکانی ئیتالیا

ڕۆژنامەی (ئەکاهاتا) چاپی ژاپۆن ناوی ئەوکەسانەی بڵاوکردۆتەوە کە بە قسەی ئەو بەرتیلیان لە (لوکهید) وەرگرتوە .

ئەو قایمەیە ناوی ٣ سەرەك وەزیری پێشوی تیدایە کە بریتین لە : (تۆبۆزوکی کیشی) و (ئیزاکۆ ساتۆ) کە خەڵاتی نۆبێڵی ئاشتی وەرگرتوەو (کاکۆزی تاناکا) (ئەکاهاتا) نوسیویەتی ئەو پارەیەی کومپانیای ئەمریکایی لۆکهید لەژاپۆن بڵاوی کردۆتەوە ، تەنیا لەساڵی ١٩٧٢ دا کەیشتۆتە ٣ ملیۆن‌و ٩٠٦ هەزار دۆلار . ئەو کە ئەمڕۆ سەرکردایەتی گرنگترین لایەنی حیزبی لیبرالی دیموکراتی دەکا .

ئەو قایمەیە کە ڕۆژنامەکە بڵاوی کردۆتەوە هەروەها ناوی ١٥ وەزیری پێشوو شەش جێگری وەزیرو سەرەك دیوانێکی پێشوو فەرماندەی گشتی هێزی هەوایی‌و ئەندامێکی ئەنجومەنی پیرانی تیدایە .

ئەورۆژنامەیەروونی‌کردۆتەوەکە ئەندامە کومونیستەکانی پارلەمان کە لەلیژنەی لێکۆڵینەوەی مەسەلەی لۆکهیددا بەشدار بون توانیویانە پاش دوماننگ لێکۆڵینەوە ئەو ناوانە ئاشکرا بکەن .

لە تۆکیۆش ئاژانسی دەنگ‌وباسی ژاپون ڕۆژی ١٠ـ٤ـ١٩٧٦ بڵاوی کردەوە کە ئاژانسی موخابەراتی ئەمریکا ساڵی ١٩٦٠ پارەیەکی زۆری لەژاپۆن خەرج کردوە بۆ ئەمەی یەکێك لەنوێنەرانی (معارضة) هەڵنە بژێردرێتەوە چونکە ناوبراو لەخۆپێشدانانێك‌دا بەشدار بیو کە دژی هاتنی (دوایت ئەیزەنهاوێر) سەرکۆماری ئەوکاتەی ئەمریکا بەریا کرابو . ئەو ئاژانسە لەزمان ڕۆژنامە نوسێکی ئەمریکاییەوە گوێویەتی کە ئەندامێکی ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکا داوای لەدەزگاکانی موخابەرات کردوە کە دژی (تۆشیۆ تاناکا) نوێنەری سوسیالیستی پارلەمانی ژاپۆن بوەستێ ، چونکە پێش ئەو خۆپیشاندانە کەوتبو کە نە فرۆکەخانەی توکیۆدا دژی هاتنی سەرەك ئەیزەنهاوێر بەریا کرابو .

شایانی باسە لەکاتی ئەو خۆپیشاندانەدا کە بو بە هۆی تێکچونی سەفەری سەرکۆماری ئەمریکاو هەڵوەشانی وەزارەتی ژاپۆن ، زەفتاری خراپ لە دژی سەرکێتیری ڕۆژنامەگەری کۆشکی سپی ڕەچاوکرا . (تۆشیۆ تاناکا) قوربانی خۆپیشاندانەکە ، گوتی ئەم هەواڵە شتێکی نا ئاسایی تیدانیە ، بەڵام من بەش بەحاڵی خۆم نا ئێستا نەم‌زانیبو .

بەرتیل وەرگرتن لەئیتالیا

لەلایەکی ترەوە ڕۆژنامەی (سەندی تایمز) بڵاوی کردۆتەوە کە کومپانیای (بریتیش پیترۆلیۆم) و (شێل) لەساڵی ١٩٧٢ دا هەرکامەی نیزیکەی نیوملیون لیرەی تیسترلینیان وەك یارمەتی خۆڕایی داوە بە چەند حیزبێکی ئیتالیا .

ڕۆژنامەکە دەڵێ ئەو پارەیە لەنێوان مانگەکانی نیسان‌و کانونی یەکەمی ١٩٧٢دا دراوە بۆ ئەوەی لەهەوڵ‌و تێکۆشانی هەڵبژاردنی پارلەمان‌دا خەرجی بکەن .

ڕۆژنامەی (سەندی ئیکس پرێس)یش دەنوسێ مەسەلەی ئەو بەرتیل‌دانە لەلایەن لیژنەیەکەوە کە نوێنەری هەمو حیزبەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی بەریتانیای تیدا بەشدار دەبێ ، لەوکە حکومەتی بەریتانیا بەشێکی زۆری لەو کومپانیایانەدا هەیە . لەلایەکی ترەوە وتەوێژێکی ئوکومپانیایە بەنوێنەری ژاژانسی (ڕۆئتەر)ی گوتوە کە ئەو تۆمەتەو بوختانانە شتێکی تازەنین‌و ڕای‌گەیاند کە کومپانیا بەپێچەونەی یاسالە جوڵاوەتەوە . هەروەها گوتی کومپانیا لەساڵی ١٩٦٩ وە تا ساڵی ١٩٧٣ حەفدە ملیون لیرەی تیسترلینی لەئیتالیا زیان لێ‌کەوتوەو ناچاربوە بازاڕی ئەو وڵاتە بەجێ بهێڵێ‌و (پتم وایە مەسەلەکە پێویستی بەروونکردنەوە نیەو هەر بۆ خۆی ڕونە) .

ژمارە (٣١٦) ١٩٧٦/٦/٦

Institut Kurde de Paris

دەقی وتارەکەی نوێنەری سەرۆکی فەرمانڕەوا لە جەژنەکانی ئایاردا

ڕۆژی شەممەی ڕابوردو سەرۆکی فەرمانڕەوا بەڕێز احمدحسن البکر سەرپەرشتی ئاهەنگەکانی جەماوەری گەل و چینی کریکاری بەبۆنەی جەژنەکانی ئایارەوە کرد •

لەشاری بەغدا نومایشێکی گەورەی کریکاران کرا کە لە « باب المعظم »ەوە دەستی پێکردو لە یاریگەی « کشافە » کۆبونەوە لەوێ کەژاوەی ڕازاوەی کریکاران بەدروشمی نیشتمانی و پشتگیری شۆرش ودەسکەوتەکانی

بەبەردەم نێردراوی سەرۆکی فەرمانڕەوا ، هەڤال غانم عبد الجلیل ئەندامی سەرکردایەتی قطری حزبی بەعس دا ڕەت-ئەبون و سلاویان لەکرد •

لەکۆتایی نومایشەکەدا ، نوێنەری سەرۆکی فەرمانڕەوا ئەم وتارەی ئاراستەی جەماوەری گەل و چینی کریکار کرد :

دەقی وتارەکە :

ئەی جەماوەری گەل ئەبەردەمان

ئەی ڕۆلەکانی چینی کریکاری تێکۆشەر

خۆم بە بەختیار ئەزانم لە ناخی دڵمەوەو بە ناوی سەرۆکو پێشەوای تێکۆشەرمانەوە بەڕێز احمد حسن البکرەوە بە بۆنەی یەکی ئایارەوە پیروز بایبیان لێبکەم کە جەژنی هەمو مرۆڤایەتیەو نیشانەی هاوکاریە لەخەباتی تێکڕای کریکارانی جیهاندا و بیردەوەری ئەو بڵێسە ئەمریە لە دەروونی هەمو شۆرشگێڕێکدا دژی ڕیژێمی سەرمایەداری و خۆسەپێنەر ئەدرەوشێتەوە •

جەژنی یەکی ئایار ، جەژنی هەمو چینەکانی گەلە ، ئەویش لەرێگای ئەو تۆڕینە بنەڕەتیانەی حیزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب هێناویەتیە ئاراوە بۆ دروست کردن و دامەزراندنی کۆمەڵێکی سۆشیالیستی یەکگرتووی پێشکەوتنخواز هەر بۆیەش ماهەنگ گێڕان لە هەر بیرەوەریەکدا ئایبەت نیە بە چینێکی دیاری کراوەوە بەڵکو ڕەنگدانەوەی یەکێتی چارەنووسی تێکڕای جەماوەری گەلە بۆ بەربەرەکانێی ئیمپریالیست و زایۆنیست و کۆنەپارستەکان •

شۆرشەکەمان ، شۆرشی ١٧ی تەممووزی ئەمجارە ڕەتەوەیی و سۆشیالیستی هەر لە سەرەتای هەڵگیرسانیەوە سەرکەوتن لە دوای سەرکەوتن وەدەست دێنێ و لە سەروی هەمو یانەوە میللی کردنی ئەوت و بەریاکردنی شۆرشی کشتکاڵی و بایەخدان بە ژیان و گوزەرانی کریکاران و بەرەی نیشتمانی و ئەتەوەیی پێشکەوتنخواز و دەرکردنی یاسای ئۆتۆنۆمی بۆ گەلی کوردمان و پێشخستن و گەشەپێدانی باری ئابووری و تاقی-کردنەوەکانی تر لە هەمو کۆڕو کۆمەڵایەتی و نیشتمانیەکاندا ، ئەم دەسکەوتانەی شۆرش هەمویان بیردەوەری بیرۆزن لە وڵاتەکەماندا و جێگای خۆیان کردۆتەوە لە مێژووی نوێماندا •

لێرەوە ، لە کاتێکا ئازایانە دەوری خۆتان شان بەشانی برا جوتیارو ڕۆشنبیرە شۆڕشگێڕەمەدەنی و سەربازی یەکان جێبەجێ ئەکەن هەمووتان بانگ کراون بۆ بەستنەوەی ئەم هاوو بنیات نانە بەئامانجەکانی نیشتمانی گەورەی عەرەبەوە بەو بەڵگەیەی کە وڵاتەکەی ئێمەش پارچەیەکی ئاو نیشتمانەیە •



ئەی تێکۆشەران ••

چاك ئەزانن وڵاتەکەمان ڕێبازی سۆشیالیستی گرتۆتە بێش و چەسپاندنی ئەم ئامانجەش کارێکی وەها ئاسان نیە بەتایبەتی ئەگەر ئاوڕێك لەباری ناوخۆی وڵاتی عەرەب بدەینەوە بۆمان دەرئەکەوێ تێکۆشان لەپێناوی سۆشیالیستیدا هەوڵێکی دلسۆزانەو فراوانی ئەوێ •

شەڕەکەی تشرینی ١٩٧٣ ئەوەی سەلماند کە یەکێتی بناغەی سەرکەوتنی کەلی عەرەبەو •• ئەگەر ئەم یەکێتیە هەبێت ئەوا هەرگیز هەزەکانی زایۆنیست ناتوانن بەرامبەرمان بوەستێن ، هەر ئەمەشە بۆتە هۆی هەوڵدانی



ئیمپریالیستی ئەمەریکی بۆ دروست کردنی چەند بنکەیەکی تازە لە وڵاتی عەرەبدا بەنیازی پاراستنی زایۆنستی دوژمنەوە ، لەم ڕووەوە تا ڕادەیەك نیچیری خۆی دۆزیوەتەوەو هەندێ لە فەرمانبەرە عەرەبە گومان لێکراوەکان هاوکاری لەگەڵدا ئەکەن و دژی بزووتنەوەی بەرگری مەسەلەی فەلەستین ئارەوانرین پیلانی بۆ جێبەجێ ئەکەن ، خۆ ئەو گۆڕەندو پیلانەی کاربەدەستەکانی دیمەشق لە خاکی لوبنانداو ئەیکێڕن بۆ هەمو جەماوەری عەرەبمان ڕوون بۆتەوە ، ئەمەش ڕووی داپۆشراوی ڕیژێمی سوریای ئاشکرا کرد کە چۆن هەوڵ ئەدات بۆ شێواندنی باری ناوخۆی لوبنان و فەوتاندنی بزووتنەوەی ڕزگاری خوازی فەلەستین •

ئەی کرێکارە ئەبەردەکان

ئەی جەماوەری گەلی تێکۆشەرمان

ئیمپریالیستی ئەمەریکی ، ئەوەی بۆ ساغ بۆتەوە کە ئەگەر بە یارمەتی بەکرێگیراوەکانی ئەبێت ناتوانێ زەفەر بەگەلی عەرەبمان بەزێت بۆیە پێویستە لەسەرمان هێزەکانمان یەك بخەین بۆ بەرهەلستی کردنی بنکەی کۆنەپەرستی و خۆفرۆشی هەروەها پێویستە لەسەر هەمو حیزب و ڕێکخراوە عەرەبی یەکان زیاتر لەجاران ئاگادار بن و قووڵتر بیبکەنەوەو ڕووداوەکانی دەوروپشت شی بکەنەوە چونکە ئەناخی ئەمڕۆمان ، قۆناخێکی ئێجگار ناسکەو هەر کەمتەرخەمی دەك ئەبێتە هۆی جۆرەها کێشەو گرفت و تەنگوچەلەمە •

عەرەبی شۆڕش ، هەمو توانایەکی بۆ ئەم مەبەستە پیرۆزە ئەرخان کردووەو ئەوەی خستۆتە بێش چاو کە لە زۆر لاوە ئەوشی سەغلەتی و ناخۆشی ئەبێت بەڵام باوەڕمان بە سەرکەوتنی ڕاستی و سروشتی بوونمان لەسەر ئاشکرا کردنی بەکرێگیراوەکان وەرەی ئەبەزین و سڵ نەکردنێکی ئەونۆی خستۆتە دڵمانەوە هەرچی پیلان و بەیت و باڵوەرەی خۆفرۆشەکان هەیە کاری تێ ناکات •

ئەی کرێکارانی تێکۆشەر

ئەی ڕۆڵەکانی نیشتمان

ئەی سەربازەکانی شۆڕشی عەرەبی و سۆشیالیستی هەوڵدانی دلسۆزانەتان ، بۆ بەرز کردنەوەی ڕادەی بەرهەمهێنان و ڕێکخستنی پەیوەندی نیداری و داهێنانتان بۆ بەرەندانی جۆری ئیش و کاری ئەقلی و هەڵوەشاندنەوەی هەمو باوەڕێکی گۆشەگیرو بیرۆقراتی بۆتە هۆی پتەوکردنی تێکۆشانی ئەتەوەییمان بۆ زڕزکارکردنی خاکی داگیرکراوو بەدی هێنانی یەکێتی و سۆشیالیستی و سەربەستی و بەخشین •

بەرهەمەکانتان ، وەك چۆن ڕوی نیشتمانی هەیە ، ئاواش ڕوی ئەتەوەیی خۆی هەیە ، هەر بۆیەش بەم بۆنە پیرۆزەوە ستایشی دەوری شۆڕشگێڕانەتان ئەکەم و هیوادارم چالاکیتان بەردەوام لەپێشکەوتندا بێت •



هەر بدرەوشێتەوە بشکۆی خەباتو پاشەڕۆژی دڵرینتان •

سلاو •• لە یەکێتی گشتی ئەقابەکانی کرێکاران ، نوێنەری دلسۆزی تێکۆشانی کرێکارانی وڵات •

لە دوایدا ، کاك محمد عایش سەرۆکی یەکێتی گشتی ئەقابەکانی کریکاران وتاریکی داتیایدا وتی :

(ئەمڕۆ ئاهەنگی ڕۆژیکی پیرۆز ئەگێرین کە ڕۆژی هەیە لای چینی کریکارو گەلە تێکوشەرەکەمان ، ئەویش جەژنی یەکی ئایارە ، جەژنی چینی کریکاران کەڕۆژیکی ئەمرە لە مێژووی تێکوشانی چینی کریکاراندا دژی سەرمایەداری جیهانی و چەوسانەوە) ••

هەروەها کاك عایش باسی ئەو دەسکەوتە مەزنانەی کرد کە چینی کریکاری وڵاتەکەمان لەسای شورش و حزبی سەرکردە یدا ، حزبی بەعسی سۆشیالستی عەرەب دەستی کەوتوە ، ئەوەشی سەلماند کە :

پاراستنی شورش بایەخێکی مەزنی هەیە ، چونکە چارەنوسی گەلە تێکوشەرەکەمان بەستراوە بەچارەنوسی شورشەوە •

هاوکاری

ڕۆژنامەیەکی هەفتانەی گشتی یە لە دەزگای ڕۆشنبیری و باڵاو کردنەوەی کوردی دەرتەچێ

ژمارەی سپاردنی بە کتێبخانەی نیشتمانی ١٥٦ ساڵی ١٩٧٤

Institut Kurde de Paris

وردبوونەوەیەك لە چیرۆكی «زاری چاوەكان ئەدوێن»

أحمد سید علی بەرزنجی

پاش خوێندنەوەی چیرۆكی- زاری چاوەكان ئەدوێن - و وردبوونەوە لێی هانمە سەرئەو ڕایەی كە لە جاو بەرهەمەكانی تری كاك (جیهان) ئەمەیان بە ئۆرزانێك دەژمێردرێ بەرەو پێشەوە .

هەر چەندە برای نوسەرماوەیەكی زۆر دورو درێژە بەرهەمی خۆی ئەخستۆتە ڕوبەڵام - زاری چاوەكان ... ی وای بۆ دەرخستین كە بەردەوام و نوسینەكانیشی ئاگاداری ئۆژان و بەردەوام گۆڕان و بەردەوام بوونی پێشكەوتنە ... دیارە ئەمەش دلخۆشمان دەكا و هیوامان بەردەوام بوونە .

بە كورتی ، ناوەڕۆكی موچەخۆری ناو دائیرەكانمان چیرۆكەكە : خاوەن فەرمانێك پخانە رو كە تا ئێستاش لە یەكێ لە شارەكاندا مێشكیان لە چوار چێوەیەكی ئیشەكەی لە بەڕێوەبەرایەتی- تەسكی كۆنەپەرستانەدا یەكەو چەند ڕۆژێك دوا ئەخرێ ، و دەستی دەستی پێ دەكرێ ، تا لە كۆتایی‌دا كچە فەرمانبەرەكەی دەچێ بە دڵاو بەڵام ئەو لەگەڵ كوڕێكی قۆزتردا خەریك دەبێ و ئەمیش تا ئاوڕدەداتەوە ئیشەكەی تەواو كراوە . ئەگەر لە چەند بارێكی سەرنجەوە لە مەبەستی كورتە چیرۆكەكەوە بكۆلینەوە ناكەینە هیچ ئەنجامێكی وەها كە مەبەستێكی شاراوە یا لە ئەدەبێكی رەمزی بكاو مانایەكی تری هەبێ .

لە سەرەتادا ئەمەوێ ئەو لایەنە سەرگەوتووە دیارانەی بەرهەمەكە نەكەین بەژێر تەپو تۆزی لایەنەكانی‌ترەوە كە ئەشێن رەخنەیەكی نەرمی بنیاننەریان لێبگیرێ : لە شێوەی دیمەنێكی دواوەی چیرۆكەكە نوسەر ئەیەوێ كێشەو مەسەلەی سستی و تەمەڵی هەندێ فەرمان‌بەرو سەركەوتووی چیرۆكەكەیەو بەهەنیوی ماوەتەوە .

پاش ئەمە بابێینە سەر ئەو كەلەبەرانەی ئەتوانین رەخنەیان لێبگرین .

بە كشتی تەر لە باسەكە ووردبینەوە ئەتوانین بڵێین ڕۆژی دەیان ڕوداوی وامان بەسەردا تێ ئەپەڕێ ... لەسەرجادەو كۆڵانو فەرمانگاو هەرچی جێیە بۆی‌بچین و جوانێك بەرچاومان بكەوێ : دڵمان لێ ئەدا پژی‌و هەستمان ئەهەژێ‌و لەوانەیە یەك دوو ورتەشمان لادەم بێتەدەرێ‌و یا ... شتی تریش !!

بەڵام ئەمە ئایا وەك بڵقێكی سەر ئاوی روباری ژیانمان نایەو تێ‌ناپەڕێ ؟

لەمەدا بەرهەم (هادف) نییەو بەداخەوە نیشانە ناپێكێ .

بێینە سەر هەندێ هەڵوێستو باس‌و وردەكاری بێچەواناە بەیەكتر كە بە ئاشكرا بەرچاو دەكەوێ : نوسەر لەسەر زمانی بالەوانی چیرۆكەكەوە وێنەی خۆی وا دەردەخا كە مرۆڤێكی تاساوی ژێر باری ئەوانی تەم ڕیزە سەختەیەو (**دەسمتە كۆنەوژەكانم ... ملە درێژەكەم وەكو ڕەقەی ناو ناو**) هیچ سیمایەكی قۆزی‌و جەنگی پێوە دیارنییە ، كەچی پاش ماوەیە خۆی لە بیر دەچێتەوەو ئەڵێ : (**كە قینم لێیەتی ، ... چونكە زۆر لەمن قۆزترە ...**) !

دژوارێی‌تر ، پاڵەوانەكە وا دیارە دەمێكە یا (چەند ڕۆژێكە ...) هات‌و چۆی ئەو بەڕێوە بەرایەتی‌یە دەكاو بەڵام (**... كە چەند ڕۆژێكە هات‌و چۆی ئەكەم بۆ تەواوكردنی ئیشێك‌و بێ‌سودم لە تەواو كردنیا ...**) ، (من‌و چەند كەسێك نەبێت بەچاو داوامان ئەكرد ئیشەكانمان بۆ تەواوبكەن‌و بەزەی یەكیان بە خەلكەكەدا بێتەوە .. بێ‌سودە) ، ئا ئەم بیاوە بەسەزمانەی كیرۆدەی دەستی (ڕۆتین)و هاڕڕاوی ژێر بەرداشی فیزو لوتبەرزی هەندێ موچەخۆر ئەبینین لە بڕو زو بە زو ئیشەكەی بۆتەواو دەكرێ - بە تایبەتی لەو ڕۆژەی ئەو دلی دەچێتە سەر جوانی‌و خۆشی كچە موچەخۆرەكە - وا بزانم ئەو دوو دیمەنەی سەرەوە جگە لەوەی دژواری یەكتر‌نو پێچەوانەیەكی ئاشكران ، نوسەر هەر بۆ تەواو كردنی بەرهەمەكەو دەست بەردار بوون لێی وا قسەكانی سەرەتای لە یاد ئەچێ‌و ئەو موچەخۆرە سستانە بوونە كۆمبیوتەرو ئیشەكەیان دایە دەست بە تەواو كراوی .

(خۆی بۆ ئەگیرا ، كاغەزێكی گرت بەدەستی‌یەوە ، ... بە ئەدەمی ڕۆیشتێكەوە بۆی جولا ..) ، ئەو كورە هەر چەند جوان‌و شێك‌و قۆزو ... بێ كچێكی موچەخۆر ئاوا لە جێگاكەی خۆی هەڵناسێ‌و بەرەوڕوی بە بێ ئاگا بڕواو لێی‌بپرسێ كە ئایا كاری هەیە یان نا ؟

بە تایبەتی كە ئەو زورە چەند فەرمان بەرێكی‌تری تیایە . ئەمە نكۆلی لێ ناكرێ ، بەڵام هیچ نابێ ئەوەندە ماوە بدەینە ئەو كچە كە بارتۆگاری (كبریاء)و بوونی خۆی‌بكا ، بە تایبەتی لەناو كۆمەڵێكی وەك ئێمەش‌دا .

هەروەها چەند ڕوونی‌و وێنەیەكی ئاراست لە نێوان زەقی خۆی دەردەخا : (دەستە دێرەكانی بەرهەمەكەوە زۆر بە كۆڵەوژەكانم لە ورگی پاڵتۆكەم چەسپاند) ، (ورگی پاڵتۆ) دیارە مەبەستی لە گیرفانی پاڵتۆكەیەتی‌و جوانتر وابوو هەر وشەی (گیرفان)ی بەكار بهێنایە چونكە (ورگی پاڵتۆكە ..) زۆرتر بۆ بەر (بطانە)ی پاڵتۆ ئەشێ ... (زمانێكی هێنا بە لێوە ئاڵەگەی‌دا) لەمەدا دیمەنی مانگایەكی كاوێژكەرمان دێنێتە بەرچاو ئەك كچێكی شۆخ كە ئەم شەیدای بووە ...

(بە ئەرمی ڕۆیشتنێكەوە بۆی جولا ...) ، نازانم مەبەستی چی‌یە لەم دەربڕینە ؟، لەوانەیە دیمەنی جوانی‌و شۆخی جولاندن‌و ڕۆیشتنی كچەكەمان بیشاندا ، خۆ گەر مەبەستی ئەمەبێ ئەوا باشتر بوو بیوتانە : (بە نازێكەوە جولا ، بە لەنجەوە بۆی جولا ...) . (... بونە كلۆلەیەكو لەیەك جیا ئەئەكرانەوە ..) ، كلۆلە كە هەڵگرا زۆر باش تاوەكەی بگرەو جیای دەكەیتەوە ، باشتر وابوو بینوسیبایە (بونە كلۆلەیەكی ئاڵۆزو لەیەك ...) .

ئەمانەو لە هەندێ وردە هەڵەی زمان‌و ڕێ‌نوسیش بەدەر ئیە : (بەزەی یەكیان) ئەبو وا بنوسرایە (بەزەیی یەكیان) ، (ئەڵێیت چی ؟) ڕاستی‌یەكەی (ئەڵێیت چی ؟) ، هەروەها (بڕۆ بڕژانەكان) مانایەكی جیاوازی هەیە و ئەبو بینوسیایە (بڕۆو بڕژانگەكان) ، دیسانە (بەرپایە) نەك (بە بەرپایە) .

دواجار وەك لەسەرەتادا وتم چیرۆكەكە جێگا فلچەی كۆڕانێكی بەرەو پێشەوەی بێوە دیارەو هیچ كارتك (بە تایبەتی هونەری) لە ڕەخنەو كەمو كورتی بەدەرنییە ، برای نوسەرم گەشەكردن‌و سەركەوتنی ئاواتمە .



موچەرکی ڕاچەنین و

چەند سەرنجێك

لەم ڕۆژانەدا كۆمەڵە جوانێكی كاك (بەكر كەردی) چاپكراو كەوتە بەردەستی خوێنەری كوردەوە .. دیارە هەوەلین بەرهەمی چاپكراوەتی ! هەرچەندە شیعری جوارین بە بڵەی یەكەم شەقڵێكی خۆماڵی‌و ڕەسەنی وەرنەگرتوە .. تەنها ئەوە نەبێت شاعیرانی كورد لە زووەكەوە خەریكی ئەم جۆرە كێشو سەروانەن و چاولێكردنەكەشی بوەتە شتێكی باو بە تایبەتی لەو چەرخانەی ئەدەبی كلاسیكی تێدا كەشەی سەندوە ... ئەلبەتە ئەوەش زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە شیعری جوارین بیرێكی پوختو ساكارو ئاوازێكی ئاسكەو ڕەوانی هەیە ..

هەر چۆنی بیت كاكە كەردی چوەتە كەوانەی یاسای جوارینەوە ، تا ئێستاش بۆی نەكراوە جیلەی ئەو بەرژینە بتزارێنێ ، جا لەبەر ئەوە بڕو بێت كە بەهرەو ئارەزووی شیعری تامەزرۆی چۆن ئەم ڕێچكەلەیە یان ئەوەتا تاكو ئێستا بە شیعری تۆزی ئۆخەی نایێت .. دەبێت قوڵی مەسەلەكە لەوەوە هاتبێت كە چێژی شاعیریەتی بەوە ڕسكاوەو فرچكی بەم سەلیقەیە گرتوە .. با ئەمانە لە شوێنی خۆیان كوراتە تۆمارتك بن .. ئەگەر بە شیعرەكانی دابچینەوەو مەبەلەو گولبژێریەك یكەینە دەستەچنەی بابەتەكەمان ، ئەوەمان بۆ ساغ دەبێتەوە كەوا بە دەرەجەی یەكەم ویستویە ڕاستی‌و ووتەی ڕەوان بكاتە پێوەری مەبەست‌و تاقی‌كردنەوەكانی ..!!.

ئەوەشمان لە یاد بێت كە كلیلی دەركای بیركردنەوەو لێكدانەوەی لەو بابەتە هونەرییەوە خواستۆتەوە كە خۆی باوەڕی بێی هەیە ، لە جوزئاس شتی بەرووبوە .. باوەڕی زانستاو ئەدەب ئەسمانی كردوە بە سەرمەشق‌و ڕێ ئونی‌گەری خۆی ، وەك خۆی گوتەنی :

« **ئەدەبی سەركەوتوو ئەوەیە بە باوەڕی زانایانی جیهانی ناو بدرێت** » ، بە هەقیقەت ئەمەش بەس نییە تاوەكو ئەدەبی ئەدەبی سەركەوتوو باری خۆی وەربگرێت ! چونكە ئەدەبی ڕەسەن ئەوەیە لەناو چەرگەی چەماوەری زەحمەتكێشەوە هەڵبقوڵێ‌و دەنگی ئەوان دەربڕێت ، بوختەكەش بە باوەڕی بلیمەت‌و زانایانی بەرەی‌میللەتەوە مشەومال بكرێت ، تا ئەو ڕادەیەی ئەوەی ئەیبینرێت چەكی خەباتی زەنجدەران لە دژی بێكاری‌و چەوساندنەوەو ئۆنەبەرستی !.. هەڵوێستێكی دیارو ڕاست‌و بزوێنەرانە بەرخسێنی‌و شتی ئەزەلی‌و باوەڕی میتافیزیكی پێشێل بكات .. وەك ئەم كۆیلەیەی :

چەماوەری كورد هێند كۆڵەوارە
ئێستاش لای وایە ئەم زەوی‌و زارە
هەمووی سەراپا لەلای خوداوە ..
لەسەر ئاغاو میر تاپۆ كراوە .. « ل ٧ »

ئەمە جورنەتێكی ئینسانی‌و هەقپەرستیە وەكو شاعیرێكی بەرەی میللەت وێراوە كۆت‌و زنجیری مەیینی فیكری بهەژێنی‌و .. ئەوەشی ڕاگەیاندوە كە تەوژمی گۆڕان‌و سوڕانەوەی یاساكانی سروشت وەستانی بۆ نیەو دەستەبەری ئاواتی مرۆڤە ! .

لە جوارینێكی دیكەی بە پێچەوانەی ئەو یەندەیەی دەڵێت : « **پیری‌و چونە بەر هەویریان نەگوتوە** » لەلایەكی‌ترو دیۆكی ڕاستەقینەتر بۆ مەسەلەكە هاتوەو مەبەستەكەی یێكاوە .. خۆ ڕاستیشە ئەم یەندەو زۆر شتی لەم جۆرە مادام شوێنەوارو میراتی جێماوی وەختی دەرەبەگایەتین ئەلبەتە ڕاست‌و ڕەب وەڕێ بیركردنەوەو هەڵوێستی ئەم زمانەدا دێنەوەو ئاشكراشە كە ئەم سەردەمەیەش دەمی ڕاپەڕین‌و هوشیار بوونەی كرمەل ! وەختی ئەوە نەماوە كەسێك بە هۆی پیری یا كەم هۆزی یا نەفەس بەرزی یا یەك كەوتنی ... بەردراو دەست وە ئەڕێی بێت ، « **مادام زین ڕاناوەستێ بەرزترین سەرمایەش ئینسان خۆیەتی** » ، كەوا بوو كەرەستەی هەمیشە لە ئارادایە دەبێت چەك‌و زەخیرەی بیرو كردەوەو بەرهەمی كۆمەڵ بێت :

چۆی شانازیە یەكێك بە پیری
بتوانێ بچێت بۆ بەر هەویری
چونكە هەتاكو مردن كردنە ..
ژین بە تەمبەڵی مانای مردنە .. « ل ٨ »

وە ئەبێت من وەكو خوێنەرو شیعر دۆستێك .. لە ڕووی شكل‌و ناوەڕۆكەوە مەسەلەكە بەسەر یەك دادەمەوەو كەلەبەرو بۆشاییەكانی بشارمەوە . وەكو نوێ خوازێك هەرچەندە هەموو شتێكی كۆن ڕەفز ناكەمەوە بەڵام كەوو بێزنگ كردنی كەلتورو سامانی وایەتی بە شتێكی بێویست دەزانم بۆ جیاكردنەوەی بەرهەمی بەكەلك‌و زیندوو لە هی كۆن‌و مردوو .. كورت‌و دوور نەچین وای دەبیم كە دەبێت نوێ بوونەوەی ئەدەب لەسەر شان‌و لوتكەی قۆناخی بەر لە خۆی دابڕێژرێ‌و دەست بێ‌بكات ، ئەلقەرێزی تەواوكەری بێت ، ئەدەبێك بێت دوێنی‌و ئەمڕۆ سبەی بەیەكەوە بیەستێتەوە !..

هەرچەندە ناتوانین مۆری « **لێكولینەوەی ئەدەبی** » لە باسەكەمان هەڵسووین .. دیارە لێكولینەوە دەرفەتێكی زۆرترو یەكجار بەرفرەی گەرەكە .. بەڵام ئەوەش ئەوە ناگەیەنێت .. ڕاست‌و ڕەپ خۆ لە هەموو زەقەكاری‌و ئاوەژوو بوونەوەیەك لابدەین .. بۆ نمونە لەم دوو دێڕەی خوارەوە :

بڕوانە ل ١١

چەشنەی ئەدەبی

٤ - لەكوێ وە دەست پێ بكەین ؟!

عزیز گەردی
كردوویە بە كوردی

حەز ناكەم كە خوێنەرەكانم بێك هێنانی چەشنەی ئەدەبی‌یان‌وا بە ئاڵۆزو فراوانی دەكەوێتە بەرچاو ، بحەپەسێن‌و ترسیان لێ‌بنیشێ ، چونكە مەسەلەكە نەهێندە فراوانەو نە هێندە ئاڵۆزیشە وەك دیارە .. ئەوەی‌شەیدای ئەدەب بێ بە ئاگاداری‌یەكی وایشی ئەبێ هیچ بێویست ناكا هەراسان بێ‌و بیر لە (**هەموو لقەكانی ئەدەب**) بكاتەوەو هەترەشی خۆی پێ بڕژێنێ .. پسپۆڕو لێزانی ئەدەب ئەنیا بۆ ڕێ‌خۆش‌كردن‌و سانا كردنی ئەدەبە هاتوون بەش بەشیان كردووەو هەر بەشەو ناوێكیان دەقەبەر كردووە ، وەكو : هۆنراوەو بەخشان ، یا وەكو : ئەدەبی ئەندێشەیی‌و مێژوویی‌و فەلسەفی ، یا وەكو : ئەدەبی سەردولكەو دلێری‌و كۆرانی ، یا وەكو : ئەدەبی ئایینی‌و دنیایی .. و تەلێ پارچەو بەشی تریش .. بەڵام ئابێ ئەوەراستی‌یە گەش‌و گەورەیە بخەینە پشت گوێ كە دەڵێ : **ئەدەب سەراپای پەكپارچەیەو بە هیچ هێزێ لێك ئەئەنابچرێ** .. بۆیە دەبێ مەسەلەی « یەكبتی ئەدەب »زۆر چاك لە مێشكی خوێنەران بچەسپێنێ‌و دڵو دەروونیان پێزاخاو بدەینەوە ، چونكی ئەدەب كە بەرەنجامی هەژان‌و تاسان‌و بزوانی هەست‌و ئەستە لە ژێر زەبری كاریگەری توندی‌ژیانەوە ئەنیا بریتی‌یە لە دەربڕینی سۆزو سووتانەوەو هەڵقرچانی دەروون .. بۆ نموونە : ئەگەر بە دوای ئەوەو هۆیانەدا بگەڕێین كە مێژووونووس هان دەدەن‌و دەستی پێ بۆ قەلەمی تۆمار كردن دەبەن دەبینین هۆیەكە هەمووی بۆ ئەو هەستە فراوانە دەچێتەوە كە لە ئەنجامی شارەزابوون‌و تێ‌گەیشتنی ڕۆژگاری كۆنەوە بۆی بە پیدا بووەو كوویەی دلی لێژرێژ كردووە ، ئیدی هەول دەدا بۆ ئەوەی سەر لە نوێ‌و بە پێی ڕوانین‌و تێ‌گەیشتن‌و لێكدانەوەی خۆیەوە وێنەی بۆ خەڵك بكێشێتەوە .. ئەگەر لەم نموونە حاڵی نەبووی كە دەڵێ مێژوونووس سۆزێكی بە هێزی لە ژوورەوەیەو دەیەوێ بۆ خەڵكی وەدەربێخێ ، فەرموو واز لەمە بێنە ، لەگەڵم وەرە بچین یادداشتی (جیبۆن)ت بیشان بدەم ، جا قۆڵو باسكی لێ‌هەڵكەو ئەو بەشەی لێ‌بخوێنەوە كە كتیبێ « **تێكچوون و ڕووخان** »ی بێ بڕاندۆتەوە .. كە بە ووردیت خوێندەوە مسۆگەرمە جارێكی‌تر «تێكچوون وڕووخان»ی بە بەرهەمێكی ووشك‌و بڕینگ دانانێی .

بڕا گیان ! ئەوەی دەرهەق مێژوومان‌گوت دەكرێ دەربارەی هەموو لقە (ووشك)ەكانی تریشی بڵێین .. بگرە فەرهەنگەكەی « جۆنسۆن »یش‌سۆزی تێدایە ، ئەگەر بێشم بڕوا ناكەی فەرموو دوا بەرەگەراقی بێشەكی‌یەكەی بخوێنەوە كە لە شوێنێك‌دادەڵێ :

« **ئەگەر دەبینن ئەم بەرهەمەی من زۆر شتی تێدا كەمە ، نابێ ئەوەتان لە بیر بچێ كە زۆر بەرهەمی تریش بەر لە بەرهەمی من وایان‌بەسەر هاتووە .. ڕەخنەگری دل پیس كە چاوی ئەدەكەوێ‌لێرە سەراپای زمانەكەمانم گرد ئەكردۆتەوەو لە كاریك‌اسەرئەكەوتووم كە تا ئێستا هیچ هێزی ئادەمیزاد بێ‌ئەگەیشتۆتە سەر ، لەوانەیە ئۆخەیەك لە خۆی بكات‌و دلی‌دابكەوێ** .. » بەم جۆرە پێدا دەچێ تا دەگاتە ئەوەی دەڵێ :« **وەدەرخستنی ئەم بەرهەمەم دوا خست تا ئەو هەمووكەسانە عەمری خوایان كرد كە زۆرم حەز دەكرد خۆشی‌بان‌بخەمە دڵ ، سەركەوتن و ژێركەوتنیش بەلای منەوەدەنگی بۆشو بەتاڵن : بۆیە هێندە گونم پێ‌ناچێ .. بە متمانەیەكی ساردو ئەختێ ترسی لۆمەو كزە نوێنێكی‌شوكرانەوە پێش كەشی دەكەم** .. » بەڵێ بە متمانەوە ، بەڵام قسەی خۆمان بێ متمانەكەی سارد نییە . تێكڕای ئەم بەرەگرافە كە لە بەخشانە هەرە باشەكانی ئینگلیزی‌یە سۆزێكی زۆر گەرمو گوڕی تێدایە ، ئەگەر بەووردی سەیری شت بكەین دەتوانین ئەم خەسیەتانە لەزۆر كتیبی وەكو : « سەرنجی سەرەتایی »ی سەمەر بدۆزینەوە ، بگرە دەتوانین لە هەموو ئەدەبی ... دەبەد بیدۆزینەوە ، هەر لە ئاگری دامركاوی « ئالتەكانی‌بۆب »وە تا بە گڕی داگیرساوی « سەرئینبرن » ڕادەتا .. بەم جۆرە ئەدەب‌و سۆز پێكەوە لكاون ، تا سۆز نەبێ ئەدەب پەیدا نابێ .

وایە هۆنراوە هەیەو بەخشانیش هەیە بەڵام ئەو دوو لقەی ئەدەب هیچ جیاوازی‌یەكی‌تیدا نیە ، چونكە دەشێ بەخشانیش‌ئاوازی تێدا بێ بەڵام ئەوەندە هەیە دەتوانین ئاوازی هۆنراوەهەنگاو بەهەنگاو لێك بكەینەوە كەچی لە بەخشان‌دا شتی وا سەرناگرێ ، كەواپوو جیاوازی‌یەكە ئەنیا لەشێوەی دارشتن دایە نەك ئەوەهەری شتەكان .

ئەوەندەش هەیە بە زۆری وادەبێ كە نووسەر بە تێكڕایی هەر بە خۆرسك هەوەستیان‌پتر بە هۆنراوە دێ‌و زۆریان لە قالبی‌خۆشە سۆزی هەناویان‌لە بۆتەی هۆنراوەدا دابڕێژن .. زۆریش وا ڕێك دەكەوێ كە ئەدەبی بەرز دەكەوێتە پێستی هۆنراوەوە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەخشانی جاك هێندە لە شیعری جاك نزیك دەبێتەوەو بیاو بە زەحمەت دەتوانێ لێكیان بكاتەوە . ئەگەر بەو جاوەوەسەیری هۆنراوە بكرێ كە لە لقەكانی دی سانا‌ترەو زووتر دەڕێتە خوێنی دەمارەكانی لەشەوە ، دیارە ئەدەب هەمووی‌دەبێتە هۆنراوە ، یا هەر هیچ نەبێ لە كەوهەرو چۆنیەتی‌دادەبێتە هۆنراوە .. ئەماشیا دەكەی (**هەرەشەو ئۆرەشە**)درۆو ساختەكانی (**ئەكۆلی**) تا ئێستاش هەر زیندوون‌و ماون .. بۆ ؟ چونكە بە هۆی سۆزی ڕاست‌و بە تەووزمەوە بوونەتەهۆنراوە ، كەچی (**كۆرانی‌یە كۆنەكانی ڕۆما**)ی بوونە بەردی‌بن تۆم چونكە سۆزی گەرمو گەشیان تێدا نەبوو . هەتازیاتر چەشەی ئەدەبیمان بكەشێتەوەو لە خەرەك بدرێ‌باشتر لەوە دەگەین كە دەربوونی كارێزی سۆزی‌دەروون دەبێتە هۆی ئەنینەوەو بەرەسەندنی ئەدەب .. جادەبێ هەردەم بە دوای ئەوەو خەسیەتەدا بگەڕێین‌و لە هەووشوێنێك‌دا دەست نیشانی بكەین چونكە یەكەم هۆیە بۆ پێك‌گەیشتن‌و خۆلێكدانی‌و یەكێتی ئەدەب‌و (هەمووهونەرەكان) .

بچراندنی شیرازەی ئەدەب‌ولێك هەڵوەشاندنەوەی لق‌و چلەكانی لە قۆناغی سەرەتای‌خوێندنەوەدا ئەك هەر كەلكی نی‌یەبگرە زیانیشی‌زۆرە، یەكەم‌جار تۆ ئەنیا هەوڵی ئەوە بدە ئەختێ سامانی ئەدەبی بۆ خۆت بێكەوە بنێی و هەر كاتێ

بڕوانە ل ٥

Institut kurde de Paris

ئەستێرەیەکی تریشتی کشا

رۆژ دەڕواو شەو دێ ، شەو دێ و کۆشتی ئەستێرە بە ئاسمانی سەر زەمینـــەوە وەردەکا ، ئەستێرە وەك کلێپ جریوە جریویانە ، بێدەبن و دەکوژێنەوە ، هەلدێن و ئاوا دەبن •• دەنیشن و هەلدەڕن ••• هەلدەتیرسێن و دادەمرکێنەوە ••• بەلام لە زێدە هەموو شەوان شەوی بێنج شـــەمی رابردوو ، لـــە زیاتر هەموو ئەستێران ئەستێرەیەکی کەش ، لە ناو هەموو جریان لە ئاسمانی ئەدەبی کوردیدا کشا هەر کشاو هەر کشا •• تا گەیشتە قووڵایی هەموو دڵێکی زیندووو نەبەردەوە ، چۆدی لێ هەستاندو شەباقە برینێکی هەورەی تێکردو ســـەری هەمیشەیی نایە هەناویەوە •••

هەفتەی رابردوو مەلا شەریف (محمـــد شریف عثمان) چۆوە هەقان و ئێمەی بەجێ هێشت لە تا هەقان ••• (مەلا شەریف)ی هێمن و ئاسك و زیرەك و بێفیز ، (مەلا شەریف)ی کڕو زیندوو و رووناکبیرو ئاســـۆ (مەلا شەریف)ی نووسەرو زمانزان و تێکۆشەری رێگای ووشەی پیرۆزی کوردی ، (مەلا شـــەریف)ی کوردو مرۆڤ ماڵاوایی لە قەلەم و (مێژووی) کوردوا مەرەکەب و دەستنووسە بەنازەکانی کردو بۆشـــایی یەکی دیاری خستە ئەدەب و زمان •

مامۆستا مەلا شەریف یەکێ بوو لە وانەی هەموو کەس بە چاکـــە ناویان دێنێ و بێیانەوە دەیەســـێ و شانازیان پێوە دەکا ، چونکە بە سووڕ بوون و ئەرك کێشان و ئارەق رشتن و شەونخوونی خۆیـــەوە ، توانی پێگەیەنێ و رێگەی راست و دروست پێشانی خەلکی تریش بدا •• نە خوێندنێکی بەرزی تـــەواو کردووەو نە لـــە هەندەرانیش گەورە بووە بەلام لەگـــەل ئەوەشدا بـــە زەبری زیرەکی و خۆماندووکردنی خۆیەوە توانی بێجگە لە زمانی کوردی و عەرەبی و فارسی و تورکـــی خۆی فێری ئینگلیزی و فەرەنگی یەکی باشیش بکا •••

مامۆستا مەلا شەریف بەرهەمی دەستنووسی زۆرە بەلام دەستکورتی ماوەی نەداوە لە دوو کتێبـــان بتر چاپ بکا •• ئەوە بوو پاش هەڵاتنی گەلاوێژی ١٩٥٨ و داڕمانی کۆشکی رزێزی پاشایەتی بۆگـــەن و دامەزرانی کۆماری عێراق لەسەر کۆڵەکەی پشتی کوردو عەرەبی براوە (مەلا شەریف)یش وەك بەشداری یەکی کوردانەو مرۆڤانەی بەجێ نامیلکەیەکی بە زمانی عارەبی دەربارەی برایەتی کوردو عەرەب چاپکرد •• و ساڵی ١٩٦٩ یش کتێبەکـــەی (تۆمابوا)ی کوردناسی بە ناوبانگی لـــە فەرەنگی یەوە کردە کوردی و ساڵی (١٩٧٢) بە یارمەتی (کۆڕی زانیاری کورد) بە چاپی گەیاند ••

(مەلا شەریف) ئێستا کۆمەڵە دەستنووسێکی هەیە کە هەیانە بەرهەمی خۆیەتی و هەشیانە بەرهەمی ئەتاوەکانی ترەو لە زمانە زیندووەکانی جیهـــانی کردۆتـــەتە کوردی و پێویستە دەزگاکانی رۆشنبیری بکەونە خۆیان و بەلایەنی کەمەوە لێژنەیەك پێك بێنن بۆ وەبـــەردەست خستنی ئەو دەستنووسانەو ساغ کردنەوەو دەست پێدا هێنانەوەو لە چاپ دانیان ، تا ئـــەم بەرهەمانەش وەك بەرهەمی هەزاران نووسەرو شاعری تری کورد زەفەوتێن و بێ گوم نەبن •••

بێ گومان مامۆستا مەلا شەریف هەر لـــە خزمو کەس و کارو خاو خێزان و منداڵەکانی خۆی نەچوو ، لە هەموو میللەتی عیراق چوو ، لە زمان و ئەدەب و رۆشنبیری کوردی چوو ، بۆیە پێویستە کە سەرخۆشیمان پێشکەش بدەماڵەکەی کرد لە بیرمان نەچێ تازیەکە تازیەی خۆمانەو تازیەی ووشەی کوردیە •

ئەدەب و ژیان

چەشەی ئەدەبی « پاشماوە »

بڕێکت لەو سۆزە دەلەشی گەڕا کـــە نووســـەرە گـــەورەکان دەیانەوێ پێتی رابگەیەنن و هەر کـــاتێ سۆزت دەربووو بـــەلی هاویشت و وای لێهات ناچارت بکـــا کـــە ڕێکی بخـــەیت و تاوتووی بکـــەیت و نـــاوی لێبنێیت ، ئەو حەلە ـ نـــەك پێشتر ، ها !! ـ دەست بـــە لێکۆڵینـــەوەی بەشـــەکانی ئەدەب و هاوێرکردنیان بکە ••

وایـــە نامیلکەی کیرفان و نامەی ئەدەبی شتی چاکن بیاو لـــە سەرەتاوە خۆیان پێـــوە خەریك بکا ، بەلام ئەگـــەر راستت دەوێ چی وایان تێـــدا نی یەو بیاو هەر بە ئەمای ئەوان لـــە خۆی بگەڕێ کەشـــکی لێدەبێتەوە فەریك ، بۆیـــە لەسەرتە لە سەرەتاوە بە دوای ڕبیروباوەڕی تایبەتی دا بگەڕێی و هەمووی بە قووڵی لەناو یـــەك موتوربە بکـــەی تا بیرێکی گشـــتیت بۆ یـــەیدا دەبێ ، پێشی ناوێ دڵت بخەیتـــە قرت و فرتەوە نـــە لـــە بارەی چەمك و مانـــەوەو ئەلـــەبارەی تیوری ئەدەبیشـــەوە ، بـــە ووردەیەکی ئاسنینەوە لێی بڕۆ پێش و برسی چۆن دەکەوێتـــە سەر نان ، ئاوا بکەوە ســـەر ئـــەدەب و لێوی پێـــوە نێ و هەڵیمژە • ئێستا لەوانەیە حەز بکەی لێم بپرسی : **ئەرێ لـــە کوێوە دەست پێ بکەم ؟** ئەگەر شتی وام لێ بپرسی وەکـــو ئەوەم دەکەویە بەرچاو کـــە کابرای برسی بێت و پێم بڵێ : لـــەوا ئەو نانەم لە بەرێیە ، ئەرێ لـــە کام لاوە قـــەپالی لێبدەم و پارووی لێ دروســـت بکەم ؟

کاکە ! ئەو شتانە لە مێشکی خۆت بێنە دەرێ ، هیچ گرنگ نی یە لـــە کوێوە دەست پێ بکەی ، کوێت خۆش هـــاتە بەرچاوو چیت بە جوانی بـــۆ دەرکەوت لەوێوە بۆی بڕۆ ، چۆنکە وەکـــو خۆت دەزانی ئەدەب ئەم لاو ئەولای نی یـــە

هۆنـــراوە کـــارتێ کردنی زانـــتـــە لـــەگـــەڵ « بـــوون » دا

لێکۆڵینەوەی ئەدەبی

ئەگەر بـــە ووردی سەرنج بدەینە ئەو بەهرەیەی کـــە سروشت بە شاعیری بەخشیوەلە دانانی هۆنراوەدا ، و بـــە قووڵی بچینـــە ناوەرۆکـــی مەسەلەکەوەو بنچینەی ئـــەو بەهرەیە لێك بدەینەوە کـــەدەست شاعیر ئەکـــەوێت لـــە رێکخستنی هۆنراوەدا • ئـــەوکاتە ئەوەمان بۆ روون ئەبێتەوە کە هۆنراوە با بەهرەیش بێت بەلام دروستکاریەکی لـــە خۆوەی شـــاعیر نی یە • وهۆنراوە شتێك نیە کە شاعیر سەربەخۆ لەو واقعەی کە لـــەدەرەوەی بیری مرۆڤدایە بـــە دەستی بهێنێت • واتە کـــردەیەکی نوتوماتیکی نی یە کـــە راستەو خۆو بێهۆیەك تەنیا بەخۆبینی شاعیر بـــە ســـەر شـــیعردا زمانێکی شـــیعری راستەقینە روو بدات • بەڵکو هۆنراوە دەستکەوتی کـــارتێ ـ کردنی ئاڵو گۆڕی نێـــوان زات و بوونە • بەواتا ئەنجامی ئەو کارتێکردنەیە کە هەمیشەو بەبەردەوامی لـــە ئێوان (بیر) و (بوون) دا هەیە • کـــە ئەمیش ئەنجامی ئـــەو پەیوەندی یـــەدیالیکتیکی یەیە کـــە هـــەموو دەرکەوتەکانی سروشتی پێکەوە بەستووە •• هەر لە سروشتەوە بۆ کۆمەڵ و بۆ بیریش •• یان هەر لە مادەی بێ گیانەوە بـــۆ گیـــاندارو گیـــانداری بیرکەرەوەیش • ئەمە لە کاتێکا کە ئـــەم هەموو دیاردانەیش تێکراو هەر یەکە بـــە دەوری خۆیان گاری لەوی تر ئەکـــەن و دەوریشیان هەیە لـــە گۆڕینی یەکتری دا •

واتە هۆنراوە لەگەڵ ئەوەی کە زادەی (بیر)ی شـــاعیرە ، بەلام رەنگدانەوەی (واقعە) لـــ بیـــری شاعیردا • کـــەواتـــە تێروانیـــن و بیرکردنـــەوەو سەرنجدانی شاعیرە لە دەرەوەی بیری خۆی بە پێی بۆچوونەـ کـــانی خۆی و وردبوونەوەی لێیان • و نەنەرچی زۆر جارنەو رەنگدانەوەیە وەکو خۆی وەرناگیرێ و تێکەڵ بە خـــەووخەیالیش ئەبێت ، بەلام لەگەڵ ئەوەیشدا ئەمە بـــە خەیالێکی رووتی شـــاعیر نازمێردرێت • چونکە بیری شـــاعیریش وەك هـــەموو بیرکەرەوەیـــەکی تر ناوێنـــەی سروشتەو کامێرای بەردەم واقعە • و هەمیشەیش بە پێی باری سەرنجی خـــۆی وئەنەی ئـــەو واقعـــە ئەگرێت و تصوراتیان لێ ئەکات •

ئەگـــەر هۆنراوە بەرهەمی بیری شاعیربێت ، ئـــەوا ئابێ ئەوەیش بیر ببەینەوە کە (بیر) ئەك هـــەر ئەنجامی گۆڕان و بێشکەوتنی شێوەیەکی بـــەرزەلە (واقع) ، بەڵکو وەك ووتمان رەنگدانـــەوەی واقـــعیشە • کەواتە لێرەدا ئـــەوەمان بـــۆ دەرئەکەوێ کە ئەو کارتێکردنە ئاڵو گۆڕەی لە ئێوان بیـــرو واقعدا هەیە بیری شاعیریش ئەگرێتەوەو لێی دوورنی یە •

ئایا ئەتوانین بڵێین بیـــری مرۆڤ بـــە گشتی ئەنجـــامی بێشکەوتنی چەشنێکە لە واقع ، بیری شاعیریش بـــە تایبەتی ئەنجـــامی بێشـــکەوتنی چەشنێکی تراە لـــە واقـــع ؟ بێ گومان نە •

کەواتە سەرچاوەی هـــەموو بیرێکی شاعیریش لـــە زانین و تێگەیشتنی بوونەوەو لـــەو کارتێکردنەدایە کە لـــە نێوان دیاردەکانی بوون و چەشـــنی تێگـــەیشتن و بیرکردنـــەوەو تێروانینی شاعیر دایە لێیان •

(زانین رەنگدانـــەوەیەکی کاریگەرو نیشان کـــردە لـــە جیهانی مادی و یاساکانی دا لـــەژیری مرۆڤدا ، و سەرچاوەی زانینیش جیهـــانی دەرەوەی دەورو بەری مرۆڤە ، کـــە ئەویش کار لە مرۆڤ ئەکـــات و هەستو تصورات و تێگەیشتنی پێ پەیدائـــەکـــات • مرۆڤ دارستان و کێڵگەو شاخ ئەبینێ ، رووبارو رووی ئەرمایی و رووناکی خۆر ئەبێتەوە ، دەنگی پەلەوەر ئەبیستێ و بۆنی عەتـــری گوڵ ئەکات • و ئەنەر ئـــەم شتانەی کـــە لـــە دەرەوەی هۆشـــمەندی هـــرۆڤدا هەیە ، کاری تێ ئەکەن ، ئـــەوا

بڕوانە ل ـ٨ـ

بۆ هەموو ئەوانەی ئاگاداریەکیان هەیە

لە یادگاری لاوانی ١٩٣٣دا شیعرك بە ناوونیشانی « کۆزانی بۆ « ش » » ، (لەبیرت نەچم) بڵاو کراوەتەوە ، چوارینەی یەکەمی ئەمەیە :

ئەو لاوزارا ، لە سەرچاوەی بەهارا
لە چیەندا لە بن سایەی چنارا
لە ئولشەندا لەتەل نالەی هوزارا
ئەرامۆشم ئەکەی ، من گیرەوەی تۆزم

مامۆستا نجم الدین مەلا لە دەستنووسیکیا لـــەلای مامۆستا کۆزانە ، بەلام لـــە یادگاری لاوانەکـــەدا ئەدراوەتە پال کەس •

تکا لە هەموو ئەو برادەرانە ئەکەم لەبارەی ئەم شیعرەو بابەتە بێ ئیمزاکانی تری (یادگاری لاوان) و (دیاریی لاوان)ەوە شتێك ئـــەزانن ، بـــەهۆی ئـــەم رۆژنامەیەوە ئاگـــادارمان بکەن ، زۆریان ســـوپاس ئەکەین •

بەم بۆنەیەوە پێشنیار بۆ هەموو ئاگاداران ئەکەم کـــە لەبارەی وتارو شـــیعرە بێ ئیمزاکانی تێکـــای رۆژنامەو گۆڤارەکانمانەوە شتێکی راستیان لایە ، بڵاوی کەنەوە ، چونکە ئەوە بۆ لێکدانەوەی مێژووی ئـــەدەبی ئەتەوەکەمان شتێکی ئیجگار پێویستو بەبایەخە •

ـ هاوکاری ـ

هـــەمووی یـــەك پارچـــەیەو لێك ناترازێ ، ئەنیـــا شتێکت لەبەر چاو بێ ، لە بیرت نەچێ کەبە خوێندنەوەو لێ کۆڵینەوەی بەرهەمی کلاسی پـــەنـــدەوە دەست پێ بکەی ، لە سەرەتاوە خۆت لەبەرهەمی نوێ لابدە •• بەلام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە تۆ لەسەر حیسابی کۆن خـــرا بڕوانیتە شتی نوێ • ئـــەو راستی یەشت لـــە بیر نەچێ ، ئەگەر دەتەوێ لە ئەنجامدا بیی بە خاوەن چەشەیەکی فراوان و گشتی نەکەی بڕوا بەوە بکەی کە گوایـــە هیچ بەرهەمی نوێ خۆی پێ لەبەر بەرهەمی کلاسی راناگیرێ ، چونکە پڕوپاگەندەی وا زۆرەو لـــە هـــەموو سەردەمێك دا هەندێ کەسی وا هـــەن کـــە بەدەم هەناسەی سارد ەوە دەڵێن :

« **ئای ! های ! بەخوا بـــرا پێش بەنجـــا ســـال ناقەم نووسەرێکی باشمان هـــەبوو ، بـــەلام ســـەد ئاخ هەموویان مردوون و هیچ گەنجی واشمان نی یە جێی چاوانیان تێدا بڕو تڕیان رابدێنرێ تەکانێك بدەن و ئـــەو جێگـــە چۆلانـــە پـــڕ بکەنەوە •• » بەراستی ئـــەم قسانە قسەی پووچ و نیشانەی ناتێگەیشتی خاوەنەکەکانن •• من گومانم لەوە دانی یە کە لـــە دوارۆژیش بیاوی وامان تێـــدا هەڵدەکەوێ کە خۆیان کـــزو کوێر بکەن و لچ داپێلن و بـــە ئاخ و ئۆفەوە بڵێن : « وای ! هیمزە ! کەسەرنگی گەورەیە ! لـــە سەرەتای ئەم سەدەیەدا گەلێ شاعیری گەورەی وەکـــو « سوئنبرن و مردث و فرانسس و تومـــــــون پێیس » و زۆر رومان نووسی زەلامی وەکـــو (هاردی و کۆنراد) و تـــەڵ مێژوونووسی مەزنی وەکـــو (ستبس و متلاند)مان هەبوو ، بەلام ئێستا هەموویان بارەیان لێك ناوەو کۆچیان کـــردووە و کەسمان نی یـــە جێیان پـــڕ بکاتەوە •• »**

ئەگەر راستت دەوێ ئێمـــە ناتوانین هیچ ئەوە ـ جیل ـ ئك کت و مت وەکو خۆی بەدی بکەین تا ئەو ئەوەیە ئەکەوێتە ناو مێژووەوەو هەموو گومان و دڕدۆنگەیەکی لێ دانەوەشێن •• خـــۆ وایـــە ئەندازەی بەرهەمی ئـــەدەبی لـــە سەردەمێکەوە دەگۆڕێ تا سەردەمێکی تر بەلام وەنەبێ جیاوازەکە هێنـــدە زۆر بێ ، گومانی لێ ناگرێ کـــە ئەوەی ئێستامان کارنگی زۆر دەکاتە سەر ئەوەی داهاتوو ، بۆیە هوشیار بە ! ئەکەی بـــە چاوێکی کەم سەیری بەرهەمی نوێی ئەم سەردەمەمان بکەی و بیشکێنی ، چونکە ئەدەبی چاك بە تۆ ناشکێ و وەکو ئەوە وایت بەرد بەسەری خۆت دابدەی تا بەردەکە بشکێنی •• ئەگـــەر ئێستاش لە سەرەتاوە خۆت لە ئەدەبی نوێ دوور بخەیتەوە تا بناغەیەکی پتەو بە کۆنکریتی کلاسی بـــۆ خۆت دادەڕێژی ، دەبێ ئەوەت هەر لە بیر بێ کە ئەم قرشەیە بـــە قـــەد هەر قرشەیـــەکی تری واوە ئەنمی تێدایە ••

رەنگە ئێســـتا مەرەقت بێ بزانی بۆچی پێت دەڵێم لـــە سەرەتاوە خۆت لە بەرهـــەمی نوێ مەدە ، دەزانی بۆ ؟ با پێت بڵێم ، چونکە تۆ هێشتا کاڵو خۆ بوون بڕبڕەی پشتی پێك نەگەیشتووی بتوانی شتی چاك لـــە نـــاو بەرهـــەمی نوێ بدۆزێتـــەوەو وەدیاری بێخی هیچ کەسی وەکو تۆش ناکاتە نـــەو رادەیە بتوانی بـــە هەلسەنگاندنو شی کردنـــەوە شتێکی باش لـــە ناو بەرهەمی نوێدا هـــەڵبژێری ، چونکـــە شەنەباکردنی هوورەو لێـــك داپراندنی ڕەندەی کاو رەوسەی گەنم کاتێکی زۆری دەوێ ••

بـــەرهـــەمی نوێش دەبێ پەردەی چەشەی زۆر ئەوە ببڕێ تـــا مشـــتو مال دەبێو بڵاو دەبێتەوە ، کەچی بەرهـــەمی کـــلاسی تەواو پێچەوانـــەی ئەمەیە چونکە گەشتێکی دووری کردووەو ئەم هەموو پەردانەی بڕیوەو بە ساغو سەلامەتی لـــە مەنجەڵ دەرچووە ••

کـــاکی خوێنـــەر ! دەبێ (چەشـــەی ئەدەبی)ی تۆش پەردە بە پەردە بەرهەمی کلاسی ببڕێو پاکژ بێتەوە ، ئەگـــەر چەشەت لەگـــەڵ بەرهەمێکی کلاسی نەبزووت ، دڵنیا بە تۆ بـــە هەڵەدا چـــووی نـــەك بەرهەمەکە ، بەلام ئەگەر لەگەڵ بەرهەمێکی نوێدا نەگـــەیشتنە یەك بۆی هەیە تۆ لەسەر راست بیت و بۆیشی هەیە بە سەهوو چوو بیت ، کەسی واش دەست واکەوێ زوو بڕیارەکە دەربکـــا کـــە تۆ راستی یا بەرهەمـــە نوێیەکە ، چونکە (چەشـــەی ئەدەبی)ت هێشتا نەگەیبیوەو ئەیەوێ لـــە خـــەڕەك بدرێو لووس و پووس بکرێ ، پێۆیستی بە متمانە هەیە •• متمانە بە وا چاکە لە سەرەتاوە خوو ئەدەبێتـــە ئەنیـــا یەك تاکە نووسەری کلاسی یەوە چونکە ئەگـــەر وا بکـــەی چەشەی ئەدەبیت لـــە ستووری نـــەو نووسەرە یا ئەو بەرهەمە زێتر ناڕوا ، دووبارە بڵێم چەشەیەکی وات بۆ پەیدا ئابێ بۆی بکوترێ چەشەی ئەدەبی •

ئێستا با بێینە سەر ئـــەوە ئاخۆ نووسەرێکی تازە هەڵ بووی وەك تۆ چۆن بکـــاتە ڕزگاری شەیدا بووانی ئەدەب و بایـــەخ بێدانی ؟ بێ گومان بەوە دەبێ کە لـــە سەرەتاوە هـــەر شتێکت خوێنـــدەوەو بـــە ووردی بیخوێنیتەوەو هەوڵ بدەی تێی بگەی و لە ناویا بتاوێیەوە ، • ئەمەش بڕوا بـــە خۆبوونێکی چـــاکی دەوێ ، وەك ئەوەی بڵێی :

« **لە کابرایـــەکی راستگۆم بیستووە دەڵێ ئەم بەرهـــەمە شتێکی پوختەو جوانـــەو لێی دێ خۆشیم پێ بدا ، بۆیە دەبێ خۆشی لێهەروەربگرم •• »**

بڕوا بـــە خۆبوون دەورێکی زۆر گـــەورەی هـــەیە لـــە گەشەپێدانی چەشەی ئـــەدەبی کە کەرەستەو ئامرازێکە بـــۆ مسۆگەرکـــردنی خۆشـــی و سوودێکی بەردەوام •• بـــەلام ئاگادار بە ! بڕوا بە خۆبوون هەر قسەی زار نی یە ، بڕوا بە خۆبوون دەبێ لـــە ناخـــەوە هەڵقوڵابێ و هێنده گەرمو بە تین و بتەو بێ هیـــچ تانـــەو تەشەرێك کاری تێ نەکا •••

بڕوانە ل ١١

روبرت فروست

شـــاعـــیری فـــەلـــلاح

شاعیری ئەمەریکایی ڕۆبرت فرۆست یەکێکە لـــەو شاعیرە کەمانەی سەدەی بیستەم کە جووتیاریان کردووە بە پیشەی ڕاستەقینەی خۆیان • سەرچاوەی ژیـــانی فرۆستو منداڵەکانی بریتی بوو لـــە دێیەکەی لـــە « نیو ئەنگلاند » • بۆیەش شیعرەکانی شۆڕشـــێك بوون بەرابەر بەو ڕۆمانتیکییەتەی لەوەوپێش لە ئەماشا کردنی سروشتدا ماو بوو ، چونکە زۆر زەحمەتە جووتیار کـــە هەموو ڕۆژی بە چاوی خۆی ئەبینێ سروشـــت چۆن کەرانە لەگەڵی ئەجووڵێتەوەو کاری بێ مەعنای لەگـــەڵ ئەکاو گەڵێجار کشتوکاڵەکەی لێ تێك ئەدا لەگـــەڵ ئەوەشدا بە ڕۆمانتیکی بمێنێتەوە • هەر بۆیەش وشەکانی شیعری وشـــەی واقیعی و بەکارهاتووی ڕۆژانە بوونو هەموو جووتیارێك هەمیشە بەکاری ئەهێنـــانو دوورو پێکانەو نامۆ نەبوون لـــە بیرو زمانی •• درەختو ، ئاژڵو ، ئەستێرەو ، بەفرو ، جالجاڵۆکەو ، بەهارو ، گەڵای دارو •• ئەمانە بوون • شاعیر دەبڵێ ئیح ئۆدن جارێکیان لەبارەی شیعری فرۆستەوە وتوویە : فرۆست بایەخ بە کاروباری سروشت ئەدا ، ئەك وەك کەرەستەی بەرچاو خستن یا بۆ بیرکردنەوەیەکی میتافیزیکی یا وەك سەرەتای خەیاڵ کردنەوە ، بەڵکـــو وەك شتێرەکێکی بەکارهێنانی ڕۆژانەو لەپێناوی توانای ژیانی خۆیدا •

فرۆست یەکێکە لەوانای کاریان کردووەتە شیعری شاعیرە تازە پێگەیشتووەکانی سەدەی بیستەم • کاری ئەم زۆرتر بووە لەو شاعیرانەی کـــە زاراوەی دوورو نەفامراو بەکاردێنن و کەس لێیان حاڵی نابێ •• هیـــچ فێری شاعیری تازە هەڵچوو ناکەن لاســـایی کردنەوەی خۆیان نەبێ • بەلام لە شیعری فرۆستدا مەســـەلەکە وانییە •• شاعیری تازە هەڵچوو لە ڕێگای فرۆســـتەوە دەنگی خۆی ئەدۆزێتەوە بێ ئـــەوەی لاسایی ئـــەوەی کردبێتەوە •

مەرگی فرۆست لە ١٩٦٣دا بوو بەهۆی ئەوە کـــە دۆستانی شیعری بێبەش بن لە زیاتر لە شیعری کـــە مەعنای لە وشەی زۆرترە • شیعری فرۆست بڕە لـــە گاڵتەی تراجیدیایی و لە پەیوەندی نێوان شاعیرو لادێ ، ئەو لادێیەی کـــە خۆشی ویستووەو لەشیعردا بەکاری ـ هێناوەو لێی دواوە بۆ خۆیشی و بۆ ئێمەش ••

فرۆست لە پارچە شیعرێکیشیا بە ناوونیشانی « بەلەوەرێکی بێ بایەخ » ئەڵێ :

خۆزگە چۆلەکە ئەفڕی •• دوور ئەکەوتەوە
ڕۆژ تا ئێوارە لە نزیکی ماڵی ئێمەوە ئەیئەجریواند
کە لەتواناما نەما لەوە زیاتر گوێی بۆ شل کەم ،
لە دەرگاکەوە چەپڵەیەکم بۆ لێدا ، [illegible] ••

ژمارە (٣١٦) ١٩٧٦/٦/٦

Institut Kurde de Paris

سەرکردایەتی قوتری حزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب سڵاو لە کۆنگرەی حزبی شیوعی ئەکا

سەرکردایەتی قوتری حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب سلاوی لە کونگرەی حزبی کومونیستی عیراقی کرد کە ئیستا لە بەغدا کۆبونەتەوە.

سەرکردایەتی قوتری حزبی سەرکردە رۆژی سێ شەممەی رابوردو بروسکەیەکی بۆ کۆنگرەکە ناردوەو بایەخی بەو دەورە گرنگەی بەردی نیشتمانی و نەتەوایەتی داوە لە بواری هەمو روکارەکانی ژیانی گەلی عیراقدا.

ئەمەش دەقی بروسکەکەیە:

هەڤالانی ئەندامی کۆنگرەی حزبی کومونیستی عیراقی کاتی ئەم کونگرەیەتان بە هەل ئەزانم بۆ ئاراستەکردنی سڵاوو ریزگرتنی سەرکردایەتی قوتری حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەبتان پێ ڕابگەیەنن، وە داوا ئەکەین ئەم کونگرەیەتان سەرکەوتو بێ بۆ ئەوەی بتوانێ چارەسەری هەمو ئەو پێویستیانە بکات کە لە بەرنامەی کاریا دانراوە.

هەڤالینە.. لە کاتێکدا کە بایەخ بەو دەورە گرنگەی بەرەی نیشتمانی و نەتەوایەتی پیشکەوتنخواز ئەدەین لە هەمو روکارەکانی ژیانی گەلەتێکۆشەرەکەمانا لە گەل ئەرکی نیشتمانی و نەتەوایەتی و سوشیالیستیانەدا بکونجێ کە کەوتۆتە ئەستۆی رۆلەکانی گەل و نەتەوەکەمان لەم قوناغە ناسکەدا.. باوەڕمان بەوەهەیە کە کونگرەی حزبەکەتان لە ناخی گیانێکی خاوێنی سوربون لەسەر بەهێز کردنی رێبازی خەباتگێڕانەی شورشە نەتەوایەتی و سوشیالیستیە کەمانا هەل ئەقوڵێ و بنکەی بشتگرتنی کارکردنی نیشتمانی یەکگرتوە کە چەند ساڵە بەدریژی ساڵانی خەبات یەکانگیر بوەو بەتایبەتی لەدوای شۆرشی ١٧-٣٠ی تەموزی نەتەوایەتی و سوشیالیستی یەوە.

جارێکی تر سڵاوتان لێ ئەکەینەوە ئەی ئەو هەڤالانەی باوەڕتان بە دلسۆزیمان هەیە کە ئەمانەوێ کونگرە کەتان لە بواری هەمو کاروبارێکی نیشتمانی و نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتیدا سەرکەوتو بێ.

سەرکردایەتی قوتری
حزبی بەعسی سوشیالیستی
عەرەب
ئا.د.ع

دوری بایەخ دانی سەرکردایەتی سیاسی بە بەرەپێدانی پەیوەندیەکانی عیراق و ئەلمانیای دیموکراتی ئەسەلمێنێ

مامۆستا عزة الدوری ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش و وەزیری دەرەوە سەرلەبەیانی رۆژی سێشەممەی رابوردو لە نیشتەجێی تایبەتی خۆی چاوی بە بەرێز ار نغرید شتیکر وەزیری ئەلەکتریك و ئەلەکترونی کۆماری ئەلمانیای دیموکرات و وەفدەکەیان کەوتوە.

بەریز عزة الدوری پێخۆشحالی خۆی بەرامبەر بەهاتنی وەفدی ناوبراو دەربڕیوەو وتویتی: سەرکردایەتی سیاسی حزبو شورش گەلێك بایەخ بەپەیوەندی نێوان هەردو وڵات ئەدات.

وەوتی سەردانەکەی مامۆستا صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش بۆ ئەلمانیای دیموکرات لە مانگی ئاباری ١٩٧٥دا بناغەی پەیوەندی یەکی هاریکاری دوقۆلی لەنێوان هەردو وڵاتدا لەهەمو بوارێکدا دانا.

نەخشەی گەشەکردنی وڵاتەکەمان پێویستی بە هاریکاری زیاتری نێوان وەزارەتی ناوخۆی هەردولا هەیە، بۆ ئەوەی گەلی هەردو لامان سود لەو پەیوەندیە دوستانەیە وەر بگرن.

بەریز شتیکر لە وەلامدا وتی: سوپاسی ئەو دلنەوازی و پێشوازیە پڕ لە دلسۆزیەتان ئەکەم کە بەرامبەر بە ئێمە نواندتان.. وە وتی سەردانی لێ پرسراوانی هەردولا ئەبێتە هۆی هاریکاری دۆستانەی نێوان هەردولا.

لە ماوەی چاو پێکەوتنەکەدا باسی ئەوە کراوە کە چۆن سود لە تاقی کردنەوەو شارەزایی ئەلەمانیای دیموکرات وەر بگرن لە بارەی دامەزراندنی پەیمانگایەکی تاوان شوناسی لە شاری بەغداو دانانی تازە ترین ئامێرو کەرسە تیایا. وە سود وەر گرتن لە ماشینی ئەلەکترونی لە بواری بەرهەم هێنانی کشتوکاڵ دا.

وە لەم چاو پێکەوتنەدا جێ گری وەزارەتی ناوخۆ بۆ کاروباری گشتی و بالویزی کۆماری ئەلمانیای دیموکرات لە بەغدا ئامادە بون.

●

کۆبونەوەی وەزیرانی نەوتی وڵاتە عەرەبەکان لە بەغدا

سەر لە بەیانی رۆژی دوشەممەی رابردوو کۆبونەوەی شازدەمینی رێکخراوی وڵاتەعەرەبیەکانی خاوەن نەوت (ئەوابك) لە بەغدا دەستی پێکردو دوو رۆژی خایاند. کۆبونەوەی یەکەم کە بەسەرۆکایەتی مامۆستا تایە عبدالکریم وەزیری نەوت بوودەستی پێکردو لەم کۆبونەوەیەدا وەزیری نەوتی لیبیا و کۆماری عەرەبی میسرو کوێتو بەحرێنو قەتەر ئامادەبون.

لەسەرەتاوە مامۆستا تایە بەخێرهاتنێکی گەرمی لە ئەندامانی وەفدە عەرەبیەکان کردو لە وتارێکدا وتی: هیوای سەرکەوتنی ئەم کۆنگرەیە ئەخوازمو دلنیام ئەبێتە هاندەرێك بۆ پتەوکردنی پەیوەندی نیوانمانو یەکخستنی ریزەکانمان بۆ بەرەکانێی ئیمپریالیستو زایۆنیزم.

سەر لە بەیانی رۆژی سێشەممەی رابردوو بەڕێز (شیخ عبدالعزیز بن خلیفه بن احمد آل ثانی) وەزیری نەوتی قەتەر پە سەرۆکایەتی وەفدی قەتەر گەیشتە بەغداو مامۆستا تایە عبدالکریم وەزیری نەوتو دکتور فاضل الچلبی جێگری وەزیری نەوت چووبونە پێشوازی کردنی لەفڕۆکەخانەی بەغدا.

ئەمەو.. ئەنجوومەنی وەزاری رێکخراوە کە ئێوارەی رۆژی دووشەممەی رابردوو لە هۆلی ئوتێلی بەغدا دوو کۆبونەوەی کردو تیایاندا باسی کیروکوتی وڵاتانی عەرەبی خاوەن نەوت (ئەوابك) و چۆنێتی چارەسەرکردنی کرا.

وەزارەتی کشت و کاڵ و چارەسەرکردنی کشت و کاڵ بڕیاری داپرۆژەی شارەزور بکرێ بە پرۆژەیەکی نمونەیی کشت و کاڵ

سەرچاوەیەکی لێپرسراو لە وەزارەتی کشتوکاڵ و چارەسەر کردنی کشتوکاڵ بە پەیامنێری هاوکاری وتووە کە:

دکتور حسن فەهمی جمعە وەزیری کشتوکاڵ فەرمانی بە هەمو لێپرسراوانی پروژەی شارەزور داوە کە پێویستە زورتر هەول بدەن و خۆیان ماندوتر بکەن بۆ ئەوەی رواڵەتی پرۆژەکە بگوڕدرێ و ببێتە پرۆژەیەکی نمونەیی کشتوکاڵ، وە بە پێی ئەو ئامۆژگاریانەی کە وەزیری ناوبراو داویە بە کومەڵی گشتی پرۆژە کشتوکاڵیەکان لە ماوەی سەردانەکەی ئەم دوایەیدا کە چو بو بۆ سلیمانی بەو پێیە ئەخشەیەکی تەواو بۆ پرۆژەکە دانراوە.

ئەم پرۆژەیە یەکێکە لە پرۆژە گرنگەکانی ناوچەی ئوتونومی، ئیستا ئیش و کاری پرۆژەکە بە باشی بەرێوە ئەچێ، لەگەل ئەوەش دا کە بارو زەمینەی رابوردوی پروژەکە ئالەبار بوو، وە زیاتر لە چوار جار بەفری بەسەردا باری و هەمو زەویەکانی کرد بە ژێرەوە.

ئەو ئیش و کارە گرنگانەی کە لەم ماوەیەدا لە پروژەکەدا ئەواو بووە ئەمانەیە: کوت کردنە ناو ئەو زەویانەوە کە بۆ چەنەوەری شەکر دانراون کە ئەویش ٢٠٠٠ دونم ئەبێ کە سەد تەن کوتی سوبر فوسفات و حەفتا تەن سلفاتی لامونیای تێ کراوە.. وە نزیکەی ١٢ هەزار ئەمامی تیا نێژراوە لە شوێنە جۆربەجۆربە جۆرەکانی پرۆژەکەدا بۆ هەوا گێڕانەوە، وە هەزار ئەمامی هەلوژەشی تیا نیژراوە جگە لەوەی کە ٢١ دونم کراوە بە باخو ٢٢٫٥ دونم کراوە بە رەز.

لە رۆژی ٨-٣-١٩٧٦ەوە دەست کراوە بە چاندنی چەنەوەری شەکر و زەوی زار چاك کردن بۆی لە کێڵگەی شانەدەری، وە بەشی کاروباری کشتوکاڵ لە پرۆژەکەدا دەستی کردوە بە چاك کردنی تەلانو پاك کردنەوەی جۆگاکانو ئەمام ناشتنو هەڵپاچینیان.

وە لە وەرزی ئەمساڵدا ١٣٣٤٨ دونم گەنمو ١٥٠٠ دونم جۆو ٥٠٠ دونم پاقلە چێنراوە وە جێگای گەنمەکە کوتی یوریاو سلفات الامونیومی تێ کراوە.

وە بڕیار دراوە کە قەسابخانەیەکی بچکولانە بۆ ناردنی بەروبومی گوشتی بەستەڵەك بە ئەندازەی پێویستی ناوچەکە بکرێتەوە لە گەل کردنەوەی دو قاوش بۆ مریشکی گۆشت بەخێو کردن کە هەریەکەیان پینج هەزار مریشکی تیا بەخێو بکرێ لە هەریەکە لە کێڵگەکانی دەوڵەتداو کۆمەڵە هاوبەشیەکان وە دەستیان کردوە بەکردنەوەی حەوت خانوبەرە بۆ بەخێو کردنی بەلەوەری هەرەوەز کاریەکان کە شەش هەزار مریشکیان تیا بەخێو بکرێ.

لیژنەیەکی کومیانیای گشتی شیرەمەنی چوە بۆ سەردانی پرۆژەکەو سەرنجی زوربەی لادێکانی داوەو بە ناوچەکانی دەوروبەری پرۆژەکەدا گەڕاون وە ئەومیان سەلماندوە کە پێویستە مەلبەندێکی کۆکردنەوەی شیرەمەنی تیا بکرێتەوە بەو مەرجەی لە ناحیەی شارەزوردا بێ چونکە ئەو شوێنە بە رێگای هاتوچۆی هەمو ناوچەکانەوە بەستراوە وە ئەتوانرێ رەگەزی مانگا ناوچەیەکان بگۆڕدرێ بەشیردار کە بەرو بومی شیریان زۆر ترە.

وە هەروەها ٧٠٪ی خانو بەرەی سامانی ئاژەڵی هەرەوەزکاریەکان تەواو بوە، وە ئیستە خەریکی کردنەوەی ٢٠ خانوبەرەن بۆ کرێکاران و ١٠ خانوی تریش بۆ ئەرمانبەرەکانو دایەرەیەکی ١٠ ژوری وسێ گەلەخان بۆ مەڕو ماڵاتو دەزگایەکی میکانیکیو مەخزەنێکی دانەوێنە

بڕوانە ل - ٧

دەزگایەکی نوی بە پەیوەندی یەکێتی لاوان لە دهوك

رۆژی دووشەممەی رابردوو یەکی سازکردووە کە زیاتر لە دەزگایەکی بەڕێوەبەرایەتی نوێ بۆ یەکێتی گشتی لاوانی عیراق لە دهۆك پێك هێنراو لە کۆبونەوەیەکی فراواندا باسی رێبازو قۆناخی تازەی یەکێتی کراوە لەسەروی هەموویانەوە دامەزراندنی مەلبەندێکی قەڵاچۆکردنی نەخوێندەواری و چۆنێتی بەرز کردنەوەی رادەی رۆشنبیری لەناو جەماوەردا.

هەروەها یەکێتی ناوخۆیی کۆمەڵەی جوتیاران کۆبونەوەی بەهاتنی وەفدی ناوبراو دەربڕیوەو وتویتی: سەرکردایەتی سیاسی حزبو شورش گەلێك بایەخ بەپەیوەندی نێوان هەردو وڵات ئەدات.

وەوتی سەردانەکەی مامۆستا صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش بۆ ئەلمانیای دیموکرات لە مانگی ئاباری ١٩٧٥دا بناغەی پەیوەندی یەکی هاریکاری دوقۆلی لەنێوان هەردو وڵاتدا لەهەمو بوارێکدا دانا.

نەخشەی گەشەکردنی وڵاتەکەمان پێویستی بە هاریکاری زیاتری نێوان وەزارەتی ناوخۆی هەردولا هەیە، بۆ ئەوەی گەلی هەردو لامان سود لەو پەیوەندیە دوستانەیە وەر بگرن.

بەریز شتیکر لە وەلامدا وتی: سوپاسی ئەو دلنەوازی و پێشوازیە پڕ لە دلسۆزیەتان ئەکەم کە بەرامبەر بە ئێمە نواندتان.. وە وتی سەردانی لێ پرسراوانی هەردولا ئەبێتە هۆی هاریکاری دۆستانەی نێوان هەردولا.

لە ماوەی چاو پێکەوتنەکەدا باسی ئەوە کراوە کە چۆن سود لە تاقی کردنەوەو شارەزایی ئەلەمانیای دیموکرات وەر بگرن لە بارەی دامەزراندنی پەیمانگایەکی تاوان شوناسی لە شاری بەغداو دانانی تازە ترین ئامێرو کەرسە تیایا. وە سود وەر گرتن لە ماشینی ئەلەکترونی لە بواری بەرهەم هێنانی کشتوکاڵ دا.

وە لەم چاو پێکەوتنەدا جێ گری وەزارەتی ناوخۆ بۆ کاروباری گشتی و بالویزی کۆماری ئەلمانیای دیموکرات لە بەغدا ئامادە بون.

• سوپاس •

بەهۆی کۆچی دوایی زانای گەورەو رابەری مەزن «ئەسعەد مەحوی» یەوە... بەدڵ سوپاسی ئەو زاتانە دەکەین.. کە ئەرك و زەحمەت یان کێشا... لە سپاردە کردنی تەرم و پرسەی خوا لێ خۆش بوودا... یان بە بروسکەو نامەی تایبەتی سەر خۆشی یان لە بنەماڵەی «مەحوی» کردوە...

ئومێدە وارین لە یەزدانی مەزن... هەموو لایەك خوا سەبووری بدات... وکۆسپی کۆسپی جەرگ بڕی وەهاو خەمو پەژارە روو لە کەس نەنێت... ئیتر دوو بارە سوپاس بۆ هەموو لایەك.

عەزیز خالد مەحوی شێخ محمد مەحوی عثمان ئەسعەد مەحوی علی ئەسعەد مەحوی.

لەمانگی داهاتودا کارگەی شەکری سلێمانی ئەکرێتەوە

لە سەرەتای مانگی حوزیرانی داهاتوا مامۆستا طه الجزراوی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش و وەزیری پیشەسازی و کانەکان پرۆژەی کارگەی شەکری سلیمانی ئەکاتەوەکە ١٥ ملیۆن و ٤٥٠ هەزار دیناری تێ چوە.

لەم دواییەدا دوای ئەوەی ئامێرەکانیان بەست دەستکرا بەتاقی کردنەوەی.. وە رۆژی ١٥ی ئەم مانگە دانرا کە چەوەنەری بۆ وەربگیرێ. ئەم پرۆژەیە سالی ٨٠ هەزار تەن شەکر دروست ئەکات وە پشت بەو چەوەنەری شەکرە ئەبەستێ کە لە کێڵگەکانی کارگەکەو ئەم لاو ئەولادا ئەچێندرێ، جگە لەو شەکرە خاوەی کە لە دەرەوە ئەهێنرێ لە کارگەکەدا ئەهاورێو ئەکرێ بە شەکر.

وە بڕیاریان دا کە کۆبونەوەی داهاتوی ئەنجومەن لە سەرەتای مانگی حوزیرانی داهاتودا بێ.

کۆبونەوەی ئەنجومەنی یاسادانی ناوچەی ئوتونومی

رۆژی دو شەممەی رابوردو ئەنجومەنی یاسا دانانی ناوچەی ئوتونومی بە سەرەکایەتی مامۆستا بکر محمود الپشدری سەرۆکی ئەنجومەن کۆبونەتەوە..

لە سەرەتای کۆبونەوەکەدا هەندێك لەو ئەندامە تازانەی کە چونەتە ناو ئەنجومەنەکەوە سویندی یاساییان خواردوە وەکو پەرێزان ئەندامانی ئەنجومەنی یاسا دانانی نوێی.

دوای ئەوە ئەنجومەن رونوسی کۆبونەوەی رابوردوی نیمزا کرد، گوێی لە راپورتی ئەمیندارێتی گشتی بەرێوە بردنی شارەوانی و هاوینە هەوارەکان گرت، لە بارەی چالاکی و ئیش کردنیانەوە لەو ماوەی رابوردوا و پێشنیارە کانیان دەربارەی فراوان کردنی توانا و خزمەتگوزاریانەوە لە ناوچەکەدا.

راپورتەکە ئەو بارەیە دەست نیشان کردوە بۆ ئەمیندارێتی گشتی تەرخان کراوە کە پروژەی خزمەتگوزاری شارەوانی و گەشتی پێ ئەکرێتەوە، کە جگە لە بودجە ئاساییەکانی شارەوانی ناوچەکان کە ٤ ملیون دینار ئەبێ، ٣ ملیونی تریش تەرخان کراوە.

دیسان راپورتەکە باسی باری هاوینە هەوارەکان و رەوتی ئیش و کاریان ئەکات.

ئەوەی پاس کردوە کە چەند خانو بەرەیەکی گەشتو گوزاری بە ٤ ملیون و ٢٥٠ هەزار دینار ئەکرێتەوە کە ١٤٠٠ جێگای خەوتن و ٧٥٠ چادری سەفەری تیا دابەش ئەکرێ بەسەر هاوینە هەواری پارێزگاکانی ناوچە کەدا. وە ٨١٠ پارچە زەوی نیشتەجێ لەناوچەی (سەری رەش) لە پارێزگای هەولێر بەسەر عاو ولاتیاندا دابەش ئەکرێ بۆ ئاوەدی خانوی عشت و گوزاری تیا بکەنەوە.

وە بڕیاریان دا کە کۆبونەوەی داهاتوی ئەنجومەن لە سەرەتای مانگی حوزیرانی داهاتودا بێ.

کردنەوەی کارگەی ئالف دروست کردن لە سلێمانی

رۆژی یەکشەممەی رابوردو دەست کرا بە ئیش کردن لە پروژەی کارگەی ئالف دروست کردن لە سلیمانی کە ٥٠٠ هەزار دیناری تێ ئەچێ..

ئەم کارگەیە لە ساڵێکدا بە یەك بۆستە ئیش کردن لە سەر روبێوی ٥٥٠ دونم زەوی ١٥٠ هەزار تەن ئالفی ئاژەڵ دروست ئەکات.. لە ناوچەی سوردە لە سەرچنار.. وە لە ماوەی ساڵێك و چوار مانگدا و بە سێ قۆناغ تەواو ئەبێ.. ئامێرەکانی لەسەر سەکۆی کۆنکرێتی دانەمەزرێ و ١٢ سایلۆو سێ مەخزەنی تیا ئەبێ و هەمو جێگاکەی ٥٥٠٠ مەتری چوار گۆشە ئەکرێتەوە.. جگە لە خانوبەرەی بەرێوە

مەلبەندێکی پزیشکی کرێکاران لە هەولێر

لە ئاهەنگەکانی بیرەوەری جەژنی کرێکاران دا بەرێز پارێزگاری هەولێر رۆژی یەکشەممەی رابوردو مەلبەندێکی پزیشکی کرێکارانی لە هەولێر کردەوە.

لە ئاهەنگی کردنەوەی مەلبەندەکەدا هەڤالێ پرسراوی مەکتەبی کرێکاران لە سەرکردایەتی لقی ژوروی حزبی

بڕوانە - ل - ٧ -

Institut Kurde de Paris

ئامۆژگاری وەزیری ناوخۆ لەبارەی دەسکاری کردنی «هویە»ی کاربەدەستانی دەولەتەوە

مامۆستا عزة الدوری ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش و وەزیری ناوخۆ ئامۆژگاری لە بارەی دەسکاری کردنی شوناسنامەی کاربەدەستانی دەولەتی زمارە (١)ی ساڵی ١٩٧٥ەوە دەرکردوە وەلەڕۆژی دوشەممەی رابوردوەوە کە لە ڕۆژنامەی رەسمیدا بڵاوکراوەتەوە کاری پێ ئەکرێ .

ئەم ئامۆژگاریە بەندی یەکەمی ئامۆژگاری شوناسنامەی کاربەدەستانی دەولەتی لائەبات و ئەمە لەچێکای دائەنێ :

شوناسنامەی کاربەدەستانی دەولەت لە قاقەزێکی سپی و پەراوێزی بەشی زوروی روی یەکەمی رەنگێکی تایبەتی ئەبێ، شوناسنامەی کاربەدەستانی پولیس و ئەمن رەنگەز شوناسی (جنسیة) و سنورو هاتو چۆسەوزوهی فەرمانبەران قاوەیی و نوسخەدەمەکان پەمەیی و شوناسنامەی کرێکاران شین ئەبن .. بەڵام هینی لێپرسراوانی خزمەتگوزاری گشتی ئامۆژگاری تایبەتی لەبارەی چەشن و قەوارەو ناوەڕۆک و جۆری دەرچونیەوەدەر ئەچێ .

زەمینەی روی شوناسنامەکە دروشمی کوماری عیراقی تیا ئەبێ ، وەلەسەر هەردوروەکەی پەیتی ورد (الجمهوریة العراقیة) نوسراوە .

بەندی دوەمی ئامۆژگاریەکە نمونەی شوناسنامەکە لا ئەچێ و نمونەیەکی تر لە چێکای دائەنرێ کە ناوی وەزارەت و دایرەو ناوی تەواو فەرمانی تیا ئەبێ وە روەکەی تری ژمارەو پەروارو ژمارەی پروانامەی رەگەز شوناسی و پەرواره کەی و جۆری خوێن و ئیمزای خاوەن شوناسنامەکەی پێوە ئەبێ .

بەندی سێیەمی ئامۆژگاریەکەلا ئەچێ و ئەمە لە چێکای دائەنرێ :

ئەبێ مەکتەبەکانی شوناسنامەی کاربەدەستانی دەولەت سەربە پەریوەبەرایەتی گشتی ئەحوالی مەدەنی لایەنە پەرزەکان و وەزارەتە کان و دەزگاو دامەزراوو پەرتوەبەریە گشتیەکانی سەربە خۆی و ئەودەزگاو دایرانەی سەر بە وەزارەت نین و پارێزگاکان ئەوشوناسنامانەیان بۆ بنێرێ کە لە بەندی یەکەمدا دیاری کراوە، جگە لەو شوناسنامەیە کە لە بڕگەی (٥) دا هاتوە ، وە ئەبێ ١٠٪ لە ژمارەی کاربەدەستانیان زیاتر بێ .

ئامۆژگاریەکە ئەڵێ : ئەولایەنانەی لە بەندی یەکەمدا ناو براون شوناسنامەکان رێک ئەخەن بەپێی ئەو زانیاریانەی تیا نوسراوە پڕ ئەکرێنەوە و سەروکی دەزگاو دامەزراوو دایرەکان یان ئەوەی دەسەڵاتی پێ دراوە ئیمزایان ئەکەن ناوو نیشانی ئیشەکەی لەسەرئەو بۆشاییەی ژێر پولەکەوە ئەنوسرێ و ئینجا ئەنێردرێ بۆ مەکتەب ئەویش بە مۆری دروشمی دەولەت مۆری ئەکات و رستەی (الجمهوریة العراقیة)ی لێ ئەدات و بەبلاستک ئەی لجکێنی بەیەکاو ئەی ئەینێرێتەوە بۆ ئەو لایەنەی لێوەی هاتوە .

ئامۆژگاریەکە گورینی شوناسنامەکەی دیاری کردوە لەکاتی رویشتنی و هاتن دا لە لایەنە ناو پراوەکانەوە کە لەم بەندەدایە ، یان ناو گۆڕین یان راست کردنەوەی ناوی خاوەن شوناسنامەکە ، وەگۆڕینی ناونیشانی ئیشەکە جگە لە دو شێوە نەبێ ئەگەر پێویست نەبو ناونیشانەکە بگۆڕێ تاکو مانگانەی (٧٠) دینار وە لە شوناسنامەکە ئەنوسرێ کێ ئەو مانگانەیە وەر ئەگرێ (فەرمانبەرە یان موچە خۆر) ئەگەر ناونیشانی ئیشەکە پێویست نەبو بە هۆی زیاد کردنی مانگانەکەوە بگۆڕدرێ ئەوا وەکو خۆی ئەمێنێتەوە .

ئەوەی تریان ئەگەر پێویستی نەکرد شوناسنامەی کریکار بە هۆی گۆڕینی ناونیشانەکەیەوە بگۆڕدرێ ئەویش بەپێ یاسای کارکردن ..

بەندی چوارەم بەندی پێنجەمی ئامۆژگاریەکە لا ئەبات و ئەمە ئەچێتە چێکای :

شوناسنامەی تر لە جیاتی ون بون یان دڕاندن ئەدرێ ئەویش بەپێی داخوازی خاوەنەکەی لە کاتی ون کردن و دڕاندنا بەو مەرجەی دایرەکەی لێی بکۆلیتەوەو بۆی بسەلمێنێ .

بەندی پێنجەم بەندی حەوتەمی ئامۆژگاریەکە لائەبات و ئەمە ئەچێتە چێکای : بەپێی بەرنامەی کاتی کە مەکتەب دای ئەنێ شوناسنامە بۆ ئەو لایەنانە ئەنێردرێ کە لە بەندی سێیەمی ئەم ئامۆژگاریەدا ناویان براوە کانیان بەدەستەو بەژمارە پێ بکات لە سنوری توانای خۆیدا ، وە مەکتەب ئەتوانێ لەم روەوە لەگەل لایەنە ناو براوە کانا قسە بکات .

بەندی شەشەم بەندی ١١ هەم مەل ئەوەشێنێتەوەو ئەمە ئەچێتە چێکای : ئیش بەو شوناسنامانە ئەکرێ کە ئەو لایەنانەی لەبەندی سێیەمی ئەم ئامۆژگاریەدا ناویان براوە دەری ئەکەن تاکو وەزیری ناوخۆ بەبەیاننامەیەك کۆتاییان پێ ئەهێنێ .

پەیمان بەستن لەگەڵ دەزگایەکی فەرەنسی بۆ ئامادە کردن و رویپێوکردن و چاکردنی پرۆژەی کشتی وکاڵ

دەزگای دەولەتی پەروەردەو چاکردنی زەوی ڕۆژی ٤ـەلەگەل دەزگایەکی دانەوێلەی نیشتمانی فەرەنسایدا ئەو پەیمانەیان مۆرکرد کە نەخشەو رویپێوکردنی هێدرۆلوجی و طوبۆگرافی دو پرۆژەی چاکردن و پەروەردەکردنی پرۆژەی ١٧ی تموزو جۆگەی الاشتراکی لە پاریزگای ذیقار بکەن .

ئەو پەیمانە لە لایەن دامەزراوی عیراقیەوە بەریز محمد عبدالرزاق الکبیسی سەرۆکی دەزگاکەو هنری کورسون بەرێوەبەری گشتی دەزگای نیشتمانی فەرەنسایەوە مۆرکرا .

وەکو زانراوە بەریز کورسون ئێستا سەروکی لایەنی فەرەنسایی لە کۆبونەوە کانی لێژنەی عیراقی و فەرەنسادا بۆ هاریکاری کشتوکال .. کە لە ڕۆژی یەکشەممەی رابوردوا لە بەغدا دەستی پێ کرد .

ئاهەنگەکانی یەکی ئایار لەناوچەی ئۆتۆنۆمی

بەپێی ئەوەی ڕۆژی یەکی ئایار .. جەژنی کرێکارانەوە لە ناوچەکانی ئۆتۆنۆمی دا ئاهەنگی کرێکاران سازکراو چەندان چالاکی هونەری و وتار خوێندرانەوەو پیشانگای هەمە جۆرە نیشان دران .

● هەولیر

ڕۆژی یەکشەممەی رابوردو بەم بۆنەیەوە لە پارێزگای هەولیر ئاهەنگی کرێکاران سازکراوەو بەریزان سەرۆك و ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی یەکیتی ناوچەیی نەقابەی کرێکاران لەبارەگای یەکیتی پیشوازیان لەو بەریزانە کردوە کە هاتون بۆ پیرۆزبایی کردنیان وە لەپێش هەمویانەوە بەریز پارێزگاری هەولیر وە هەڤال جێگری ئەمینداری نهێنی سەرکردایەتی لقی ژوروی حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەبی و چەند لێپرسراوێکی پارێزگاکە بون .

هەروەها چەند کەژاوەیەکی تری کرێکاران روی چالاکی کەرنە جۆربەجۆرەکانی کرێکارانی نیشان ئەدا .

نومایشێك بەشەقامەکانی شاردا رویشتن و لەپارێگای بەریوەبەرێتی ناوخۆ کۆبونەوە، بەریز پارێزگارو هەڤالان جێگری ئەمینداری نهێنی و ئەندامانی سەرکردایەتی لقی حزب و عەمید سەرۆکی فەرماندەی هێزەکانی المثنی لەشوێنی سلاو کردن راوەستابون .

بەریز پارێزگاری هەولیر و تارێکی بۆ جەماوەرەکە خوێندەوە زۆر ستایشی سەرکردایەتی سیاسی حزب و شۆرشی کردو بایەخی بەودەسکەوتە گەورانەدا کە کرێکاران بەدەستیان هێناوەلیرە ، چینی کرێکاران لە جەژنەکەیانا .

دوای ئەو سەرۆکی مەکتەبی تەنفیزی یەکیتی ناوچەی نەقابەکانی کریکاران وتارێکی خوێندەوە باسی میژوی خەباتی کرێکارانی کرد کە چۆن لەپێناوی گۆڕین و پیشکەوتنا تێ نەکۆشن لەژێر سێبەری شورش دا کە زەمینەیەکی وای بۆ چینی کرێکاران رەخساندوە بتوانی شوێن و دەوری پێشرەوی خۆی تیا بنوێنێ و بەرەو سوشیالیستی بروات .

● سلیمانی

لە پارێزگای سلیمانی نومایشێکی گەورەی کرێکاران لەبەردەم ئامادەیی پیشەسازی ـ یەوە دەستی پێ کردو هەردو وێنەی سەرۆکی فەرماندەخەباتگێڕ احمد حسن البکرو مامۆستا صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورشیان بەرزکردبۆوە .

نومایشکارەکان لەبەردەرگای سەرا کۆبونەوەو بەریز پارێزگاری سلیمانی و هەڤال ئەمینداری نهێنی سەرکردایەتی شعبەی سلیمانی حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب و هەڤالانی ئەندامی سەرکردایەتی شعبە پێشوازیان لە جەماوەرەکە کرد .

بەریز پارێزگاری سلیمانی وتارێکی خوێندەوە تیایا سلاوی لەچینی کرێکاران کرد بەبۆنەی پیرەوەری یەکی ئایارەوە وتی : ئەمڕۆ بەم بۆنە پیرۆزەوە ئاهەنگ ئەگێڕین و ولاتەکەمان لەسەر هێڵێکی نەگۆڕاو بە پەلە پەرەو بنیات نان و پێشکەوتنی لە هەموروییەکەوە ئەڕوات .

دوای ئەو بەریز حسین حمارسەرۆکی یەکیتی ناوچەیی نەقابەی کریکاران وتارێکی خوێندەوە ، تیایا ستایشی سەرکردایەتی سیاسی حزب و شورش و سەرۆکی فەرماندە خەباتگێڕ احمد حسن البکری کرد بەم بۆنە پیرۆزەوە .

● دهوك

لە دهوك بەم بۆنە پیرۆزەوە نومایشێکی کرێکاران سازکراو بەهەمو شەقامەکانی ناوشاردا گەڕان .

بەریز پارێزگاری دهوك و هەڤال ئەندامی سەرکردایەتی لقی ژوروی حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب ستایشی ئەو نومایشە جەماوەریەیان کرد کە وێنەی گەورەی سەرۆکی فەرماندە خەباتگیر احمد حسن البکرو مامۆستا صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورشیان بەرزکردبۆوە .

بەریز پارێزگاری دهوك لەسەرەتای نومایشەکەدا وتارێکی خوێندەوە کە سلاوی لەم بیرەوەریە پیرۆزە کردو وتی ڕۆژی یەکی ئایار نیشانەیەکی رونا کە لەسەر ریگای خەباتی چینی کریکارانماناکە شورشی ١٧ی تەموز بەسەر کردایەتی حزبی سەرکردەمان حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب باوەشی بۆ گرتونەتەوە .. کرێکاران چینێکی پیشکەوتوی شورشن ، هزیەکانی شۆرش و پێشکەوتنیان دەسکەوت بوەو یاسای شورشگیرانە هەمو مافێکی کرێکارانی زامن کردوە .

✻◎✻

کۆنگرەی ئەنجومەنی (پاشماوە)

لێ پرسراوانی پرۆژەکە چەند پیشنیارو داخوازیەکیان داوە بە لایەنە لێپرسراو[illegible] یەتیەکان بۆ ئەوەی پشتگیری پرۆژەکە بکرێ و پێشتر بکرێ[illegible]وەکو : هەر ١٣ کۆمەڵە هەروەز کاریەکانی ناو[illegible] زۆرتر خزمەتی فەلاحەکان بکەن وە ئەم پیشنیارە لە کۆ[illegible]ەردانەکەی وەزیرو وەفدەکەدا پیشکەش کراوەو پیشە[illegible] بریاری لەسەر دراوە ..

هەروەها ڕۆژەکە بیتەئەنجامی ئەنجومەنی کشتوکال لەپارێزگای سلیمانی بەو نا[illegible] پرۆژەیەکی گەورەو گرنگە وە ئەنجومەن بەوردی چارە[illegible]روگرفتەکانی بکات دیسان چەند بیرێکی نیرتوازی [illegible]ژەکە هەڵگەنرێ بۆ هەر وەز[illegible]ارەکانی گرنگ[illegible]ن ، مالوان ، سیروان ..

چونکە زۆربەی ئەم گوندا[illegible]ان وەزور کردنی ئوتومبیلەکانی پرۆژەکە بەجۆری بکر[illegible] چوار ئوتومبیلی لاندرۆڤەرو بیکاب و لەگەل پاسیکی [illegible] کەمیدا بۆ هاتو چۆ گراستنەوەی ئەو کاربەدەستانەی کە هێشتا خانویان نیە .. وە ئەم ئوتومبیلانە[illegible] سەر بەشەکانی پرۆژەکەدا دابەش بکرێ .

بڵاو کردەوە کە بە[illegible] هەمو جۆرە روداوو دەستێوە ردانێکی یەکانە ئەو[illegible]ی دەسکاری کاروباری ناوخۆی لوبنان بکات .

کەمال جنبلاط سەرۆکی حزبی پیشکەوتوی سوشیالیستی وتویە : یارمەتی وەرگرتن لە[illegible]ی یەکانە لە هەر لایەکەوە بێ مەترسیەکی گەورەیە لە[illegible]ای شورشی فەلەستین لە بواری سیاسی و ئەسکەری دا[illegible] بیزاری خۆی بەرامبەر بەو دەستێوەردانو پانەبەسترسیاسیە دەر بڕیوە کە ڕژێمی سوریا لە دژی هێزە نیشتمانیەکانی لوبنان بەکاری دێنێ، [illegible]ە ئەو ریکەوتنەی تێ[illegible] سوریاو ئەمەریکای ریسوا کردوە لە بارەی هەڵبژاردنی سەرکۆماری تازەوە .

کردنەوەی کارگەی (پاشماوە)

بەعسی سوشیالیستی عەرەب دا وە بەریز جێگری ئەمینداری گشتی بەرەوپیردی ئەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی و لێپرس[illegible] پارێزگاکەو سەرۆك و [illegible] یەکیتی ناوچەی [illegible] کریکاران بەشدار بون .

ئەم مەلبەندە کدری پزیشکی شارەزاو دەرمانخانەو شوێنی ددان کێشانی تیایە .

هەڵەندنی پزیشکی (پاشماوە)

بردنی کارگەو ئەندازیاری هەمیشەیی فیتەر خانەیەکی نیا ئەبێ ، شەقامەکانی ناوخۆی کارگەکە قیرتاو ئەکران و خانوبەرەش بۆ ئیشکەرانی ئەگرێتەوە ..

ئەم کارگەیە لە ئەخشەی کومپانیای گشتی ئالفی ئازەڵدایە کە لە پاریزگاکانی وڵاتدا کارگەی تری بەم جۆرە ئەگرێتەوە بۆ ئەوەی ئەوەندە ئالف بێتە بەرهەم کە پشتی ئاژەڵ بکات و سامانی ئاژەڵ گەشەی پێ بکات . وەکو زانراوە ئەمساڵ ١٠ کارگە دانراوە بکرێتەوەو تا ئیستا پێنجیان تەواو بوەو خەریکی تەواو کردنی ئەوانی ترن .

هێزە نیشتمانیەکان (پاشماوە)

وە دوای ئەوەی ئەو ناوەیان پاك کردۆتەوە رتیازگەی اللنبی یان کردوە بە پاشکۆی خۆیان .

وە لە ناوچەی بازرگانیدا نزیکەی ١٠ دەترەیەك لە دوری بارەگای هاوێنەی حزبی کەتایبی لێرێ دەرچوەوە شەڕیان کردوە .

بەر لە نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممەی رابوردو بە هەمو جۆرە چەکێك لە ڤرۆکە خانەی دەولەتان لە بیروت ئەقەو گوللە باران بوەو گەنجێك زیانیان داوە ، بەڵام دەرگای ڤرۆکە خانەکە هەر کراوە بوەو دانەخراوە .

جوڵانەوەی نیشتمانی ئەوەیان سەلماند کە ئەو شەڕەی ئیستا ئەکرێ بە نیسبەت لوبنان و شورشی فەلەستینەوە شەڕی سەرو ماڵی و جارەنوسە هەندێك لایەنی بەرگری فەلەستین و وتیانە ئەگەر ڕۆژی شەممەی داهاتو ئەنجومەنی بەرلەمان کۆ نەبێتەوە ئەوا گیرو گرفت و باری ئاڵۆزی ناو خۆی لوبنان دوچاری مەترسیەکی تر ئەبێت .

لە لایەکی ترەوە هێزە نیشتمانیەکان ئەوەیان

کۆچی دوایی زاناو شاعیر ئەسعد مەحوی

لە کۆتایی مانگی رابوردوا زاناو شاعیری ناسراوی کورد مامۆستا « ئەسعەد مەحوی » کۆچی دوایی کرد .

● ئەسعەد مەحوی کوڕی مەلا خالیدی مەحویە زاناو شاعیری بەناوبانگی کورد .

● لە ساڵی ١٨٩٨ لە گەڕەکی چوارباخ لە سلیمانی چاوی بە دنیای ڕۆشن هەڵهێناوە ، سەرەتای خوێندنی لە قوتابخانەی (خواجە ئەفەندی) بوە ، هەندێ کتێبی عەرەبی و فارسی و توركی تەواو کردوە .

● لە ساڵی ١٩١٥ خراوەتە قوتابخانەی (اعدادی)یەوە لە شاری سلیمانی ، دوای ئەوە ئینگلیزە داگیرکەرەکان لەسەر جموجوڵی سیاسی تەنگی پێ هەڵ ئەچنن و ماوەیەك دەربەدەر ئەکرێت .

● دوای ئەوە دەست لە خوێندنی قوتابخانەی اعدادی هەڵ ئەگرێ ڕوو ئەکاتە خوێندنی (علومی دینی) لای مامۆستا بە ناوبانگەکانی کورد وەك مەلا حسینی بیسکەنی و شێخ بابا عەلی .

● دوای ئەوەی خوێندنی علومی دینی تەواو ئەکات دەست ئەکات بە دەرس وتنەوەی علومی دینی لە خانەقاکەی باپیری دا (خانەقای مەحوی) .

● بە هەرسێ زمانەکە (کوردی ، عەرەبی ، فارسی) نوسین و هەڵبەستی بڵاو کردۆتەوە .

● ئەم بەرهەمانەی داناوەو بڵاو کراونەتەوە :

عقائد الرحمانیە .. تحسین البیانیە .. شرح علی العقائد الرحمانیە ..

● لە ساڵی ١٩٧٠ دا بەشێك لە شیعرەکانی لەژێر ناوی (دیوانی ئەسعەد مەحوی) دا بڵاو کرایەوە .

● ٢٥ـ٤ـ١٩٧٦ لە تەمەنی ٧٨ ساڵیدا ئەستێرەی ژیانی لە درەوشانەوە کەوت و گیانی پاکی بەخاك سپارد .

● کۆڕەکەی لە گردی سەیوانە .

ـ عوسمان مەحوی ـ

Institut Kurde de Paris

زانکۆی سلێمانی لە سێبەری ئۆتۆنۆمی دا

هەواڵەکانی یەکێتی

● لقی سلیمانی :

● کەرتی ئامادەییەکانی لقی سلیمانی هەستان بەکردنەوەی پێشگایەك بەبۆنەی یادی دامەزراندنی حیزبی سەرکردەوە حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب لەرۆژانی ٨ـ١٠ی نیسان ، لە هۆڵی قوتابخانەی سانەوی فریشتەی کچان ، بەرێز کاك سیف الدین عبدالقادر سەرۆکی لق پێشنگاکەی کردەوە •

● بەسەربەرشتی لێپرسراوی رۆشنبیری و راگەیاندنی لقی سلیمانی کاك صباح میرزا ، کۆبونەوەیەکی فراوان بۆ لیژنەکانی روشنبیری و راگەیاندن ساز کراو هەموو لایەنێکی ئەم جموجولە خرایە پێش چاوی قوتابیانی خۆشەویست •

● شەوی ١٣ـ٤ـ٧٦ لیژنەی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لەئامادەی کشتوکالی پێشوازی لە قوتابیانی ئامادەیی کشتوکالی (خالص) کردو بەو بۆنەیەوە ئاهەنگێکی خۆش پێش کەش کرا •

● لیژنەی پەیمانگای ئیسلامی چەند پەخشانەمەیەکی بڵاوکردۆتەوە لەوانە (نەورۆز) و (الهلال) •

● یاریەکی باڵەو باسکە لەنیوان لیژنەی ئامادەی پیشەسازی و قوتابیانی نیشتمانی عیراقدا کرا (لیژنەی پیشەسازی موصل) و لیژنەی ئامادەیی پیشەسازی سلیمانی سەرکەوتنیان بەدەست هێنا •

● بەرێزان حامد کریم و فرهاد احمد یوسف ، لەئاهەنگی ئامادەیی سلێمانی شەو ناوەندی شارای کچان ئامادە بوون ، ئاهەنگەکە لەبیرەوەری دامەزراندنی حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب داگیرا •

● لقی هەولێر :

● لیژنەی رۆشنبیری و راگەیاندنی لقی هەولێر کوبونەوەیەکی فراوانی گیراوە بۆ لیژنە رۆشنبیریەکانی هەولێر و ئەوەی شایەنی باسە لەو کوبونەوەیەدا باسی چالاکیەکانی قوتابیان کراوە و هەروەها دەربارەی میهرەجانی یەکەمی شیعر خوێندنەوەی قوتابیان لە هەولێر دواون کە مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان ئامادەی کردبوو •

● لیژنەکانی روشنبیری بەردەوام جموجولی رۆشنبیری هونەری خۆیان پێش کەش ئەکەن ناوەندی زۆزان پەخشنامەیەکی لەژێر ناوی (برایەتی) و ناوەندی الجمهوریە (٧)ی نیسانیان بڵاوکردۆتەوە •

⊙

هۆنراوە کارتێ کردنی (پاشماوە)

ناتوانێت هیچ تصوراتێکیشیان ئی بەدەست بهێنێت) •

کەواتە هەر کاتێك کە شاعیر ئەیەوێت زمانی شیعری بخاتە دووانو گفتوگۆ ، ئەوا پێش هەموو شتێك ئەکەوێتە سەرنجدان لە دەوروبەری خۆی و ئینجا لە قوڵایی خەیاڵو ئەندێشەی خۆیدا نوقم ئەبێت و لەو دەریا فراوانو بێبنەدا ئەکەوێتە پەلهاویشتن کە هەروەکو (سەردوون خۆی) سنوورێکی نییەو سەرەتاو کۆتایی تیا دەست نیشان ناکرێت • وە ئیتر ئەکەوێتە دۆزینەوەی هەموو ئەو یاقووت و مرواری یانەی کە ئەیەویت بیکاتە گەردانەی مەبەستەکەی و لە شێوەی پەیکەرێکی شیعری دداپان برێژێت •

کردەی کارتێکردن لە نێوان سروشت و بیردا سنوورێکی بۆنی یە ، چونکە نەو کارتێکردنە شتێکی وەختی نییە ، بەڵکو شتێکی بەردەوام و بێ کۆتایی یە • هەر بۆیە کردەی زانینیش سنوورێکی بۆنی یەو هەمیشەو هەمیشە مرۆڤ لە دۆزینەوەو داهێنانی شتی تازەی فیکری دایە •

(زانین لەباری سەرنجی واقعەوە کردەیەکە کە کۆتایی نی یە لە نزیك بوونەوەی بیردالە مادەی زانراوەوە) •

لە کۆتایی دا •• هەموو ئەم شتانە ئەوە ئەسەلمێنن کە (بیر) سەرچاوەیەکی هەیەو هەموودەستکەوتێکیشی لەو سەرچاوەیەوە بە هۆی هەستەکانی مرۆڤەوە هەڵئەهێنجێت • هەر بۆیە (هۆنراوە) یش کە چالاکی یەکی بیرە لەو چاوگەیەوەو بە کارتێکردن لەگەڵ ئەودا کە (واقعە! ، وەدەست ئەهێنرێت •

●●●

● لقی سلیمانی :

● کەرتی ئامادەییەکانی لقی سلیمانی هەستان بەکردنەوەی پێشگایەك بەبۆنەی یادی دامەزراندنی حیزبی سەرکردەوە حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب لەرۆژانی ٨ـ١٠ی نیسان ، لە هۆڵی قوتابخانەی سانەوی فریشتەی کچان ، بەرێز کاك سیف الدین عبدالقادر سەرۆکی لق پێشنگاکەی کردەوە •

● بەسەربەرشتی لێپرسراوی رۆشنبیری و راگەیاندنی لقی سلیمانی کاك صباح میرزا ، کۆبونەوەیەکی فراوان بۆ لیژنەکانی روشنبیری و راگەیاندن ساز کراو هەموو لایەنێکی ئەم جموجولە خرایە پێش چاوی قوتابیانی خۆشەویست •

● شەوی ١٣ـ٤ـ٧٦ لیژنەی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لەئامادەی کشتوکالی پێشوازی لە قوتابیانی ئامادەیی کشتوکالی (خالص) کردو بەو بۆنەیەوە ئاهەنگێکی خۆش پێش کەش کرا •

● لیژنەی پەیمانگای ئیسلامی چەند پەخشانەمەیەکی بڵاوکردۆتەوە لەوانە (نەورۆز) و (الهلال) •

● یاریەکی باڵەو باسکە لەنیوان لیژنەی ئامادەی پیشەسازی و قوتابیانی نیشتمانی عیراقدا کرا (لیژنەی پیشەسازی موصل) و لیژنەی ئامادەیی پیشەسازی سلیمانی سەرکەوتنیان بەدەست هێنا •

● بەرێزان حامد کریم و فرهاد احمد یوسف ، لەئاهەنگی ئامادەیی سلێمانی شەو ناوەندی شارای کچان ئامادە بوون ، ئاهەنگەکە لەبیرەوەری دامەزراندنی حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب داگیرا •

● لقی هەولێر :

● لیژنەی رۆشنبیری و راگەیاندنی لقی هەولێر کوبونەوەیەکی فراوانی گیراوە بۆ لیژنە رۆشنبیریەکانی هەولێر و ئەوەی شایەنی باسە لەو کوبونەوەیەدا باسی چالاکیەکانی قوتابیان کراوە و هەروەها دەربارەی میهرەجانی یەکەمی شیعر خوێندنەوەی قوتابیان لە هەولێر دواون کە مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان ئامادەی کردبوو •

● لیژنەکانی روشنبیری بەردەوام جموجولی رۆشنبیری هونەری خۆیان پێش کەش ئەکەن ناوەندی زۆزان پەخشنامەیەکی لەژێر ناوی (برایەتی) و ناوەندی الجمهوریە (٧)ی نیسانیان بڵاوکردۆتەوە •

⊙

هۆنراوە کارتێ کردنی (پاشماوە)

ناتوانێت هیچ تصوراتێکیشیان ئی بەدەست بهێنێت) •

کەواتە هەر کاتێك کە شاعیر ئەیەوێت زمانی شیعری بخاتە دووانو گفتوگۆ ، ئەوا پێش هەموو شتێك ئەکەوێتە سەرنجدان لە دەوروبەری خۆی و ئینجا لە قوڵایی خەیاڵو ئەندێشەی خۆیدا نوقم ئەبێت و لەو دەریا فراوانو بێبنەدا ئەکەوێتە پەلهاویشتن کە هەروەکو (سەردوون خۆی) سنوورێکی نییەو سەرەتاو کۆتایی تیا دەست نیشان ناکرێت • وە ئیتر ئەکەوێتە دۆزینەوەی هەموو ئەو یاقووت و مرواری یانەی کە ئەیەویت بیکاتە گەردانەی مەبەستەکەی و لە شێوەی پەیکەرێکی شیعری دداپان برێژێت •

کردەی کارتێکردن لە نێوان سروشت و بیردا سنوورێکی بۆنی یە ، چونکە نەو کارتێکردنە شتێکی وەختی نییە ، بەڵکو شتێکی بەردەوام و بێ کۆتایی یە • هەر بۆیە کردەی زانینیش سنوورێکی بۆنی یەو هەمیشەو هەمیشە مرۆڤ لە دۆزینەوەو داهێنانی شتی تازەی فیکری دایە •

(زانین لەباری سەرنجی واقعەوە کردەیەکە کە کۆتایی نی یە لە نزیك بوونەوەی بیردالە مادەی زانراوەوە) •

لە کۆتایی دا •• هەموو ئەم شتانە ئەوە ئەسەلمێنن کە (بیر) سەرچاوەیەکی هەیەو هەموودەستکەوتێکیشی لەو سەرچاوەیەوە بە هۆی هەستەکانی مرۆڤەوە هەڵئەهێنجێت • هەر بۆیە (هۆنراوە) یش کە چالاکی یەکی بیرە لەو چاوگەیەوەو بە کارتێکردن لەگەڵ ئەودا کە (واقعە! ، وەدەست ئەهێنرێت •

●●●

زانکۆی سلێمانی لە سێبەری ئۆتۆنۆمی دا

یەکێتی قوتابیانی کوردستان ئاسۆی تیشکێکی کەشی زانکۆی سلیمانیە •• زمارە یەکی زۆر لەقوتابیان لە بەشە ناوخۆیەکان وەرگیراوان •• هەموو قوتابیەکی زانکۆی سلیمانی (مخصصات)ی بەشی ناوخۆی وەرئەگرێ ••

سەرکردایەتی شۆرش بەسەرکردایەتی باوکی فەرمانده احمد حسن البکر سورە لەسەر دابین کردنی هەموو جۆرە پێداویستەکانی زانکۆ ••

لایەپەی خەباتی قوتابیانی کوردستان ، لەزانکۆی سلیمانی دا •• زانکۆی سلیمانی یەکێکە لەو زانکۆ تازە پێشکەیشتوانەی لەسەرەتایی هەنگاونان دایە بەرەو ئاسۆیەکی روناك و رادەیەکی بەرزی خوێندن لە نیستاو داهاتودا ، ئاشکرا لە زانکۆی سلیمانی چەدورێکی مێژووی و کۆمەڵایەتی هەیە لەم تەمەنە کورتەی خۆیداو هەمیشە توانای خۆی خستۆتە کارو ئارادەیەکی تەواو توانیوێتی کادری پێشکەوتوو بەتواناو هوشیار بێنێتە بەرهەم ئەم راستیانەش لەناو ئامانجەکانی زانکۆدا بەئاسانی بەدی ئەکرێ کە چەند هەوڵ ئەدا بۆ دابین کردن و جێبەجێ کردنی و بەشدار بونیان لەو گورانکاریە سوشیالیستیانەی ئەمرۆی قوترەکەمانی بیانەروات وە گۆرانی زانکۆو بیێتە چەقی بڵاوکردنەوەی زانیاری سوشیالیستانە لەوڵاتدا •

ئەمرۆ لەسایەی حزبو شۆرشەوە ، بەتایبەتی دوای جێبەجێ کردنی یاسای ئۆتۆنۆمی ، هەموو دەزگاکانی بەروەردەو خوێندن دەوری خۆیان ئەبینن ، زانکۆی سلیمانیش لەم گۆشەیەوە بێبەش ئەبوە ••

لەزانکۆی سلیمانی جاومان بەکۆمەڵی خوشکو وا لیردا بەشێك لەوگفتوگویانە ئەخەینە پێش چاوی خوێنەرانی خۆشەویست و ئومیدەوارین هەر لەم گۆشەیەوە بەشێکی تری ئەو چاو پێکەوتنە بخەینە پێش چاوی خوێنەرانی ئازیز کە بریتیە لە گەشتێك بە ناو کولێژی (ئاداب) دا •

کاك صباح بهاءالدین جێگری سەرۆکی لقی سلیمانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بەشێوەیەکی گشتی دەربارەی دەوری یەکێتی لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا ووتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان تاکە نوێنەری راستەقینەی قوتابیانی کوردستانە ، هەمیشە لەپێناوی هێنانەدی مافەکانیاندا تێ ئەکۆشێ بۆ بەرزکردنەوەی رادەی زانیاری و پلەی تێگەیشتنیان لە هەموو رویەکەوە • یەکێتی باوەشی بۆ هەموو قوتابی یە نیشتمان پەروەرەکان کردۆتەوە ، تا بە هەموو لایەك خزمەتی ئەمرۆی خەباتگیر سەرۆك احمد حسن البکر توانیوایانە کەلێك مختبری زانیاری وکادری بەتواناو لێهاتوو بێنن بۆ بزکردنەوەی ئەو بۆشایانەی لە زانکۆدا هەبوو لەروی خوێندنەوە ، وە لەو روەوە زانکۆی سلیمانی هەنگاوی بەرزی بریوە بۆ جێبەجێ کردنی •

یەکێتی قوتابیانی کوردستان ئاسۆیەکی گەشی هەیە ، کەنوێنەری راستەقینەی قوتابیانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی یە• هەمیشە بە ئەرکی بیرۆزی خۆی هەڵساوە ، بەشداری کردوە لە بەرزکردنەوەی رادەی روشنبیری و زانیاری جەماوەری قوتابیان •• وبەرزکردنەوەی رادەی کۆمەڵایەتی زانکۆ •

یەکێتی قوتابیانی کوردستان لیژنەی زانکۆ ، گەلی کاری پیرۆزی بۆ قوتابیان کردوە، لەلایەن بەشەکانی لە هەموو کولیژەکانیاندا ، بەردەوام نەدەوەبۆ قوتابیان ئەگرێ و ئاگاداری هەموو جموجولەکانی قوتابیانەو بەسنگی فراوانەوە پێش نیازەکانیان ئەخاتە پێش چاو ، جگە لەوەی ئاهەنگی تایبەتی بۆ قوتابیان ساز ئەکات •

لەروی فراوانی کاتی خوێندنو بشودانی قوتابیان و هێنانەدی پێویستیەکانی وەرئەگرن بەبێ جیاوازی •

کاك عماد ووتی : لەرووی خواردنو خواردنەوەی قوتابیان و چێشتخانەی زانکۆوە ، ئەمسال یانەیەکی ترمان کردۆتەوە بۆ قوتابیان وە زانکۆ لەگەڵ چەندین کەسێکی لێهاتوە رێکەوتوە بۆ ئەوەی خواردنی باش پێش کەش کەن بەقوتابیان و بەنرخێکی هەرزان کە ئیستا هەووی هەیەو ئامادەیە ، هەروەکو لەناو شاردا هەیە وایە ، یەکێتی قوتابیایش بەئەرکی خۆی هەڵئەسێ بەچاودێری کردنی یانەو جۆری خواردمەنیەکانیان ، ئەو لیژنەی سەرپەرشتی ئەم بەشە ئەکا بریتین لە (١٥) قوتابی کوڕو کچ کە هەموو رۆژی و هەموو کاتێ ئەرکی خۆیان بەجێ ئەهێنن و لەچاودێری خۆیان دوا ناکەون ••

دەربارەی مەکتەبەو پێویستیەکانی خوێندن ووتی :

لەرووی رۆشنبیریەوە هەموو شتێ بۆ قوتابیان ئامادە کراوە ، لیژنە روشنبیریەکانی یەکێتی لەهەموو کولیژەکاندا مەکتەبەیەکیان کردۆتەوە ، زۆربەی ئەو نامیلکەو پەرتوکە سیاسیانەی تیدایە کە خزمەتی بەرزەوەندی گشتی نشتمانی و ئەتەوەیی ئەکات لەلایەکی جەماوەری قوتابیان، لەسەرەتای ساڵەوە بەشێکی زۆر لە بەشە ناوخۆیەکان بۆ قوتابیان ئامادە کراوە ، بەپارمەتی عمادەی کاروباری قوتابیان لە زانکۆ ، هەروەها لە روانینی باوەڕی بەخورای کردنی خویندنەوە ، کە سەرکردایەتی حزب و شۆرش هێنایەدی هەموو قوتابیان (مخصصات)ی بەشی ناوخۆی ئەروی کۆزانی یاری دەرونی قوتابیان و خۆشیان •• لەو روەوە جگە لەوەی یەکێتی لەگەڵ عمادەکانی کولیژەکان هەوڵیان داوە وە هەتاوەکو ئیستا چەندین جۆرەی زانیاری کراوە •

● قوتابی •• خوشکە شەذی صبحی دووەمی کشتوکال

سەرنجی خۆی پێشاندا بەرامبەر پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی ناو زانکۆو ووتی :

بەراستی لەسەرەتای خوێندنا تەنکو چەلەمەیەکی زۆرمان ئەهاتە رێگا لەمروەوە بەتایبە کە زمانەکەمان نەئەزانی وبەباشی قوتابیەکانمان نە ئەناسی ، بەڵام ئیستا سەپر ئەکەم پەیوەندیەکی زۆر بەهێز هەیە لەنیوانماندا ، بەهیچ جۆرێك ناخۆشی نایەتە رێگامانو بەراستی دوستایەتی قوتابیانی زانکۆ زۆر خۆشەو ژیانێکی نوێیە بەنیسبەت قوتابیانەوە• پاشان دەربارەی بەشی ناوخۆی ووتی :

ئەوەی کە خۆشیمان بۆ ئەهێنێ لەبەشی ناوخۆیدا ، ئەوەیە هەموومان وەك دەستە خوشکێکی دلسۆز کار ئەکەین و فێری گەلێ شتی نوێ ئەبین و هەموو شتێ لەبەشەکانماندا هەیەو پەکمان لەهیچ نەکەوتوە، بەڵام چونکە خۆمان شت وەرئەگرین بەبێ جیاوازی •

کاك عماد ووتی : لەرووی خواردنو خواردنەوەی قوتابیانو چێشتخانەی زانکۆوە ، ئەمسال یانەیەکی ترمان کردۆتەوە بۆ قوتابیان وە زانکۆ لەگەڵ چەندین کەسێکی لێهاتوە رێکەوتوە بۆ ئەوەی خواردنی باش پێش کەش کەن بەقوتابیان و بەنرخێکی هەرزان کە ئیستا هەووی هەیەو ئامادەیە ، هەروەکو لەناو شاردا هەیە وایە ، یەکێتی قوتابیایش بەئەرکی خۆی هەڵئەسێ بەچاودێری کردنی یانەو جۆری خواردمەنیەکانیان ، ئەو لیژنەی سەرپەرشتی ئەم بەشە ئەکا بریتین لە (١٥) قوتابی کوڕو کچ کە هەموو رۆژی و هەموو کاتێ ئەرکی خۆیان بەجێ ئەهێنن و لەچاودێری خۆیان دوا ناکەون ••

دەربارەی مەکتەبەو پێویستیەکانی خوێندن ووتی :

لەرووی رۆشنبیریەوە هەموو شتێ بۆ قوتابیان ئامادە کراوە ، لیژنە روشنبیریەکانی یەکێتی لەهەموو کولیژەکاندا مەکتەبەیەکیان کردۆتەوە ، زۆربەی ئەو نامیلکەو پەرتوکە سیاسیانەی تیدایە کە خزمەتی بەرزەوەندی گشتی نشتمانی و ئەتەوەیی ئەکات لەلایەکی ترەوە یەکێتی هەموو رۆژی هەڵئەسێ بە دابەش کردنی رۆژنامەی (الثورة) لە ناو یانە ، بەتایبەتی لەیانەی دانیشتن کە ئەم رۆژنامە دابەش کردنە لەلایەن لیژنەیەکی تایبەتیەوەیە پێی هەڵئەسێ یەکێتی گەلێك سەیرانی بۆ قوتابیان گیراوە چ لە پۆلەکان یان بەشەکانی کولیژەکان ، ئەوەش بۆ خۆمان دروست ئەکەین ، ئەلێم خۆزگە چێشتخانەیەکیان بۆ دروست ئەکردین •• بێ گومان نابێ ئەوە لەیاد بدەین کە یەکێتی قوتابیانی کوردستان دەوری چالاکانەی خۆیان هەیە لەبەشەکانی ناوخۆیداو لەزانکۆداو بەراستی درێغیمان لێ ناکا•• هەمیشە خەرێکی جێبەجێ کردنی کارەکانی قوتابیانن لەگشت رویەکەوە ••

● سامی شاهین

سکرتیری لیژنەی یەکێتی لە ئامۆژگای پزیشکی هونەری دەربارەی چالاکی لیژنەی ئامۆژگا ووتی :

یەکێتی بەدەوری چالاکی خۆی هەڵساوە ، لەگشت رویەکەوە لیژنەمان هەمیشە هەوڵ ئەدا لەپێناوی بەرژەوەندی جەماوەری قوتابیاندا ، لەبەرئەوە هەڵساوین بە دابەش کردنو چاپ کردنی هەموو مەلزمەکانی خوێندن ، بەشداری چالاکیە هونەریو پێشەیەکانمان کردوە باشان قوتابیان لەسەیرانێکی خۆشی دەربەندی خان بەیەك گەیشتن ، ئاواتمانە تیبینی وەرزیشمان سەر بدات لە ئامۆژگاکانی قوترو یاریان لەگەڵدا بکەین • لەچالاکیەکانی روشنبیری ئامۆژگا بڵاو کراوەیەکمان دەرکرد بەناوی (نەورۆزە) وە ، جگە لەوەی وتارەکەی هەفتال (صدام حسین) مان لەچاپدا دەربارەی (الظواهر المدانة لم تمر دون احتساب) جگە لەو وتارەی هەفتال طە الجزراوی ، و بەوبەری لەخۆبوردنەوە داوامان لە قوتابیان کردوە کە وا ئەنکو چەلەمەکانیان بخەنە روو وە هەموو هەفتەیەك لەکەلیاندا کۆ ئەبینەوە بەپەیوەندیەکی بەهێزمان هەیە لەگەڵ لیژنەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لەزانکۆ •• لێرەدا داوا ئەکەم لەقوتابیان و ئەندامانی لیژنەکان بەشداری کارگیرانە بکەن لە رووی تێگەیاندنی قوتابیانەوەو چارسەرکردنی ئەنگ و چەلەمەکانیان ••

سەرنجێك

لیژنەی رۆشنبیری و راگەیاندن

لەسەر داخوازی مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان ، لیژنەی روشنبیری و راگەیاندن جاوی بە چەند قوتابکەی شاعیر کەوت لەهەولێرو دهۆك و سلێمانی ئەوەی شایەنی باسە ئەم شاعیرانە بەشداری میهرەجانی یەکەمی شیعر خوێندنەوەی یەکێتی قوتابیانی کوردستانیان کردوە لەهەولێر • ئەم چاو پێکەوتنە لەگۆشەی تایبەتی « کوفاری قوتابیان » لەئیستگەو نەلەفزیون بڵاو ئەکرێتەوە • ئێمەش بەهەڵمان زانی لەم گۆشەیەوە خوێنەرانی لاپەڕەی خەباتی قوتابیان بەم هەواڵە ئاگادار بکەینەوە ، ئەو برادەرانەی بەشداریان کرد :

١ ـ گوشاد کاروان (هەولیر) :

مەرگ و لەدایك بونێکی تر
دە سەپر کەن
ئەیانەوێ •• شانەی تاوان •• لەقژی خۆریان بشکێنن
ئەیانەوێ کەفرمێسکی پەشیمانی
لەچاوانی شەهیدبونی (غەسان) بێنن
بەڵام ئای کە چەندە کەوجن • ئەی نازانن منی مێژوو

٢ ـ جەمال الدین دزەیی (هەولیر) •

دوو کۆزانی بۆ منالانی قودس
من لەکەڵ ئەوکەسانەدام
دەیانەوێ
داوای خوێنی کەنەفانی
بەسەپێنێرێ ••

●●●

کە (دەووێش) م دی من پیمووت
کاکە •• کاکە
تۆ وەرە لام با بێت بڵێم
رۆژی هەزار جار نیشتمانمان مەزاد ئەکرێ
منالانی قودسی هەتیو لە دار ئەدرێ

●●●

٣ ـ موءید طیب (دهۆك)

بگرنۆن
ئاشتیا بدرەو مەنەفێت
ج ئاخفتت •• بۆ نەفێت
مەنومێدە لقێ ژینێ
بەردافەکا برژخینێ •• !
تێکەم ژجبکێت فێ بریژ ••
وەخوم لامن دازاژەیینێ ••
سەرخۆش بم
دگەل ئاوازێت « فلسطینێ »

٤ ـ ئازاد مەحمود مستەفا (سلیمانی) •

منو دایکم تامەزرۆنی ماچێکی دورین •• !؟
ـ دایەگیان •• ئەگەر ئەتوانی مەبرسە •• !؟
من ناگریم بۆ دوری تۆ ••
هەنسکی خەمێکم نیە بگری بۆ تۆ
دایە تاباوەشی گەرمت
خۆزگەی دڵم رانەژێنێ
تا فرمێسکە کانت
دڵی کوربەم نەگرێنێ
پێ ناکەنم بۆ شەوی تۆ
هەزار ئاخم بۆ هەڵکیشی من خەم نیەو
خەمیش نیە بگری بۆ تۆ

●●●

Institut Kurde de Paris

چیخۆف

نوقلانەو جیهانی بەخشندە

فاضل جاف

کۆمەڵێکی دواکەوتوو ، لە فوولایی زەلکاوێکی رەشدا دەژێت ، رەتمی ـ ئیقاعی جووڵانەوەی ئەندامەکانی ، تا بڵێی خاوو لەسەرخۆیە • هیچ شتێکی وا روونادات کە بە چاو ببینرێت •

چیخۆف وێنەی ڕاستەقینەی ئەم کۆمەڵە دەردەداری لە شانۆگەری‌یەکانی‌دا کێشاوە•• لە لادێ رووسی‌یەکانەوە دەستی پێ‌کرد ئەم وێنانەی خستۆتە بەرچاو : کۆمەڵە کەسێکی تەمەڵ و تەوەزەل ، خێزانی دەرەبەگەکان ، ڕوشنبیرە رووسی‌یەهەڵەوەڕەکان هونەرمەندە لێهاتووە سەرلێ شێواوەکان‌و جوتیارە چەوسێنراوەکان ••

هەموو ئەمانە هەست بە کێزڵی‌ی ژیانی خۆیان‌و نەگبەتی‌ی چارەنووسیان دەکەن ، بەڵام لە نووزانەوەو بۆڵە بۆل زیاتر ، هیچیان لەدەست نایات ، بەرامبەر بەم ژیانە ناهەموارەیان تا دێ زیاتر بێزارو وەڕس ئەبن لە ژیانی خۆیان ، ئەم بێزاری‌یەش جارو بار ئەبێتە هۆی لەوەی زیاتر نیش بکەن‌و تۆزێك مەعنا بە رابوردنی لەسەرخۆی‌ژیانیان ببەخشن ، بەڵام ئەم ئیشکردنەیان لە راکردن زیاتر نی‌یە لە دەستی بێزاری‌و بژێوی ژیانەکەیان کە خۆیانی تێ هەڵدەخەڵەتێنن •

لە باسی شانۆگەری‌یەکانی چیخۆفدا زوربەی رەخنەگرەکان لەم مەسەلەی لە خۆجاڕس‌بوون‌و بێزاری‌یەدا دەکەونە هەڵەوە ، وا بە مەسەلەکە ئەچن کە وایە چیخۆف رەش‌بین‌و بن‌ئومێدە • « هاوزر » لەم باری سەرنجەوە چیخۆف ئەخاتە پاڵ نیتیباعی‌یەکان‌و دەڵێت :

« باڵەوانەکانی چیخۆف بە تێکڕایی هەست بە بێ‌دەسەڵاتی خۆیان دەکەن ، سەربارەی هەست‌کردنیان بە بێ‌هوودەیی‌و بێ مانایی هەموو هەوڵ‌و تێکۆشانێکیان »(١) •

بەڵام خۆ « دریفی خشبە » بەمەشەوە راناوەستێت‌و چیخۆف ئەخاتە پاڵی تەبیعی‌یەکانەوە(٢) •

بەڵام ئەگەر بێتو رەتمی ڕاستەقینەی شانۆگەری‌یەکانی چیخۆف بدۆزینەوە ، تێدەگەین چەند هیوای بە ژیانێکی باشتر‌و جیهانێکی جوانتر‌و بەخشندە هەبووە •• ئەو جیهانەی کە لە خەونەکانی‌دا خۆی تەنوێنێت ، کە خۆشترین‌و ناسکترین گوزارانی‌ی هەموو باڵەوانی شانۆگەری‌یەکانێتی •

چاوەروانی‌و خەوبینین ، تاوازی راستەقینەی شانۆگەری‌یەکانی چیخۆفە ••• چاوەروانی‌ی جیهانێکی پڕ لە شادی‌و بەختیاری ، خەوبینین بە ژیانێکی ئاسودەو بێ‌زولم‌و چەوساندنەوەو بێ‌رق‌و کینەوە •

راستە زوربەی باڵەوانەکانی چیخۆف بێزارن‌و هەست بە بژێوی ژیان دەکەن‌و نازانن دادی ئەم دەردە بەرنە لای کێ •• یان ، نازانن چ ڕێبازێك‌و چ بیرێك‌و ڕێگایەك بگرنەبەر بۆ ڕزگاربوون لەم واقیعە ناهەموارەو وایان لێ‌دێت زیاتر مل‌کەچی ئەبزواندنیان •• بەڵام خۆ زوربەی زۆریان ئادەمیزادی وریارو هەستیارن‌و ئاگایان لە دەردی خۆیان هەیە‌و ، لە ناوەوە لە بزوتنەوەدان‌و رانەوستاون‌و بە‌و ژیانە ناهەموارە ڕازی‌نین‌و •• خەودەبینن ، ئەو خەوبینینەی کە بارۆمەتری هەموو کۆڕانێکی گەورەو بزوتنەوەیەکی بە تەوژمی رۆخێنەرو دروستکردنەوەیە •

چیخۆفێك کە رووبۆشی دەردەگرانەکانی ئادەمیزادی ناو ئەم زەلکاوەی شکاندبێت‌و ، بە هەموو توانا‌و سەرنجی وردیەوە نەخۆشی‌یەکانی دەست‌نیشان کردبێت‌و ، باوەڕی تەواوی بە دوارۆژێکی باشترو خۆشتر هەبووبێت ، دەسا زۆر لە جێگای خۆیەتی بخرێتە ریزی نووسەرانی واقیعی‌ی رەخنەگری‌یەوەو ، بەنجە بۆ هەتاوی جوانی بیرو باوەڕی درێژبکرێت‌و ئەو تەمو مژەی لە مێشکی هەندێ رەخنەگردا دروست بووە ، دڕێ‌بدرێت ، بە تایبەتیش ئەوانەی کە لە واقیعی‌یەتی‌ی ئەم نووسەرە دوودڵن‌و دەیخەنە ریزی نووسەرە شانۆگەری‌یەتەبیعی‌یەکانەوە •

شانۆگەری‌یەکانی چیخۆف دەبن بە دوو بەشەوە :

یەکەمیان ، شانۆگەری‌ی کۆمیدی‌ی کورت ، کە « ڤودڤیل »ی بێ‌دەوترێت ، دووەمیشیان شانۆگەری‌یە درێژەکانێتی کە ناوی لێ‌دەنرێ بە پێی ئەو قۆناغانەی تیای نووسراون ، یەکەمیان « نیفان »و « نەگریسە کە »یە کە بە گشت حاڵێك لە شانۆگەری‌یەکانی قۆناغی دووەمی لاواژێن ، کە « ئەورەس ـ مەلی دەریایی »و « سێ خوشکە کە »و « خالە فانیا »و « پێستانی گیلاس » ئەگرێتەوە ، ئەم جوار شانۆگەری‌یە جوانترین شانۆگەری‌یەکانێتی ، هەڵئەدەدەین ئەو لایەنە چاکانەی دەربخەین کە لە سەرەوەدا باسمان‌کرد ، بەبێ ئەوەی دەست بۆ چیرۆك‌و بابەتی شانۆگەری‌یەکان ببەین، چونکە ئەمەیان زۆری ئەوێت ، جا با گوێ لەو باڵەوانانە بگرین‌و بزانین بە دەمی خۆیان چی ئەڵێن‌و ، چۆن باسی ئەو جیهانە داهاتووە دەکەن‌و خەو بەچی‌یەوە دەبینن •

لە ناخی‌ئەو سەرلێ‌شێواوی‌یەی باڵەوانەکانی شانۆگەری‌ی « خالە فانیا » داو ••• لە بنی سەریای ئەو بێزاری‌یەدا کە « ئەستروف »ی قووتداوە ، « ئەستروفی بزیشك سەرووری‌یەکی بۆ خۆی دۆزیوە تەوەو ، ڕێگایەکی وای هەڵبژاردووە کە بە هیچ جۆرێك ناتوانین لە ڕووە هەرە مرۆڤایەتی‌و ڕوناکەکەی جیای بکەینەوە ، کە ئەویش کەڕانە بە لادێکاندا بۆ چارەسەرکردنی جوتیارو رەنجبەرە نەخۆشەکان • « ئەسترۆف » ئەڵێت(٣) :

« ـ نەوەی دوارۆژی پاش سەد یا دوو سەد ساڵێکی‌تر بێز لەئێمەو ژیانی گەڵۆزانەمان دەکەنەوە ، هەرچی چۆنێك بێت ئەشێ نەوان بەختەوەربن •• بەڵام من‌و تۆ مەگەر لە گۆڕدا بخەسێینەوە • »

هەر « ئەسترۆف » لە وەشی سێ‌یەمی شانۆگەری‌یەکەدا خۆی ئەکا بە ڕووراو ، لەسەر نەخشەکەی دەستی دەست‌دەکاتە باس‌کردنی وڵاتەکەی‌و ، یەکە یەکە هۆی‌یەکانی دواکەوتنی دەس‌نیشان ئەکات ، بە تایبەتی لە باسی بەشە بژکەنەکانی‌دا کە دەڵێت :

« ـ پارچە زەوی‌یەکی رووت‌و قووتە ، هیچ سەوزەڵانی‌و ، نینا ،دا ئەکەوێتەرو و باڵندەیەکی تیا نی‌یە •• ئەبریسکێتەو •• ئەو زەوی‌یەکی پان‌و بەرین ، بێ‌کێڵگەو بێ‌ئاش‌و بێ‌بەرستا •• ئەم شوێنە وێنەی راستەقینەی‌ی چێگایەکە ، پاش بیست ، یان بیست‌و پێنج ساڵێکی کە بەرە بەرە ئاو ئەچێت »(٤) •

هەر لەو هەدیاڵۆگەدا « ئەسترۆف » دەڵێت :

« ـ هەموو ئەمانە لەئاو ئەچن‌و نامێنن ، تاکو ئێستاش هیچ شتێك نی‌یە چێگایان بگرێتەوە • »

بەر لەم شانۆگەری‌یە ، چیخۆف شانۆگەری‌ی « ئەورەس »ی نووسی ، وەکو دەڵێن نوقلانەکانی چیخۆف کەمتر لەم شانۆگەری‌یەدا خۆی دەردەخات ، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا تروسکەیەك لە کۆتایی شانۆگەری‌یەکەدا خۆی دەنوێنێت‌و لە شەخسی‌یەتی سێ گرێ‌یەی دواییەش تەنیا لە سفی‌گرێ‌یەی دواییەش تەنیا لە رووی مێژوویی‌یەوە خەریکی دیراسەکردنی زمان بوون‌و لەم بوارەدا زۆر لە زاناکانی ئەلەمانی وەکو (فیرنر) و ((جریم) و (شلایخر) شارەزایی‌و بلیمەتی خۆیان لەم بارەوە خستووتە سەر مێژووی تۆژینەوەی زمانەوانی •• واتە زانستی زمان بریتی بووە لە دیراسەکردنی زمان لەسەرچاوەو هەڵقولان‌و تەڵاڵە بوون‌و کۆڕانی لە زۆر لاداو لەم مەوارەش‌دا تیوری جۆراو جۆری زمانەوانی هاتووتە ئاراوە ••

بەم جۆرە زانستی تازەی زمان « بر بە پێستی شێوە زانستی‌یەکەی » لە زانکۆی (میشگن) لە دەورو بەری جەنگی دووەمی جیهانی یەوە سەری هەڵداوە ، بە جۆرێك کە بارێ تایبەتی دەوڵەتان پێزیستی هێنانە کایەوەی زۆر دیراساتی ڕەنگاو ڕەنگی لەم جەشنەی خستە روو ، هەروەها بارێ رۆژانەی جیهانیش بە شداری دروست کردنی ئەم مەڵزنکەی کردووە کە لە جەنگی یەکەمی جیهانی‌یەوە ئاوانێکی گرنگ بوو (بۆ لە دایك‌بوونی) •

لە ئەنجامی تێك‌دان‌و رووخاندنی یەر شالاوی جەنگ هەڵویستی بەربەرەکانی کردنی شەڕ بە شێوەیەکی راستەوخۆ لەلایەن خەڵك سەری دەرهێناوە وەکو ڕێبازێکی هەست پێ‌کراو هانە سەر شانۆوە ، ئەمەش پێویستی بە داچەسپاندنی کۆڵەکەکانی لە یەك کەیشتنی میللەتان هەبوو « هیچ شتێ لە زمان سوود بەخش‌تر نی‌یە کە بە دەست مرۆڤەوە بێت بۆ لەیەك گەیشتن‌و چارەسەرکردنی گیرو گرفتی تێك‌ڕۆڕاو » جا لە ڕوانگەی ئەم بیرەوە هەوڵی زۆر بۆ پێکەوەنانی زمانێکی جیهانی هاوبەش دراوە کە گشت گەلان بتوانن بۆ لەیەك گەشیتن بەکاری بهێنن لە مەیدانەکانی رامیاری‌و بازرگانی گۆڕینەوەی زانیاری‌و بڵاوکردنەوەو گەشە پێ‌دانی هەندێ لایەنی‌تر کە بە هۆی زمانەوە ئەنجام ئەدرێت • جا لە ئەنجامی ئەم جۆرە لێکۆڵینەوەیە بۆ پێکانی ئەم ئامانجە پێویستی هاتنە رووی کەلێ تۆژینەوەی زمانەوانی خۆی هێناوەتە بێشەوە کە لەمەوپێش بە هیچ جۆرێك کەس بەلای دانە چووە •

دیسانەوە باری جەنگی دووەمی جیهانی لە سەرنیکەوە پووەتە هۆی ئاڵ‌و گۆڕی نێوان زمانی ئەو ئەتەوانەی کە لە ئاگری شەڕ ئاڵابوون‌و لە قەوارەی ئەم ئاڵ‌وگۆڕی‌یە زۆر تۆژینەوەو لێکۆڵینەوە « زیاتر لە ٤٠ زمان » دەستی پێ‌کراوە لە پێناوی ئەم مەبەستەدا ، بە جۆرێك وای لێ‌هاتووە کە هەندێ زانای تری بە توانا لە ئاسمانی زمانەوانی بڵەی شارەزایی خۆیان تێداهەوێن بکەن و بێنە مەیدانەوە هەروەکو (لیونارد بلومفید) و (ادوارد شپیر) و (زلج هارس) و (هوکت) و (سایث) و (سوادیش) و (چومسکن)•• وگەلێکی‌ترو هەر لەم مێژووەشەوە بە پێچەوانەی پێشوو دایراساتی زمانەوانی شێوەی ڕاستەقینەی گرتووتە خۆی‌و دیراسەی زمان لەسەر ئەم ڕێبازە کراوە بە بێ کوێ دانە ئەم دەستوورە ڕەقی‌و قورسانەی کە بەسەر زماندا فەرز کراوەو هەروەها پووچەل کردنەوەی ئەم پێناسە زمانەوانی‌یە لاسایی کەرەوەو ئەجولاوانەی رابردوو ، چونکە تۆژینەوەی تازەی زمان ئەم راستی‌یەی یەکەلا کردووتەوە کە زمان بەرهەمی کۆمەڵەو هەموو کۆمەڵێکیش خاوەنی زمانی خۆیەتی‌و زمانیش لە خۆی‌دا خاوەنی زۆر دەزگا‌و رژێم‌و رێکخستنێکی سەیرە کە ئەمەش بەڵگەی هۆشمەندی‌و میهرەبانی‌و زیری ئادەمیزادە لە داهێنانی‌دا ••

زمان بە کۆمەڵ بەستراوەتەوەو بە بێ کۆمەڵ نازێت‌و بە مردن‌و تێك‌شکان‌و کۆڕانی کۆمەڵ ، زمانیش دەمری‌و دەپچڕێ‌و دەکژێ ، و لەبەر ڕووناکی ئەم ڕاو جوڵانەو تاشکرا دەبێ کە زمانەوانەکان ئەوەیان لە توانا دا نی‌یە کە زمان بە چەند دەستوورێکی ئەرێد کالی چەسپاو بە سنتەوە ، شتێکی ڕەوا نی‌یە کە دەستوورێکی لەم بابەتە بۆ نیزان زمان‌و پلەی‌شارستانیەتی قسە بێ‌کەرەکانی ئاشکرا بکات ، چونکە زمان ڕەدانەوەی خوور ڕ وشتی ئەندامەکانی کۆمەڵە کە ئەدوێن ، هەروەها ئاوئەی ڕێگای بیرکردنەوەو ژیانی دەورو پشتیان‌و هەلس‌و کەوتی هەروەها ، جا هەر چەندە هەموو کۆمەڵێك شارستانیەتی‌و خۆی ڕەوشتی خۆی هەیە ، بەڵام دیسانەوە ئەوەش هەیە کە کۆمەڵێکی خاوەن شارستانیەتی پێشکەوتووی دیاری کراو ئەگەر هەبێ گوزارەو ئاڵ‌و تەرای ووشەو واتا بۆ زمان بخوڵقێنێت‌و زیادیان بکات ، بەڵام لە شارستانیەتێکی لاوازو دواکەوتوو هەست بە مەسە ناکرێت •

تۆژینەوەی زمانەوانی ئەم سەردەدا ئەگەر ئەو تۆژینەوەی کە لە ناو چوارچێوەی‌دا لە رووخساری مەکینەیەکی ئامیری بێت ، نە سەر دەست کاری بشیکی بکرێت ، باشترە ... سووچێکی ژەناری بن ، ئەوە ژن ئەو ماکینەیە نە کەران کردووتەوە هەروەکو بەندیکی دەکەوێت ، ئاواش ئەعبیر هیچ واتایەکی لێ وەرنەگیرێت ئەوە خەڵك لە قسەکان ناگەن ، چونکە لە ڕەوشتە ڕەسەنانەی زمانەکە هەڵنەقوڵاوە کە کۆمەڵ دەناسی‌و بێ‌ی رازی‌یە •

هەروەها چۆن مانك‌و ئەستێرەکان لە کۆمەڵەی ڕۆژ شوێنی تایبەتی خۆیان هەیە ، بەم ڕەنگەش زمان پاشکۆو پاش بەندی هەیە کە لە سنووری‌دا بەڕێك‌وپێکی ... ڕۆڵان‌و سووراوەو دان ... زمان وەك دەزگایەکی سنووردار ... لە چەند ... دەزگاو ڕژێمی وەك ... کۆمەڵی ... و ... ئەوەی خۆیان ... جۆرەکە ... دواوە دێتە خوارەوە •

تۆژینەوەی زمانەوانی ... ئەوانەی ... زمان ... ئەو چوارچێوەی‌دا ... ئەو ... ئەو ... ئەو

نامەی دهۆک

بەیتاڵخانەو هەوڵدان بۆ پەروەردەی ئاژەڵ

هەمو ئەوانین کە پەروەردەکردنی ئاژەڵ لە عیراقدا یەکێکە لە کۆلەکەکانی پێشکەوتنی سامانی نیشتمانیو هەرچەند زۆر ترباییەخی پێ بدرێ ئەوەندە سودی گشتی وڵاتی تیایە •• بۆ ئەم مەبەستە دەولەت لە چەند شوێنێکی شایستەیوڵاتدا بەیتال خانەی کردۆتەوەو بە ڕێکەوت چاومان بە دکتورمحمد وارانی بەرێوە بەری بەیتال خانەی دهۆک کەوتولێمان پرسی :

● تا ئێستە ڕوێنوی نەخۆشی ئاژەڵتان کردوە •

ـ ساڵێك لەمەوبەر وێستمان ڕوێنوێکی گشتی بکەین ، لەبەر ئەوەی دکتوری شارەزاو پسپۆڕمان کەم بو چەند پزیشکێکیان بۆ ناردین کە لەم ڕوێنوەدا یارمەتیمان بدەن ، کە پیکەوە پلانێك بۆ لەناو بردنی نەخۆشی ئاژەڵ لە ناوچەکەدا دابنێین •• بەڵام لەبەر ئەوەی کە تاقیگامان نەبو ئەم کارەمان بە ئاسانی بۆ ناکرێ ، ئێمە کەرەسەی دکتوریمان هەیە بەڵام جێگای دانانی ئەم کەرەسەو ئامێزانەمان نیە ، تاکو بتوانین بە ئاسانی ئەم ڕوێنوە بکەین •

● ئێستا نەخۆشی لەناو ئاژەڵ ڕەشدا هەیە هۆی ئەم نەخۆشیە چیە ؟

ـ کەلێك نەخۆشی هەیە، هیوادارین هەر کەسێك ئەگەر ئاژەڵەکەی توشی ئەم نەخۆشیە بو بیهێنن بۆ بەیتال خانە بۆ ئەوەی بیان نێرین بو بەغداو لەوێ لە تاقیگا نەخۆشیەکەیان تاقی بکرێتەوەو دەرمانیان بۆ دەست نیشان بکرێ •

● زانستی بەیتال لە عیراقدا تا چ ڕادەیەك پێش کەوتوە ؟

ـ زانستی بەیتال لە عیراقدا زۆر پێشکەوتوە ، بەڵکەش ئەوەیە ساڵ بەساڵ دەسکەوتی زانستی لەم بوارەدا زۆر تر ئەبێ ، ئەو قوتابیانە کە هێشتا زانستی بەیتال دەخوێنن هاوینان لە بەیتال خانەکانا ئیش ئەکەن بۆ ئەوەی کە زۆر تر شارەزا بن •

● جوتیارەکان بە گوێرەی ئامۆژگاریەکانتان ئەجولێنەوە ؟

ـ بەڵی جوتیارەکان گوێ رایەڵی ئامۆژگاریەکانی ئێمە ئەبن ، بۆ نمونە لە گوندی بامەرنی لە پارەگای ئەنجومەنی زیاری فلیمێکمان نیشان دا کە ٣٥ جوتیار سەیریان ئەکرد لە ئەنجامدا ژمارەی سەیر کەران بو بە ٩٣ کەس ، ئەمە وا دیارە جوتیارەکان ئەیانەوێ کەلك لە ئامۆژگاریەکانمان وەربگرن •

● چون ئەتوانرێ لە مردنو کەمبونەوەی ئاژەڵ ڕزگار بین

ـ لەسەر شێوەیەکی زانستیانە ئاژەڵ پەروەردە بکرێو خوراکی تایبەتیان بدرێتیوله نەخۆشی بباریزرێو ژمارەی سەربرینیشیان کەمتر بکرێتەوە •

● ئایا ئەگەر چەند بەیتال خانەیەکی گەڕۆکتان هەبێ ئایا لە دهۆك مانۆ بەدەست کەل ئەدرێ ؟

ـ ئەمە لای ئێمە لەم کاتەدا زۆر کەمە ، چونکە جوتیارەکان ئایانەوێ ماڵاتەکانیان بە دەست کەلبدەن ، تەنانەت هەتەنێك کەس باوەڕی پێ نیە •• چونکە هەندێکمان کەلدا سەری ئەگرتو ئێستا خەلکیش ئایانەوێ •• بۆ ئەوەی ئەم کارە سەرکەوتو بێ پێویستە پزیشکی تایبەتیو شارەزامان هەبێ •

● چۆن ئیشو کارەکانتان پێش تر ئەکەوێ دوای ئەوە لەگەل بەرێوەبەریتی کشتوکاندا بون بە یەك ؟

ـ زانستو تەکنولوجیا پیویستی بە سەربەستی یە ئەگەر پزیشکی سەربەست نەبێ ئەویش پێش تر ناکەوێ، بۆ ئەم کارە پێویستە فەرمانبە رەکانی تر هاریکاریمان لەگەلدا بکەن •

پ • هاوکاری لەدهۆك

مافی ئافرەت لە یاسای حامورابی دا

مەحەمەد عەبدولرەحمان

حەمورابی یەکێك بوە لە مەلیکە کۆنەکانی بابلو ناکادکەلە ساڵی ١٧٢٨ – ١٦٨٦ ی پێش زایینی واتە ٤٢ ساڵ حوکمداری کردوە ••

حەمورابی لە بابل دا پێیان ئەوت (خەمورابی) واتە (گەورەی مەزن) یان (گەورەی خێزان) ••

پادشایانی بابل لە عیراقدا لە ساڵەکانی ١٨٣٠ – ١٥٣٠ی پێش زایینی واتا (٣٠٠) ساڵ بەریوەبەرایەتی حوکمی بابلیان بە دەستەوە بوە حەمورابی شەشەمین پادشای ئەو زنجیرەیە بوو ، وە لە هەمویان بەناوبانگ تر ، بە زیرەکیو ئازایەتی خۆی توانی بەسەر دوژمنەکانیا زاڵ ببێ کە لە هەمویان بەهێز تر مەلیکی (لارسا) ریمسن بو • لە ماوەی ٤٢ ساڵ حوکمداریا ئەمپەراتویەتیەکی گەورەی دروست کرد •• لە وڵاتی عیلامەوە تا کو دەریای سپی ناوەراست •

لە زەمانی پاشایەتی ئەوا پلەی ئابوری وڵاتەکەی بەرز کردەوە ، گەلێك پرۆژەی کشتوکاڵی نوێی پێك هێناو بەستی ئاوی دروست کرد ، کاروباری بەرێوەبردنی ناوخۆو یاسای بەرێوە بردنو ئەمنو ئاسایشی بەناو خەلکدا بڵاو کردەوە •

یاساو فەرمانەکانی خۆی لەسەر روی تاشە بەردو قوڕو خشتی تایبەتی نوسیەوە •• لە مەیدانو شوێنە گشتیەکانا دای ئەنا بۆ ئەوەی هەمو کەس بیانخوێنێتەوە تاکو بزانن چی پێویستە لەسەریانو خوێنشیان چ مافێکیان هەیە •

بەر لە حەمورابی یاسای ـ سومەریەکان ـ هەبو ، لەگەل یاساکانی مەلیك ـ نورتەمو ـ دامەزرێنەری سێیەمین زنجیرەی ـ ئور ـ لە ٢١١٣ی پێش زایینیدا • یاسای مەلیك ـ بیلاڵاما ـ لە ـ ئەشنونا ـ ١٨٦٠ی پێش زایینی •

یاساکەی حەمورابی پاش ئەو یاسا کۆنانە هات هەمویانی کۆ کردبۆوە هەندێکیانی دەسکاری کردو ، ئەوانەی کە لە گەل ئەو چەرخەدا نە ئەگونجا لای بردن •• ئەو شتانەش کە لەو قۆناغەدا پێویست بوو لە سەری زیاد کردن •

هەمو یاساکانی گەیشتنە (٣٠٠) بەند بە خەتی بزماری ناکادی لە ٤٤ بەشدا نوسیەوە•

کۆمەڵە گەڕاڵێکی فەرەنسایی لە ساڵی ١٩٠١ی زایینی ئەم یاسا نوسراوەیان لە شاری (سوس) دۆزیەوە ، کە هەموی لە سەر بەردی (ریۆزیت)ی ڕەشی باگردێنی هەڵکەندرابو کە درێژیەکەیان ٢٢٥سم و ئەستوری ٦٠ سم ئەبو ، ئیستاکە لە مۆزە خانەی (لوفەر)ی فەرەنسادایە نمونەیەکی ئەو یاسا نوسراوەیە لە مۆزەخانەی عیراقدا هەیە کە لە قسل دروست کراوە • کاتی خۆی لە بەرستگای (نیزاکیلا) خوای (مەردوخ) بو لە بابل • بادشای عیلامیەکان (شتروك ناخونتی) کە لە ساڵی ١١٧١ ی پێش زایینیدا بابلی داگیر کرد گواستیەوە بۆ (سوس) ، زۆر دێری لەسەر روی بەردەکە کوژانەوەو ناوی خۆی لەگەل بەرواری داگیر کردنیا لەسەر نوسی •

لە بەشی سەرەوەی بەردەسەری ئەتاشرێ •

● لە بەندی ١٣٠ دا ئەڵێ:

ئەو پیاوەی کە لە لای ژنێکی کە بخەوێ بە جوتە یان کچێنی کچێك لابەرێ لە ماڵی خۆیاندا یان لە ماڵی باوکی دا بە بێ ئەوەی بیناسێ ئەو پیاوە ئەکوژرێ • ژنەکەیان کچەکە بەوەللا ئەکرێ •

● لە بەندی ١٣٧ دا ئەڵێ:

هەر پیاوێك ژنەکەی منداڵی بو یان ئەو ژنەی کە (جاریە)یە منداڵی بو بیکوژێ بەرەڵلا (تەڵاق) ی بدات پێویستە مارەییەکەی بداتێ و ئەوەش بە منداڵەکانی ئەدرێ بەویش بدرێ ، بژێوی هەیە شوو بە پیاوێکی کە بکا ئەگەر ویستی

● لە بەندی ١٣٨دا ئەڵێ :

ئەو ژنەی کە منداڵی نابێ ئەگەر پیاوەکەی بەرەڵلای کا پێویستە مارەییەکەیو ئەو شتومەکانەی لە ماڵی باوکی هێناوێتی بیدرێتەوە •

● لە بەندی ١٤٥ دا ئەڵێ:

ئەگەر ژنی هەر پیاوێك منداڵی نەبو ئەو پیاوە ویستی ژنێکی تر بخوازێو لە هەمان ماڵدا بژی پێی ئەوترێ ژنی دووەم ، نابێ وەکو ژنی یەکەم ڕێزی لێ بگیرێ ، واتە ژنی یەکەم ژنی گەورەی ماڵە •

● مافی ئافرەت لەم یاسایەدا :

بەندی ١٢٧ هەمی یاساکە لە بارەی مافی ئافرەتو بەراورد کردنیان لەگەل پیاواندا لەناو کۆمەڵدا ئەڵێ :

ئەو پیاوەی ژنێ یان ژنەکەی دەستی خیانەتی بۆ ڕابکێشێ ئەگەر نەی توانی ئیساتی قسەکەی بکا نیوەی قژی سەری ئەتاشرێ •

● لە بەندی ١٤٨ دا ئەڵێ:

ئەگەر ژنێك تووشی نەخۆشیەك بوو ، پیاوەکەی ویستی ژنێکی تر بێنێ بۆی هەیە ژن بێنێ بە مەرجێك ژنی یەکەم لە ماڵەوە بێت و بەخێوی بکات •

ـ بەم جۆرە حەمورابی مافی ئافرەتی دیاری کردوەو ٣٧٠٣ ساڵ بەر لە ئیستا بایەخی بە ئافرەت داوە •

هاوکاری

گوندی نۆڵچکە «شێخ مارفی نۆدێ»

نازاد حمە سور نامادی کردوە

ئەگەرچی بەهاری باراناوی ئەم ساڵ وڵێزمەو ڕەهێڵەو ئاوی سەهۆڵ بەندان گەلێ جار نۆوی دڵ ساردبوونەوەو دوو دڵیان لە ناخدا ئەچاندمو وایان لێ ئەکردم تۆزێك ڕابمێنمو بڵێم ئەم ڕۆ ناسبەیتی باشترە، گەشتەکە ئەکەمو شتێك لەسەر گوندی نۆلچکە ئەنوسمو بۆ ڕۆژنامەی هاوکاری ئەنێرم •• بەڵام لەگەل ئەوەشدا بینینی گوندەکەو خۆشیو چەشەی گەشتەکەو ناساندنی گوندەکانی ئەمناوچە هەمیشە بەهاریە بەخوێنەرانی خۆشەویست سەرلەنوێ پەردەی کشوماتیی لەوەراندو دوودڵیەکەی ئەکرد بە تەوزمو هانیئەدام کە دەست لەگشتەکە هەڵنەگرم • لەهەرگەشتێك لەگەشتەکانمدا کە ئەم ماوەیە بەئەنجامی دەگەیەنم پێشەکی ئەبێ ئەوە بزانرێ کە ئەبێ من لەمەڵبەندی ئێستام « کانی توو » بکەومە ڕێ بەرەو ئەوگوندەی دەستنیشانم کردوە ئەمیش لەدەرفەتو هەڵو پشوویەڵدا جاگۆچانو کامێراو دەفتەرێك هەڵدەگرمو دەکەومە ڕێ ، وە لە ڕێگاوبان زیاتر حەز بە پیادەو تەنیایی ئەکەمو نامەوێ سواری وڵاخبمو هەچەمەچەی وڵاخ بیرەکەم بثاڵوزێنی ، بەوچەشنە بەرەو گوندی نۆلچکە کەتمە ڕێ •• کە لە گوندە جوانو خۆشەکانی ناوچەی مەرگەیە لەناحیەی بنکردی قەزای ڕانیەی سەربە پارێزگای سلیمانیە • هەرچۆنێك بوو بە دوو قۆناخ بۆی چوومو خۆم گەیاندێ ، قۆناخی یەکەم چوومە مەرگە لەوێوە برادەرێکی خۆشەویستم لەگەل خۆمدا بردو ڕێگەمان بڕیو چوینە نۆلچکەو بەپێشوازیەیەکی گەرم وەرگیرایەو بۆماوەیەکی کەم دانیشتینو بەك دوو دیشلەمەی خەستو خۆلمان خواردەوە •• ئەوەی کە یەکەم جار سەرنجی ڕاکێشام ئەوەبوو کە خەلکەکە بەگەرمیەوە پێشوازیان لێئەکردین ، دوای گفتوگۆ کردن بۆم دەرکەوت کە ناوی گوندی نۆلچکە لەسەرەتادا (نۆلەچکە) بووەو لە [نۆ ڕێچکە] وە هاتووە کە بە مانای نۆ ڕێگای بچوك دێت ، ئەو گوندە نۆ ڕێگای هاتۆتەوە سەر •

سنووری گوندی نۆلچکە بەمچەشنەیە : لەڕۆژهەڵاتەوە گوندی لۆتەر ـ ماوەیان نیو سەعاتە •• لەڕۆژئاواوە گوندی هەلۆنەو قەڵاتە ڕەشە •• لەسەرەوە شاخی دەروێو سووری باڵانەو لەخواریشەو گردی [بانوە نیسکێ] یە وژمارەی خانۆکانی نزیکەی (٤٣) خانوە کە شێوەی دروستکردنیان خۆمالی کۆنەو لەقوڕو بەردو خشتی کاڵ دروستکراون کە پێیان ئەڵێن « ڕەشە خانو » •• ژمارەی دانیشتوانیشی نزیکەی (٢٥٠) سەر خێزان ئەبێ کە هەموویان خزمو کەسی یەکترنو ئەوەو سەجەرەی (شێخ مارفی نۆ دێی) ین •

گوندی نۆلچکە بەچە شنێکی ڕازاوە هاتە پێش چاوو لە چڕی داری « بی » و « چنار » و « توو » کە هەموو گەڵاکانیان تازە دەمی کردبۆوەو بەزەردەخەنەیەکی ناسك بەدەمی ڕێبواری ماندووەوە بێدەکەنین •• ئەمە بێجگە لەوباخانەی کە لەناو دێدا بوون ، تێکرا هەلوژەو قۆخو قەیسیو سێو گولیان کردبوو تارایەکی سبیو سوریان دابوو بەسەرخۆیاندا و بەنازەوە بەسەرنجی ئاسمانیان ئەدا •

سەرچاوەی ئاووکانی لەمگوندەدا پتر لەحەوت سەرچاوەیە کە بەڵگەی ئەوەش باخی رازاوەو دیمەنی درەختی پڕو بەرزی سەروو چنار بوو •• کانیو ئاوەکانیش ئەمانەن :

(کانی مزگەوت) کە ئاوێکی سووکو سازگاری هەیەو بێجگە لە خواردنەوە کەلکی کشتوکاڵیش ئەگرێتو دارو درەختی زۆری لەبەردا کراوە •• دووەمیان « کارێزی گەورە » یە کە ئەمیش هەر بە ناوەکەی خۆی بەخەلك ئەناسیو سێیەم « کانی شارەوانی » و چوارەم « کانی ژنان » و پێنجەم « کانی گەور درۆزنێ » یە ••

ئەمانەش هەمویان ئاوەکانیان بەکەڵکی خواردنەوە دێنو کشتوکاڵیان لەبەردا ئەکرێ ••

هەروەها دەستی ئاوەدانی پرۆژەیەکی ئاوی لەگوندەکەدا دروست کردوەو بەمە سەرچاوەیەکی تریش دێتە سەر کانیاوەکان •• هەر بە هۆی ئەوەوە پەلەوەری ئاویان زۆرە وەکو قازو مراوی •

سەرچاوەی زیانی دانیشتوانی گوندی نۆلچکە بریتیە لە کشتوکاڵی وەك گەنمو جۆو ئەمانەو تونن هە •• بەراوەکانیشی بریتین لە درەختی هەنارو هەنجیرێکی زۆر •• بێجگە لەوەی کەبە ئاژەڵ بەخێو کردنیشەوە خەریکن وگەلێ بیشەی دەستی وەك دروستکردنی « سەبەتە » بەرچنە ، قەرتاڵە » لە شوڵی سەبەتە بۆ هەڵگرتنی نان و شتنەوەی بەڵاوك » ئەکەن •

سەبەتە بۆ هەڵگرتنی میوەو « بی و بەڵاوك » ئەکەن ، گواستنەوەی لەشوینێکەوە بۆ شوینێکی تر بەکار دەهێنرێن •

هەروەها بیشەی دەستی تریشیان وەك « چینینی کڵاوو گۆزەوەی و زەنگاڵ » هەیە •

وەك وتمان ئەم گونە دەستی ئاوەدانی گەیشتوتیو پرۆژەی ئاوی بۆ دروست کراوە •• ئەوەمان لەبیر نەچێت کە بەرگی تەواوی ئەکراوەتە بەر •• قوتابخانە یەکی تیاد روست کراوە بریتیە لە شەش ژووری ئامادەی خویندن ، بەڵام ئەوەی جێگای داخە تا ئێستا مامۆستای بۆ دانەنراوەو بیناکە هەروا بەجۆلی ماوەتەوەو قوتابیانی گوندەکەش بەناچاری ئەچنە قوتابخانەی گوندی مەرگە بۆ خویندن کە نیو سەعاتێك لێیانەوە دوورە ، بەڵام ئەوەی کە پێویستە بخرێتە بەرچاو ئەوەیە کە هاتووچۆی قوتابیان هەموو ڕۆژێ بەزستانو ڕەهێڵەو سەرما لەنێوان دوو گونددا بەتایبەتی بۆ قوتابیانی پۆلی یەکەم ودووەم مەترسی یەکی گەورە پەیدا ئەکات •

دانیشتوان بەهیوایەکی زۆرەوە چاویان بریوەتە هیمەتی دڵسۆزانەی لێپرسراوان کە چاوێك بەداواکانیاندا بخشێنو بەرژوەندی قوتابیانی ئەمڕۆو پیاوانی دوا ڕۆژی گوندی نۆلچکە فەرامۆش نەکەن •• لەکۆتایدا سوپاسی ئەو برادەرە خۆشەویستە ئەکەم کە لەم گەشتەدا بەشداری کردم •

✪

Institut kurde de Paris

چەند سەرنجێك « پاشماوە »

. . . . . .
. . . . . .

ئەم بیستەوە هەوراز بە بێ نشێو بێ
زەمین بێ دەریاو بێ خاڵو کێو بێ « ل ١٠ »

کێوی گرژبوونەوەیەکی بێئاکامی تێدایە ٠٠ مەیینو وێکهاتنەوەی بیر لێکدانەوەکەی ئاشکرایە ! راستە زۆر نشێوی دوای هەوراز هەیە ، جا لەبەر سروشتی جوغرافی بێت یا سروشتی گۆڕانو زیانی کۆمەڵ ٠٠ ئەوەندەی « **بیرو هۆش** » ووردبوونەوەو تێفیکرین بڕی دەکات هەق وایە بەلانی کەم ئەو راستیە بزانین کە حەتمیەتی گۆڕانو پێشکەوتنی دیاردە ئابوریو کۆمەڵایەتیەکانو وەچەرخاندنی ناکۆکیو زۆرانبازی ناو چەرگەی کۆمەڵ بۆ سودوسەرکەوتنی بەرەی هەقپەرست گومانی تێدا نیەو نشێوو غلۆڵ بوونەوەشی بە دواوە نیە ، راستە لە رێگای بزوتنەوەو خەباتی میللەتاندا کارەساتو داشکانو هەڵبەزینەوەو دامرکاندنەوەو ساردبوونەوە دەبێت ، بەڵام ئەمانە هەمووی رەختینو لە هەمان کاتیشدا دەبنە هەوێنو خۆراکی راست بوونەوەو کاری داهاتوویان ٠٠! زۆر هەورازو بەرزایی سروشتی جوغرافیش هەن کە راستەوخۆ بە تەختە ساتیکی پانو بەرینو بێنشیو دوای دێت ٠٠ ئەوەندە ماوە بڵێین : دەبێت شاعیر مەبەستی لەو نشێو بوونەوەی هەمان رێگاو هەورازی سەرکەوتنەکەی نەبێت ! ئەڵبەتە ئەگەر وا بێت ، بیەوێو نەیەوێ سێرەگرتنەکەی سەرەو ژێرەو تیشانەکەی نەپێکاوە ٠٠ بە پێی ئەمەیان دەبێت هەموو سەرکەوتنێك دابەزینو هەموو بەرزیەك هاتنە خوارەوەی هەبێت ٠٠ کە ئەمەش مەحاڵە٠٠! دوا قۆناخی تێکۆشانی مرۆڤایەتی ٠٠ ئاخیرین هەورازی بەردەمی هەنگاوەکانیەتی !! تیا ناکۆکیو چەوساندنەوە بن بڕ دەکرێتو هیچ لێژایینو نشێویشی بە دواوە نیە !

تا ئارەقەی رەنج بە خوڕ نەڕێژی
تامی ماندوو بوون بە دل نەچێژی
بیر هەڵنەکەنی بە نووکی دەرزوو
دەست ناکەیتە مل بووکی ئارەزوو « ل ١٤ »

هەر رەنجدانو شەکەتو هەوەڵدانێکی ، زارو دەروونو بیرو گردەوەی لە سەرچاوەیەکی مرۆڤانەوە هەڵقولابێت زەمینەکەی خۆشکرابێ ! دیارە وردەکاریو پشودرێژیو ئارامگری لێ وەکار هاتوەو بەری ئەم ماندووبوونەش ئاواتێکی رەوانو پیرۆزە ٠٠

لە جۆگەیەکی لاوازم پرسی ٠٠
نەژادت چییە وا تێنیو برسی
ووتی زێیەك بووم ناودارو گەورە
لە خۆ بایی بوون بردمی بەم جەورە « ل ١٧ »

وەستاکاریو بەنا بردنە بەر ساماتی زیندووی نەتەوایەتی لە تاقی کردنەوەی ئەدەبیدا ٠٠ جگە لەوەی واتەی بۆچوونەکەی بە هێز دەکات لە هەمان کاتیشدا هێزو بێزێکی پرشەنگو سەرنجکێش دەکاتە بەر دیوە هونەریەکەی ، ٠٠ لەم وێرانەی سەرەوە کار لە ووشە جنێنو رستە هۆنینەوە ترازاوەو لە شیعری ساکاری تێپەڕاندوە ، ئاکارە هونەریەکەی لە دەریای بەندو قسەی نەستەقو رەوانەوە هەڵهێناوە !! « هەموو شتێك لە ئەستووری ، ئەستوریش لە وەختی بێباکی ئەنجامی نێجوونە ! » « ئافرەت نیوەی کۆمەڵە » ٠٠ ئاکامی بەختەوەریو دوارۆژی کۆمەڵگا بەم هەڤیقەتەوە بەندە ٠٠ سەربەستیو یەکسانی ئافرەت لەکەڵ پیاودا ٠٠ بوە بە روانگەی تێروانینو باوەڕی شاعیر :-

چەبلە چۆن تە ها ب. تاکە دەستێ
لێ نادرێتن بۆ هیچ مەبەستێ
کۆمەڵیش ئاوا ناکرتە خۆشی ٠٠
هەتا نێرو مێ بڕی ئەکژشێ « ل ١٩ »

لەوانەیە هەبێت لای وابێت رەنگو وێنەی دو دێری شیعرە بەرزەکەی « **بێکەس** »ی نەمر « **داری نازادی** » بێوە دیارە :

نێرو مێ هەردو جووتە بۆ وەتەن ه ولی زەدەن ٠٠
دووره دەرچوونی لە دیلی ، مەل ب. بلی نەفرێ ٠٠
هەولی راستی هەردوولا ، ئامانجی میللەت سەر نەخا ٠٠
چونکە مەغلوره. بەیەك دەس چەپلە قەت ئێ نادرێ

ئەگەر کزمەڵی دوێنێکەی بێکەسو شاعیریکی نیستاکە گۆڕانێکی بنەڕەتی بەسەردا نەهاتبێت ! دەرهەق بە ئافرەتو ئازاد بوونی ٠٠ ئەلبەتە هەمان ژانو ئازاری ئەوساکە لەو چەلەی ژیانی خۆیشماتا سەر هەڵددداتەوە با نەختێك ئەهوەن تریش بێت ! زۆر سروشتیە بیرکردنەوەی گەنجێکی ئەمرۆکە باوەڕی مرۆڤیکی وەکو بێکەس کاری تێکردبێت ! مافی ئافرەتو هوشیار-بوونەوەی کۆمەڵ لە خۆیەوە یاسای جیهانی ئینسانیەت دەستەبەری کردوە !٠٠

هەرچۆنی بێت ئەم کزمەڵە جواربنە دەنگو رەنگیکی وەختی خۆی هەیەو ٠٠ شاعیرم لا سەرکەوتوە لەوەی حەیامانەو لە بەرکو پۆشاکێکی خۆماڵیانەوە بیرو فەلسەفەی ئەم سەردەمە بکە. ئیتە گوێی خوێنەرەکەی ، دیسانەوە ئەوەش دوویات دەکەمەوە کە لەم جۆرە شیعرانە مەترسیو شکی تێدانیە کە چەند شاعیر وەکو یەك بۆ مەبەستێك بچن ٠٠ ئەمە شتێکی واقیعیو بەدیهیە ، رێك بەندە بە نزیکیو لەیەکچوونی نیحساسو سەلیقەو ژانو سەرچاوەی بیرکردنەوەو بارو سەروەختی ژیانیا ٠٠ ئیتر سەرکەوتن بۆکك بەکرو هەمووئەوانەی قەدەغە رشەیان لا ...

انور نجم‌الدین

جیخۆف نوقلانە - پاشماوە

لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە ، بۆیە لە ژیان ناترسم ٠»(٥) ٠

ئەو جیهانە روناکەی کە جیخۆف مەبەستێتی ، لە شانۆگەریی « سێ خوشکەکە » دا شێوەی رەهێڵەیەکی توند وەردەگرێت ، رەهێڵەیەك کە لافاو هەڵئەستێنێتو هەرچی شتی کۆن هەیە لە بنچو بناوانەوە ریشەکێش دەکات .

« **ئیرینا : وەختی ئەوە هاتووە هەموو بەرەو نازارێکی مەزن هەڵکوتین ، رەهێڵەکە وا بەرەو ئێرە دێت ٠٠ تا بڵێی توندو تیژەو رەقی سستیو دەستەو ئەژنۆ دانیشتن لە بێخەوە هەڵدەکەنێت ٠٠ پاش بیست ، بیستو پێنج ساڵێکی تر ، کەس بۆ ئیش نابێت »(٦) ٠**

هەر لەم شانۆگەریەدا « فیریشین » کە پیرو باوەرو سەرنجەکانی لە هەی « ئەسترۆف »ی « خاڵە فانیا » ئەچێ ئەڵێ :

« **- ئیمە نازانین چیمان لەبەرچاوی ئەوەی داهاتوودا هەزنو ئەەر ئەبێتو ، چیشمان پووچەڵو بێ کەڵکە٠٠»**

« باخچەی کێڵاس » بەهێزترین شانۆگەریی جیخۆفە لەم رووەوە ، نووسەر هیواو ئومێدێکی ئێجگار بەهێزی بە مرۆڤایەتیو دوا رۆژ هەیە ، زیاتریش هەر لە دەمی « ترۆفیمۆف »ی قوتابیەوە ئەم باوەڕە دەرئەبڕێت :

« **ترۆفیمۆف : مرۆڤایەتی لە پێشکەوتندایەو ئەوەی ئەەرۆ لە لای ئێمە دوورەو زایگەیێ ، سبەی لەتاو دەستدایە »(٨) ٠**

ئەنانەت شانۆگەریەکە بە ماڵئاوایی یەکی بەهێزو ناسك کۆتایی دێت ، ماڵئاوایی لەو جیهانە تاریكو تاڵەی کە باڵەوانەکانی جیخۆفی تیا دەژی :

« **- ماڵئاوا ئەی خانووەکەمان ٠٠! ماڵئاوا هەی ژیانی رابوردوو ٠**

- ئەی ژیانی داهاتوو ، ئەی ژیانی نوێ ، دەسا تۆش بەخێر هاتی »(٩) ٠

ئیتر هەموو باڵەوانەکان ئەو جیهانە بەجێدێڵنو دەچنە دەرەوە ٠٠٠ هەتا « فیرس » سەیری ئەمڵاو ئەولای خۆی ئەکاتو ئەڵێت :

« **- ئێنت رابوردو بەسەرچو ٠٠ تیمی ئەنجیت تیا نەماوە ، ئیدی بۆ کەلکی هیچ نایەی ٠ »**

جیخۆفو نموونەی باڵەوانی شۆڕشگێڕ :

« **من ژیان تۆمار دەکەم ! »(١٠)** جیخۆف وای ئەوتو ، واشی ئەکرد ، راست گۆیی ئەترسی رێبازی راستەقینەبوو لەم مەسەلەیەداو شانۆگەریەکانی باسی لەناوچوونی ئەو ژیانەی ئەو خۆی ٠٠ کەلەشێرەکە زۆر دەترسێت و لە رێگادا هاوار دەکات ٠٠ رزگارم بکەن ٠٠ هاوڕێکانی گوێیان لێ دەبێت دێن رزگاری دەکەن !

دیسانەوە سەرنجەشەوەچیخۆف لە ریزی نووسەرە واقیعیە ئینتیقادیەکاندایەو ، ئەو دەردانەی ئەو خستیە بەرچاوو ئەو نوقلانانەی ئەولێدا ، وەکو هەر هونەرمەندێکی بەرچاو رووناكووریاو دووربین ، هەموویمان بە چاوی خۆمان ببینی ٠

سەرچاوەکان :

(١) ارنولد هاوزر - الفن والمجتمع عبر التاریخ - بەشی یەکەم - ل ٤٦٠ ٠
(٢) دریني خشمه - اشهر المذاهب المسرحیة - ل ١٣٤ ٠
(٣) چیخۆف - طائر البحر ومسرحیات أخری - وەرگێڕانی: الدکتور علی الراعی ٠
(٤) هەمان سەرچاوە - ل١٤٣ ٠
(٥) چیخۆف - طائرالبحر - و : نجیب سرور ، ماهر عسل ٠
(٦) چیخۆف - الشقیقات الثلاث - و : الدکتور علی الراعی ٠
(٧) هەمان سەرچاوە - ل ٠
(٨) چیخۆف - طائر البحر - و : نجیب سرور ، ماهر عسل - ل ٨٨ ٠
(٩) هەمان سەرچاوە - ل١٣٣ ٠
(١٠) الدکتور کمال عید - في الادب والمسرح - ل ١٣ ٠
(١١) هەمان سەرچاوە - ل١١ ٠
(١٢) خال فانیا ، شیطان الغابة - السلسلة الکویتیة - ل ٩ ٠
(١٣) روح الغابات - و : یمن الاعسر - بێشەکی : صدقی اسماعیل - ل ١٠ ٠
(١٤) بۆریس بۆرسۆن - الواقعیة الیوم وابد - و : کامران قرداغی - ل ٢١ ٠

چیرۆکی کۆشە (پاشماوە)

گەنم هەڵبچنێت ٠٠!

کەلەشێر کە گوێی لێ دەبێت لە پەنجەرەوە سەر دەردێنێت و دەڵێت چۆن نایەڵیت ؟ بەڵام رێوی یەکە دەیگرێت و دەیبات بۆ کونەکەی خۆی ٠٠ کەلەشێرەکە زۆر دەترسێت و لە رێگادا هاوار دەکات ٠٠ رزگارم بکەن ٠٠ لە کونە رێوی نزیك دەبنەوە و بشیلەکە ئەم کۆرانیە دەڵێت : رێوی لە ماڵدایە ٠٠ لە نێو یانەی زۆر جواندایە ٠٠ کە رێوی ئەمە دەبینێت سەر دێنێتە دەرەوە و هەردووکیان دەیگرنو و تێروپڕ دارکاری دەکەن و کەلەشێری هاوڕێیان رزگار دەکەن ٠٠ کەلەشێریش لەو رۆژەوە بێ گوێیان ناکات هەرچی ئەوان پێی دێن وا دەکات ٠

کەلەشێر : ئەم جارە دوور تر دەڕۆین بە قسەمان بکە و لە بەنجەرەوە سەر مەبەنە دەر ٠٠ بەڵام کە دەڕۆن دیسان رێوی فێڵباز دێت و دیسانەوە وەکو جاران گۆرانی دەڵێت و پاڵەوانی شۆڕشگێڕو ئیجابی لەشانۆی چیخۆفدا سەر هەڵدەداتەوە ٠

بەرنارد شۆ دەڵێت :« چیخۆف باوەری بە مرۆڤی ئەو سەردەمە نەبوو بتوانێت خۆی رزگاربکات »(١١) بۆیە ئەو کۆمەڵەی تاوانبار دەکردوبەر لە هەمووشیان رۆشنبیرە دەمەوەرەکان ٠

چیخۆف لە نامەیەکیدا بۆ برادەرێکی دەڵێت : « من باسی کۆمەڵ دەکەم ، باسی ئەوانەدەکەم کە لە کۆمەڵدا دەیانبینم ٠٠ ناتوانم بە درۆ پاڵەوانی شۆڕشگێڕ دروستبکەم چونکە لەم واقیعەدا هیشتا مرۆڤی وادروستنەبووە ، ئیتر من چۆن پاڵەوانو شۆڕشگێڕ لە شانۆگەریەکانمدا دروستی بکەم ؟! »(١٢)

لەگەڵ ئەم رایەی چیخۆفیشدا دەربارەی پاڵەوانی شۆڕشگێڕ لە ئەدەبدا ، بەسەدان نموونەی پاڵەوانانەی شۆڕشگێڕی ساختە دروست-کراوەو ئەکرێت ، بە تایبەتیش لە ئەدەبێکدا کە راستیو پاکی تیا ونکرابێتو - بە هەر جۆرێك بێت - بووبێتە زوڕنای مەبەستێك رەنگە ناعەمواریش بێت ؟!! بەڵامو چیخۆف بە درێژایی تەمەنی رقی لە درۆ دەبووەوەو ، بێزی لە هەموو رووەکی چەپەڵو نامرۆڤانەی ئادەمیزاددەکردەوە ، هەر وەکو مارشاك دەڵێت(١٣) ٠

جا ئەگەر وەها نموونەیەکی شۆڕشگێڕانە لە واقیعدا نەبێتو چیخۆف وەکو شێرێکی ساختە لە شانۆگەریەکانیدا دروستی بکات ، ئەبێ چرونساك بینیو چ راستی پەرستیەك بێت بۆ چیخۆف؟!؟بورسوفیش دەڵێ : «هونەرمەند هەر ئەوەندەی لەسەرەمەسەلەکانشی بکاتەوەو بیانخاتەروو ٠٠ ئەك چارەسەریشیان بۆ دابنێت »(١٤) ٠

هەر لەم باری سەرنجەشەوەچیخۆف لە ریزی نووسەرە واقیعیە ئینتیقادیەکاندایەو ، ئەو دەردانەی ئەو خستیە بەرچاوو ئەو نوقلانانەی ئەولێدا ، وەکو هەر هونەرمەندێکی بەرچاو رووناكووریاو دووربین ، هەموویمان بە چاوی خۆمان ببینی ٠

سەرچاوەکان :

(١) ارنولد هاوزر - الفن والمجتمع عبر التاریخ - بەشی یەکەم - ل ٤٦٠ ٠
(٢) دریني خشمه - اشهر المذاهب المسرحیة - ل ١٣٤ ٠
(٣) چیخۆف - طائر البحر ومسرحیات أخری - وەرگێڕانی: الدکتور علی الراعی ٠
(٤) هەمان سەرچاوە - ل١٤٣ ٠
(٥) چیخۆف - طائرالبحر - و : نجیب سرور ، ماهر عسل ٠
(٦) چیخۆف - الشقیقات الثلاث - و : الدکتور علی الراعی ٠
(٧) هەمان سەرچاوە - ل ٠
(٨) چیخۆف - طائر البحر - و : نجیب سرور ، ماهر عسل - ل ٨٨ ٠
(٩) هەمان سەرچاوە - ل١٣٣ ٠
(١٠) الدکتور کمال عید - في الادب والمسرح - ل ١٣ ٠
(١١) هەمان سەرچاوە - ل١١ ٠
(١٢) خال فانیا ، شیطان الغابة - السلسلة الکویتیة - ل ٩ ٠
(١٣) روح الغابات - و : یمن الاعسر - بێشەکی : صدقی اسماعیل - ل ١٠ ٠
(١٤) بۆریس بۆرسۆن - الواقعیة الیوم وابد - و : کامران قرداغی - ل ٢١ ٠

روبرت فروست (پاشماوە)

وادیارە خەتاکە ، تاڕادەیەك ، لەمنەوەیە ٠

گەلەیی لە جۆلەکە ناکرێ کەوا ئەخوێنێ

دیارە کە بنیادەمیش ئەیەوێ گۆرانیەك کپ کاتەوە

مەسەلەکە هەڵەیەکی تیا ئەبێ ٠٠

لە پارچە شیعری « لەوەڕگە » شدا ئەڵێ :

ئەڕۆم گانیی لەوەڕگەکە پاك کەمەوە

ئەوەستم تەنها گەڵاکان کۆکەمەوە

لەوانەش چاوەڕوانی بکەم تا ئاوەکە ڕۆشن ئەبێتەوە

زۆر دوا ناکەوم ٠٠ تۆیش لەگەڵم وەرە ٠٠

ئەڕۆم گوێرەکە بچکۆلەکە بێنمەوە

کە لای دایکیا ڕاوەستاوە

ئەوەندە بچکۆلەیە ، کە دایکی بە زمان ئەیلێستێتەوە ، لار ئەبێتەوە

زۆرم پێناچێ ٠٠ تۆیش لەگەڵم وەرە

* * *

توژینەوەی زمانەوانی- پاشماوە

بەکار بهێنێ بۆ نموونە ئەم جۆرە ئەردان کردنەی کە لە زمانی عەرەبیدا هەیە لە زمانی ئینگلیزیدا نییە ، دیسان ئەوەی لە زمانی ئینگلیزی پێی دەووترێ (مضارع تام) لە زمانی عەرەبیدا نییەو ئەوەی لە عەرەبیدا بە (مێ) دائەنرێت لە زمانی ئینگلیزیە (غیر عاقل) و لە فەرەنسی بە (نێر) دائەنرێ ٠٠

جا لایەنگیرەکانی نەحوی کۆن ئەوەیان کردووتە بنیشتە خۆشەی سەر زمانیان گوایە نەحوی نوێ هیچ شتێکی تازەی دانەهێناوە ، بەڵکو تەنیا ئاڵو گۆڕکردنێکی بە بێژەیەو بەس ، بەڵام لە ڕاستیدا نەحوی نوێزانستێکی زیندووە بۆ توژینەوەی دیاردەکانی زمانوشی کردنەوەی هۆیەکانی بۆ گەشتنە سەرچاوەیەکی راستەقینە ٠٠ زانستێکە خاوەی بەیرەوێکی تەواوو بە هێزە کەلێی لانادرێتو بۆی نییە وەك یاری منالان هەموو کاتێك دەستکاری بکرێت ٠

ووردی لە وەسف کردنی یەیرەوی زمانو خۆ بەستنەوە بە شێوەیەکی توژینەوە لە هەموو ئەم گۆندرانە دەمان پەرێنێتەوە کە نەحوی یەکلاسیکی یەکان تیادا جۆرك دانەدەن و خلیسك ئەبەن ، هەروەکو چۆن لە کاتی خۆیدا زمانی ئینگلیزی کە بەز لە ئیسپانیا (نەحو)ی لاتینیو گوزارەکانی بەسەر زمانورێزمانی ئینگلیزیدا فەرزکراوە و ناوەکانی بێك هاتنی زمانی لاتینی بۆ ناولێنانی بەشەکانی بێك هاتنی زمانی ئینگلیزی بەکار هاتووە کە زۆر لەیەك جیاوازن، لەبەر ئەوە بوو کە تیانی زمانی ئینگلیزی بەڕێتو بکەوێتە بەرشلاوی هەرەشەلێ-کردن ، چونکە بۆ نموونە ئاوەڵناو لە زمانی ئینگلیزیدا ئەوەی کە لە زمانی لاتینیو عەرەبیدا هەیە ٠٠ بۆیە دەبێ مل بۆ ئەم راستی-یەی کە توژینەوەی نوێی زمانەوانی دابهێناوە کەچ بکرێت ، کە گوزارەکانی نەحو بۆ ناولێنان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆڕێت ٠

هەروەها توژینەوەی نوێی زمانەوانی لەسەر یەك بیرو باوەڕو یەك رێباز هەر لەسەرەتاوە دەستی بە شی کردنەوەی رووداوەکانی ئەنکردووەو دوایی نۆرە چۆتەسەر توژینەوەی شوێن و جێگاچاواژانەی کە ئەم رووخسارە زمانکرووییەی و لەبەررووناکی ئەم شوێنانەدا پیاو بەسەر ئەرکی رووخسارەو دوامی وا کاری دراوە ، بۆیە ئیمە مانان لە توانامان دانییەکە بە [illegible] ی ئەم رێبازە رێگا بگرینە بەر ، وانا لە پێشەوە بینیمە سەر باسی و [illegible] دوایی هەولی توژینەوەی شوێنی سەرهەڵدانی ئەم و بەدین و بە دوایانەوە ئەوواتایە بە دەستەوە ئەدات ٠

زانستی نوێی زمان دیسانەوە بەشەکانی کارای لە رستەو تاکو تەرای خاوەن ئەرکو بێك هێنەر لەبەر جیاکردوەتەوەو بەشی یەکەمی بەسەر چەند جەشنێك دابەش کردووە کە تایبەتی یەکانی لە تاکو تەرای بێك هێنەر دروست بە یەك ناگەنەوە چ لە رووی ژمارەو واتای [illegible] توانای لە بەلاوە نانی [illegible] بەسەر بێك هێنانی [illegible] ئارادا هەبێت ٠

بەم رەنگە دەبینین ئەو بناغە گشتیانەی کە توژینەوەی تازەی زمانەوانی لەسەر بنیادنراوە بۆ هەموو زمانێك دەگونجێتو ئەو [illegible] ی کە رێزەوی دەکات [illegible] وەسف کردن یەکێك بووە لە گۆڕاوە ٠

***

راهێنانی ئەکتەر - پاشماوە

دوبارەی بکاتەوە کە بەمە ئەڵێن (پرۆفەی تاکی) واتا هەر ئەکتەرەو بە تەنها بۆ ماوەی چەند جارێك تاکو بەرێکی ئەچێتە ناو قالبی ئەودەورەوەو هەرچی هەڵەکانیەتی ئەخرێتە پێش چاوی بۆ ئەوەی دوباتی نەکاتەوە ، ئەگەر شتێکی بەلاوە گران بو چەند جارێك دوباتی بکاتەوە تاپێی ڕادێت٠ ئەمە بۆ ماوەی چەند رۆژێك بەردەوام ئەبێ تاکو لە بیری نەچێتەوەو باش پێی ڕابێت چونکە لەوانەیە ئەمرۆ بیزانێو سبەینێ لە بیری بچێتەوە ٠ دوای پرۆفەی تاکی ئینجا ئەکتەرە دەور بینەکانی هەر بەردەیەك بەیەکەوە را ئەهێنرێن ، بەمەش ئەڵێن (پرۆفەی کۆمەڵی) ٠٠ بۆ ئەوەی پەیوەندی نێوان یەکتری بزانن لە یەکتری بگەنو شوێنی قسەکانی خۆیان لە بەینی قسەکانی یەکتردا دیاری بکەنو لێیان تێك نەچێ٠٠ بەم جۆرە ئەتوانرێ ئەکتەر دروست بکرێ ٠

وەکو لە سێرکو زۆر فلیمی تردا بینیوتانە کە تەنانەت ئاژەلیش ئەتوانرێ رابهێنرێ ئامادە بکرێ بۆ جۆلانو خۆنواندنێکی تایبەتی ٠٠ بەڵام لەگەل ئەوەشدا ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە هەموکەس بتوانێ ئەکتەر بێ ، چونکە مرۆڤی وا هەیە رەنگە ئەگەر مانگێك جولانێکی بچوکی بۆ دوبارە بکرێتەوە لەبەرچاوی ئەو ئەتوانی جارێك خۆی بەو جۆرە بنوێنێ ٠٠(ستانلافسکی) ئەڵێ : (گفتوگۆو دواندنی بچوك نیە ، بەڵکو ئەکتەری بچوك هەیە) ٠٠ چونکە ئەگەر دواندنەکە پیویست ئەبێ لا ئەبرێ ئیتر پێویست ناکات ئەکتەرێکی بۆ دابنرێ ، بەڵام دواندن هەرچەن بچوك بێ شوێنی کاریگەری تایبەتی خۆی هەیە بۆیە هاتۆتە پێشەوە ٠٠ بەڵام ئەو کەسەی کە ئەودەورە بچوکەی ئەدەنێ لێی رانابینرێ دەورێکی گەورەی بدرێتێ چونکە لەوانەیە شتی لە بیردا نەمێنێ ودەورەکانی لەبیر بچێتەوە ٠

ئەبێ ئەکتەر بەرلە هەمو شتێك دەنگو لەشولارو رووی لە باربێ ، هەندێ کەس هەیە ئەتوانێ دەنگی خۆی بگۆڕێ، بەڵام ئەم توانای دەنگ گۆڕینە لەهەمو ئەکتەرێکدا نیە ، ئینجا زۆریستە ئەو جۆرە کەسانە بەشوێنە پێویستیەکانی شانۆگەریەکەدا بن ٠٠ خۆ ئەگەر دەنگی تایبەتی هەبو لەگەل ئەودەورانەدا بگونجێ ئەو پێویستە ئەوا لەوەباشترە [illegible] بەزۆر دەنگی خۆی بگۆڕێ ٠٠

لەروی لەشولاریشەوە هەتا [illegible] رێ رویەك هەڵبژێردرێ کە لەگەل دیمەنو رواڵەتی [illegible] وزەکەدا بگونجێو لەگەل ئەودشدا توانای خۆنواندنی هەبێ ٠

ئەمەبو بەکورتی دەربارەی لایەنێکی بچوکی راهێنانی ئەکتەر ٠٠ هەرچەند ئەم باسە زۆرلایەنی تری هەیە بەڵام ئەوەندەی کەپێمان کراو لێمان زانی پیشکەشمان کرد ٠

● سود لە چەند گۆڤارێکی شانۆگەریو سینەما وەرگیراوە ٠

Institut Kurde de Paris

نموونەیەکی هاتنە خوارەوەی رۆشنبیری رۆژئاوا

با هونەر دلی خۆش بێ‌و له شادماینداً بکەوێته سەما٠٠ ئەوەتا بلیمەتییەکی تازەی تریش له دەروازەی گەورەی‌شانووە هاتە مەیدانی هونەرەوەئەو بلیمەتییەی پێی‌ئەڵێن (پیێر کاردان) !

دیارە پیێر کاردان پێویستی بەوە نیە بە کەسی بناسێنین بەناوبانگترین رەنگ ڕێژی جل‌و بەرگە ، ئەگەر تانیستا خەلك ، هەموو ئەم خەلکە نەیانناسیبێ ، گوناهی کوشندە گوناهی ئەوان خۆیانە ٠٠ بەڵام خۆ هیچ نەبێ دەولەمەندەکان‌و ڕۆشنبیرە حال خۆشەکان ئەیناسن ٠٠ ئەگەر ناشی ئامسن با سەیرێکی دیوی ناوەوەی قاتە کەشخەکانیان بکەن ٠٠ ئەبینن ناوی بە پێی ناوریشم لە جلەکانیان چنراوە ٠٠

ڕاستەکەی ئەم هەواڵەمان لە گۆڤاری (لۆبوان)ی فەرەنسییەوە بێ‌گەیشت کەوا دەمەتەقێیەکی لەگەڵ ئەم بلیمەتی تازەی شانۆیەدا کردبوو ، دەمە تەقێیەکی‌وا بۆ ئەوە ئەشێ کەمێك لایدا راوەستین ، بزانین چارەنووسی ڕۆشنبیرێ لە کۆمەڵگا ئیستیهلاکییەکاندا گەیشتووە کوێ ! پیێر کاردان بریاری داوە بێ بە بەرهەم هێنەری شانۆ لەبەر هۆیەکی سووك‌و ساده ، ئەویش ئەوەنە شانۆ باشتر مەیدانی ئەوەی ئەدا بڕۆیاگاندە بکا جۆ ئەو مۆدێلە تازانەی دایان ئەهێنێ ٠ بیرەکەی بەڕاستی بیرێکی زیرەکانەیە ٠ شێوەی کلاسیکیس بڕۆیاگاندە بریتی بوو لەوە ئاهەنگێك بکرێ‌و زۆر لەوە ئەمڕۆ کاردان ئەوانی جلەکانی بکاتە بەر بەرز‌و بالای ئاسك‌و نازدارترین تیاترۆکان لە بیاوو لە ژن، خەلکیش لە ئەنجامی ئەم ڕێکا فێنێبازانەو ڕووەڕووەئەنە مودێلەکانی بۆ ناوەی لاسایی ئەستێرەکانی هونەریان کردبێتەوە ٠

ئاشکرایە کاردان بەش ئەوەی هاتە مەیدانی شانووە مەوودێکی زۆری بۆ خۆی مسۆگەر کردوە ، بەڵام ئەوە گرنگە کە بزانین ئاخۆ شانۆ چی لەوە دەسگیر بووە کە کاردان چووەتە باڵی ٠

وەڵامی ئەم پرسیارە ئاشکرایە ٠ شانۆی ئەمڕۆی ڕۆژاوا کەوا لەم چەند ساڵەی دواییدا لە جاران پتر هاتووەتە خوارەوە چونکە بەتەواوی کەوتووەتە دوای بازرگانییەوەو میتافیزیکیا بەتەواوی باڵی بەسەردا کێشاوە ، لە سەرێکی کەشەوە لە ڕێگای پیێر کاردانەوە بووە بە سالۆنی مۆدیلەکان ٠

هاوکاری
لەعەرەبیەوە کردووە
بە کوردی



جیهانی سینەما :

صوفیا لورین ٠٠ شانازی بەدایکیەوە ئەکا

صوفیاو دایکی لە نزیك‌ترین چاوپێکەوتنا ئەبینرێ ٠

ئەکتەری ناسراو صوفیا لۆرین وتویەتی : هوی سەرکەوتنی لە جیهانی‌سینەمادا ئەگەڕێتەوە بۆ دایکی ، لەبەرئەوە خۆشەویستی‌وڕێزیکی‌بی سنووری دایکی لە دڵایە ، هەر لەمنالیەوە هانی‌ئەدا بچێ بۆ سینەما چونکە ئەیزانی ڕۆژی کچەکەی ئەبێ‌بە ئەستێرەیەکی گەشی سینەمای جیهان ٠

✻⊙✻

کاربۆ ٠٠٠ دوای ڕۆژ ئاوابوون

کاربۆ لە تەمەنی لادێ‌دا ئەبینرێ ٠

گرتیا کاربۆ ، ئەکتەرێکی ناسراوی سینەمایی بو لە ساڵەکانی سی‌و چل‌دا ، لەم‌دوایەدا ئەلەفزیونی فەرەنسا دەستی کردوە بە پیشاندانەوەی فلیمە سەرکەوتوەکانی ئەم ئەکتەرەکە ئیستا تەمەنی ٧١ ساڵە ٠ ئەك هەر ئەمە بەڵکو بۆ فیستیڤاڵی «کان» ساڵی ١٩٧٦ بە ناوبانگ ترین فلیمی کاربۆ « ئەمەوێ بە تەنیابم » پیشان ئەدرێ ٠

کاربۆ بە توانەنی دەوری‌میزووی ئاوبانگی دەر کردوەو لە فلیمە بەناوبانگەکانی لەم بارەیەوە « خۆشەویستی ناپلیۆن » و «شازادە کرستین»

✻✻✻

ئەمە بەوردی بخوێنەرەوە!

زۆرجار ، ڕێ ئەکەوێ ، یەکێك لە منالەکانمان ، لەکاتی‌قسەکردنا ، زمانی ئەیکەوێ‌و هەندێ وشە بەرەوانی‌دەرنابڕێ ، یان لە سەرەتای‌دەربڕینی هەر قسەیەکدا هەڵویستەیەکی « لانی » بۆ ئەکا ، هەندێ دایك و باوك ، خۆیان بە جارەسەری ئەم ڕووداوەوە خەریك ئەکەن ، بەڵام ئێوە زانیوتانە ، چاکەروایە ترستان ئەبێ‌و سڵی لێ‌مەکەنەوە ؟! ، چونکە منال‌لە تەمەنی دوو ساڵیەوە تاشەش ساڵان ئەنیا هەوڵی ئەوە ئەدا لاسایی دایکی بکاتەوە لە قسە کردناو لەبەر ئەوەی توانای خۆی بەسەر دەربڕینی وشەی ڕەواندا ناشکێ هەندێ جار قسەی لێ گیر ئەبێ ، جا لە جیاتی ئەوە خۆت بە راست‌کردنەوەی هەڵەکانیەوە خەریك بکەی خۆت هەوڵ بدە قسەی ڕەوانی لەگەڵ بکەی‌و ئەو خۆی وەری بگری ، چونکە ئەگەر بەراست کردنەوەی وشەیەکەوە خەریکت کرد ، بەرگەی ئەو میشك هیلاك کردنە ناکرێ بۆ راست کردنەوەی هەڵە ، خۆ ئەگەر هاتو لە دوای تەمەنی شەش ساڵیەوە ، هەروا بە هەڵەمایەوە ئەوسا شایەنی هەوڵدانە بۆ چاکردن ٠

هەندێ جاری تریش ڕوو ئەدا منالی وا هەیە زیاد لە پیویست قسەئەکاو جێژە « چەنە بازیەك »ی ئەبێ مرۆڤ بێزار ئەکا ٠ لەکاتی واشدا دلی مەشکینە بەڵکو هەوڵ بدە بەشتێکەوە خەریکی بکەی‌ی ماوەی « چەند بازی »یەکەی لێ ببڕێ ٠

ژمارەیەکی نوێی بڵاوکراوەی

رۆشنبیری نوێ

ئەمڕۆ ژمارە ٤٨ ـ ٤٩ی ڕۆشنبیری نوێ کەوتە بازارەوە ٠٠ ژمارەی ئەمجارە لە ژمارە کانی‌تر پێشکەوتووتر‌و ڕێك‌وپێك ترەو لەسەر بناخەیەکی پێشکەوتووانە هانی هەژاندنی ڕۆشنبیری کورد دەدات ٠

ژمارەی ئەمجارە گەلێ باس‌و لێکۆڵینەوەو چیرۆك‌و بەرهەمی وەرگیرردراوی ئەدەبی‌و هونەری رامیاری‌و کۆمەڵایەتی‌و ئابووری تیایە ٠٠ وەکو :ـ

● باسێکی تایبەتی بە بۆنەی یادی ـ ٢٩ ـ ساڵەی دامەزراندنی حیزبی بەعثی عەرەبی سۆشیالستی یەوە
● کرێکاران‌و ڕۆشنبیران لە خەباتێکی هاوبەشا ٠
● ناوەرۆکی مەسەلەکە : بۆچی ٠ و ٠ چۆن ٠٠؟
● ڕۆشنبیری نەتەوایەتی ٠
● گەڕان بەدوای لەیەکچوونی بیروخەیاڵدا ٠٠
● پێشنیار ـ چیرۆك ٠
● سەرەتایەك بۆ تازە کردنەوەی هزرنراوەی گۆرانی‌ی کوردی ٠

هەروەها لەم ژمارەیەدا : ـ عثمان محمد فائق ٠ اسماعیل رسول ٠ عبدالله عباس ٠ ـ ابو نوار ـ جاسم الیاس ٠ رەئووف عثمان ٠ نزار عباس ٠ و ٠٠ هەندێ نووسەری تریش بەشداریان کردووە ٠

پێنج پێنج تاکی‌یەك ئامۆژگاری‌یە!

پێنجە بەختەوەری ژیان
ئەوا بۆ کورد ئەیکەم بەیان
بزانم تەواوە لایان
لەلای زیرەك‌و زانایان
جاوەڕوانم بۆ رەخنەیان
قەرزار نەبێت ئەژیت‌بێ‌باك
دوەم ژن منالی چاك
سێ‌هەمین دراوسێی‌دل پاك
زانا‌وهونەرمەندی چالاك
پێنجەم سەیرانگەی لەسەر خاك

بەم پێنجە دل ئەکاگەشە
ئەکەوێتە ئەشئەو ئەشە
گەرا بۆ لەش ساغی لەشە
ئەو کەسە لام بەختی رەشە
کە لەم پێنج شتە بێ بەشە
ژین وا خۆشە دەستت هەبوو
رابوێرێت بە ئارەزوو
زۆرم بینی مالی زۆر بوو
تامرد باش‌بەدەمیا نەچوو !
بۆ خەلقی بامەوانی بوو
ئەی (هاوکاری) هەرتۆ دیاری
بیدەنە رووی لادێ شاری
بزانین کەس بەرلەنگاری
« شو » هەیە بۆ رەخنەکاری ؟
راوەستاوە نەبەر باری

د ٠ شۆ لە سلیمانی

●●●

گۆشەی منالان

« شنە » نامادەی کردوە

چیروکی گۆشە

کەلەشێری پۆپنە زێڕین

مکرم رشید تاڵەبانی

لە سووچێکی دارستانێکدا پشیلەیەك و کەلەشێرێك وویستیان بۆ جیلکە بڕون بۆ ناو دارستانەکە ووتیانە کەلەشێرەکە : تۆ لە ماڵەوە سەر نەبەتیە دەرەوە ٠٠ هەرکە گیان‌لەبەری تر هاتن٠٠ دەرگا نەکەیتەوە و لە بەنجەرەشەوە نزیك دەبێتەوە و دەست دەکانە پشیلە و سمۆرە دەڕۆن ڕێوی‌فێڵبازبە دزی‌یەوە لە بەنجەرەکەی سەر ڕەنگین ٠٠ ئەی بەڕ گۆرانی ووتن : ئەی کەلەشێر جووان ٠٠ سەر بێنە دەر ٠٠ تاکوو نیسکت بێ ببەخشم ٠٠ کەلەشێرەکە کە گوێی‌ی لێ‌دەبێت لە بەنجەرەوە سەر دەر دێنێت و ڕێوی‌یەکە دەیگرێت و دەیبات بۆ لانەکەی خۆی ٠٠ بەڵام لە ڕێگادا کەلەشێر دەقووقێنێت‌و هاوار دەکات ٠٠ هاوڕێکانی گوێیان لێ دەبێت دێن ڕزگاری دەکەن لە دەمی ڕێوی ٠

مندالەکان ٠٠ ڕادەکەن ٠٠ گەنم بلاودەکەنەوە٠٠ مامرەکان کەنم هەڵدەچنن ٠٠ نایەلم کەلەشێر جارێکی تر پشیلە و سمۆرە نیازی‌ئەوەیان دەبێت دار وجیلکە بێنن لە دارستان ٠٠ دەڵێن بە کەلەشێر : ئەم جارە دوور دەڕۆین ئەگەر ڕێوی هات نەکەی سەر دەربێنیت لە بەنجەرەوە ئەگینا دەنگ‌و هاوارت نابیسین ٠

کە هەردووکیان دەڕۆن دیسانەوە ڕێوی دێت و گۆرانیەکی تر دەڵێت :

بڕوانە ل ١١

شیعر بۆ منالان

پاك‌و خاوێنی

جەمال غەمبار

ئەو منالەی خاوێنە
رووخساری وەك ئاوێنە
پاکی لای ئەو پێویستە
لای گشت کەس خۆشەویستە
هەمیشە جوان‌و پاکە
زۆر زیرەك‌و چالاکە
لەسەر دنیای پرجوانی
ئەژی بە کامەرانی
ئەو ئەژی بەلەش‌ساغی
دوور لە نوشوشی‌و ناساغی
کەوانە ئەی منالان
پاك‌و خاوێن بن لەژیان

پەخشان نافع — سیروان نافع — نەوزاد نافع — ئاراس فەرەج — هاوژین عیرفان

ئەکتەری ناسین